

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٤]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی





بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

دیاردەی سەر رەقی موشریکەکانو نا ئومێدی لە ئیمان هێنانیان

﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا إِلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ (١١١) وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (١١٢) وَلِتَصْغَىٰ إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ (١١٣)﴾

ئەم ئایەتانەی دوایی مانای ئایەتی ﴿وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَا إِذَا جَاءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ی پێشەوە شی دەکەنەوە، پەروەردگار لەم ئایەتانەدا ئەوە روون دەکاتەوە کافرەکان ئەگەر هەموو داواکارییەکانیان جێ بە جێ بکرێن ئەوان هەر ئیمان ناهێنن، ئەگەر فریشتەیان بۆ بنێردرێتە خوارێ، مردوویان بۆ زیندوو بکرێتەوەو قسەیان لەگەڵ بکا، تەنانەت ئەگەر هەموو بوونەوەر شایەتی لەسەر راستی پێغەمبەر بدا، ئەوان هەر ئیمان ناهێنن چونکە ئەوان لە گومراییدا نوغرۆ بوونو بە تەواوی سەر گەردان بوون.

لە ئیبنو عەبباسەوە گێردراوەتەوە کە پێغەمبەرﷺ کۆمەڵێک لە کافرو پیاو ماقوڵانی مەککە هاتنە لایو پێیان گوت: فریشتەمان پیشان بدە شایەدی ئەوە بدەن کە تۆ پێغەمبەری خودای، یان برێ لە مردووانمان بۆ زیندوو بکەرەوە، تا پرسیاری ئەوەیان لێ بکەین دەربارەی ئەم پەیامەی تۆ ئایا حەقە یان بەتاڵە! یان خوداو فریشتە بێن بەرەو روومان بنەوە، راستەوخۆ شایەدی لەسەر پێغەمبەرایەتی تۆ بدەن، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە

خواریٚ کە دەفەرمویٚ: ﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا﴾ ئەگەر ئێمە وەلامی ئەو کافرانە بدەینەوە کە بە سووربوونەوە سوێندیان دەخواردو دەیان گوت: ئەگەر ئێمە موعجیزەو نیشانەیەکی ماددیمان بۆ بیٚ لەو موعجیزەو نیشانانەی بۆ پێغەمبەرەکانی پێشوو هاتووە یەکسەر ئیمان دەهێنین، کافرەکان زۆرجار ئەم پێشنیارانەیان دەخستە روو دەیان گوت: ﴿أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ قَبِيلًا﴾الاسراء/٩٢ یان ﴿قَالُوا لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللَّهِ﴾الانعام/١٢٤. ئەگەر پێشنیارو داواکاریەکەی ئەوان جیٚ بە جیٚ بکەین؛ فریشتە بنێرینە سەریان پێیان بڵێن: ئەم پەیامە لە خوداوەیە، راستی پێغەمبەرایەتی تۆ بچەسپێننو شایەدی لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەت بدەن ئەوانە ئیمان ناهێننو بروا بە پێغەمبەر ناکەن. یان مانای ئایەتەکە بەم جۆرەیە: ئەگەر ئێمە فریشتە بنێرینە لای ئەو کافرانە ، بە چاوی خۆیان جار دوا جار بیان بینن، بە گوێچکەی خۆیان شایەدی دانی فریشتەیان لەسەر راستیو پێغەمبەرایەتی تۆ ببیستن، ئەگەر مردووەکان زیندوو بکەینەوە هەواڵیان پیٚ بدەن لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیت! وەکوو بۆ خۆیان داوایان کردبوو کە قورئان لێیان دەگێڕێتەوە کە گوتوویانە: ﴿فَأْتُوا بِآبَائِنَا﴾الدخان/٣٦. تەنانەت ئەگەر هەموو بەڵگەو نیشانەی بوونەوەر بخەینە بەرچاویان هەموویان شایەدی بدەن لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیت، کۆمەڵ کۆمەڵ ئەو نیشانانەیان پیشان بدرێن ﴿ما كانوا ليؤمنوا الا ان يشآء الله﴾ لەوانە نین کە ئیمان بێنن، ئامادەباشییان تێدا نیە بۆ بڕواکردن، چونکە بە چاوی وردبینیو تێفکرینەوە سەیری ئایەتەکان ناکەن! بەڵکو بە چاوی گاڵتەچییانەو دژایەتی کردن سەیریان دەکەن، ئیمان ناهێنن مەگەر خودا مەیلی لیٚ بیٚکە ئیمان بێنن، واتە: تا لەسەر ئەو بیروباوەڕەبن ئیمان ناهێنن مەگەر خودا هیدایەتیان بداو لەمپەڕی ئیمان نەهێنانیان لابەریٚ، هیدایەتو تۆفیق دەسەلاتی خودایە هەر ئەو دەتوانیٚ رۆڵی تێدا بگێڕیٚ! بەلام دیارە خودا دوای ئەوەی کە عەقڵ و هۆشی پیٚداونو رێگای نیشان داونو بە نیگاو

لەسەر زوبانی پێغەمبەر بانگەوازی بۆ کردوون رێگای چاکو خراپی بۆ روون کردونەوە ئەمجار لێیان گەڕاوە بە ویستی خۆیان چی دەکەن با بیکەن.

کە دەفەرموێ: ﴿مَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا﴾ واتە: ئیمانی ئیختیاریو ئازاد، نەکێ ئیمان هێنانی بە زۆرە ملێ. کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّآ أَنْ يَشَآءَ اللهُ﴾ هەر مەبەستی ئیمانی ئیختیارییە، نەکێ ئیمانی زۆرە ملێ، (چونکە موستەثنا دەبێ لە پێڕی موستەثنا مینهو بێ).

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ﴾ بەڵام زۆربەی ئەو موشریکانە نەفامو نەزانن، پێیان وایە: هەرکاتێ ویستیان ئیمان دەهێننو هەر کاتێ ئارەزوویان لێ بوو کافر دەبن!! نەخەیر وانییە گومانەکەیان هەڵەیە کەسێکێ ئێمە هیدایەتی نەدەین ئیمان ناهێنێ، کەسێکێ ئێمە ریسوای نەکەینو رێگای لێ هەون نەکەین کافر نابێ.١

زومەخشەری پێی وایە راناوی (هم) دەگەڕێتەوە بۆ موسوڵمانان ئەو کاتە مانای ئەم رستەیە بەم جۆرە دەبێ واتە: بەڵکو زۆربەی ئەو موسوڵمانانە نازانن کە ئەو کافرانە موسوڵمان نابن، مەگەر خودا ناچاریان بکا بۆ ئیمان هێنان، پێیان وایە: کە بە هاتنەدی ئەو پێشنیارانەی کافرەکان پێشنیاریان کردوون موسوڵمان دەبن، موسوڵمانەکان نازانن کە ئەو کافرانە تەنانەت دوای هاتنی نیشانەکانیش هەر ئیمان ناهێنن، ئەو موسوڵمانانە ئاگاداری سوننەتو دابو نەریتی خودا نین دەرحەق بە بەندەکانی بۆیە بڕێ لە موسوڵمانەکان ئاواتەخوازی ئەوە بوون کە پێشنیاری کافرەکان جێ بە جێ بکرێن چونکە پێیان وابوو جێ بە جێ کردنی پێشنیارەکانیان دەبێتە هۆی ئیمان هێنانیان، ئەمە لە کاتێکدا ئەو موعجیزانە ئیمان هێنان بەسەر کافرەکاندا فەرز ناکەن سروشتی ئادەمیزادەکان ناگۆڕن بەڵکو هەر کەسە بە ئیختیاری خۆی رێبازی خۆی هەڵدەبژێرێ! خۆ ئەگەر خودا بیویستایە ئیمانو بیروباوەڕی راستی لە دڵو دەروونەدا دەڕسکان بە تۆبزی ئیمانی پێ دەهێنان. ئەو کاتە چ پێویستی بە پێغەمبەر نەدەبوو! خۆ ئەگەر خودا بیویستایە موعجیزەکانی وا لێ دەکردن کە سروشتی کافرەکان بگۆڕنو بە زۆر موسوڵمانیان بکەن، ئەو کاتە ئیمانەکەیان زۆرە ملێو تۆبزی دەبوو، کەسبو ئیختیار نەدەبوو! بەڵام

پەروەردگار ویستی وا نەبووەو نەیویستووە خەڵکی بە زۆرە ملێ موسوڵمان بکا، بەڵگە لەسەر ئەم راستی‌یە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾. ئایەتی پێشوو ئەوەی لێ وەرگیرا کە ئەو موشریکانەی ئەو جۆرە پێشنیارانەیان پێشکەش کردن دوژمنی پێغەمبەر بوون، چونکە ئەوان ئەو پێشنیارانەیان بۆیە پێشکەش کردن بڕوایان وابوو کە دەستەبەر نابن‌و ئەو کاتە رێگای تانەو تەشەرەدانیان لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر بۆ ئاچوغ دەبێ‌و بەڵگەیان سوار دەبێ.

پەروەردگار ویستی دڵخۆشی پێغەمبەرﷺ بداتەوە لە روانگەی روونکردنەوەی ئەوە کە ئەو دژایەتیکردنە دابو نەریتی هەموو گەلو نەتەوەکان بووە لەگەل پێغەمبەرەکانیاندا‌و فەرمووی: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ﴾ وەکوو چۆن ئەو موشریکانەمان کردوون بە دوژمنی تۆو دژایەتیت دەکەن، هەر بەو جۆرە بۆ هەموو پێغەمبەرێک کە لە پێش تۆوە رەوانە کرابێ دوژمنمان بۆ داناوە لە شەیاتینی ئادەمیزادو شەیاتینی جندۆکە، دەتواندرێ بگوترێ مانای وایە: ئێمە شەیاتینی ئادەمی‌و جندۆکەمان کردووە بە دوژمن بۆ هەر پێغەمبەرێک کە رەوانە کرابێ.

موجاهیدو قەتادەو حەسەن دەڵێن: ئادەمیزادیش شەیاتینی تێدایە، ئیبنو جەریر ئەمەی بە لاوە پەسەندەو حەدیثە مەرفوعەکەی ئەبوذەڕ کە لە چەند رێگەیەکەوە ریوایەت کراوە دەکاتە بەڵگەی پەسەند کردنەکەی! حەدیثەکە ئەوەیە: رۆژێک پێغەمبەرﷺ دوای نوێژ فەرمووی: يَا أَبَا ذَرٍّ: هَلْ تَعَوَّذْتَ بِاللهِ مِنْ شَرِّ شَيَاطِينِ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ؟ ئەبو ذەر دەڵێ عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خودا! ئایائادەمیزاد شەیاتینی هەیە؟؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی بەڵێ!.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: هەموو یاخی‌بوو سەرڕەقێک ئادەمیزاد بێ یان جندۆکە ئەوە شەیاتینی‌یە!

مانای ئەوەی کە خودا ئەمانەی گێڕاون بە دوژمن؛ ئەوەیە: کە سوننەتو دابو نەرێتی خودا وا هاتووەکە شەڕەنگێزو یاخی بوو و سەرڕەق ئەوانەی

گوێ بۆ حەق شل ناکەنو توخنی چاکە ناکەون بە لوتبەرزیو رکەبەری هەڵسو کەوت لەگەڵ حەقو چاکەدا دەکەن، هەمیشە دژی ئەوانە دەوەستن کە بانگەوازی بۆ حەقو چاکە دەکەن! دوژمنایەتی پێغەمبەرانو جێنشینو پەیڕەوکارانیان دەکەن! ئەمە عادەتو دابو نەرێتی هەموو دووشتی دژ بە یەکن کە یەکێکیان بانگەوازی بۆ پێچەوانەی ئەوی تریان دەکا، جا کە رێبازی یەکێکیان سەد دەر سەد حەقو راست بوو ئەوە دوژمنایەتییەکە پاڵ ئەوی تریان دەدرێو رێبازی ئەو بە بەتاڵو پوچ حلێب دەکرێ! چونکە ئەو هەوڵ دەدا زیان بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێو هەموو هەوڵو تەقەڵلایەک دەخاتەگەڕ بۆ زیان گەیاندن بە خاوەنی رێبازە حەقەکە! تەنانەت ئەگەر لێشی روون بێ کە خاوەنی رێبازە حەقەکە بەرژەوەندی ئەوی دەوێ.

شایانی باسە کە هەموو خاوەن رایەکی پێچەوانە مەرج نیە هەوڵی ئەوە بدا کە زیان بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێ! ئەوانەی کە ئەو هەوڵو تەقەڵلایە دەدەن یاخی بوو و سەر رەقو سەرۆکو مشەخۆرو دڵرەقەکانن؛ ئەوانەی دەروونیان لەسەر ستەمو یاخی بوون و دژایەتی کردن رام بووەو دژایەتیکردنی حەقو راستییان لێ بووەتە شتێکی سروشتی! ئەوانە شەیاتینو روخێنەری هەموو شتێکی حەقو بەسوودن. ئەوانە بەرباد کەری ژیانو ئەخلاقو رەوشتن، جا چ لە رەگەزی ئادەمی بن یان لەرەگەزی جندۆکە بن.

ئەمجار پەروەردگار خراپترین جۆری دژایەتی کردنی ئەو شەیاتینیانە بۆ پێغەمبەرەکان کە بەرەنگاری کردنی بانگەوازییەکەیانە، روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿يُوحِي بَعْضُهُمْ اِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا﴾ هەندێکیان بۆ هەندێکیان قسەی رازاوەو رووکەش بۆ یەکتر دەهاوێژن، بۆ ئەوەی هەڵیان بخەڵەتێنن؛ پێیان وایە: بەو رووکەش کردنە پووچەڵیو گەندەڵی ناوەڕۆکی قسەکانیان دادەپۆشنو کەس هەست بە مەبەستی پیسیان ناکات ﴿زُخْرُفَ القول﴾ ئەو گوفتارو ئاخاوتنەیە کە بیسەر لە حەقیقەتی شتەکان لادەدا بۆ شتی رووکەشو بێ بناغە. ﴿غرور﴾ بە مانا بێ ئاگاییو بێ عەقڵیو بێ ئەزموونییە، لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێ: (شاب غرور و فتاة غر) واتە:

کەم ئەزموونن، بێ ئاگان لە کاروباری ژنو مێردایەتیو ژنو پیاویی.
بێگومان لە رۆژگاری ئێمەدا هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بێ ئاگا بە قسەی لووسو پووس لە لای شەیتانەکانی سەردەم بە تایبەتی شەیاتینییەکانی سیاسەت گەیشتۆتە ئاستێکی فرە بەرز! ئەو سیاسەت مەدارە فێڵبازانە فێڵ لە پارتو گەلو نەتەوەش دەکەن! کۆیلایەتییان لە بەرچاو بە قسەی رازاوە دەکەنە ئازادیو سەربەستی، بەدبەختیو چەرمەسەرییان بە کامەرانیو خۆش بەختی دەخەنە بەر چاو! ئەوانە بە چاوو راو، بە قسەی بۆشو بێ بناغە سەر لە خەڵکی دەشێوێنن ناوەکان دەگۆڕن، بەرڵلایی بە ئازادیو سەربەستی لە قەڵەم دەدەن، خێزان دەڕوخێنن، لەشفرۆشیو بەرەڵلایی بێ سنوور بۆ ئافرەت بە خۆ رزگار کردنو گەیشتن بە مافی ئافرەت دادەنێن!.
سوبحانەڵلا! ئافرەتیان لە پۆشاکی رێزو بەها رووت کردەوە، خستوویانە سەر جادەو لە تیاترۆ خانەکاندا وەکوو کاڵا دەیفرۆشنو دەیکڕن، دەستدرێژی دەکەنە سەر شەرەفو ناموسی، هەڵسوکەوتی ئاژەڵانەی لەگەڵ دەکەنو بە قسەش مافی داگیرکراوی بۆ وەردەگرنەوەو کۆتو زنجیری ئایینی ئیسلامو کۆنەپەرستی لە دەستو قاچ دەکەنەوە؟! ئەی ئەوە نیە لە رۆژی ٢٤/٥/١٩٩٧ و لە رۆژانی دواییشدا چەند سیمینارێکیان لەسەر تەلەفزیۆن لە سلێمانی ساز کرد کۆمەڵێک بە ناو پارێزەرو مافی مرۆڤ گوایە داکۆکی لە ئافرەتێکی ستەملێکراو بە ناوی (کەژاڵ خدر)ەوە دەکەن کە بە ناڕەوا لەسەر تۆمەتێکی روون لە لایەن چەند کەسێکی خزمی مێردەکەیەوە لووتی بڕدرابوو! ئەو کۆمەڵە بەناو پارێزەرو ماف پەروەرانە لە باتی ئەوەی داکۆکی لەو ئافرەتە غەدر لێ کراوە بکەن؛ هاتن ئەم رووداوەیان کردە سەنگەرو چی تانەو تەشەر هەیە ئاراستەی خوداو پێغەمبەرو ئایینی ئیسلامیان کرد، تەنانەت کار گەیشتە ئاستێک عەطا ناوێک کە ناسنامەی پارێزەری لە گیرفان نابوو بە بێ پێچو پەنا ئایەتەکانی قورئانی بە غەڵەت حسێب کردنو ئەوەی کە تا ئێستا هیچ بێدینو خوا نەناسێک بە سەلمان روشدیشەوە نەیتوانیوە بیدرکێنێ لە سلێمانی لەسەر تەلەفزیۆن عەتای بەدبەخت بەرامبەر جەماوەری موسوڵمانی سلێمانی بوێرانە شیکردەوە زۆربەی ئایەتەکانی

قورئانی بە غەڵەت حلێب کردن!! هەڵبەتە چەند ئافرەتێکیش لەو لینگ هەڵپیتاوانە هەمان راو بۆچوونیان دووبارە کردەوە. بە راستی ئەم دیاردەیە زۆری دەوێو ئەم هەویرە زۆرئاو دەکێشێ بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانم زیاتری لەسەر برۆم!

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەگەر خودای تۆ مەیلی لێ بوایە ئەوە نەکەنو بیویستایە نەهێڵێ ئەو خەڵەتاندنە ئەنجام بدەن، دەیتوانی رێگایان لێ بگرێ! بەڵام سوننەتو دابو نەرێتی خودا وا نەهاتووە سروشتی ئادەمیزادەکان وا بگۆڕێ، زۆرەملێو تۆپزییان لێ بکا بە پێچەوانەی هەواو ئارەزووی خۆیان بجولێنەوە! بەڵکو ویستی پەروەردگار وایە: کە هەر یەکێک لە ئادەمیزادو جندۆکە ئامادەباشییان تێدابێ بۆ وەرگرتنی حەقو ناحەق، خێرو شەڕ، بۆ خۆیان سەربەستو ئازادبن لە هەڵبژاردنی هەر رێبازێک لەو دوو رێبازە، پەروەردگار عەقڵو هۆشی پێداون رێگای راستو نا راستی بۆ روون کردوونەوە هەر کەسە بە ئیختیاری خۆی کام رێبازە هەڵدەبژێرێ با هەڵیبژێرێ! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَ هَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾البلد/١٠.

هەندێک لە وەسوەسەو قسەی نابەجێی ئەو شەیاتینیانە بۆ هەڵخەڵەتاندنو قسە رازاندنەوە گۆڕینی مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەیەو ئاراستە کردنیەتی بە شێوەیەک کە مانانی تۆپزیو زۆرە ملێی لێ وەربگیرێ دەڵێن: هەموو تاوانبارێک بیانوو (عذر)ی هەیە، چونکە کە لە خودا یاخی بووە یاخی بوونەکەی بە ویستی خودایەو ناتوانێ لە ویستی خودا دەربچێ! وەکوو لەمەو دوا لەم سوورەتەدا دێ؛ دەفەرموێ: ﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَآءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ. كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ حَتَّى ذَاقُوا بَأْسَنَا، قُلْ هَلْ عِنْدَكُمْ مِنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا؟ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنْتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ﴾الانعام/١٤٨. نەخەیر با بزانن هیچ بیانوویەکیان بەدەستەوە نیە، پەروەردگار هەرگیز نەیویستووە کردەوەی ئادەمیزاد بە زۆرەملێ بێ،

پەروەردگار بە ویستی خۆی دروستی کردوون ڕێگای داون لە ژیاندا بە ویستی خۆیان چی دەکەن بیکەن، ڕۆژی قیامەت هەرکەسە بە پێی کردەوەکانی سزاو پاداشتی دەدرێتەوە.

﴿فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ ئەی پێغەمبەر! لێیان گەڕێ بەرەنگارییان مەکە، وازیان لێ بێنە با درۆو بوختان هەڵبەستن، با خەڵکی بە قسەی رووکەشو چاوو راو هەڵخەڵەتێننو لە ڕێبازی حەق لایان دەن، گرنگییان پێ مەدە، تۆ لەسەر بانگەوازی خۆت بەردەوام بە، ئەرکی سەرشانی خۆت ئەنجام بدە، پشت بە خودا ببەستە، خودا بەستە، یارمەتیدەرتە بە سەریاندا، ئەوەی لەسەر شانی تۆیە راگەیاندنە، حیساب لەگەڵ کردنو لێکۆڵینەوەو پاداشو سزادانەوەیان لەسەر ئێمەیە ﴿وَلِتَصْغَى إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ﴾ واتە: هەندێ لەو شەیاتینییانە قسەی رووکەش بۆ هەندێکی تریان دەهاوێژن، قسەی رازاوە بۆ یەکتری دەکەن: بۆ ئەوەی شوێن کەوتووانی پێغەمبەرەکان هەڵخەڵەتێنن، هەروەها بۆ ئەوەی دڵی کافرو خوا نەناسەکان ئەوانەی بڕوایان بە قیامەت نیە بەو قسە لووسو پووسانە کەمەند کێش بکەن، چونکە لەگەڵ هەواو ئارەزووبازی ئەواندا دەگونجێ، بەڵام موسوڵمانانی خاوەن هەستو بیر: کە دوور بینو ورد بینن، بەو قسە رووکەشو پڕو پووچانە هەڵناخەڵەتێن.

﴿وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا مَا هُمْ مُقْتَرِفُونَ﴾ بۆ ئەوەی لە سەرەنجامدا بە بێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، بە بێ ئەوەی بزانن ئەو قسانە راستن یان نا-رەزامەندی خۆیان بەرامبەر دەر دەبڕنو بڕوایان پێ بکەن، رازی ببن بە قسەکانیانو کەسبی ئەوە بکەن کە حەزیان لێیەتیو دڵخوازیانە، تا کاتی خۆی دێ، ئیتر ئەو کاتە حەقی ئەوەڵو ئاخریان لێ دەستێنمو تۆڵەی سەرپێچیکردنو چەواشەکاریو لە خشتە بردنی خەڵکییان لێ دەکەمەوە.

شەیاتینی ئادەمی ئاشکراو نومایانن، نموونەیانو وێنەی دوژمنایەتییان بۆ هەموو پێغەمبەرێک و بۆ هەموو حەقو راستییەکی کە هێناویانە بەڵگەنەویستە، دژایەتییان بۆ موسوڵمانانو شوێن کەوتوانی ڕێبازی حەقو

ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە هەموو کاتو شوێنێکدا بۆ هەموو کەس ئاشکراو عەیانە! بە چاوی خۆمان رۆژانە نموونەیان دەبینینو هەستیان پێ دەکەین!

بەڵام شەیاتینی جندۆکە -جندۆکە هەموویان- غەیبێکی خوداییین! ئێمە هیچیان لیّ نازانین جگە لەو زانیارییانەی کە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ پێمان را دەگەیەنن لە رووی ئەوەوە کە ئایا لەم کەونەدا جگە لە ئادەمیزادو ئەو زیندەوەرانەی کە ناسراون لە زەویدا هیچ مەخلوقێکی تر هەن یان نا؟ لە بارەی مەبدەئەوە ئێمە بڕوامان بە فەرموودەی خودا دەربارەیان هەیە، بڕوامان بە هەواڵی قورئان هەیە، دەربارەیان لەو چوارچێوەی ئەو زانیارییەی قورئانو حەدیث دەرناچین!

بەڵام نازانین ئەوانەی زانستیان کردووە بە مەتاڵو دێوجامە، بۆ ئەوەی ئینکاری ئەو شتانە بکەن کە پەروەردگار لە قورئاندا چەسپاندوونی پشت بە چی دەبەستن؟ بەڵگەیان چییە؟! خۆ وا گومان نابرێ کە زانیاری ئادەمیزاد پەی بە هەموو زیندەوەرانی سەر گۆی زەوی بردبیّو زانستی دەربارەیان وەدەست هێنابێ! ئاشکراشە زانیارییان نەگەیشتۆتە ئەو ئەندازەی بزانن چی لەسەر ئەستێرەکانی تر هەیە، ئەو زانیارییەی تا ئێستا دەربارەی سەر مانگو ئەستێرەی مەریخ دەست کەوتووە چ زانیارییەکی ئەوتۆ نیە کە ئەو لافو گەزافەی پێوە لیّ بدرێ!

هەموو ئەو زانیارییانەی تا ئێستا بە دەست هاتووە هەر لە چوارچێوەی ئەوەدایە ئایا جۆری ژیانی سەر گۆی زەوی لەسەر هەندێ لەو ئەستێرانە دەستەبەردەبێ یان نا؟!خۆ ئەگەر ئەو بیرو بۆچوونانە ئەو تیۆرە زانستییانە بە لایەکیشدا بکەون بوونی ژیان لەسەر هەندێک ئەستێرە بسەلمێننو لەسەر هەندێکیشیان نەیسەلمێنن، نابێ ئێمە بڕیاری نەبوونی جیهانی گیانلەبەرانی تر لە شوێنی تری بوونەوەردا بدەین، نەفامییە بە ناوی زانستەوە بڵێین لە بوونەوەردا -جگە لە سەر زەوی- جیهانی زیندەوەرانی تر نییە، لە رووی چۆنیەتی سروشتی ئەم جۆرە گیانلەبەرە دروست کراوەی کە پێی دەڵێن جندۆکەو بڕێکیان دەبنە شەیاتینیو ئاوێتەی شەڕو گومڕایی دەبنو ئادەمیزاد لە خشتە دەبەن، ئێمە جگە لەو زانیارییەی لە خوداو پێغەمبەرەوە پێمان

گەیشتووە چی تریان لیٚ نازانین!

لە رووانگەی قورئـانو حـەدیثی پێغەمبـەرەوە دەزانـین کـە جندۆکـە لـە بڵێسەی ئاگر دروست کراون، دەتوانن لەسەر زەویو ناو زەویو ناو دەریاو نـاو هەواو دەرەوەی زەویش ژیان بەسەر بەرن! توانای هاتوچۆی خێرایان هەیەو زۆر لە ئادەمیزاد تیژرەو ترن، هەیانە خاوەن بـاوەڕو موسـوڵمانە؛ هەیانـە بێدیـنو شەیتانە، ئـەوان ئـادەمیزاد دەبینـنو ئـادەمیزاد ئـەوان نـابینن: واتـە لەسـەر شێوەو شکڵی خۆیان، هەر خـودا دەزانـیٚ چـەند مـەخلوقاتو گیانلەبـەر هـەن ئادەمیزاد دەبینن و ئادەمیزاد ئـەوان نـابینیٚ. هـەروەها شـەیاتینی جندۆکـە توانـای لـە خشـتەبردنو گومڕاکردنـی ئادەمیزادیـان هەیـەو بـە وەسوەسـەو ختووکـەدانی دەروونـەوە ئـادەمیزاد گومـڕا دەکـەنو لـە خشـتەی دەبـەن، بـەجۆرێک کـە نـازانین بـە چ شـێوەیەک ئـەو کـارە ئـەنجام دەدەن! ئـەو شەیاتینی‌یە جندۆکانە دەسـەڵاتیان بەسـەر موسـوڵمانو خـاوەن بـڕوای زویـان پەیوەست بە ناوی خودادا نی‌یە، هەر کاتیٚ شەیتانو نەوەکانی لـە موسـوڵمان نزیـک بوونـەوەو موسـوڵمان نـاوی خـودای هێنـا لیٚی دوور دەکەونـەوەو هەڵدەتیزێنن، کە موسوڵمان لـە خـودا بـیٚ ئاگـا بـوو، لیٚی نزیـک دەبنـەوەو وەسوەسەی دەخەنە دڵەوە! موسوڵمانی دەم بە ویردو سـەڵاواتو دڵپەیوەست بە خودا لە فرتو فێڵی شەیتانی زەعیف بەهێزترە!، جیهـانی جندۆکـە لەگـەڵ جیهانی ئادەمیزاد حەشر دەکرێنو حیسابو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکریٚ، بـە بەهەشتو دۆزەخ پاداش وسزایان دەدرێتەوە وەکوو ئادەمیزاد...

هێزو توانای جندۆکە لە چاو هێزو توانای فریشتە هەر وەکوو نەبوو وایە!

لەم ئایەتەدا ئەوەمان زانی کە پەروەردگار بۆ هەموو پێغەمبـەرێک دوژمنـی شەیاتینی لە ئادەمیزادو ئـەجندە دانـاوە، بێگومـان خـودا دەیتوانـی-ئەگـەر مەیلی لیٚ بووایە نەیدەهێشت ئەو شەیاتینی‌یانە هیچ بکەن، ئەگەر بیویستایە ئەو شـەیاتینی‌یانە یـاخی نـەدەبوونو ئاوێتـەی شـەڕ نـەدەبوون، دوژمنایـەتی پێغەمبـەرانیان نـەدەکرد، ئەزیـەتی موسـوڵمانانیان نـەدەدا، رێگایـان لـە ئادەمیزاد ون نەدەکرد، بەڵکو خودا دەیتوانـی بـە زۆرە ملیٚ بیانخاتـە سـەر رێگای راستو رەوان، یان روویان پیٚ بکاتە هیدایەتو راستاڵو پیاوچـاک بـن،

دەیتوانی نەهێڵێ بەرەنگاری پێغەمبەرانو ئایینی حەقو موسوڵمانان بکەن بەڵام پەروەردگار ئەم ئەندازە سەربەستی‌یەی پێ داون، رێگای داون کە زیان بە خۆشەویستانی خودا بگەیەنن - بە ئەندازەیەکێ کە ویستی خۆی لەسەریەتی ، دایناوە کە خۆشەویستانی خۆی تاقی بکاتەوە بەو ئەندازە سەربەستی‌یەو بەو توانایەی کە پیێی داون، ئەو شەیاتینی‌یانە دەسەڵاتی ئەوەیان نیە کە ئەزیەتی خۆشەویستانی خودا بدەن مەگەر بەو ئەندازەیەی کە خودا دیاری کردووە!

قورئان بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدە ﷺ

أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَـٰبَ مُفَصَّلًا وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَـٰهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١١٤﴾ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِهِۦ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار سەر کۆنەی کافرەکانی کرد؛ ئەو کافرانەی کە بەسوور بوونەوە سوێندیان دەخوارد کە ئەگەر موعجیزەی ماددیان نیشان بدرێ ئیمان دەهێنن! ئەوەشی روون کردەوە کە ناردنی ئەو ئایەتو موعجیزانە بێهوودەو سوودیا نابێ، چونکە ئەگەر پەروەردگار ئەو موعجیزەو نیشانانەش لەسەر دەستی پێغەمبەر ئاشکرا بکا ئەوانە هەر لەسەر کوفرو بێدینی دەمێننەوە، ئەمجار ئەوە ئاشکرا دەکا کە بەڵگەی بەهێز لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر بە دوو شێوە دەستەبەر بووە:

یەکەم پەڕاوێکی بۆ ناردۆتە خوارێ کە زانیاری زۆری لە خۆگرتووەو شی‌کەرەوەو روون کەرەوەی هەموو شتێکی پێویستە، ئەوپەڕی رەوانبێژی لە خۆ گرتووە، ئادەمیزادان دەستەوەسانن لە بەرامبەریکردنی‌و نەیان توانیوەو ناتوانن کتێبێکی لەو جۆرە بخەنە روو... کە ئەم سەرئاسا (معجزة)یە باشترین بەڵگەیە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ.

دووەم: تەوراتو ئینجیلە، کە بە روونی ئەوەیان تێدایە، کە موحەممەدﷺ رەوانە کراوی خودایەو قورئان کتێبێکی حەقو راستە لە خوداوە بۆ ئەو هاتووەو بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەد، بۆیە پەروەردگار فەرمان بە فروستادەی خۆی دەکا کە زوویە رووی کافرەکان بڵێ: ﴿أَفَغَيْرَ اللهِ أَبْتَغِي حَكَمًا﴾ ئایا من جگە لە پەروەردگار دادوەرێکی تر دەستنیشان بکەم؟ واتە: ناگونجێ بۆ من جگە لە خودا کەسێکی تر پەیدا بکەم، بۆ ئەوەی لە نێوان منو ئێوەدا حوکم بدا، چونکە هیچ حوکمێک لە حوکمی خودا دادوەری تر نییە، کەس لە خودا راستگۆ تر نیە ﴿وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا﴾ خودایەکی وەهایە قورئانی ناردۆتە خوارێ بۆ ئێوە، هەموو شتێکی تێدا شی کراوەتەوە، هەرچی بیروباوەڕو شەریعەتو یاساو زانستی پێویستە تێیدا روون کراوەتەوە! خۆ من ئەوە تەمەنم لە چل ساڵ تێپەڕی، لەوەپێش هیچ بابەتێکم لەو جۆرە زانیارییانە نەزانیوە، هەواڵی رابردوو و داهاتووم ئاگا لێ نەبووە، ئەو جۆرە رەوانبێژیو شیرین گوفتارییەم پێوە دیار نەبووە وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ ﴿فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِنْ قَبْلِهِ﴾یونس/١٦. واتە: ئایا بۆ من رەوایە جگە لە خودا دادوەرێکی تر داوا بکەم ؟ لە حاڵێکدا ئەو خودایە ئەرکی پرسیار کردنی لەسەر لابردوون چونکە کتێبێکی بۆ رەوانە کردوون کە بەیانکەرو رۆشنکەرەوەی هەموو شتێکە!

یان مانای وایە: داوا کردنی ئێوە بۆ هێنانی بەڵگەو موعجیزە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیم شتێکی بێهوودەیە، چونکە دوو بەڵگەی روونو ئاشکرا هەن، پشتگیری پێغەمبەرایەتیەکەم دەکەن؛ ئەو بەڵگانە یەکێکیان نیشانەیەکی هەرە گەورەو گرنگە کە قورئانی پیرۆزو سەر ئاسایە، قورئانێک کە وتەی پەروەردگارەو شاکاری دەستی کردگارەو بە ئاشکرا پێغەمبەرایەتی من دەچەسپێنێ، بەڵگەکەی تریشیان ئەوەیە: کە تەوراتو ئینجیل بە روونی ئەوەیان تێدایە: کە من پێغەمبەری خودامو قورئان کتێبێکی حەقو راستەو لە خوداوە بۆ من هاتووە.

﴿وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِنْ رَبِّكَ بِالْحَقِّ﴾ ئەگەر ئەو موشریکانە ئینکاری حەقو راستی قورئان بکەنو بە درۆی بخەنەوە؛ ئەوە با بزانن کە ئەهلی کیتاب -جولەکەو نەصرانی- دەزانن کە ئەو قورئانە لە خوداوە نێردراوە بۆ تۆ؛ چونکە نیشانەو رەوشتەکانی تۆ لە کتێبی ئەواندا روون کراوەتەوە، لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکانی پێشوو مزگێنی بە هاتنی تۆ دراوە! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿اَلَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ، وَإِنَّ فَرِيقًا مِنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾البقرة/١٤٦. عەبدوڵلای کوڕی سەلام کە مالمێکی جولەکە بووموسوڵمان بووبوو دەربارەی ئەم ئایەتە لێیان پرسی، وتی: بەڵێ ئێمە پێغەمبەر لە کوڕی خۆمان باشتر دەناسین! چونکە لە کتێبی ئێمەدا نیشانەکانی زۆر باش روون کراونەوە.

﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ﴾ ئەی موحەممەد! تۆ هەرگیز نەچیە ریزی گروپی ئەوانەی گومانیان هەیەو بە عەزمو جەزمەوە کاری خۆیان ئەنجام نادەن، چونکە ماتوڵ خودا ئەم نامەیەی بۆ ناردوویەو حەقو راستە،، خاوەن نامەکانیش ئەوە بە باشی دەزانن‌و باسی راستی پێغەمبەرایەتی تۆو قورئان لە تەوراتو ئینجیلدا شی کراوەتەوە کەواتە تۆ لەو کەسانە مەبە کە دوو دڵن و گومانیان لە قورئانو پێغەمبەرایەتی‌یەکەتدا هەیە! بێگومان ئاشکرایە کە پێغەمبەر هیچ شکو گومانێکی لە دڵدا نەبووە، ئەم نەهی‌یەی کە ئاراستە کراوە بۆ زێدە هەڵنانو سووربوونە لەسەر پەیامەکەی، بۆ جۆشدانی دۆشو خرۆشو پەرۆشی‌و سۆزەلە دڵو دەروونی‌دا دەربارەی ئایینەکەی، ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە ئەرکی سەرشانی قورسەو هەمیشە پیلانی جۆراو جۆرو بەهێز دژی خۆیو ئایینەکەیو هاوەڵانی دادەرێژرێنو پێویستە زۆر بە دڵ قایمی‌و ئیمان پتەوی‌یەوە ئەرکی سەرشانی ئەنجام بدا. وێنەی ئەم ئایەتە لە قورئاندا زۆرن؛ وەکوو دەفەرموێ ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾یونس/١٠٥. یان دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ كُنْتَ فِي شَكٍّ مِمَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَؤُونَ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكَ، لَقَدْ جَاءَكَ

﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾يونس/٩٤.

وەکو وتمان: ئەم جۆرە نەهی‌یانە ئەوە ناگەیەنن کە پێغەمبەرﷺ شکو گومانێکی هەبووبێ، چونکە ئەمانە شەرتو ئەگەرن، ئەگەریش مەرج نیە روویدا! هەر بۆیەش پێغەمبەرﷺ کە ئەم ئایەتەی خوێندەوە فەرمووی: نە گومانم هەیەو نە پرسیار دەکەم!

﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ﴾ کەلامی پەروەردگار کە قورئانە تەواوو بێ کەمو کوورییە، پێویست بە لێ زیادکردن ناکا، کتێبێکی گشتیو موعجیزو رەوانو بێ زیادەو بێ خەوشو لەنگی‌یە، چی دەڵێ راستەو چ حوکمێک دەدا عەدلو رەوایە، راستە لە هەواڵە غەیبی‌یەکانیدا، عادڵە لە داواکاری‌یەکانیدا، هەرچی هەواڵی لێداوەو باسی کردووە راستەو شکو گومانی تێدا نییە، هەرچی فەرمانی پێ کردووە عەدڵو دادپەروەرییە، هەرچی نەهی لێ کردووە بەتاڵو پوچو زیان بەخشە، بۆیە پەروەردگار داکۆکی لێ کردووە، قورئان شتێک خێرو سودبەخش نەبێت فەرمانی پێ ناکا، شتێک فەسادو شەڕ نەبێ نەهی لێ ناکا وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾الاعراف/١٥٧. هەرچی لە قورئاندا هاتووە لە فەرمانو داکۆکی، لە هەرەشەو وادە پێدان، لە چیرۆکو هەواڵ کەلامی خودایەو گۆڕانکاری تێدا نەکراوەو ناکرێ، کەس نیە بتوانێ حوکمی هەڵبوەشێنێتەوە نە لە دونیاو نە لە قیامەتدا.

﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ پەروەردگار شنەوایە، گوفتاری بەندەکانی دەبیسێ ﴿العليم﴾ زاناو ئاگادارە بە هەڵسو کەوتو جمو جوڵی بەندەکانی هەر کەسە بە گوێرەی کردارو گوفتاری خۆی پاداشی دەدرێتەوە.

گومڕایی موشریکەکانو نەیکردن لە خواردنی کوشتییان

وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ (١١٦) إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ (١١٧) فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤۡمِنِينَ (١١٨) وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تَأۡكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَقَدۡ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا لَّيُضِلُّونَ بِأَهۡوَآئِهِم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُعۡتَدِينَ (١١٩)

وَذَرُواْ ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡسِبُونَ ٱلۡإِثۡمَ سَيُجۡزَوۡنَ بِمَا كَانُواْ يَقۡتَرِفُونَ (١٢٠) وَلَا تَأۡكُلُواْ مِمَّا لَمۡ يُذۡكَرِ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسۡقٞۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِهِمۡ لِيُجَٰدِلُوكُمۡۖ وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ (١٢١)

دوای ئەوەی پەروەردگار وەڵامی شوبهەو چەواشە کاریيەکانی کافرەکانی دايەوەو راستی پێغەمبەرايەتی حەزرەتی موحەممەدی چەسپاند! ئەمجار باسی ئەوە دەکا: کە نابێ موسوڵمانان گوێ بۆ قسەی گەوجو نەفامەکان بگرن، نابێ هیچيان بە قسە بکەن، چونکە ئەوان رێبازی گومڕایی دەگرنە بەرو شوێن شکو گومانی گەندەڵو فاسيد دەکەون، بەمەش پەروەردگار دەیەوێ کەسایەتی سەربەخۆیی بۆ کۆمەڵی موسوڵمانان دابين بکاو وەکوو هێزێک حيسابيان بۆ بکرێ؛ ئەمە لە کاتێکدا کە زۆربەی دانيشتوانی سەرزەوی موشريکو گومڕا بوون!!

ئەبو داودو ترمیذی لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە: دەڵێ: کۆمەڵێک خەڵک هاتنە خزمەت پێغەمبەرﷺ وتیان: ئەی ڕەوانە کراوی خودا! ئایا ئێمە لە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانە بخۆین کە خۆمان دەیان کوژین کەچی لەوانە نەخۆین کە خودا دەیانکوژێ؟؟! ئیتر خودای مەزن ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارێ ﴿فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللهِ﴾ تا دەگاتە ﴿اِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾.

ئیمامی واحیدی دەڵێ: موشریکەکان وتیان: ئەی موحەممەد! پێمان بڵێ: مەڕو بزن دەمرن کێ دەیان کوژێ؟ پێغەمبەر فەرمووی: خودا دەیان کوژێ، وتیان: دەی باشە تۆ پێت وایە: ئەوەی کە خۆتو هاوەڵانت دەیکوژن حەڵاڵە، ئەوەی کە خودا دەیکوژێ حەرامە!! ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ...الآية﴾[٩].

عیکریمە دەڵێ: کاتێک کە پەروەردگار ئایەتی یاساغ کردنی گۆشتی مردارەوەبووی نارده خوارێ، فارسە ئاگرپەرستەکان دۆستایەتییان لەگەڵ قوڕەیشییەکانی مەککەدا هەبوو، نامەیان بۆ نوسین وتیان: موحەممەدو هاوەڵانی پێیان وایە: شوێن فەرمانی خودا دەکەون، کەچی لایان وایە: ئەو ئاژەڵو پەلەوەرەی خۆیان سەری دەبڕن حەڵاڵە، ئەوەی کە خودا دەیکوژێ حەرامە، ئەمە هەندێ دڵکرمێیی بۆ هەندێ موسوڵمان پەیدا کرد ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَاِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ اِلَى أَوْلِيَاءِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ﴾ی نارده خوارێ! طەبەرانی هەمان ریوایەتی بە شێوەیەکی تر گێڕاوەتەوە! بەڵام لە ناوەڕۆکدا چ جیاوازییەکی ئەو تۆیان لە نێواندا نییە!

﴿وَاِنْ تُطِعْ أَكْثَرَ مَنْ فِي الْاَرْضِ يُضِلُّوكَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ﴾ نابێ بە هیچ شێوەیەک لە شەریعەتی حەقو قورئان لابدەیو ڕوو بکەیە ڕێبازی گومڕایانو سەر لێ شێواوان، چونکە ئەوانە شوێن گومانو بیرو باوەڕی فاسید کەوتوون! ئەی موحەممەد ئەتۆو ئەوانەی لەگەڵتدان، ئەگەر لە کاروباری ئاییینیدا شوێن زۆربەی دانیشتوانی سەر زەوی بکەوی کە هەموویان کافرو موشریکن، پێچەوانەی قورئانو شەریعەتی خودا هەڵسو کەوت بکەی، ئەوە لە ڕێبازی

---

[٩] اسباب النزول للواحدي ص١٢٨.

حەقی خودا لات دەدەنو گومڕات دەکەنو ڕێگای عەدڵو حەقو ڕاستیت لێ گوم دەکەن، چونکە ئەوان جگە لە هەواو هەوەسو گومانو بیرو باوەڕی پڕو پوچ شوێن هیچی تر ناکەون، ئەوان هیچ نرخێك بۆ بەڵگەو نیشانەکانی هەبوونی خودا دانانێن، هیچ گرنگیەك بە بەڵگەی عەقڵی نادەن ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ﴾ ئەوان تەنیا شوێن گومان دەکەون ﴿وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾ ئەوان تەنیا مەزندە دەکەنو بە هەوانتەو تەخمینو لابڕ شت دیاری دەکەن، مەزندە کردنەکەشیان بێ بناغەو دوورە لە حەقیقەتو ڕاستیەوە، بیرو باوەڕیان لەسەر تەخمینو مەزندەکردنی هەڵە دادەمەزرێنن، نەك لەسەر بورهانو بەڵگە.

ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆئەوە کە زۆربەی دانیشتوانی سەر زەوی لەبارەی بیرەباوەڕەوە سەرلێ شێواوو گومڕابوون، هاوەڵیان بۆ خودا دادەنا، ئینکاری پێغەمبەرایەتیان دەکرد، سەر لێ شێواو بوون لە بارەی تەشریعو حەڵاڵو حەرام دانانەوە، کە مردارەوە بوو و خوێن خواردنو عەرەق خواردنەوەیان بە لاوە حەڵاڵو ڕەوا بوو، بە ختو خۆڕایی بڕێ ئاژەڵیان لە خۆ حەرام دەکرد، ناوی بەحیرەو سائیبەو وەصیلەیان لێ دەنان، قورئان لە شوێنێکی تردا ئاماژە بۆ ئەمە دەکا کە زوربەی دانیشتوانی سەر زەوی گومڕابوون وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ الْأَوَّلِينَ﴾الصافات/٧١. یان دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾یوسف/١٠٣.

ئەم حوکمە قەطعییە کە زوربەی دانیشتوانی سەر زەوی گومڕابوون، ڕاستیەکە مێژووی هەموو گەلانی کۆن و نوێ پشتگیری دەکا، چونکە خاوەن نامەکان وازیان لە پەیڕەوو پرۆگرامی پێغەمبەرەکانیان هێنا بوو، گەلە بتپەرستەکان زۆر لە ڕێبازی خودا دوور کەوتبوونەوە، ئەمە یەکێکە لە بەڵگەی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدﷺ چونکە ئەو نەخوێندەوار بوو، مێژوو بەسەرهاتی گەلانی نەخوێندبووەوە، ئەدی چۆن ئەم ڕاستیەی دەزانی و ئاوا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندو دەق لەگەڵ واقیعو ڕووداودا پڕاو پڕ دەرچوو؟؟

﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَنْ يَضِلُّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾
بێگومان پەروەردگاری تۆ کە پێی گەیاندووی‌و قورئانی بۆ ناردووی‌و ئەو شتانە کە نەتدەزانی فێری کردووی لە تۆ زاناترە، لە هەموو ئادەمیزادو مەخلوقاتی تر زاناترە بەو کەسانەی ڕێگای ڕاستی خودایان لیٚ گوم بووە، لە هەموو کەس زاناترە بە هیدایەت دراوان‌و ڕێڕەوانی ڕێگای ڕاستی یەزدان پەسەند؛ ئەمە هەڕەشە کردنەو جەخت کردنەوەی مانای پێشووە، کە داوای کرد بە هیچ جۆرێک پەیڕەوی ڕێبازی ئەهلی ضەلال‌و گومڕایان نەگرنە بەر.

جا لەبەر ئەوەی موشریکەکان سەربڕینی گیانلەبەری کوشتییان بۆ بتو پەرستراوی خۆیان -جگە لە خودا- بە بنەمای بیروباوەڕی خۆیانیان دەزانی، حاڵو وەزعی زوربەی دانیشتوانی سەر زەوی کوفرو گومڕایی بوو، بۆیە پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کرد بە کردەوەو هەڵسو کەوتێک کە بنەمای بڕوا بە خودایە؛ کە ئەویش خواردنی گۆشتی ئەو سەر بڕاوانەیە کە ناوی خودای لەسەر دەهێندریٚو فەرمووی: ﴿فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ﴾ واتە: خۆتان بپارێزن لە خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵو پەلەوەرانەی کە لەبەر خاتری بتو صەنەم سەر بڕاون‌و ناوی غەیری پەروەردگاریان لەسەر هێندراوەو (بسم الله)یان لەسەر نەکراوە ﴿إِنْ كُنْتُمْ بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕواتان بە نیشانەو بەڵگە هیدایەت ئامێزەکانی یەزدان هەیە، دەتانەویٚ عەقیدەی ڕێکو پێک لە دەروونتاندا بچەسپیٚو هەر شتێک دژی ئەو بیرو باوەڕە ڕاستەبیٚ، ئێوە بەدرۆو پووچی بزانن..!

ئەمە ڕێگا پێدانێکی ڕوون‌و ئاشکرایە لە پەروەردگارەوە بۆ بەندە موسوڵمانەکانی کە لە گۆشتی ئەم سەربڕاوانە بخۆن کە ناوی خودایان لەسەر دەبردریٚ، بە مەبەستی چەسپاندنی بڕوا بە خوداو ڕەتدانەوەی عەرەبە موشریکەکان‌و غەیری ئەوانیش کە سەربڕینی ئاژەڵو پەلەوەریان بە دابو نەریتو بنەمای ئایین‌و بیروباوەڕی خۆیان دەزانی‌و لە ڕێگەی سەربڕینی ئاژەڵەوە خۆیان لە بتەکانیان نزیک دەکردەوە.

ئەوەی لە ئایەتەکە وەر دەگیریٚ ئەوەیە: هەر سەربڕاوێک ناوی خودای لەسەر نەبریٚ خواردنی حەڵاڵ نی‌یە، وەکوو کافرەکانی قورەیش خواردنی

مردارەوە بوو ئەو سەر براوانەی کە بۆ بتەکانیان سەر دەبڕی .

حیکمەتی گرنگی دان بەم مەسەلەیەو هێنانی لە تەکَ مەسەلەی بیروباوەڕ ئەوەیە: موشریکە عەرەبەکانو غەیری ئەوانیش، ئاژەڵ سەربڕینیان کردبووە ڕێو ڕەسمێکی پەرستن کاری، بەڵکو خستبوویانە پلەی بنەمای عەقیدەو بیروباوەڕەوە ئاژەڵ سەربڕینییان کردبووە شێوە پەرستنی خودا درۆزنەکانیانو لە کاتی سەربڕینیاندا ناوی بتەکانیان بە دەنگی بەرزو قریوە قریو دەهێنا، ئەمەش جۆرە شەریکَ پەیدا کردنێکە بۆ خودا، چونکە عیبادەت کردن بوو بۆ غەیری خوداو بە ڕەوا زانینی هاوەڵ بوو بۆ خودا!

بە کورتی مەسەلەی ئاژەڵ سەربڕین بەشێکە لەو عیبادەتو پەرستشەی کە ئادەمیزاد ئەنجامیان دەدا بە مەبەستی لە خودا نزیکَ بوونەوە، لە سەردەمی گومڕاییو بتپەرستی ئادەمیزاددا بووە پەرستنو ڕێزلێنانی غەیری خودا، واتە: ئاژەڵ سەربڕین بووە بەشێکَ لە بتپەرستیو شەریکَ دانان بۆ خودا، هەر بۆیەشە مەسەلەی ئاژەڵ سەربڕین لە چوار چێوەی باسی کوفرو ئیمانو شیرکو یەکتاپەرستیدا هێنرایە کایەوەو لەم ئایەتەدا ئاوا خراونە پەنا یەکتری.

بێگومان تا ئێستاش هەندێ موسوڵمانی سافیلکە دەکەونە ئەو هەڵەیەوەو ئەو تاوانە دووبارە دەکەنەوە، دەهێنن حەیوان بە ناوی شێخێکَ، پیاو چاکێکَ ، ئارامگایەکەوە سەر دەبڕن، کوشتییان بۆ تەرخان دەکەن، ئەوەتا ئیستاش لە میصر گوێرەکەو مەڕو بزن بۆ سەیید ئەحمەدی بەدەویو غەیری ئەویش نەزر دەکەن، لێیان دەپاڕێنەوەو هانایان بۆ دەبەن ئەمەش شیرکێکی ئاشکرایە!

﴿وَمَا لَكُمْ الا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ﴾ چی شتێکَ ئەوەتان لێ قەدەغە دەکا کە لە گۆشتی ئەو حەیوانە سەر براوانە بخۆن کە لە کاتی سەر بڕیندا ناوی خودایان لەسەر هاتووە؟؟

﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حرمَ عَلَيْكُمْ﴾ بێگومان بۆ ئێوە شی کراوەتەوە ئەو شتانەی لێتان قەدەغەیە، وکو لە ئایەتی ﴿قُلْ لَا اَجِدُ فِي مَا اُوحِيَ الي....الآية﴾الانعام/١٤٥. دا بۆمان ڕوون کردوونەوە، ئەو خواردەمەنیو

گۆشتی حەیوانـەی لـەوێدا دەسـت نیشـان کـراوە لێتـان قەدەغەیـە ﴿إِلا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ مەگەر پێویستیو زەرورەت پاڵتان پێـوە بنـێ بـۆ خواردنـی، واتە: ئەگەر برسیتان بوو خواردنی ترتان دەست نەکەوت، ئـەو کاتـە لەبـەر نـا عیلاجی حەرام حەلاڵە، ، چونکە قاعیدەی ئوصولی‌یە کە دەڵـێ: (**الضرورات تبيح المحظورات**) بەڵام دەبێ بە ئەندازەی پێویست لەو حەرامە بخورێو زێدە رەوی تێدا نەکرێ، چونکە قاعیدەیەکی تری ئوصـول هەیـە دەڵـێ: (**الضرورة تقدر بقدرها**) کەوابوو دروستە بۆ ناعیلاج کە بەگوێرەی پێویسـتی خـۆی لـە حەرام بخوا و خۆی لە مردن رزگار بکا! ﴿وَإِنَّ كَثِيراً لَيُضِلُّونَ بِأَهْوَاءِهِمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ واتە: بێگومان زوربەی ئادەمیزاد وەکوو بۆ خۆیان گومڕابوونو سەریان لیٚ شێواوە رێگەش لە خەڵکی گوم دەکەن، لە رێگەی خواردنـی گۆشـتی ئـەو حەیوانانەی کە بۆ غەیری خودا سەر دەبڕدرێن رێگا لە خـەڵکی گـوم دەکـەن: بەوە کە حەلاڵیان لیٚ حەرام دەکەنو حەرامیان لیٚ حەلاڵ دەکەن، ئـەم رێ لیٚ گوم بوونو رێ لیٚ گوم کردنە بە ئارەزوو و هەواو هەوەسـی خۆیـان ئـەنجامی دەدەن، نەک لە رێگـەی زانیاری‌یەکـەوە کـە لـە وەحـی ئاسمـانی سـەرچاوەی گرتبێ، یان لە بەڵگەو دەلیلی عەقڵی‌یەوە سەری هەڵدا بێ.

سەرچاوەی ئـەم هـەواو ئـارەزوو کارییـە ئەوەیـە؛ ئـەو گـەلو نەتەوەیـەی حەزرەتی نووح (سەلامی خوای لەسەر بـێ) بـۆ لایـان رەوانـە کرابـوو پیـاوی خودا پەرستو راستاڵیان تێدا بوون، کاتێک کە مردن پەیکەریان بۆ تاشین بـۆ یاد کردنەوەیانو شوێن کەوتنیان، دوایی بە درێژایی رۆژگار رێزیـان لیٚ گـیراو یادیـان کرایـەوە! دوایــی ئـادەمیزادی تـر هــاتن حیکمــەتی داتــانی ئــەو پەیکەرانـەیان لیٚ شێواو ئیتر بـە تێپـەڕ بوونـی ماوەیـەکی زۆر، ئــەم رێــز لی‌گرتنەیان لیٚ بوو بە ئایینو پەرستشکاری، لەسەر ئـەم بنەمایـە بتپەرسـتی دامەزرا!

﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ﴾ خـودای تـۆ ئـەی موحەممـەد! کـە ئـەم هەموو رێنموونیو هیدایەتەی لەسەر زوبانی تۆ بە خەڵکی راگەیاند، لە تۆشو باقی خەڵکی تریش زاناترە بەوانەی دەستدرێژی دەکەنو لە حەلاڵـەوە لادەدەن

بۆ ئەو شتانەی خودا لیۆی حەرام کردوون، یان لە ئەندازەی پێویست لـە کـاتی زەرورەتو ناعیلاجی‌دا تیۆ دەپەڕێنن، خودا باش باش ئاگاداری تەجاوەزکاری‌و درۆو دەلەسـەو خییانەتکاریيانـە، سزای پـڕاو پڕیـان دەداتـەوەو تۆڵـەیان لیۆ دەستێنیۆ، وەکوو عـەمری کوڕی لوحەیی‌و گەلەکـەی کـە بـەحیرەو سـائیبەیان داهێنا، خواردنی گۆشتی مردارەوەبوویان بە حەڵاڵ دانـا، هـەروەها خواردنـی گۆشتی ئەو حەیوانە سەربڕاوانەی کە ناوی غـەیری خودایـان لەسـەر دەبـرا بـە حەڵاڵ‌و ڕەوایان دەزانی.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بە موسوڵمانان دەکا کە لە هەموو تـاوانێک دوور بکەونەوەو دەفەرمویۆ: ﴿وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ وَبَاطِنَهُ﴾ واز لـە هـەموو تاوانێک بێنن، لە هەموو حەرامێک دوور بکەونەوە بە ئاشکراو نهێنـی، لـە کەم‌و زۆری، جا ئەو تاوانە تاوانێک بیۆ بـە ئـەندامی ئاشکرا ئـەنجام بدرێـن وەکوو دەست‌و چاوو قاچ‌و زوبـان‌و ئـامێری داوێـن پیسـی، یـان کـردەوەی دڵ‌و دەروون بیۆ وەکوو دڵپیسی‌و حەسوودی‌و لووتبەرزی‌و خۆبەزلزانین.

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الْإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا يَقْتَرِفُونَ﴾ بێگومـان ئەوانەی تاوان دەکەن بە ئاشکرا، یان بـە نهێنـی کـەم بـیۆ یـان زۆربـیۆ سزای خۆیان دەدرێتەوە، چەندێک زێدە ڕەوی بکەن لە تاوان کردندا سزایان توند تـر دەبیۆ، چەندێک ئـەوان سروشتی خۆیـان تێـک بـدەن‌و سـوور بـن لـە دووبـارە کردنـەوەو سـێبارە کردنـەوەی تاوانـەکانیان تۆڵـەو سزایان سـەختتر دەبـیۆ، پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکدا پێناسەی تاوانی کردووە فەرموویەتی (الْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ) لـە ریوایـەتی موسلیمدا دەفـەرمویۆ (الْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ) بـەڵام کەسـێک تۆبەیەکی ڕێک‌و پێک بکا، لە تاوانەکانی پێشووی ژێوان ببێتەوە، ئەوە خودا لیۆی خۆش دەبیۆ، مەگەر مەیلی لیۆ بیۆ بە مەرجیۆ شەریک بۆ خودا دانـەنیۆ! شەریک بۆ خودا دانان لێخۆش بوونی نیـە ﴿**إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ**﴾النساء/١١٦.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان دەکا بەوەی کە هەر حەیوانێک لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودای لەسەر نەهێندرا لێی نەخۆن ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! گۆشتی حەیوانێک مەخۆن کە مندار بوو بێتەوەو سەر نەبڕدرابێ، یان سەربڕابێ و ناوی خودای لەسەر نەهێندرابێ! یان بۆ غەیری خودا سەر بڕابێ وەکوو ئەو حەیوانانەی کە موشریکەکان بۆ بتەکانیان سەریان دەبڕن، ﴿وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ حەیوان سەربڕین بۆ غەیری خوداو خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو لە خودا یاخی بوون و تاوانە...

ئەوەی لەم شوێنە وەردەگیرێ ئەوەیە کە مەبەست بە ﴿مَا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ﴾ ئەو حەیوانە بێ مردار بووبێتەوە، یان ناوی غەیری خودای لەسەر هاتبێ.

﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ﴾ بێگومان شەیاتینی ئادەمیزادو جندۆکە کە ختوکەی دڵی هاوەڵان و دۆستانی خۆیان لە موشریکەکان دەدەن بۆ ئەوەی دەمێ لەگەڵ پێغەمبەرو هاوەڵانی بکەن دەربارەی خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ ئەگەر ئێوە بەگوێی ئەو موشریکانە بکەن و بیرو بۆچوونی ئەوانتان بەلاوە راستبێ و پێتان وابێ مردارەوەبوو حەڵاڵە؛ ئێوەش وەکوو ئەوان موشریک و تاوانبارن، چونکە لە شەریعەتی خودا لاتان داوەو بیرو باوەڕی پوچی موشریکەکانتان وەرگرتووە، ئەمەش بە شەریک دانان حلێب دەکرێ؛ وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾التوبة/٣١. تیرمیذی لەبارەی تەفسیری ئەم ئایەتەوە لە کوڕی لە عەدی حاتەمەوە دەگێڕێتەوە کە بە پێغەمبەری گوتووە ئەی رەوانە کراوی خودا! کوا خۆ جولەکەو مەسیحی‌یەکان قەشەو مالمەکانیان نەپەرستوون؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی بەڵێ: ئەو قەشەو مالمانە حەرامیان بۆ حەلال کردوون و حەلاڵیان لێ حەرام کردوون، جەماوەرەکەش گوێ بیستیان بوون، دەی ئەوە بە پەرستش حلێب دەکرێ!

زەجاج دەڵێ ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کەسێک شتێک حەلال

بکا کە خودا حەرامی کردووە، یان شتێک حەرام بکا کە خودا حەڵاڵی کردووە، ئەوە بە موشریک حلێب دەکرێ، چونکە جگە لە خودا یاسادانەرێکی تری داناوە!

ئەو حوکمانەی لەم ئایەتانە وەردەگیرێن ئەمانەن:

١- هەر حەیوانێک موسوڵمان سەری ببڕێو ناوی خودای لەسەر بهێنێ حەلاڵە.

٢- ئایەتەکە فەرمانی کردووە بە هێنانی ناوی خودا لەسەر ئاو خواردنەوەو حەیوان سەربڕینو هەموو خواردەمەنی‌یەک.

٣- هەر حەیوانێک ناوی خودای لەسەر نەهاتبێ خواردنی گۆشتی حەلاڵ نی‌یە؛ وەکوو مردارەوە بوو و ئەو حەیوانانەی کە سەر دەبڕدران لەسەر بەرد (نصب)ەکانی دەوری کەعبەو شوێنی تریش.

٤- شتی حەرام لە کاتی ناچاری‌دا حەلاڵە بە مەرجێ لە ئەندازەی پێویست تێپەڕ نەکا.

٥- هەر کەسێک حەرام حەلاڵ بکا، یان حەلاڵ حەرام بکاو شوێن غەیری حوکمی خودا بکەوێ، ئەوە کافرو موشریکەو جگە لە خودا شەرع دانەرێکی تری داناوە.

ئەو حەیوانانەی سەردەبڕدرێن بە بۆنەی دیدەنی پاشاو سەرۆکو لێپرسراواندا، یا لەکاتی گەڕانەوەی حاجیاندا ئەوە بەلای حەنەفی‌یەکان گۆشتەکەیان حەرام دەبێ، چونکە سەربڕینەکە مەبەستی غەیری خودای تێدایە. هەندێ لە شافیعیەکان رایان وایە: مەبەست لەو سەربڕینە دەربڕینی پێخۆشحاڵی‌یە بە هاتنی ئەو کەسە. وەکوو سەربڕینی حەیوان وایە بۆ عەقیقە؛ کە کەسێک منداڵی دەبێ حەیوانی بۆ دەکا بە حەوتم، پێخۆشحاڵ بوون بەو شێوە نابێتە هۆی حەرامبوونی،، بەلام ئەگەر سەربڕینەکە لە ژێر قاچی میوانەکەدا بوو، واتە: لە ژێر پێیدا سەربڕا، ئەوە گۆشتەکەی حەرام دەبێ، چونکە ناوی غەیری خودای لەسەر دەهێندرێ!

٦- برێ لە شەرعزانان وا لە ئایەتی ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ تێگەیشتوون کە هەر حەیوانێک لە کاتی سەربڕین‌دا ناوی خودای

لەسەر نەهێندرێ با موسوڵمانیش سەری ببڕێ گۆشتەکەی حەرامە! ئەم مەسەلەیە مەسەلەی سەربڕینی بێ ناوی خودایە جا ناونەهێنانەکە بە سەهوبێ، یان بە ئەنقەست بێ. ئەمەش زانایانی ئیسلام چەند رایەکیان هەیە:

أ- داوود ظاهیری دەڵێ: ئەگەر موسوڵمان حەیوانی سەربڕی لە بیری چوو یان بە ئەنقەست ناوی خودای لەسەر نەهێنا گۆشتەکەی ناخورێ چونکە ظاهیری ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ.

ب- شافیعی‌یەکان دەڵێن: ئەگەر موسوڵمان حەیوانی سەربڕیو ناوی خودای لەسەر نەهێنا گۆشتەکەی حەلاڵە، چونکە ئایەتی ژمارە(٣)ی سوورەتی مائیدە کە دەفەرموێ ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ﴾ تا دەگاتە ﴿إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ ئەوە دەگەیەنێ کە سەربڕاو حەلاڵە ئایەتەکە باسی هێنانی ناوی خودای نەکرد، ناوهێنانی خوداش بەشێک نیە لە سەربڕین، چونکە سەربڕین بریتی‌یە لە بڕینو لەتکردن... ئەوەش هاتۆتە دی هەروەها ئەو فەرموودەشیان کردووە بە بەڵگە کە بوخاری ئەبوداوودو ئیبن ماجەو نەسائی لە عائیشەوە گێراویانەتەوە -خوا لێیان رازی بێ-! دەڵێ کۆمەڵێک عەرزی پێغەمبەریان کرد ﷺ: وتیان: گرۆکانی ئێمە تازە موسوڵمان بوون گۆشتمان بۆ دێنن نازانین ئایا ناوی خودای لەسەر هێندراوە یان نا؟ ئایا لێی بخۆین؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (سموا وكلوا) ناوی خودای لەسەر بێنن‌و بیخۆن! ئەبو داوود فەرموودەیەکی مورسەلی لە (الصلت السدوسی)یەوە گێراوەتەوە دەفەرموێ: (ذبيحة المسلم حلال ذكر اسم ا لله عليه أو لم يذكر) سەربڕاوی موسوڵمان حەلاڵە، ناوی خودای لەسەر بێنێ یان نا!

بەلاَم ئەوەمان لەبیر نەچێ ناوهێنانی خودا لە کاتی خواردن‌و خواردنەوەدا شتێکی سوننەتەو پەیڕەو کردنی پێغەمبەرە ﷺ.

ج- جەماوەری زانایان (ئەبو حەنیفە، مالیک، ئەحمەد) پێیان وایە ئەگەر بە ئەنقەست ناوی خودای لەسەر نەهێندرا بە مردارەوەبوو حلێبەو گۆشتەکەی حەرامە، بەلاَم ئەگەر لە بیری چوو حەرام نابێ! حەنبەلی‌یەکان

دەڵێن: ئەگەر بۆ نێچیر ناوهێنانی خودای لە بیرچوو گۆشتەکە حەرام دەبێ! واتە لەبیرچوونی ناوهێنانی خودا بۆ سەربڕینی قەیناکا بەلام بۆ نێچیر حەرامی دەکا.

نموونەی موسوڵمانی هیدایەتدراوو کافری گومڕا

أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِى كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا۟ فِيهَا ۖ وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿١٢٣﴾

پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوودا ئەوەی باس کرد کە زوربەی دانیشتوانی سەرزەوی گومڕاو سەرلێشێواون، شوێن گومانو خەیاڵی پڕوپوچ دەکەون بە خەرساندنو مەزەندە کردن شت دیاری دەکەن، موشریکەکان کێشەو دەمە دەمێ لەگەڵ موسوڵمانەکان دەکەن دەربارەی ئایین.

ئەمجار لەم ئایەتەی دواییدا نموونەی حاڵی موسوڵمانی هیدایەتدراوو کافری گومڕا باس دەکا، ئەوە روون دەکاتەوە کە موسوڵمانی هیدایەت دراو وەکوو مردوویەک وایە کە زیندوو بووبێتەوەو رۆشنایی درابێتیو بەکاری بێنێ لە بەرژەوەندی خۆیداو لە ژیاندا سوودی بۆ خۆیو کۆمەڵ هەبێ. کافری گومڕاو سەرلێشێواویش وەکوو کەسێک وایە لە تاریکیدا سەری لێ شێوابێ، بە هیچ لایەکدا رێ دەرنەکاو هەمیشە سەرگەردان بێ!

ئیمامی واحیدی لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە: دەڵێ: فەرموودەی پەروەردگار ﴿أَوَ مَنْ كَانَ مَيْتًا﴾ مەبەستی پێ هەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیبە، وەکوو دەڵێن: ئەبو جەهل هەندێ پیسایی ناو گەدەی ئاژەڵێکی هاویشتە سەر پشتی پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا کە تەشریفی لە

نوێژدا بوو، هەواڵی ئەم رووداوەیان بە هەمزە راگەیاند، ئەو هێشتا ئیمانی نەهێنابوو، ئەو کاتەی ئەم هەواڵەیان دایێ تازە لە راو گەڕابووەوە، قەوسەکەی بە دەستەوە بوو، ئیتر بە تووڕەیی بەرەو ئەبوجەهل رۆیی عەمبازی بوو، دای گرت، ئەبو جەهل هاواری لێ هەڵساو دەیگوت: ئەی ئەبو یەعلا! ئەتۆ نازانی مەحەممەد ئەوەی هێناویەتی عەقڵو هۆشی لێ شێواندوین، جوێن بە خوداکانمان دەدا، پێچەوانەی دابو نەرێتی باوکئو باپیرانمانە؟ هەمزە وتی: کێ لە ئێوە بێ عەقڵ ترە؟ لە جیاتی خودا دارو بەرد دەپەرستن! (أشهد أن لا اله الا الله وحده لا شريك له وأن محمدا عبده و رسوله) ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿أَوَ مَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا﴾ واتە: ئایا ئێوە ئەی موسوڵمانان! وەکوو ئەو شەیاتینییانە وان؟ یان وەکوو ئەولییاکانی ئەوان وان؟ کە بە قسەی پڕو پوچو بێبناغە دەیانەوێ خەڵکی هەڵخەڵەتێنن؟ ئایا کەسێک بە هۆی کوفرو نەزانییەوە مردوویێو ئێمە بە هۆی ئیمانو باوەڕەوە زیندووی بکەینەوەو چرای رۆشنکەرەوە کە قورئانی پیرۆزە بیدەینێ بۆ ئەوەی کاروباری دونیاییو ئایینی خۆی پێ ئەنجام بدا وەکوو ئەو کەسە وایە: کە بە ناو تاریکی جۆراوجۆردا دەڕوا؟!-تاریکی شەو، تاریکی هەور، تاریکی باران- بە هیچ جۆرێک ناتوانێ لەو تاریکییانەدا سەر دەرکاو رزگاری ببێ! سەرگەردان دەمێنێتەوەو رێگای رزگار بوون نازانێ، ترسو خۆفو سەرگەردانی هەمیشەییو لاوازیو زەبوونی لە هەموو لایەکەوە دەوری داوە.. کەسێکیش کەوتبێتە ناو تاریکی نەزانیو لاسایی کردنەوەی کوێرانەو فەسادی سروشتی هەرگیز لێی دەرناچێ، چونکە وەکوو دەگوترێ: (تەیری گوڵ عاشق بە داری ژەقنەمووتە) ئەوانیش بەو گومڕاییە ئاشنا بوونو هەوڵی ئەوە نادەن لەو تاریکییە رزگاریان ببێو بکەونە ناو رووناکی، بەڵکو جاری وا هەیە: ئەوانە لەو رووناکییە هەست بە ئازارو نارەحەتی دەکەن، وەکوو چۆن شەمشەمەکوێرە بە رووناکی نارەحەت دەبێ! ئەم ئایەتە بەراوردکردنو بەرامبەریکردنە لە نێوان موسوڵمانانو کافراندا، لە رووی ئەم بەراوردکردنەدا

زۆر ئایەتی قورئان هەن وەکوو ﴿أَفَمَنْ يَمْشِي مُكِبًّا عَلَى وَجْهِهِ أَهْدَى، أَمَنْ يَمْشِي سَوِيًّا عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾الملك/٢٢. یان دەفەرموێ: ﴿مَثَلُ الْفَرِيقَيْنِ كَالأَعْمَى وَالأَصَمِّ، وَالْبَصِيرِ وَالسَّمِيعِ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلاً أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ﴾هود/٢٢. یان دەفەرموێ: ﴿وَمَا يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ وَلاَ الظُّلُمَاتُ وَلاَ النُّورُ وَلاَ الظِّلُّ وَلاَ الْحَرُورُ وَمَا يَسْتَوِي الأَحْيَاءُ وَالأَمْوَاتُ، إِنَّ اللَّهَ يسمع مَنْ يَشَاءُ، وَمَا أَنْتَ بِمُسْمِعٍ مَنْ فِي الْقُبُورِ إِنْ أَنْتَ إِلاَّ نَذِيرٌ﴾فاطر/٢٣.

بە کورتی ئەوە دوو جیهانن دوو جیهانی لە یەکتر جیا، جیاوازی نێوانیان زۆرە، جیهانی موسوڵمانان کە پەروەردگار بە نووری ئیمان زیندووی کردوونەوە، جیهانی کوفرو بێدینی کە لە گومڕایی‌و تاریکی‌دانو لێی دەرناچن.

بەڵێ موسوڵمانان پێش هاتنی ئەم ئایینە، پێش ئەوەی نووری ئەم بیرو باوەڕە بچێتە ناو دڵو دەرونیانەوەو زیندوویان بکاتەوەو ئەم هێزە بەهێزەیان تێدا بخولقێنێ، دڵیان مردبوو، گیانەکانیان تاریک بوون، کاتێک نوور خرایە دڵیانەوە، گیانەکانیان نوورو روناکی تێکەوت ئاوەدان بوونەوە زیندووبوونەوەو خەملاًنو خۆیان سازدا بۆ وەرگرتنی فەرمانی یەزدانی‌و پەیرەو کردنی بەرنامەی ئاسمانی، جا کە هیدایەت دران بۆ ئیمانو باوەڕ بە خودا، یان رۆچونو چونە ناو گومڕایی‌و کوفرو سەرلێ شێواوی بە دەست ئادەمیزاد خۆی بیّو بە ویستی خۆی لایەکیان هەڵبژێرێ؛ ئەوە پەروەردگار دابو نەرێتی خۆی وا داناوە کە تەوفیقو یارمەتی زیاد بکا بۆ موسوڵمانان بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو خێر برۆنو بڕوایان پتەوتر بێ، واز لە کافرو موشریکەکان بێنێ بۆ خۆیان لە کەندەلاًنی گومڕاییدا کوێرانە هەنگاو هەڵێنن، بۆیە کۆتایی ئایەتەکەی بەمە هێنا، کە دەفەرموێ: ﴿كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ وەکوو چۆن بۆ موسوڵمانان ئایینی ئیسلامو بڕوا بە خودا لە دڵیاندا شیرین کراوەو لە پێش چاویان رازێندراوەتەوە، هەر بەو جۆرە کوفرو تاوانمان بۆ کافرەکان رازاندۆتەوە، واتە: بۆ هەر کۆمەڵێک کردەوەکانیانمان لە پێش چاو جوان

کردوون، ئیمانو باوەڕ بە خودا لە پێش چاوی موسوڵمانان شیرین کراوە، کوفرو نەزانیو گومڕایی لە دڵی کافرەکاندا جوان کراوە؛ وەکوو دژایەتی کردنی پێغەمبەر ﷺ هەروەها سەربڕینی حەیوان بە ناوی بتو شێخو ئارامگای پیاو چاکانەوە، حەرام کردنی شتێک کە خودا حەرامی نەکردووە، حەڵاڵ کردنی شتێک کە خودا حەرامی کردووە!

ئیبنو کەثیر لە مانای ئەم ئایەتەدا دەڵێ: پەروەردگار بە تەقدیرو حیکمەتو دانایی خۆیئەو گومڕایی کوفرو بێدینییەی تێیدان لە پێش چاویان جوانی کردووە. لە دڵیاندا شیرینی کردووە... ئەمجار بۆ بەراوردکردن لە نێوان گرۆهی موسوڵمانو گرۆهی کافراندا فەرموودەیەکی لە موسنەدی ئیمام ئەحمەدەوە هێناوە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە فەرموویەتی: (إِنَّ اللهَ خَلَقَ خَلْقَهُ فِي ظُلْمَةٍ، ثُمَّ رَشَّ عَلَيْهِ مِنْ نُورِهِ، فَمَنْ أَصَابَهُ ذَلِكَ النُّورُ اهْتَدَى وَمَنْ أَخْطَأَ ضَلَّ) . پەروەردگار لە عالەمی ئەزەلدا لە ناو تاریکیدا بەندەکانی خۆی دروستکردن، ئەمجار نوورو رووناکی بەسەردا پەخشکردن، جا کەسێک لەو عالەمی میثالەدا ئەو نوورەی رێ کەوتبێ هیدایەتدراوە، کەسێکیش رێی نەکەوتبێ گومڕابوو!!

ئەمجار پەروەردگار شتێک باس دەکا کە سوننەتو دابو نەریتی خۆی تێدا رەنگ دەداتەوە دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا﴾ واتە: وەکوو چۆن دانیشتوانی مەککە کردەوەکانیان لە پێش چاو جوان کراوە، وێڕای ئەوەی کە فاسقو خوانەناسن، خودا کردوونی بە پیاو ماقوولو ریش سپی مەککە! هەر بەو جۆرە لە هەموو شارو شارۆچکەو نیشتەمەنییەکدا خاوەن دەسەڵاتو پیاو ماقوولو دەست رۆیشتووەکانمان کردوون بە گەورەی تاوانبارانو کادرو بانگەوازیکەر بۆ کوفرو گومڕاییو لەمپەڕ لە بەردەم بانگەوازیکەرانی ئایینی خوادا ﴿لِيَمْكُرُوا فِيهَا﴾ تا لە ئاکامدا فرتو فێڵو چاوو راو بکەن لەو شوێنانەدا بۆ بەربەست کردنی ئایینی پیرۆزی خودا، دژی حەقخوازان بوەستن، چونکە ئەوانە بە هۆی دەسەڵاتو دەست رۆیشتوویانەوە زیاتر دەتوانن رەواج بە گومڕاییو بێدینی بدەنو

خەڵکی لە خشتە بەرنو پیلانی جۆراو جۆر دژی بانگەوازیکەرانی ڕێگای خودا دابڕێژن!

ئەمە سوننەتو دابو نەریتی خودایە لە کۆمەڵگای ئادەمیزاددا کێشە دەخاتە نێوان حەقو بەتاڵ، دژایەتی لەنێوان کوفرو ئیماندا بەهێز دەکا، بۆ هەر لایەکێ لە حەقو لە بەتاڵ پەیڕەوکارو ڕێڕەوی خۆی هەیە، لێپرسراوو کارمەندو کارگێڕی کاریگەر هەیە، پێغەمبەرانو شوێنکەوتوانیان لە ناو ئەم ململانێیەدا پەیدادەبنو بانگەوازی حەقو راستی بە گوێچکەی بوونەوەردا دەدەن! مسکێنو بۆرەپیاوو رەشە خەڵکەکە دوویان دەکەون، ملهوڕو خاوەن دەسەڵاتو بەناو پیاو ماقوڵانیان دژیان دەوەستن، خەڵکە مام ناوەندییەکە یارمەتییان دەدەنو گەورە تاوانبارەکان بەرەنگارییان دەکەنو دژی بزووتنەوەی چاکسازیو پێشکەوتنو بنیادنان دەوەستن، ﴿وَمَا يَمْكُرُونَ إِلاَّ بِأَنْفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ بەڵام سەرەنجام سەرکەوتن هەر بۆ خوداپەرستانو پیاو چاکانە، تێشکانو لە ناو چوونو ریسوابوون بۆ کافرو گێرە شێوێنو چەواشەکارانە. ئەو گەورە تاوانبارانە کە فرتو فێڵ دەکەنو دژی پێغەمبەرانو شوێنکەوتوانیان پیلان دادەڕێژن، زیانی پیلانو فێڵەکانیان بۆ خۆیان دەگەڕێتەوەو خۆیان زەرەرمەند دەبن! بەڵام ئەوان دوور بین نینو دوا رۆژیان لەبەر چاو نییەو لە رابردوو پەندیان وەرنەگرتووەو هەستو شعوریان نییە، هەستی شارەزاییان نیە بزانن ئاکامی کردەوەکانیان چۆنەو چۆن نییە، نازانن چۆن هەڵسو کەوت بکەن!

ئەم ئایەتە پشتگیری یاسایەکی کۆمەڵایەتی دەکا، کە بریتییە لە کێشەو ململانێی مانەوەو مانەوەی شتە باشەکان (تنازع البقاء والبقاء للاصلح) وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَآءً وَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ﴾الرعد/١٧. بێگومان ئەم سوننەتو دابو نەریتەخوداییە لە کۆنیشدا هەر وابووەو هەر واش دەبێ، سوننەتی خودا گۆڕانی بەسەردا نایەت. وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَمَكَرُوا مَكْراً، وَمَكَرْنَا مَكْراً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ، فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ

مَكْرِهِمْ أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ﴾النمل/٥٠-٥١. واتـە: ئەوانـەی پیلانیان دارشتن‌و فرت‌و فێڵیان کردن بۆ مانەوەی پلەو پایەی خۆیان نەیانزانی کـە سـەرەنجامی پیـلان‌و فێڵـەکانیان بـەرەو رووی خۆیـان دەبێتـەوە، چونکـە ئاگاداری یاساو سوننەت‌و دابی نەرێتی خودا نـەبوون **﴿وَلاَ يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّءُ إِلاَّ بِأَهْلِهِ﴾**فاطر/٤٣. لە روانگەی ئەم ئایەتەوە راڤەکەرانی قورئـان مەسەلەی جەبرو قەدەریان هێناوەتە کایەوە؛ ئەهلی سوننەو جەماعـە دەڵێـن: ئەو کەسەی کردەوەکە -چاك یان خراپ- لە پێش چاوان جوان دەکاو لە دڵـدا شـیرینی دەکـا خـودای مەزنـە، چونکـە هـەموو کردەوەیـەك دەبـێ هەڵنـەرو هاندەرێکی هەبێ بیهێنێتەدی بە خەلقی خودا، ئەو هەڵنەرو هاندەرە بریتی‌یە لە زانین‌و بڕوابوون‌و گومان بردن بەوەی کە ئەو کردەوەیە سوودو بـەرژەوەندی تێدایە، ئەم هەڵنـەرو هـاندەرە خـۆی لـە خۆیدا عـەینی جوانکـردن‌و شـیرین کردنەکەیە؛ جا کە پەیدا کوننەدەی ئەم هەڵنەرو هاندەرە خودابـێ، دیـارە ئـەو کەسەی کردەوەکە لە پێش چاو جوان دەکـاو لـە دڵدا شـیرینی دەکـا خـودای پەروەردگارە... ئەی ئەوە نیە پەروەردگار بۆ خـۆی دەفـەرموێ: **﴿زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَالَهُمْ﴾**النمل/٤. موعتـەزیلـەکان دەڵێـن: ئـەو جوانکـەرو شـیرینکەرە بـۆ کردەوەکـان شـەیتانە؛ ئـەو شـەیتانەی سـوێندی خـواردو وتـی: **﴿لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾** بە هەرحاڵ ئاشکراو نمایانە ئەم رایـەی موعتەزیلـەکان رایـەکی بـێ هێزەو دژ بە ظاهـیری قورئانـە، چونکـە قورئـان بـە ئاشـکراو روونـی ئـەوەی راگەیاندووە: کە ئەو کەسەی کردەوەکـە لـە پێـش چـاو جـوان دەکـاو لـە دڵدا شیرینی دەکا خودا خۆیەتی کەسی تر نی‌یە.

سەر رەقی موشریکەکان و داواکردنیان بۆ پێغەمبەرایەتی

وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِۘ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا كَانُواْ يَمۡكُرُونَ ﴿١٢٤﴾

پاش ئەوەی یەزدانی مەزن سوننەتی خۆی لە کۆمەڵگای ئادەمیزاددا روون کردەوە بەوەی کە لەهەموو کاتو شوێنێکدا لە هەموو شارو نیشتەمەنی‌یەکدا کۆمەڵێک دەست رۆیشتوو خاوەن دەسەڵاتی تاوانبار هەن بەرەنگاری بانگەوازی پێغەمبەران دەکەن؛ ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەم دیاردەی سوننەتی خودایە لە سەرانی قورەیشیشدا هەیە، ئەوەتا گەورەکانی مەککە فێڵو تەڵەکەبازی‌و حەسوودییان پاڵی پێوە ناون کە هەڵوێستێک وەربگرن، هەرکاتێ موعجیزەیەک بێتەدی‌و راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەد بچەسپێنێ پشت هەڵدەکەن‌و دەڵێن ئیمان ناهێنین تا هەمان پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی نەدرێ بە ئێمەش .قورطوبی دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی وەلیدی کوڕی موغیرە هاتۆتە خوارێ کە گوتی: ئەگەر پێغەمبەرایەتی راست بووایە دەبوایە بدرێ بە من چونکە من لە موحەممەد شیاوترم بۆ ئە پلە پایەیە، من لە ئەو بە تەمەنترم کوڕو کەس‌و کارو ماڵو سامانیشم لەو زۆرترە.[10]

جا دەربارەی سەرکێشی‌و سەررەقی ئەو جۆرە کەسانە پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردۆتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿وَاِذَا جَآءَتۡهُمۡ آيَةٌ قَالُوا لَنۡ نُؤۡمِنَ حَتَّى نُؤۡتَى مِثۡلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ ا للهِ، اَ للهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُ﴾. ئەگەر بۆ سەر ئەو موشریکانە نیشانەیەکی ئاشکراو بەڵگەیەکی بەهێزیان لە قورئان دا بۆ بێ راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەدﷺ بچەسپێنێ، یەکتاپەرستی‌و هیدایەتی تێدا بێ، راستگۆیی پێغەمبەر لە گەیاندنی پەیامەکەیدا دووپات بکاتەوە، لە جیاتی ئەوەی یەکسەر بڕوای پێ بکەن، لە رووی حەسوودی‌و سەررەقی‌و لووتبەرزی‌و لە خۆبایی بوونەوە، هەروەها لەو روانگەوە کە پێیان وایە: پێغەمبەرایەتی پلەو پایەیەکی دونیایی‌یە، دەڵێن: ئێمە بڕوا ناکەین‌و ئیمان ناهێنین، هەتا ئێمەیش وەکوو موحەممەد پلەو پایەی پێغەمبەرایەتیمان نەدرێتێ، موعجیزەو نیشانەی کەونی لەسەر دەستمان دیاری نەدەن؛ واتە: دەبێ وەکوو پێغەمبەرانی پێشوو موعجیزەمان لەسەر

---

[10] تفسير القرطبي ج٧/٨٠.

دەست دەربکەوێ وەک لێک بوونەوەی ئاوی دەریا بۆ مووسا، چاک کردنەوەی لاڵو بەڵەکو زیندووکردنەوەی مردوو بۆ عیسا.

ئیبنو کەثیر دەڵێ ماناکـە بـەم جۆرەیـە: هـەتا فریشـتە نەیەتـە لامـانو پەیامی پێغەمبەرایەتیمان بۆ نەهێنێ ئیمان ناهێنین وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفـەرموێ : ﴿وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلَائِكَةُ أَوْ نَرَى رَبَّنَا﴾الفرقان/٢١.

لەمـەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە موشـریکەکانی مەککـە تـەمای ئەوەیان هەبوو، کە پلە پایەی پێغەمبەرایـەتی بـدرێ بـە هـەندێکیان؛ وەکـوو قورئان دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا: لَوْلَا أُنزِلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ أَهُمْ يُقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ؟﴾الزخرف/٣١. مەبەست بە(القريتين) مەککەو طائیفە. لە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿بَلْ يُرِيدُ كُلُّ امْرِئٍ مِنْهُمْ أَنْ يُؤْتَى صُحُفًا مُنَشَّرَةً﴾المدثر/٥٢.

بـەکورتی کافرەکـانی مەککـە ئـەوە را دەگەیـەنن کـە ئـەوان بـڕوا بـە پێغەمبەرایـەتی محمـد ناکـەن مەگـەر بـۆ خۆیـان هـەمان پلـەو پایـەی پێغەمبەرایەتییان پێ بدرێ. ئیتر پەروەردگار بـە تونـدی رەدی دانـەوەو بـیرو بۆچونی هەڵەو بێ بناغـەیانی ئاشکرا کردو فەرمووی: ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ﴾ واتـە: خـودا باشـتر دەزانـێ پلـەو پایـەی پێغەمبەرایـەتی بـە کـێ دەبەخشێو کێ شیاوی ئـەو رێـز لێ نانەیـە، پێغەمبەرایـەتی پلـەو پایەیـەکی ئایینی‌یە مەرجو پێویستیاتی تایبەتی خـۆی هەیـە، فـەضلو بەخشـێکە لـە خوداوە دەدرێ بەو بەندانەی کە بۆ ئەو ئەرکە هەڵیان دەبژێرێ، پلەو پایەیـەک نیە بە تێکۆشـان مـاندووبوون پـەیدا بکـرێ؛ یـان بـەهۆی رەگـەزو بنەماڵـەوە بـدرێ، یـان بـەهۆی شـتە تایبەتمەندیـە دونیایی‌یـەکانی رواڵـەتی وەکـوو ماڵداریو هەبوونی کەسو کارو ماڵو منداڵی زۆرو سەرۆکایەتی هۆزو نەتـەوە بـە ئینسـان بـدرێ، بـەڵکو پێغەمبەرایـەتی پلـەو پایەیەکـە دەبەخشـرێت بـە کەسێک کە سروشتی خاوێن بـێ، دڵو دەروونـی صـافو بێگـەردبێ ، گیـانی پـاک بـێ، ژیاننامـەو رابـردووی بـێ عـەیبو خـەوشبێ، خێر خۆشـەویسـتو

حەقخوازیێ، ئەوانە نەفامو نەزانن، نازانن کە پێغەمبەرایەتی ئەرکێکی گەورەو سامناکە ، ئەمرێکی کەونی‌یە کە ئیرادەی ئەزەلو ئەبەد پەیوەست دەبێ بە جمو جوولی بەندەیەکێ لە بەندەکانی خوداوە، عالەمی بالای بەرفراوان پەیوەست دەبێ بە جیهانی ئادەمیزادی سنووردارەوە، لە رێگەی پێغەمبەرایەتی‌یەوە ئاسمان بە زەوی‌یەوە پەیوەندی دەکا، دونیای تێدا دەلکێ بە قیامەتەوە، حەقی کوللی‌و رەها لە دلی ئادەمیزادێکدا نومایان دەبێ، لە واقیعی خەلکو لە جمو جولی مێژوودا رەنگ دەداتەوە، ئادەمیزاد لە ئادەمیزادیەتی خۆی رووت دەبێ بۆ ئەوەی بۆ خودا بصولحێ، نەک تەنها نیەت پاکیی‌و کردەوەی خالصی بەلکو پێویستە ئەو شوێنەی کە ئەم ئەرکە گرینگەی تێ دەچێ پالفتەو خالص بێ، چونکە لە ئەرکی پێغەمبەرایەتی‌دا خودی پێغەمبەر خۆی پەیوەست دەبێ بەو زاتە حەقە پاکەوە! هەلبەتە کاتێک پەیوەست دەبێ کە زاتی ئەو پێغەمبەرە ئامادەباشی تێدابێ بۆ وەرگرتنی راستەوخۆ بەبێ لەمپەرو بەربەست، هەر خودا بۆ خۆی دەزانێ کێ بۆ ئەم ئەرکە گرینگە زۆر گرینگە دیاری دەکاو لە ناو هەزاران ملیۆن ئادەمیزاددا هەلی دەبژێرێو نیگای بۆ دەکاو دەفەرموێ تۆ بۆ ئەم ئەرکە گرینگە دیاری کراوی!! ئەوانەی کە چاوەروانی ئەوەن ئەم پلەو پایەیان بدرێتێ یان داوا دەکەن بیاندرێتێ؛؛ وەکوو پێغەمبەران فریشتە بێتە لایانو نیگایان بۆ بێنێ ئەوانە لە سروشتێکن کە ناگونجێن بۆ ئەم ئەرکە[11].

ئەمجار پەروەردگار هەرەشەی توند ئاراستە ئەوانە دەکا: کە لە ئیمان هێنان دوا دەکەونو بروا بە بانگەوازی پێغەمبەر ناکەنو، دەفەرموێ: ﴿سَيُصِيبُ الَّذِينَ أَجْرَمُوا صَغَارٌ عِندَ اللَّهِ﴾ لەوە بەو لاوە سوکایەتی‌و زەلیلی تووشی ئەو تاوانبارانە دەبێ، بۆ هەتا هەتایێ لە ناو ئەو ریسوایی‌و سوکایەتی‌یەدا دەمێننەوە ﴿وَعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُوا يَمْكُرُونَ﴾ هەروەها سزای بە ئێشیان دەدرێ لە تۆلەی ئەو هەموو فرتو فێلو پیلان دارشتنەو سزای ئەوەی کە لوتبەرزی‌یان کرد لە شوێنکەوتنی پێغەمبەرانو گەردن کەچ

[11] ئەمە بە دەست لێ دانەوە لە (في ظلال القران ج٣/٣٧٨) وەرگیراوە.

نەبوون بۆ پەیڕەوکردنی پەیامەکەیان، بۆیە لە تۆڵەی ئەو لوتبەرزیو خۆبەزلزانی‌یەیان زەلیلو ریسوایان دەکەین.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾غافر/٦٠.

جا چونکە فرتو فێڵ و پیلان دارشتن زۆربەی کات بە پەنامەکیو نهێنیو قۆرتو پێچ هێنانە بەر شت ئەنجام دەدرێ، بۆیە سزاکەیان سزایەکی توندو بەئێشە لەڕۆژی قیامەتدا هەر بۆیەشە فەرمووی: ﴿وَعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُوا يَمْكُرُونَ﴾ لە تۆڵەی ئەو مەکرو فێڵو تەڵەکەبازی‌یەیاندا سزای بەئێشیان لەلایەن خودا بەسەردا دەدرێو پراوپڕ تۆڵەیان لێ دەسێنرێتەوە.. ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾الکهف/٤٩.

مەبەست لە سزادانیان لەلایەن خودا ئەوەیە: ئەو سزایە بڕیارو دادوەری خوداوە داخوازیەتی لە ئەزەلدا چەندیەتو چۆنیەتی دیاری کراوە.

داب و نەریتی خودا دەربارەی ئەوانەی ئامادەباشیان تێدایە بۆ بڕواهێنانو ئەوانەی ئامادە نین موسوڵمان بنو پاداشتی هەردوو لایان

فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢٥﴾ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ ۞ لَهُمْ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمْ ۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٧﴾ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ قَدِ ٱسْتَكْثَرْتُم مِّنَ ٱلْإِنسِ ۖ

وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلْإِنسِ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ أَجَّلْتَ لَنَا ۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ 

ئـەم ئایەتانـەش پـەرەپێدەرو تەواوکـەری موناقەشـەکردنی هەڵویسـتی موشریکەکانە، ڕەتدانەوەو بۆڕدانیانە، پوچەڵ کردنـەوەو بـە پاشـدا بردنـەوەی بەڵگەو دەلیلەکانیانە، مەسەلەکە دەبڕێنێتەوەو ئەوە دیاری دەکـا: کـە ئـەوان ئیمان ناهێننو ئامادەباشیان تێدا نیە بۆ وەرگرتنی؛ وەکـوو چـۆن لـە ئایـەتی پێشـوودا ئـەوەی ڕاگـەیاند: کـە ئـەوان شیاوی پلـەی پێغەمبەرایـەتی نـین.. لێرەشدا ڕاستەوخۆ پێیان دەڵێ: ڕێبـازی حـەقو ڕاسـت بـۆ هـەموو کەسێکی خاوەن عـەقڵو هۆش ئاشکراو نومایانە، کەسێکـ وەری بگریو پـەیڕەوی بکـا، بەهەشتی دەدرێتێ، کەسێکیش پشتی تێ بکاو ڕووی لێ وەربگێڕێ بە ئـاگری دۆزەخ سزای دەدرێ، کاروبار هەمووی بەدەست خودایە، بۆ خۆی لەبەندەکانی بێ منەتو بێ باکە، بە موسوڵمان بوونی هـەموو ئـادەمیزاد خودایـەتی ئـەو زیـاد ناکـا، ئەگـەر هەمووشـیان پشـت لـە ئیسـلام هەڵکـەنو بـە موشـریکی بمێننەوە لە خودایەتیی کەم ناکا!

جا ﴿فَمَنْ يُرِدِ اللهُ أَنْ يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ﴾ کەسـێکـ خـودا بیەوێ تۆفیقی بدا بۆ ڕێگای حەقو خێرو موسوڵمان بوون؛ کەسێکـ بە ویسـتی خودا شیاوی ئەوە بێ کە بانگەوازیی قورئان وەربگـرێ، ئـەوە خـودا دڵـی بـە نورو ڕووناکی خۆی دەکاتەوەو ئایینی پیرۆزی ئیسلامی تێـدا جێگـیر دەبـێو یارمـەتی دەدرێ بـۆ وەرگرتـنو گەشەسـەندنی بیرویـاوەڕ لــە دەروونیــدا، پەروەردگار دڵـی دەکاتـەوەو ئیمـانی لـەلا خۆشەویست دەکـاو ئـارامیی پـێ دەگرێ، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿أَفَمَنْ شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِنْ رَبِّهِ﴾الزمر/٢٢ یان دەفەرموێ: ﴿وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ﴾الحجرات/٧.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: واتــە: دڵـی فـراوان دەکـا بـۆ یەکتاپەرستیو ئیمان بە تاکو تەنهایی خودا.

عەبدولڕەزاق لــە ئـەبو جەعفـەرەوە فەرموودەیـەک دەگێڕێتـەوە: دەڵــێ: دەربـارەی مانـای ئـەم ئایەتـە پرسـیار لـە پێغەمبـەر ﷺ کـرا، وتیـان: ئــەی پێغەمبەری خودا! چۆن پـەروەردگار دڵـی ئـەو کەسـە گوشـاد دەکـاو فراوانـی دەکا؟؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (نور يقذف فيه فينشرح له وينفسح) وتیـان باشە، ئەم دڵ فراوان بوونە نیشانەیەکی هەیە مـرۆڤ پێـی بزانـێ؟ پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی نیشانەکانی ئەمانەن: (الْإِنَابَةُ إِلَىٰ دَارِ الْخُلُودِ، وَالتَّجَافِي عَنْ دَارِ الْغُرُورِ، وَالْإِسْتِعْدَادُ لِلْمَوْتِ قَبْلَ نُزُولِ الْمَوْتِ).

تێفرێدانی ئەم نوورو ڕووناکی‌یـە دەبـێ لـە شـوێنی خۆیـدا بـێ، بخرێتـە دەروونێکەوە سروشت پاک بێ، ئامادەباشی تێدا بێ بۆ خێرو چاکەو ئارەزووی شوێنکەوتنی حەقی هەبێ.

﴿وَمَنْ يُرِدْ أَنْ يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقاً حَرَجاً كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ﴾ کەسێک بەهۆی شەریک بۆ خودا دانانـەوە سروشـتی پیـس بووبـێ بەتاوان دڵو دەروونی پیس بووبێ خودا بیەوێ ڕێگـای لـێ گـوم بکـا، وای لـێ دەکا سینگی تەنگ دەبێ، ئیمانی تێ ناچێ، ئەو تەنگییە ناهێڵێ خێرو چاکە ڕوو لە دڵو دەروونی بکا، نموونەی ئەو کەسە وەکوو کەسێک وایە کـە بـەرەو حەوا بەرز ببێتەوە هەست دەکا بـە تەنگەنەفەسـیو هەناسـە سـواری؛ دەڵێـی کارێکی لەتوانا بەدەر ئەنجام دەدا، چونکە بەرز بوونەوە بەرەوحەوا کارێکی لەتوانا بەدەرەو ئادەمیزاد بە وزەی خۆی ناتوانێ ئەنجامی بـداو بـە ڕواڵـەت نموونەی ئیشە محاڵەکانە! جـا پـەروەردگار چـۆن سـینگی ئەوانـەی دەیـەوێ گومڕایان بکا تەنگ دەکا.

﴿كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ هـەر بـەو جـۆرەش شەیتان دەست ڕۆیشتوو دەکا بەسەرئەو جۆرە کەسانە و هەموو کەسێکی تـر کە بڕوای بە خوداو پێغەمبەر نەبێ! ئیتر شەیتان زەفەری پـێ دەبـاو گومـڕای

دەکاو لە ڕێگای حەق لای دەداو سەرگەردان دەبێ!

وشەی (الرجس) وەکوو موجاهید دەڵێ: هەر شتێک کە خێری تێدا نەبێ! زومەخشەری دەڵێ: بەمانا ڕیسواکردنو تۆفیق نەدان دێ.

(وهذا) ئەم ئایینی ئیسلامەی کە خودا دڵی هەندێ لە بەندەکانی بۆ گوشاد دەکا ﴿صِرَاطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا﴾ ڕێبازی خودا پەسەندە، ئەو ڕێبازەیە کە خودا بۆ بەندەکانی پەسەندی کردووە، ڕێبازێکی ڕاستو دروستو بێ قۆرتو پێچە، چونکە ڕێبازی خودایە، ڕێبازی خوداش نابێ خوارو خێچی تێدا بێ، ڕێبازەکانی تر خوارو ناڕێکو پێکن. ئیمامی ئەحمەدو تیرمیذی فەرموودەیەکی پێغەمبەریان ڕیوایەت کردووە کە دەربارەی قورئان فەرموویەتی: (هُوَ الصِّرَاطُ الْمُسْتَقِيمُ، وَحَبْلُ اللهِ الْمَتِينِ، وَهُوَ الذِّكْرُ الْحَكِيمُ وَالنُّورُ الْمُبِينُ) قورئان کە پرۆگرامی ئاینی ئیسلامە، ڕێگای ڕاستی بێ قۆرتو پێچە، حەبلی قایمو پتەوی پەروەردگارە، کەسێ دەستی پێوە بگرێ لە گێژاوی گومرایی ڕزگاری بووە، قورئان یادخەرەوەیەکی حەکیمو دانایە ڕووناکییەکی ئاشکراو نومایانە.

﴿قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَذَكَّرُونَ﴾ بێگومان ئایەتەکانی قورئانمان شی کردوونەوەو ڕوونمان کردوونەوە بۆ کەسانێک کە بیر لەو پەیامە بکەنەوە کە پێیان گەیشتووە، بۆ هەموو کاروبارێک پەنای بۆ بەرنو بیکەنە بەرنامەی ژیانیان، بەمەش زێدەتر دڵنیا دەبن، بیروباوەڕیان پتەو تر دەبێ، هەروەکو زیاتر پەند ئامێز دەبنو گەردن کەچییان بۆ پەروەردگارو کردەوەی چاکیان زیاتر لە هەڵسو کەوتیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

﴿لَهُمْ دَارُ السَّلَامِ عِنْدَ رَبِّهِمْ﴾ هەیە بۆ ئەو کەسانەی پابەندی ڕێبازی ڕاستی خودان، مەنزڵگای ئاشتیو ئارامیو دڵنیایی لە بەهەشتدا لای پەروەردگاری خۆیان ﴿وَهُوَ وَلِيُّهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ خودا بۆ خۆی چاودێرو سەرپەرشتیاریانە، لە پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیادا ئەنجامیان داون.

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعاً﴾ ئەی موحەممەد یادی ئەو چیرۆکو ڕووداوانە

بکەرەوە کە بۆتی دەگێڕینەوە، ئەو خەڵکەی بترسێنە لە ڕۆژێک کە پەروەردگار هەموو ئادەمیزادو جنۆکەو شەیاتینی لە دەشتی مەحشەردا کۆ دەکاتەوە، ئەمجار خطابیان ئاراستە دەکەینو دەڵێین: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الْإِنسِ﴾ ئەی گرۆهی شەیاتینیو جنۆکە! ئێوە زۆرتان لە ئادەمیزاد گومڕا کردو سەرتان لێ تێکدانو سەرگەردان بوون! ﴿وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُم مِّنَ الْإِنسِ﴾ ئەو ئادەمیزادانەی کە بەگوێی شەیاتینیەکانیان کردووەو بەقسەی ئەوان هەڵخەڵەتاون وەڵامی پەروەردگار دەدەنەوەو دەڵێن: ﴿رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ﴾ هەر یەکێک لە ئێمەو جنۆکەکان سوودمان لە یەکتر بینیوە؛ ئادەمیزادەکان سوودیان لە جنۆکەکان بینیوە، لەم ڕووەوە کە جنۆکەکان ئادەمیزادەکانیان شارەزا کردووە بۆ ڕێگای گومڕاییو ڕابواردنو ئارەزووبازیی، جنۆکەکانیش سوودیان لە ئادەمیزادەکان وەرگرتووە لەم ڕووەوە بە قسەیان کردوونو یارمەتییان داون بگەن بە مرازی خۆیان کە گومڕایی کردنی ئادەمیزادەکانە ﴿وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا﴾ گەیشتینە ئەو ماوەیەی بۆت دیاری کردبووین کە مردنە، یان ڕۆژی زیندوو بوونەوەیە! ئەم وەڵامەی ئادەمیزاد ئیعتیرافو دان پێدانانە بەوەی کە ئەوان گوێبیستی شەیاتینییەکان بوون، شوێن فەرمانو ڕەفتاریان کەوتوونو خوداو پێغەمبەرو زیندوو بوونەوەیان بە درۆ زانیوە. واتە مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە: کە ئێمە لەم ڕۆژە سامناکەدا کە ڕۆژی زیندوو بوونەوەو تۆڵەو پاداشە، دان بە تاوانەکانماندا دەنێین، ئەی خودایە ! حوکمو بڕیاری خۆت چییە دەربارەمان ئەنجامی بدە، چیمان لێ دەکەی لێمان بکە، تۆ لە هەموو دادوەرێک دادوەر تری، ئێمە ئێستا پەشیمان بووینەوە، پەنجەی پەشیمانی دەگەزینو هیچ دەرەتانو پەنایەکمان نیە!!

ئەمجار پەروەردگار وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا﴾ ئاگری دۆزەخ جێگای ئێوەو ئەوانەشە کە گومڕایان کردوونو ڕێگایان لێ تێک داون بۆ هەتا هەتایێ تێیدا دەمێننەوە لێی دەرناچن مەگەر خودا حەز بکاو بیەوێ لە شوێنێکەوە بگوێزرێنەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ

خواردنەوەی ئاوی کولاّتوو، یان گواستنەوەیان لە ئاگری دۆزەخەوە بۆ سزای زەمهەریر، لە هەردوو حاڵەکەدا گواستنەوەیە لە سزایەکەوە بۆ سزایەکی ترو ڕزگار بوونیان لە سزا نایەتەدی.

ڕیوایەت کراوە دەڵێن: ئەوانە دەخزێندرێنە دۆڵێکەوە زەمهەریرەکەی ئەوەندە توندو بەهێزە کە ڕەگو دەماریان لێک جودادەکاتەوە، ئەمجار هاوار دەکەن کە بیان گوێزنەوە بۆ دۆزەخ چونکە سزای ئەوێیان توندترە! ﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خودای تۆ حەکیمو دانایە لە پاداشت دانەوەی بەندەکانیداو دەزانێ کێ شیاوی چیەو چ سزایەک هەڵدەگرێ!

تێبینی: ئەهلی سوننەتو جەماعەت ئایەتی ﴿فَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يَهْدِيَهُ ...الآية﴾ یان کردووە بە بەڵگە لەسەر بۆچوونی خۆیان، دەڵێن: هیدایەتو گومڕایی لە خوداوەیە؛ واتە: پەروەردگار بەدییان دەهێنێ، بەم مانایە ئادەمیزاد دەتوانێ ئیمان بهێنێو، دەتوانێ کافر ببێ، توانای ئادەمیزاد بەنیسبەت ئەم دوو لایەنەوە وەکوو یەک وان، بەلاّم تواناکەی پابەندە بە هەبوونی هەڵنەرو هاندەرێک لەناخدا، دەبێت بانگەوازیکەرێک هەبێ لە دڵدا بانگەوازی بکا، یان بۆ بڕوا هێنان یان بۆ کافر بوون، ئەو هەڵنەرو هاندەرو بانگەوازیکەرە، پەیبردنە، یان زانینە، یان گومان بردنە، بەوەی کە ئەو کردەوەی دەیکا بەرژەوەندی تێدایە یان زیان ، جا ئەگەر لە دڵیدا ئارەزووی بەرژەوەندیو سوود پەیدا بوو، ئەوە ئیشەکە دەکا، ئەگەر لە دڵیدا ئارەزووی زیانو فەساد پەیدا بوو، وازی لێ دێنێ، دەی پەیدابوونی ئەم حەزو ئارەزۆیانە، ئەم هاندەرو بانگەوازیکەرانە، هەر بەدەست خودایە، تێکڕای توانای ئادەمیزادو هاندەرو هەڵنەرە خوداییەکان کردەوە کە دەیهێننە دی.

کەوابێ ئادەمیزاد ئیماندار نابێ مەگەر خودا لە دڵیدا ئەوە بڕسکێنێ کە ئیمان سوودبەخشەو بەرژەوەندی تێدایە، واتە: قەناعەتی زاتی لا پەیدا ببێ، کە ئەو کارە سوودی هەیە بۆی، هەر کاتێک لە دڵدا ئەم بڕوایە دروست بوو، ئیتر دڵ حەزی لێ دەکاو هەوڵی وەدیهێنانی دەدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گوشاد بوونی دڵو دەروونەو سینگ فراوان بوونە!

دەسەڵاتی ستەمکاران بە هەندێکی تریانداو سەرزەنشت کردنی کافران لە ئیمان نەهێنانیان

وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٢٩﴾ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا ۖ وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾ ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَٰفِلُونَ ﴿١٣١﴾ وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٢﴾

لەوە پێش پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە کە ئادەمیزادو جنۆکە برێکیان دۆستو خۆشەویستی یەکترینو سەرپەرشتیاری یەکتری دەکەنو یەکتر هەڵدەخەڵەتێننو ڕێگا لەیەکتری تێک دەدەن، ئەمجار ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەهەمان شێوەش برێ ستەمکارمان کردووە بە سەرپەرشتیارو یارمەتیدەری هەندێ ستەمکاری ترو دۆستایەتیو پەیوەندیان بەیەکەوە بەستووە وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضاً بِمَا كَانُوا يكسبون﴾ وەکوو چۆن ئادەمیزادو جنۆکە هەندێکیان دۆستو سەرپەرشتیاری یەکترین برێ ستەمکاریشمان کردووە بە دۆستو سەرپەرشتیاری هەندێ ستەمکاری تر؛ یارمەتی یەکتری دەدەن، بەگوێرەی نەخشەو سوننەتی یەزدانی لە بوونەوەردا ستەمکاران هەندێکیان کۆمەکی بە هەندێکیان دەکەن، هەروەکو چۆن هەندێ موسوڵمان پشتگیری یەکتری دەکەن لە ڕوانگەی ئەو کردەوانەیانەوە کە ئەنجامی دەدەن... وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾التوبة/٧١ یان دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾الأنفال/٧٣.

قەتادە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: پەروەردگار کە ئادەمیزاد دەکاتە دۆستو سەرپەرشتیاری یەکتری لەڕێگای کردەوەکانیانەوە دەیانکاتە وەلیو یارمەتیدەری یەکتری، کەوابوو موسوڵمان لە هەرشوێنێک بێ، دۆستو یارمەتیدەری یەکترن، کافرو خوانەناس لە هەر جێگایەک بن سەرپەرشتیارو دۆستی یەکترن، ئیمانداریش بە تەمەنناو هیواخوازی یا بە ڕیشو جلو بەرگو سەرو سیما نیە، ئیمان لە دڵدایەو کردەوە نیشانەیەتی.

ئەبو ششەیخ کوڕی ئەبو حەییان لە مەنصووری کوڕی ئەل ئەسوەدەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێ: پرسیارم لە ئەعمەش کرد دەربارەی ئەم ئایەتە وتم: چی لێ دەزانی؟ وتی: زانایانی ئیسلام لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا وتوویانە: هەر کاتێ کۆمەڵ خراپ بوو، خراپەکانیان دەبنە گەورەیان، فەرمان ڕەوایی‌و پاشایەتی دەدرێ بە خراپەکانیان! ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی کۆمەڵو نەتەوە وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا، فَفَسَقُوا فِيهَا، فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيراً﴾الاسراء/١٦.

دۆستایەتی‌و هاریکاری‌و سەرپەرشتیاری ستەمکاران بۆ یەکتری بەم جۆرە دەبێ کە یەکتریان خۆش بوێ‌و یارمەتی یەکتری بدەن، یان هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا دەبنە کاربەدەستو فەرمانڕەوا، هیچ ستەمکارێک نیە بەبێ ئەوەی زەواڵێکی نەبێ، واتە: هەموو زاڵمێک زەواڵێکی هەیە، ستەمکاریش ئەوانە دەگرێتەوە کە ستەم لەخۆیان دەکەن، هەرکەسێک دەبێتە فەرمانڕەواو کاربەدەستی کۆمەڵێک لە کردەوەو ڕەوشتدا لەوان دەچێ، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: هەر کاتێک خودا لە گەلو نەتەوەیەک ڕازی بوو پیاوە باشەکانیان دەکاتە گەورەو لێپرسراویان، لە هەر گەلو نەتەوەیەکیش نارازیی بوو خراپەکانیان دەکاتە گەورەو فەرمانڕەواو کاربەدەستیان!

بەڕاستی ئەمە هەڕەشەیەکی توندە لە هەموو ستەمکارێک کە کاروباری خەڵکی دەکەوێتە ژێر دەست.

ئەمجار پەروەردگار درێژە بە هەڕەشەکانی دەدا کافرو خوانەناسانی ئادەمیزادو جنۆکە دەترسێنێ‌و حاڵو چۆنیەتی ڕۆژی قیامەتیان ئاشکرا دەکا،

پرسیاریان لێ دەکاو بۆ خۆشی باشتر لەوان وەڵامی پرسیارەکە دەزانێو ئاگای لێیەتی؛ دەفەرموێ: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا﴾ ئەی گرۆهی جنۆکەو ئادەمیزاد ! ئایا پێغەمبەران لەخۆتان نەهاتنە ناوتان؟ ئاشکرایە پێغەمبەران هەر لە ڕەگەزی ئادەمیزاد دەبن، لە جنۆکە پێغەمبەر نابن!

جەماوەری سەلەفو خەلەفی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەمە کۆکن کەوابێ لە وشەی (منکم)دا تەغلیب بەرچاو گیراوە.

دەتوانرێ بگوترێ مەبەست بە پێغەمبەری ئادەمیزاد ئەو پێغەمبەرانەن کە ناویان لە قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺدا هاتووە، مەبەست بە پێغەمبەری جنۆکە ئەو جنۆکانە بن کە گوێیان لە پێغەمبەر ﷺ دەگرتو دوایی دەچوونەوە بۆ ناو گەلو نەتەوەکانیان دەیانترساندنو ئامۆژگارییان دەکردنو پەیامی پێغەمبەری ئیسلامیان پێ ڕادەگەیاندن!! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ﴾الأحقاف/٢٩. یان دەفەرموێ: ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا﴾الجن/١.

کاری ئەو پێغەمبەرانە بریتییە لەوە ئایاتی ئیمانو ئەحکامو ئەخلاقو ڕەوشت بەسەر گەلەکانیاندا دەخوێننەوەو لەڕووداو و حیسابو لێکۆڵینەوەی ڕۆژی حەشر دەیانترسێننو هەڵیان دەنێن کە پابەندی فەرمانو ئامۆژگاریەکانی پەروەردگار بن.

جا لەوەڵامی ئەم پرسیارو سەرزەنشتو لۆمە کردنەدا ﴿قَالُوا شَهِدْنَا عَلَى أَنفُسِنَا﴾ لەڕۆژی قیامەتدا لە حوزووری پەروەردگاردا دەڵێن: بەڵێ شایەتی دەدەین کە پێغەمبەران هاتوونە لامان پەیامی پەروەردگاریان پێ ڕاگەیاندووین، لەم ڕۆژەیان ترساندووینو پێیان ڕاگەیاندووین کە ئەم ڕۆژەمان دێتە ڕێ، بەڵام ئێمە بەدرۆمان خستوونەوەو بڕوامان پێ نەکردوون، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ﴾الملك/٩.

ئەوانە بەدەستی خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردووە سەریان لەخۆیان تێک داوە، ﴿وغرتهم الحياة الدنيا وشهدوا على أنفسهم أنهم كانوا كافرين﴾ خۆشەویستی ژیانی دونیاو جوانی ئامێرەکانی ژیانو شەهوەتو ئارەزوویازیو ماڵو سامانو منداڵو خزمو کەسوکار ئارەزووی پلەو پایەو شانو شەوکەت؛ ئەوانی هەڵخەڵەتاندوەو سەرگەردان بوون، زێدەڕەوییان لە هەڵەوگیر بوون بە ژیانەوە کردەوە، بەهۆی بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرانیانو ئینکاری کردنی موعجیزەکانیان بە فەتارە چوونو خەسارەتمەندی دنیاو قیامەت بوون، بەدبەختو چارەڕەش کەوتوون، لە قیامەتدا بۆ خۆیان شایەدی لە خۆیان دەدەن کە کافرو خوانەناس بوونو لە جیهاندا پابەندی فەرمانو ئامۆژگاری پێغەمبەرانیان نەبوون!

﴿ذلك﴾ ئەم ناردنی پێغەمبەرانەو هەوڵدانیان بۆ شارەزا کردنی ئادەمیزادو ناردنە خوارەوەی نامەی ئاسمانی بۆ سەر پێغەمبەرەکان بەهۆی ئەوەوەیە ﴿أن لم يكن ربك مهلك القرى بظلم وأهلها غافلون﴾ کە سوننەتو دابو نەریتی خودا وەهایە: هیچ کەسێک سزا نادا تا بانگەوازی هەقی پێ ڕانەگەیەنێ، هیچ گەلو نەتەوەیەک ریشەکێش ناکا تا پێغەمبەر نەنێرێتە سەریانو بانگەوازیان پێ ڕانەگەیەنێو سەرپێچی نەکەن! گەلو نەتەوەی بێ ئاگاو پەیام پێ نەگەیشتوو سزا نادا، لەناویان نابا، بۆ هەموو گەلو نەتەوەیەک پێغەمبەرو ترسێنەری ناردووە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وإن من قرية الا خلا فيها نذير﴾فاطر/٢٤. یان دەفەرموێ: ﴿ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت﴾النحل/٣٦. یان دەفەرموێ: ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾الاسراء/١٥.

کە دەفەرموێ (ظلم) دوو مانا هەڵدەگرێ:

١- (ظلم) بەمانا (شرک) بێ واتە: خودا کەس بەهۆی (شەریک) بۆ خودا دانان نەخافڵ نافەوتێنێ، تا ئاگاداریان نەکاتەوەبە هیلاکیان نابا.

٢- بە هیلاک بردنەکە بەستەمکاریو ناهەقی نیە بەبێ ئاگادارکردنەوەو

ناردنی پێغەمبەرو پێڕاگەیاندن ئەنجام نادرێ!

بەکورتی خودا ستەم لە هیچ کامێک لە بەندەکانی ناکا، بەڵام ئادەمیزاد بۆخۆیان ستەم لە خۆیان دەکەنو تاوانەکە لەخۆیانە!! بەڵکو هەر بەلاو تەنگانەو ناخۆشی‌یەک تووشی خەڵک بووە یان تووشیان دەبێ لەبەر کرداری خراپی خۆیانەو سزای وازهێنانیان لە ئایینە، عەیبو نەنگی‌یە کە لە خۆیانە، نەک لە یاساو شەریعەتی خودا دایە!

﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾ بۆ هەموو خاوەن کردەوەیەک -خودا پەرستی یان سەرپێچی کردن- پلەو ئەندازەیەک هەیە، خودا دەیگەیەنێتە ئەو پلەو پایەو سزاو تۆڵەی لەسەر دەداتەوە، چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە! پەروەردگار ئاگادارو زانایە بە هەموو کردارێک، هیچ کردەوەیەک نیە خودا پێی نەزانێو ئاگاداری نەبێ، بەڵکو هەموو کردارو گوفتارێک سەرژمێر دەکاو دەینووسێو بۆیان تۆمار دەکا، بۆ ئەوەی لەڕۆژی خۆیدا تۆڵەو پاداشتیان لەسەر بداتەوە، لەکاتی گەڕانەوەو تۆڵەو لێکۆڵینەوەدا پاداشتو سزای خۆیان وەر بگرنەوە.

هەڕەشە لە کافران بە ریشەکێش کردنیانو ترساندنیان بە سزای دۆزەخ

وَرَبُّكَ ٱلْغَنِىُّ ذُو ٱلرَّحْمَةِ ۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ ﴿١٣٣﴾ إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَءَاتٍ ۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ



پاش ئەوە پەروەردگار پاداشتی چاکەکارانو سزای تاوانبارانی ڕاگەیاند، باسی ئەوەشی کرد، کە هەموو کەسێک، هەر گەلو نەتەوەیەک پلەو پایەی

خۆی هەیە لەبارەی تاعەتو لەبارەی سەرپێچی کردنەوە، ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە: کە پەروەردگار چ پێویستی بە تاعەتی بەندەکانی نیە، بە بەندایەتی کردنیان بۆ خودا خودایەتی زیاد نابێ، هەروەکو چۆن تاوانباری تاوانباران لە خودایەتی ئەو کەم ناکاتەوە، چونکە پەروەردگار بە زاتی پاکی خۆی ئاتاجی بە کەس نیە، بەڵام خاوەنی ڕەحمەتو بەزەیی گشتییە، دەتوانێ ئێوە لەناو بەرێ، گەلو نەتەوەیەکی تر بێنێتە کایەوە! وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَرَبُّكَ ٱلْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ﴾ ئەی موحەممەد! خودای تۆ لە هەموو دروست کراوانی بێ ئاتاجە، لەهەموو ڕوویەکەوە، بەندایەتی کردنیان بۆی لە خودایەتی ئەو زیاد ناکا، کافر بوونو سەرپێچی کردنیان لە فەرمانەکانی زیان بە خودایەتییەکەی ناگەیەنێ! بەندەکانی لە هەموو حاڵو وەزعێکدا پێویستییان بە خودا هەیە، سەرباری ئەوەش ڕەحمەتی خودا بۆ بەندەکانی گشتیو فراوانەو هەموو کەس دەگرێتەوە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَحِيمٌ﴾الحج/٦٥. دەربارەی بێ ئاتاجیشی فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ، وَاللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ﴾فاطر/١٥. ڕستەی ﴿وَرَبُّكَ ٱلْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ﴾ کورت هەڵهێنان دەگەیەنێ، واتە: جگە لە خودا کەس دەوڵەمەند نیە، بەزەییو ڕەحمەت هەر لە ئەوەوەیە، جگە لە خودا شتەکانی تر مومکینو خاوەن ئاتاجن، کەوابێ ئەوەمان بۆ دەچەسپێ کە جگە لە خودا هیچ کەسێکو هیچ شتێک بێ ئاتاج نیە، ڕەحمەتو بەزەیی هەر لە خوداوەیە، هەموو بوونەوەر بۆ بوونو بەرقەرار بوون پێویستیان بە خودا هەیە.

﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنْ بَعْدِكُمْ مَا يَشَاءُ كَمَا أَنشَأَكُمْ مِنْ ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ﴾ ئەی کۆمەڵی کافرو خودا نەناس! باش بزاننو دڵنیابن ئەگەر خودا بیەوێ لەناوتان دەباو دەتانفەوتێنێ وەکوو چۆن لەوەپێش سەرپێچیکارانو دژ بە پێغەمبەرانی لەناو بردوونو فەوتاندوونی؛ وەکوو نەتەوەی عادو ثەموودو نەتەوەی صالحو هۆزی لوط و هۆزی توببەع.. هتد.

ئەگەر خودا بیەوێ ئێوەی کافرو خودا نەناس, موشریک دانیشتووی

مەککەو دەورووبەری لەناو دەباو ڕەگەزو چینو توێژێکی تر دێنێتە کایەوە، لەئێوە باشترو فەرمان بەردار تر! پەروەردگار دەتوانێ لەپاش لەناوبردنی ئێوە هەر گەلو هۆزێک بەشیاوی بزانێ بیخاتە جێگای ئێوە، وەکوو چۆن توانیویەتی ئێوە بخاتە شوێن گەلو هۆزی تر! واتە: پەروەردگار لەیەک کاتدا توانای لەناوبردنو هێنانەدیو دروست کردنی هەیە. بێگومان ئەم هەڕەشەیەی پەروەردگار لە کافرەکانی مەککە هاتە دی، ئەوە بوو ملهوڕو سەرانی موشریکو کافری قورەیشی لەناو بردنو موسوڵمانە کۆچەرو یاریدەدەرانی خستە شوێنی ئەوانو لەئەوانەوە دەوڵەتی ئیسلام دامەزراو پەرەی سەندوو بوونە نموونەی ڕەحمەتو مرۆڤ دۆستی لە مێژوودا، لەشەڕو ئاشتیدا ئاوێنەی باڵانوما بوون بۆ حەقخوازیو دادپەروەری.. تەنانەت غۆستاف لۆبۆن -وابزانم فەرەنسییە- دەڵێ هەرگیز تائێستا مێژوو رزگارکەری وەکوو ئەوانی نەبینیوە!

دوای ئەو هەڕەشە توندەی ئاراستەی کافرەکانی کرد، بە لەناو بردن لەدونیاداو ترساندنی؛ ئەمجار هەڕەشەیەکی تریان ئاراستە دەکا کە بریتییە لە سزای رۆژی قیامەتیانو فەرمووی: ﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَآتٍ﴾ ئەی موحەممەد ! بیانترسێنەو پێیان بڵێ: ئەو سزاو چەرمەسەرییەی نان پێدراوە لە رۆژی قیامەتدا دڵنیابن دێتە ڕێتانو تووشتان دەبێ هیچ شکو گومانتان نەبێ! ﴿وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾ ئێوە ناتوانن ئەو سزاو عەزابە لەخۆتان دوور بخەنەوە، ناتوانن لەبەری هەڵبێن، یان بیگێڕنەوەو لەخۆتانی لابدەن، ئەگەر ئێوە ببنە ئێسکە ڕزیوو خۆڵەمێش پەروەردگار دەتوانێ سەرلەنوێ وەکوو خۆتان لێ بکاتەوە، پەروەردگار باڵادەستەو دەتوانێ قار لە بەندەکانی بگرێ..

ئیبنو ئەبی حاتەم فەرموودەیەکی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە گێڕاوەتەوە؛ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (يَا بَنِي آدَمَ إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ، فَعُدُّوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ الْمَوْتَى، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَآتٍ، وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ) .

ئەمجار پەروەردگار هەڕەشەیەکی تری ئاراستە کردو فەرمووی: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد ! بەو کافرو موشریکانە بڵێ: ﴿يَا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ﴾ ئەی گەلو هۆزەکەم ! بەردەوام بن لەسەر ڕێبازی خۆتان ، ئەو ڕێبازەی خوتان پێوە گرتووەبەلاتانەوە ڕێبازی ڕاستەو پێتان وایە لەسەر حەقو هیدایەتن، دە لێی لامەدەنو پەیڕەوی بکەن؛ ئەمنیش لەسەر ڕێبازی بیروباوەڕی خۆم بەردەوام دەبمو لێی لا نادەم، من لەسەر ئایینی ئیسلامو بانگەوازی کردن بۆ ئەو ئایینەو صەبرو ئارامگرتن لەسەر ئەزیەتدانی ئێوە بەردەوام دەبمو سوور دەبم لەسەر تێکۆشانو هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ تَكُونُ لَهُ عَاقِبَةُ الدَّارِ﴾ لەوە بەو لاوە دەزانن کێ سەرەنجامی باش وەدەست دێنیو کرداری پەسەند دەبێو خانووی ڕازاوەی بەهەشتی چنگ دەکەوێ! لەوە بەو لاوە دەزانن ئێمە یان ئێوە بەختەوەرو سوودمەند دەبین؟ وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَقُلْ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَامِلُونَ ، وَانْتَظِرُوا إِنَّا مُنْتَظِرُونَ﴾هود/١٢١-١٢٢.

زومەخشەری دەفەرموێ: ئەمە شێوەیەکە لە ترساندنو هەڕەشەکردن!! ڕەوانو کورتو پاراوو پوختو وێژە ئاسایە، ڕستەکان تا بڵێی جوانو شیرینو ڕزاوەن، هەڕەشەکەش توندو سامناکە، ئەوەش دەگەیەنێ کە ترسێنەر لەسەر حەقەو ترسێندراوو هەڕەشەلێکراو ناحەقو بێ بەڵگەو دەست بەتاڵە، ئەم جۆرە هەڕەشەیە لە قورئاندا زۆر جار دووبارە بوونەوە وەکوو ﴿اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ﴾فصلت/٤٠، یان کە دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾سبأ/٢٤.

ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە حاڵو وەزعی گەلو نەتەوەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان نەخشەکێش کراوە، سەرەنجامی هەموو کردارو گوفتارێکیش سزاو پاداشتی خۆی هەیە، چاکە بەچاکەو خراپە بە خراپە. کەوابێ با دڵنیا بن کە پاشەڕۆژو سەرفرازیو سەرکەوتن سەرەنجام بۆ پێغەمبەرو هاوەڵانیەتی نەکێ بۆ کافرو موشریکەکان، ئەوان بە مراز ناگەن،

چونکە ﴿إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ بێگومان ستەمکارانو بێ باوەڕان ناگەنە ئامانجی باشو سەرەنجامیان باش نابێ، هەرگیز پەروەردگار ستەمکاران سەرناخاو ناهێڵێ بە مراز بگەنو سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، ئەوان پشت بە غەیری خودا دەبەستنو بەهیوان بتەکانیان یارمەتیان بدەن، جگە لە خوداش کەس هیچی بەدەست نیە، ئەو ستەمکارە ملهوڕانە هەرچەند لە جیهاندا بۆ ماوەیەک دڵشادو دەست ڕۆیشتوو بنو گوزەرانیان خۆش بێو باش ڕابوێرنو خۆ بلێسنەوە بەختەوەریەکەیان پایەدار نیەو درێژخایەن نابێو زۆری پێ ناچێ لەکیسیان دەچێ!

بەڵێ ئەمە سوننەتو دابو نەریتی خودایە، سەرکەوتن بۆ ستەمکارانو ملهوڕان نیە، سەرەنجام بەختەوەری بەدەست ناهێنن، ئەوانە لەجیاتی شوکرانە ژمێریو سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خودا، سپڵەییو کوفرانی نیعمەتەکانی پەروەردگار دەکەن؛ بۆیە شیاوی ئەوەن پەروەردگار لەناویان بەرێو گەلو هۆزێکی تر بخاتە شوێنو جێگایان. ئەمەش چاوەڕوان کراوەو هاکا ڕوویدا! چونکە ئەمە دابو نەریتی خودایە ستەمکاران لەناو دەباو بەندە باشەکانی دەکاتە جێنشینو میراتگریان؛ وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ، وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ الأَرْضَ مِنْ بَعْدِهِمْ﴾إبراهيم/١٤.

سوپاسو ستایش بۆ خودا! پەروەردگار وادەو بەڵێنی خۆی بۆ پێغەمبەری ئیسلام هێنایە دی، یارمەتی دا، لە وڵاتدا جێگیری کرد، بەسەر موشریکە عەرەبەکاندا زاڵی کرد، هەر لەژیانی خۆیدا نیمچە دوورگەی عەرەبو وڵاتی یەمەنو بەحرەین لە کوفرو بێ دینی پاک کرایەوەو ئاڵای ئیسلامی تێدا هەڵکرا! لەپاش لەدونیا دەرچوونی خۆیشی لەسەر دەستی جێنشینە بەرێزەکانی زۆربەی وڵاتو هەرێمو شارو کۆمەڵگاکانی ئەو ڕۆژگارە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی موسوڵمانانەوەو ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە خۆرهەڵاتو خۆرئاواو باشوورو باکووردا بڵاو بووەوە، چەند دەوڵەتو حوکمڕانی موسوڵمان یەک بەدوای یەکدا هاتنو ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام دا، تا موسوڵمانان پابەندی ئایینی ئیسلام بوونو پەیڕەوی قورئانی

پیرۆزیان کردو بە شەریعەتی خودا حوکمیان دەکرد ، ئالای بەرزو پیرۆزی (لا اله الا ا لله محمد رسول ا لله) لە زووربەی ولاتو هەریمەکاندا دەشەکایەوە! بەلام سەد مەخابن کاتێک موسولمانان ڕوویان لە قورئان وەرگێڕاو پشتیان لە ئایین سارد بۆوە، گیانی فیداکاریو تێکۆشانەکەیان تێدا کز بوو، توشی نسکۆ هاتنو گلانو سەرەنگیری بوونو تا ئێستاش نەهاتوونەتەوە تایمو وەسەر خۆ نەهاتوونەوە!

هەر کاتێکیش موسولمانان بگەڕێنەوە بۆ ژێر ئالای ئیسلامو قورئان بکەنە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیان، هەمان نگینو دەسەلاتو فەرمانڕەواییان دێتەوە دەستو بالادەست دەبنەوە، ئەمە بڕیاری خودایەو وادەو بەلێنی خۆیەتی، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾المجادلة/٢١ یان دەفەرموێ: ﴿إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا، وَيَوْمَ يَقُومُ الأَشْهَادُ، يَوْمَ لا يَنْفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ﴾غافر/٥١-٥٢.

دابو نەریتی سەردەمی نەفامی دەربارەی کشتوکالو بەروبومو ئاژەلو منال کوشتن

وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمۡۗ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ (١٣٦) وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٖ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ قَتۡلَ أَوۡلَٰدِهِمۡ شُرَكَآؤُهُمۡ لِيُرۡدُوهُمۡ وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ (١٣٧)

وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنۡعَٰمٞ وَحَرۡثٌ حِجۡرٞ لَّا يَطۡعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعۡمِهِمۡ وَأَنۡعَٰمٌ حُرِّمَتۡ ظُهُورُهَا وَأَنۡعَٰمٞ لَّا يَذۡكُرُونَ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا ٱفۡتِرَآءً عَلَيۡهِۚ سَيَجۡزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿١٣٨﴾ وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ خَالِصَةٞ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَاۖ وَإِن يَكُن مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴿١٣٩﴾ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفۡتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِۚ قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ﴿١٤٠﴾

لەوەپێش پەروەردگار نارەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بیروباوەڕی موشریکەکان کە بەشێک لەو بیروباوەڕە پوچو بێ بناغەیەیان ئینکاری کردنی ڕۆژی قیامەتو زیندووبوونەوەو پاداشتو سزای ڕۆژی دوایی‌یە.

ئەمجار لێرەدا چەند نموونەو شێوەی هەڵسوکەوتو حوکمو یاسای هەڵبەستراوو پڕوپووچیان باس دەکا؛ کە لەخۆیانەوەو بەهەوانتە بڕێ بەروبوومو میوەو خواردەمەنی، حەرامو حەلاڵ دەکەن، زیندەبەچاڵکردنی کچ بە ڕەوا دادەنێن، بە بەهانەی گوزەرانو کەم دەستی یان هەر هۆیەکی تر منداڵی خۆیان دەکوژن! دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ الْحَرْثِ وَالْأَنْعَامِ نَصِيباً﴾ لەو بەروبوومو کشتوکاڵەی کەوا پێکی دێنن لەو ئاژەڵو زیندەوەرە ماڵیانەی بەخێویان دەکەن بەشێک دیاری دەکەن بۆ خوداو بەشێکی تریشی دیاری دەکەن بۆ بتو صەنەمەکانیان، واتە: دوو بەش جیا دەکەنەوەو دیارییان دەکەن ﴿فَقَالُوا هَٰذَا لِلَّهِ﴾ بەم ڕەنگە دەیانگوت: ئەم بەشە بۆ خودایەو بۆ ئەو تەرخان کراوە، کە ئەمەشیان دەگوت: ﴿بِزَعْمِهِمْ﴾ بەپێی بیرو بۆچوونی پووچی خۆیان بوو، هیچ بەڵگەیەکی زانستیو ئایینی ڕاستو

خوداپەسەندیان نەبوو! ﴿وَهَـٰذَا لِشُرَكَائِنَا﴾ دەستیان بۆ بەشەکەی تریشیان ڕادەداشتو دەیانگوت: ئەمەش بۆ بتەکانمانە، تایبەتە بەوانەوە، لەڕێی ئەم بەخشینەوە خۆمان لەپەرستراوەکانمان نزیک دەکەینەوە.

بەم شێوەیە بتو صەنەمەکانیان کردبوون بەهاوەڵی خوداو بەشێک لە ماڵو دارایی خۆیانیان تەرخان دەکرد بۆ ئەوەی لەپێناو ئەو خودا درۆزنانەیاندا صەرفی بکەن، بەندایەتی‌یەکی کوێرانەی ئەو بتو صەنەمانەیان دەکردو حەرام کردنو حەڵاڵ کردن: کە دوو شتی تایبەتمەندی پەروەردگارن وەپاڵ بتەکانیان دەداو پلەو پایەی خودایەتی‌یان بۆ دەچەسپاندن.

﴿فَمَا كَانَ لِشُرَكَائِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى اللَّهِ، وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَائِهِمْ﴾ ئەوە بەشەی بۆ بتەکانیان دیاری دەکرد هیچیان لێ نەدەدا بە خودا، بەڵام ئەو بەشەی بۆ خودایان دیاری دەکرد وا دەبوو بۆ بتەکانیان صەرف دەکرد! دەهاتن بەشی خودایان بۆ میوانو منداڵو هەژاران خەرج دەکرد، بەشی بتەکانیشیان بەسەر پاسەوانو خزمەتچیو دارو دەستەی بتخانەکاندا دابەش دەکرد، ئەگەر شتێ لە بەشە دیاریکراوەکەی خودا بکەوتایە گەڵ بەشی بتەکان، ئەوە هەڵیان نەدەگرتەوەو نەیان دەخستەوە گەڵ بەشەکەی خودا، دەیانگوت خودا دەوڵەمەندەو پێویستی پێی نیە، بەڵام ئەگەر شتێک لە بەشی بتەکانیان بکەوتایە پاڵ بەشەکەی خودا دەیانخستەوە پاڵ بەشی بتەکانیان! ﴿سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ بەڕاستی حوکمو بڕیارو هەڵسوکەوتیان خراپو ناپەسەندە دابەش کردنو کردەوەکانیان نەگونجاوو نەشیاون! دروستکراوێکی مردووی بێ دەسەڵات، دارو بەردێکی ڕەقو تەقو بێ گیان دەکەنە هاوەڵی خوداو وەکوو ئەو بەشی بۆ دیاری دەکەنو بەڵکو زیاتریش، بەڕاستی ئەم دابەش کردنەیان دابەش کردنێکی ستەمکارانەیە، بەشە خراپو کەمەکە بۆ خودا دیاری دەکەنو دوایی لێشی دەدزنەوە، وێڕای ئەوەی کە ئەوانە شیاوی ئەوە نین بکرێن بە هاوەڵی خودا دەیانکەن بە هاوبەشی وەکوو خودابەشیان بۆ دیاری دەکەن، سەرباری ئەوەش بەشی خودا کەمو کوڕ دادەنێنو ئەمجار لێشی دەدزنەوە!

وەکو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ

البَنَاتِ، سُبْحَانَهُ وَلَهُمْ مَا يَشْتَهُونَ﴾ النحل/٥٧، یان دەفەرموێ: **﴿وَجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءاً، إِنَّ الإنسَانَ لَكَفُورٌ مبين﴾** الزخرف/١٥، یان دەفەرموێ: **﴿أَلَكُمُ الذَكَرُ وَلَهُ الأُنْثَى، تِلْكَ إِذاً قِسْمَةٌ ضِيزَى﴾** النجم/٢١-٢٢.

ئەو موشریکانە بەم جۆرە هەڵوێستو کردەوانەیان سنوورشکێنیو دەستدرێژی‌یان کردۆتە سەر مافی خودا لەبواری تەشریعو خودایەتی‌دا، هاتوون هاوەڵو هاوبەشیان بۆ خودا داناوە، لەتەک ئەو زاتە بەرزو پیرۆزەدا شتی تر بە خودا دەزانن، بەڵکو بتو صەنەمەکانیان بەسەر خودادا پاساو داوەتەوە، بەلایانەوە لەخودا لەپێشترو شیاو ترن! لەوەرگرتنی ئەم بڕیارو بیرو بۆچوونەیاندا پشتیان بە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستو بەهێزی عەقڵیو نەقلی نەبەستووە، بڕیارێکە بەهەوانتە دەری دەکەن! بیرو بۆچوونێکە کوێرانە شوێنی کەوتوون!!

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: دوژمنانی خودا کە بەروبومێکیان هەڵدەگرتەوە، یان میوەو داهاتیان کۆ دەکردەوە، بەشێکیان لێ جیا دەکردەوە بۆ خوداو بەشێکیشیان دادەنا بۆ بتەکانیان ئەو بەشەی بۆ بتەکانیان دادەنا ژمارەو کێشانەو پێوانەیان دەکردو پارێزگارییان دەکرد، ئەگەر بەهۆی با، یان بەهۆی هەر شتێکی تر بڕێ لە بەشی بتەکانیان بکەوتایەتە سەر بەشی خودا دەیانگێڕایەوە بۆ سەر بەشی بتەکانیان! ئەگەر لە بەشەکەی خودا بکەوتایەتە سەر بەشی بتەکان وازیان لێ دەهێناو لێی دەگەڕان.ئەگەر قاتو قڕی پەیدا بوایە بەشی خودایان دەخواردو بەشی بتەکانیان بۆ بتەکان خەرج دەکرد.

هەر بەو جۆرە بڕێ لە مەڕو مالاتی خۆیان وەلا دەنا دەیانکردنە (بەحیرەو سائیبەو وەصیلەو حامی) گۆشتو بەرو بوومەکانیان لەخۆیان یان لە بڕێکیان حەرام دەکردو تەرخانیان دەکردن بۆ بتەکانیان ، پێیان وابوو بەو شت لەخۆ حەرام کردنە خۆیان لەخودا نزیک دەکەنەوەو خودا لەخۆیان ڕازی دەکەن!

جا وەکوو چۆن ئەو خودا نەناسانە خوویان بەوە گرتبوو کە بەروبوومو

ئاژەڵو دانەوێڵە لەنێوان خوداو بتەکانیان دابەش بکەن بەلایانەوە کارێکی باشو خوداپەسەند بوو! ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَادِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ﴾ هەر بەو جۆرە ئادەمیە شەیتانەکانو کاهینو زێوانو پاسەوانەکانی بتخانەکانو جنۆکەی شەیاتینیەکان، کوشتنی منداڵە بێ تاوانەکانیان لەپێش چاوی زوربەی بتپەرستەکان جوان کردوەو لە دڵیاندا شیرینیان کردوە، بەجۆرێك پێیان وابوو کارێکی مەردانە ئەنجام دەدەن!

موجاهید دەفەرموێ: مەبەست بە (شرکاؤهم) شەیتانەکانیانە کە فەرمانیان پێ دەکەن، لەترسی هەژاریو نەداری منداڵەکانی خۆیان زیندەبەچاڵ بکەنو بیانکوژن.

سوددی دەفەرموێ: واتە: شەیاتینیەکان فەرمانیان پێکردوون کە زارۆکە مێینەکانیان بکوژن ﴿ليردوهم﴾ بۆ ئەوەی گومڕایان بکەنو سەریان تێدا بچێو سروشتیان تێك بچێو بگەنە ئەوپەڕی دڕندەیی بەجۆرێك باوك بەدەستی خۆی جەرگی خۆی سەرببڕێ، یان کچۆڵە بچکۆلانەی خۆی بە زیندوویی ژێرخاك بکا.. ﴿وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ﴾ یان بۆ ئەوەی ئایینەکەیان لێ بشێوێنن -مەبەست ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمو ئیسماعیلە- ، چاکو خراپیان لێ تێکەڵ بێ!

هۆی ئەم جوانکردنو ڕازاندنەوەیە ئەوەبوو شەیاتینیەکان موشریکو بتپەرستەکانیان دەترساند، کە ئێستا یان لەوەدوا، تووشی هەژاری دەبنو ناتوانن ماڵو منداڵ بەخێو بکەن. هەروەها دەیانترساندن بە لەکەدار کردنو نەنگی بەسەردا هاتن، بۆیە ئەوانیش کە کچیان دەبوو لەترسی ڕیسواییو هەژاریو مارەکردنیان لەناهاوکووف دەیانکوشتن، زیندەبەچاڵیان دەکردن، بۆیە پەروەردگار کردەوەکانیانی بەلاوە ناپەسەندەو هێرشیان دەکاتە سەرو دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ﴾التكوير/٨.

شەیاتینیەکان وایان دەخستە دڵیانەوە کە منداڵ کوشتنو کچ زیندەبەچاڵ کردن کارێکی پەسەندەو لەخودایان نزیك دەکاتەوە، هەر بۆیەش عبدولطەلیبی باپیری پێغەمبەر ﷺ، لەسەر خۆی نەذر کرد کە عەبدوڵڵای

کوڕی سەرببڕێو بیکاتە قوربانی، پێغەمبەرﷺ ئاماژەی بۆ ئەم بڕیارەی عبدولمطەلیببی باپیری کردووەو فەرموویەتی: (أنا إبن الذبيحين) مەبەستی پێی عەبدوڵلای باوکیو حەزرەتی ئیسماعیلە کە حەزرەتی ئیبراهیم ویستی سەری ببڕێ.

﴿وَلَوْ شَاءَ اللهُ مَافَعَلُوهُ﴾ ئەگەر خودا بیویستایە ئەو جۆرە کردارە ناپەسەندانە نەکەن، نەیاندەکرد! کردەوەکانیان بەگوێرەی ویستو ئیرادەی پەروەردگارە! حیکمەتو دانایی خودا داخوازیانە!

ئەهلی سونەتو جەماعەت ئەم ئایەتەیان کردووە بەبەڵگە لەسەر ئەوەی کە کردەوەی موشریکەکان هەمووی بە ویستی خودایەو ئیرادەی ئەوی لەسەرە!

موعتەزیلە دەڵێن: ئەم مەشیئەتو ویستەمەنییە مەشیئەتێکی (ئیلجائییە)، واتە: پەروەردگار ویستی وایە کەوا ئەوانە بەرەڵلا بکا بەویستی خۆیان کردارو گوفتاری خۆیان هەڵبژێرنو ئەنجامی بدەن، بەبێ ئەوەی کە هیچ جۆرە ملکەچییەکیان لەسەر بێ.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ پەروەردگار دەتوانێ وا بکا هەموو کەسێ موسوڵمان بێ، بەم جۆرە سروشتی ئادەمیزاد وا دروست بکا ئامادەباشی تەواویان تێدا بێ بۆ خوداپەرستی؛ لەناخدا هاندەرو هەڵنەریان تێدا بڕسکێنێ هەر لەگەڵ بانگەوازی ئایینیان بیست خێرا موسوڵمان ببن، یان هەر سروشتەکەیان وا بخولقێنێ خوداپەرست بن، وەکوو فریشتە کە هەر بە سروشت خودا بپەرستنو هەرگیز لەخودا یاخی نەبن!

﴿فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ ئەی پێغەمبەر! وازیان لێ بێنە خۆیانو بیروباوەڕی خۆیان؛ تۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرەو بەس! حسابو لێکۆڵینەوەو سزاو تۆڵە لەسەر ئێمەیەو چاریان دەکەین..

جۆرێکی تر لە کارە ناپەسەندو جاهیلیەت ئاساکانیان ئەوەبوو ئاژەڵو بەروبوومو کشتوکاڵەکانیان دەکردە سێ جۆرو بۆ هەر جۆرێکیان بڕیاری تایبەتیان بۆ دەدا، وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا هَذِهِ أَنْعَامٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ

﴿لاَيَطْعَمُهَا إِلاَّ مَنْ نَشَاءُ﴾.

١- دەیانگوت ئەم ئاژەڵو خواردەمەنیو بژێوە پاوانەو تایبەتە، بۆ کەس نیە سوودیان لێ وەربگرێ، بەڵکو تایبەتن بۆ بتەکانمانو لەپێناو خوداکانماندا خەرج دەکرێن، نابێ کەس لێیان بخوا، جگە لە پاسەوانو خزمەتچی بتخانەکانو پیاوەکانمان نابێ بەهیچ جۆرێ ئافرەت لێیان بخوا! ئەم بڕیاو حوکمەیان دەدا ﴿بِزَعْمِهِمْ﴾ بە بیرو بۆچوونی خۆیان بوو بەڵگەو دەلیلیان بەدەستەوە نەبوو.

٢- ﴿وَأَنْعَامٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا﴾ جۆرێک لە ئاژەڵەکانیان بەرەڵلا دەکرد وەکوو فیلەکەی خاوەن شکۆ بلەوەڕێنو کەس لە هیچ شتێک نەیانگێڕێتەوە، کەس بەریان لێ نەنێو کە سواریان نەبێ، واتە: بڕێ لە ئاژەڵەکانیان دەکردە (بەحیرە سائیبەو حامی) دایان دەبەستنو هیچیان پێ نەدەکردن، هەر دەلەوەڕانو خۆیان دەلستەوە، کەس بۆی نەبوو نە باریان لێ بنێ نە سواریان ببێ!

٣- ﴿وَأَنْعَامٌ لاَ يَذْكُرُونَ اسْمَ اللهِ عَلَيْهَا﴾ بڕێ لە ئاژەڵەکانیان سەردەبڕی ناوی خودایان لەکاتی سەربڕینەکەدا لێ نەدەهێنا، بەڵکو ناوی بتەکانیان لەسەر دەبردو بۆ ڕێزلێنانی ئەوان سەریان دەبڕین کە دەچوون بۆ حەج کردن سواریان نەدەبوونو لەسەر پشتی ئەو ئاژەڵانە (لبیک)ەیان نەدەگوت.

موجاهید دەڵێ: هەندێ لە وشترەکانیان وا دیاری دەکرد هەرگیز ناوی خودایان لەسەر نەهێنن، سواریان نەبن، نەیاندۆشن، شتیان پێ کێش نەکەن، هیچ کارێکیان پێ ئەنجام نەدەن!

ئەم دیاریکردنەی ئاژەڵەکانیان بەو جۆرە کردبووە بناغەی بیرو باوەڕیانو بەئایینو حوکمی خودایان حلێب دەکرد ﴿افْتِرَاءً عَلَيْهِ﴾ بەدەم خوداوە شتیان هەڵدەبەست، ئەم بیروباوەڕو حوکمەیان بەدرۆ پاڵ خودا دەدا، خودا لێیان بەرییە، شەرعو یاسای وای بۆ ئەوان دانەناوە، جگە لە خوداش کەس مافی ئەوەی نیە شت حەرامو حەڵاڵ بکا، تەشریع دانان تایبەتی خودایە، کەس ئەو

مافەی نادریتی‌و شیاوی ئەوە نیە!!!

﴿سَيَجْزِيهِمْ بِمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ پەروەردگار تۆڵەی ئەم درۆ بەدەم هەڵبەستنەیان لێ دەکاتەوە، سزای ئەم سەرپێچی‌کردنەو دانانی حوکمو یاساو حەلال کردنو حەرام کردنەی کە لەخۆیانەوە ئەنجامی دەدەن ئاگری دۆزەخەو تێیدا دەسوتێنرێن.

ئەمجار پەروەردگار جۆرێکی تر لە تەشریعو یاساکانیان؛ لە حەلالکردنو حەرام کردنەکەیان باس دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ الْأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰ أَزْوَاجِنَا﴾ دەیانگوت ئەو بێچوو شیرەی لەزکی ئەم ئاژەلانەدا هەیە کە بەحیرەو سائیبەن تایبەتن بۆ پیاوەکانمانو حەلالو زولالی ئەوانەو لە مێیینەکانمان قەدەغەیە ئەگەر ئاژەڵەکە بەچکەیەکی نێری ببوایە، تەرخانیان دەکرد بۆ پیاوەکانیانو نەدەبوو ئافرەتەکانیان لێی بخۆن! ئەگەر ئاژەڵەکە بەچکەیەکی مێیینەی ببوایە مەرەخەسیان دەکرد بۆ زاوزێو سەریان نەدەبڕی.

﴿وَإِنْ يَكُنْ مَيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاءُ﴾ ئەگەر بێچووەکە بە مندارەوەبوویی لەدایک بوایە ئەوە پیاوو ئافرەت تێدا هاوبەش دەبوون، ئاوا بەو جۆرە ئەو بڕیارانەیان دەدا، ئاوا بەدەم خوداوە شتیان حەلالو حەرام دەکرد، هیچ بەڵگەو چەسپێنەرو سەلمێنەریان نەدەبوو، تەنها بە هەوانتەو خەیاڵ پلاوی خۆیان ئەم حوکمانەیان دەدا، ﴿سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ﴾ لەوە بەولاوە پەروەردگار تۆڵەی ئەو درۆو دەلەسەو بوختانو بەدەم هەڵبەستنەیان لێ دەکاتەوە ﴿إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خودا داناو لێزانە لە کارەکانیدا، ئیشی نابەجێ ناکا، زاناو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکداو هیچی لێ گوم نابێ، ئەو بوختانکەرانە لەدەستی ڕزگاریان نابێ! وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ:

﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَٰذَا حَلَالٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ، إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾النحل/١١٦.

ئەمجار پەروەردگار نارەزایی خۆی بەرامبەر کچ زیندەبەچاڵ کردن

دەردەبڕێو سەرزەنشتو لۆمەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە دڕندانەیە دەکاو هەڕەشەیان ئاراستە دەکاو دەفەرموێ: ﴿قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ قَتَلُوا أَوْلَادَهُمْ سَفَهًا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بێگومان خەسارەت مەندو بەدبەختو چارەڕەش بوون ئەوکەسانەی کە منداڵی خۆیان دەکوژن، کچیان زیندەبەچاڵ دەکەن، ئەو نیعمەتەی کە خودا پێی داون لەخۆیانی دەبڕن، ئاوا بەبێ عەقڵیو نەفامیو دڕندەیی جەرگی خۆیان لەناو دەبەن، هەڵسوکەوتی نەزانانە دەنوێنن.. ئەوانە بەشێوەیەکی نەزانیو ئەحمەقانە منداڵەکانی خۆیان دەکوژن، بەخەیاڵ پلاوی خۆیان لەترسی هەژاریو عەیبو لەکەدار بوون پڕکێشی جەرگی خۆیان دەکەن، بەو شێوە دڕندانەیە لەناویان دەبەن لەبەر نەزانیو نەفامییان جیاوازی نێوان قازانجو زیانی خۆیان ناکەن، خراپەو چاکە لێک جیا ناکەنەوە! ئاشکرایە نەفامیو نەزانی گەورەترین تاوانو خراپەکارییە، ئەوانە بەهۆی نەفامییەوە لەززەتو خۆشی جیهانیان لەخۆ یاساغ کردوە، درۆیان بەدەم خوداوە هەڵبەستوە، سەریان لێ شێواوەو گومڕا بوون، بەرژەوەندی دونیاو ئاینی خۆیان نادۆزنەوە!

خەسارەتمەندیەکەیان ئاشکراو نومایانە، چونکە کوشتنی منداڵو زیندەبەچاڵ کردنی کچ سەرچاوەی خەسارەتمەندیەکانیانە، منداڵ پشتو پەنایە، زنجیرەی ناوو شۆرەتە، مایەی شانازیو کەیف خۆشیە، چاکەکاریو صیلەی ڕەحمە، دەی بەلەناو بردنی، سۆزو پەرۆشی باوکو فرزەندی نامێنێ، لەجێگای خۆشەویستیو دڵنەرمی دڵڕەقیو توندوتیژیو ڕەوشت نزمیو ژیان تاڵی دێتە کایەوە، لە قیامەتیشا شیاوی سزای توندو سووتانی ناو دۆزەخ دەبن.

تاوانێکی تریان ئەوەیە: کە ﴿وحرموا مَا رَزَقَهُمُ اللَّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللَّهِ﴾ هەروەها لە هیچو خۆڕایی ڕا ئەو ڕزقو ڕۆزییە پاکو خاوێنەی خودا پێی بەخشیونو بۆی حەڵاڵ کردبوون لەسەر خۆیان حەرام کردبوو، هیچ بەڵگەشیان بەدەستەوە نەبوو، بەدرۆو دەلەسە ئەم حەڵاڵکردنو حەرام کردنەیان بەدەم خوداوە هەڵدەبەستو بە ئایینیان حلێب دەکردو پێیان وابوو خوداپەرستی

دەکەن!

﴿قَدْ ضَلُّوا وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ﴾ بەڕاستی ڕێگایان لێ تێک چووەو گومڕا بوونو سەریان لێ شێواوەو هیدایەتو ڕێبازی حەقیان نەدۆزیەوەو هەرگیز لەو گومڕاییە ڕزگاریان نەبوو.

ئیمامی بوخاری لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتێک دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: کە دەتەوێ نەزانیو نەفامی عەرەبەکان بزانی لە سوورەتی (الانعام) ئایەتەکانی دوا ژمارە (١٣٠) بخوێننەوە...

ئیبنو مونذیرو ئیبنو ئەبو حاتەم لە قەتادەوە دەگێڕنەوە کە دەربارەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: ئەمە بوو هەڵسوکەوتی عەرەبەکان لەسەردەمی نەزانیو نەفامیدا کابرا کچەکەی خۆی زیندەبەچاڵ دەکرد لەترسی هەژاری، یان فڕاندن، کەچی سەگی بە ئەوپەڕی تێرو تەسەلی بەخێو دەکرد.

قورطوبی لە تەفسیرەکەیدا سەرگورشتەیەک دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕیوایەت کراوە یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ دادەنیشتو هەمیشە بە غەمبارو دڵ تەنگ دەبینرا! ڕۆژێک پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ئەوە چیتە؟ هەمیشە جۆش داماوی؟ وتی: ئەی ڕەوانە کراوی خودا! من لەسەردەمی نەزانیدا تاوانێکم کردووە، دەترسم خودا لێم خۆش نەبێ! تەنانەت کە ئێستا موسوڵمانیش بووم هەر دەترسم! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دادەی تاوانەکەتم بۆ باس بکە بزانم چییە؟ کابرا وتی: ئەی ڕەوانەکراوی خودا ! من یەکێک بووم لەوانەی کە کچەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرد، کچێکم بوو دایکی لێم پاڕایەوە کە وازی لێ بێنم زیندەبەچاڵی نەکەم، منیش وازم لێ هێنا تا گەورە بوو و پێگەیشتو جوانترین ئافرەتی لێ دەرچوو، خوازبێنییان لێ کردمو داواکاری زۆر بوون! دەمارگیری گرتمیو دڵم بڕوای نەدا بەشووی بدەم، هەروەها پێشم ناخۆش بوو لەماڵەوە بمێنێتەوە بێ مێرد، بڕیام دا زیندەبەچاڵی بکەم. بەخێزانەکەم وت دەمەوێ بچم سەردانی فڵان هۆز بکەمو، بچمە دیدەنی خزمو کەسوکارم، با ئەم کچەشم لەگەڵدا بێ،

دایکەکەی بەم پێشنیارەی من دڵخۆش بوو، خێرا کچەکەی ڕازاندەوەو پۆشاکی جوانی لەبەر کردو خشڵی جۆراوجۆری پێدا کرد، پەیمانی لێ وەرگرتم کە ئاگاداریی بکەمو خیانەتی لێ نەکەم، ئیتر کچەکەم لەگەڵ خۆم برد تا بردمە سەر بیرێک، کەزانی خەیاڵم خراپەو دەمەوێ بیخەمە ناو بیرەکە باوەشی پێدا کردمو دەستی کرد بە گریان، گوتی: بابەگیان ئەوە دەتەوێ چیم لێ بکەی؟! منیش بەزەیم پێیدا هاتەوەو، دوایی سەیری ناو بیرەکەم کردەوەو دەمارگیرییەکەم تووش بووەوە، ویستم فڕێی بدەمە ناو بیرەکەوە، ئیتر باوەشی پێدا کردبوومو دەگریاو دەپاڕایەوەو دەیگوت: بابەگیان! توخودا من سپاردەی دایکم کە لەماڵەوە هاتین دایکم پەیمانی لێ وەرگرتی کە پارێزگاریم بکەیو نەمفەوتێنی، منیش کە سەیری بیرەکەم دەکرد تەماعی ئەوە دەیگرتم کە فڕێی بدەمە ناو بیرەکەوەو لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە، کە سەیری کچەکەم دەکردو دەپاڕایەوەو دەلالایەوە بەزەییم پێیدا دەهاتەوە.. تا شەیتان سواری شانم بوو گرتمو سەرەو بن فڕێم دایە ناو بیرەکەوە، گوێم لێ بوو دەیگوت: بابە گیان بۆچی کوشتتم؟؟ ئەمجار مامەوە تا نوزەی لێ بڕاو دڵنیا بووم کە گیانی لەدەست داوە، ئەمجار هاتمەوە بۆ ماڵێ: پێغەمبەر ﷺ گوێی لەمە بوو دەستی کرد بە گریانو هاوەڵانیش گریانو ماتەمینی بەسەر کۆڕەکەدا هات.. دوایی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر فەرمانم پێ بکرایە یەکێک لەسەر تاوانی سەردەمی نەفامی سزا بدەم، سزای تۆم دەدا!.[1]

---

[1] تەفسیری قورطوبی/ بەرگی حەوتەم/ل/٦٤ طبعة دار الکتب العلمیة/ ١٩٨٨..

بەڵگەی ئاشکرا لەسەر تواناو دەسەڵاتی خودا

﴿وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖۚ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ١٤١ وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةٗ وَفَرۡشٗاۚ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ١٤٢ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۖ مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ نَبِّـُٔونِي بِعِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٤٣ وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَاۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيۡرِ عِلۡمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٤٤﴾

وەکو ئاشکرایەو زانیمان قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر چەسپاندنی بنەما ئایینیەکان دەکا کە بریتین لە یەکتاپەرستیو پێغەمبەرایەتیو زیندوبوونەوەو قەزاو قەدەر، پەروەردگار لە قورئاندا چەسپاندونیو جەختی لەسەر کردوونەتەوەو هەڕەشەی لەو کەسانە کردووە کە بڕوایان پێ نەبوونو لەپێناو بڵاو بوونەوەو گەیاندنی ئەو جۆرە بیروباوەڕە کاریان نەکردوە. جا کە لەوەپێش ئەو مەبەستانەی پێکانو بەڵگەی لەسەر هێنانەوە، گەڕایەوە سەر مەبەستە ئەصڵیەکە کە بەڵگە هێنانەوەیە بۆ سەلماندنو چەسپاندنی تاکو

تەنهایی خودای پەروەردگار، ئەوەتا لەڕێگەی چەسپاندنی خودایەتیو پەروەردگاریەتی (الالوهیة والربوبیة) بۆ زاتی کردگارو بەدیهێنەر، بۆ چەسپاندنی ئەو ڕاستی‌یە کە هەر ئەو شیاوی پەرستنو بەندایەتی بۆ کردنەو مافی ئەوەی هەیە کە تەشریع دانێ، حەڵاڵو حەرام دیاری بکا، جگە لە ئەو کەس شیاوی خودایەتیو بەندایەتی بۆکردن نیە، کەس سەرپەرشتیارو خاوەنی بوونەوەر نیە، بەدیهێنەر خۆیەتیو بەس! کەس رایەی ناکەوێ لافی ئەوە لێبداو خۆی بە یاسادانەرو بەدیهێنەر بزانێ! بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ جَنَّاتٍ مَّعْرُوشَاتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَاتٍ﴾ پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆخۆی بەدیهێنەرو خالیقی هەموو شتێکە لە کشتوکاڵو بەروبوومو دانەوێڵەو ئاژەڵ.. هتد، خودا بەدیهێنەریانە، کەچی موشریکەکان بەهەوانتەو بە ئارەزوویازی بەش بەشیان دەکەنو هەندێکی تایبەت دەکەن بە فلان شتەوە هەندێکی تر قۆرغ دەکەن بۆ فلان شت، بڕێکی حەلاڵ دەکەنو بڕێکی حەرام، ئەم هەڵسو کەوتانەیان ئەم بیروباوەڕە نادروستانەیان پەرە پێ دەدەنو بلاوی دەکەنەوەو بە ئایینی حلێب دەکەن، لەکاتێکدا کە ئەوە مافی ئەوان نیەو ئەو دەسەلاتە تەشریعیەیان نەدراوەتێ، ئەوان هیچیان بەدەست نیە، ئەوە بەدەست خودایە، چونکە هەر خودایە ئەو شتانەی بەدی هێناوە، هەر ئەوە باغو دارستانی بەرداری دروستکردووە، داری بەرداری وای بەدی هێناوە لکەکانی دەخرێنە سەر کەپرو بەسەر کەپرەکەدا پەخش دەبێ، میوەو بەروبوومەکەی پێیەوە دەلاژێتەوە، هەروەکو داری بەرداری واشی بەدی هێناوە کە پێویست بە کەپر بۆکردن ناکاو بۆ خۆی بەسەر زەویدا پەخش دەبێ، یان قەدو لقەکانی وا دروست کردوون کە دەتوانن بۆ خۆیان قورسایی بەرەکە هەڵبگرنو پێویست بە کەپر بۆ کردنو کۆڵەکە بەردان نەکا!

تەنانەت دار مێو هی وای هەیە کەپری بۆ دەکرێو کۆڵەکەی بەردەدرێ، هی واشی هەیە بۆخۆی بەسەر زەویدا پەخش دەبێ کەپری ناوێ، یان کەمێک بەرز دەبێتەوەو بۆخۆی تەحەمولی بەرەکەی خۆی دەکا، ﴿وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ﴾ هەروەها پەروەردگار دارخورمای دروست کردووە کشتوکاڵی

جۆراوجۆری هێناوەتە کایەوە کە شێوەو ڕوخسارو ڕەنگو تامو بۆنی هەر یەکەیان لەوی تر جیایە، خۆراکو بژێوە بۆ ئادەمیزاد، ژیانی ئادەمیزاد پەیوەستە بەو بەروبوومو دانەوێڵەو خواردەمەنیانەی کە لەو باغو دارستانو زەویو زارە بەرهەم دەهێندرێ.. وشەی (زرع) هەموو بەرو بوومو دانەوێڵەو میوەیەک دەگرێتەوە کە لەوەرزەکانی ساڵدا بەرهەم دەهێندرێن..

﴿وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ﴾ هەروەها پەروەردگار داری زەیتونو هەنارو بەروبوومیانی دروست کردوە، هەندێکیان لێک دەچنو هەندێکیان لەتامو چێژدا جیاوازن، هەریەکێ لەم دارو درەختو بەروبوومو کشتوکاڵو دانەوێڵەو ئاژەڵو پەلەوەرانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، تامو چێژو شێوەو ڕوخسارو بۆنو بەرامیان لێک جیاوازە، پرۆتینی تایبەتیان تێدایەو سروشتی جودایە! لە کاتێک هەموو لە یەک ئاو دەخۆنەوەو یەک هەوا هەڵدەمژنو لەیەک زەویدا دەڕوێنو پەروەردە دەبن! پەروەردە بوونو پێگەیشتنیان گونجاوو لەبارە بۆ پێویستی ئادەمیزاد، بڕێکیان بەسەرماو هەندێکیان بەگەرماو جۆرێکیان بەهەوای مام ناوەندی بەروبوومو میوەی پێدەگا..!

یان دەڵێن: پەروەردگار داری زەیتوونو هەناری دروست کردووە لەشێوەو ڕوخساردا لێک دەچن، بەڵام تامو شێوەی بەرەکانیان جیاوازە، هەندێک دەڵێن: زەیتوونو هەنار لە شکڵو گەڵادا یەکن، بەڵام میوەکانیان جوداوازە، بڕێک دەڵێن: مەبەست ئەوەیە: دار هەنارەکان لە شکڵو شێوەدا لێک دەچن، بەڵام بەرو میوەکانیان لە تامو چێژدا لێک جیان؛ هەندێکیان شیرینو بڕێکیان مزرو هەندێکیان ترشن، ڕەنگی دەنکەکانیشیان هەندێ سپیو هەندێکی سورو هەندێ سورێکی مەیلەو ڕەشەو هەندێ ڕەنگێکی تر.

﴿كُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ﴾ بخۆن لە میوەی ئەو دارو درەختو باغانەی کە باس کران هەر کاتێ بەدەر کەوتو پێگەیی، با شیرینو تام گرتوو نەبووبێ بەتەواوی! ئەوتا ترێ بە بەرسیلەییو بە ترێو بە مێوژی دەخورێ، خورما بە مزرییو بەتەڕیو بە خورمایی دەخورێ، گەنم بەفەریکیو بە گەنمیو بەشێوەی تریش دەخورێ.

بە پوختی مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە، پەروەردگار پاش ئەوە کە بە بەندەکانی خۆی ڕاگەیاند کە هەرچی لە زەویدا هەیە لە بەروبوومی دارو درەختو رووەکئو ئەوەی بژێوی ئادەمیزادی تێدایە، حەلالو بەیدەستە بۆ ئادەمیزادو دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن، بۆ کەس نیە جگە لە خوا شتێکیان لێ حەرام بکا، چونکە حەلال کردنو حەرام کردن مافی خودایە کە خۆی بەدیهێنەری ئادەمیزادو میوەو بژێوەکانو درەختو رووەکەکانە، هەر کەسێ لافی ئەوە لێبدا کە مافی حەرامکردنی هەیە، ئەوە خۆی کردۆتە هاوبەشی خودا، هەرکەسێکیش گەردنکەچی حەرامکردنەکە بێ ئەوە هاوەڵی بۆ خودا داناوە.

﴿وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ کە کاتی دورینەوەو چنینی زەراعەتو میوە هات بەشی دیاریکراوی خاوەن مافەکانی لێ دەرکەن؛ بەشی خزمو هەتیوو هەژارو نەدارای لێ بدەن، واتە: دوای ئەوەی پێدەگاو دەدروێتەوەو گێرە دەکرێو بەشەن دەکرێ، بەشە زەکاتی دیاریکراوو پێویستی لێ بدەن بە ئاتاجان.

بەلای ئیبنو عەبباسەوە ئەو بەشە دیاریکراوە (دە یەکە) بۆ زەویو زارێکە بە باراناو ئاو بدرێت، (نیوەی دەیەکە) بۆ زەویو زارێکە بە جۆگەو ئاوی بیر ئاو بدرێن.

سەعیدی کوڕی جوبەیرو رایەکی ئیبنو عەبباسیشە دەڵێن: مەبەست بەم (حەقە) ئەو خێرو خێراتەیە کە بەهەژاران دەدرا لەکاتی دروێنەدا، ئەندازەکەی دیاری نەکراوە، دوایی کە دەیەکئو نیوی دەیەکە پێویست کرا ئەو حەقە نەسخ کراوەتەوە، بەڵگەی ئەم ڕایە ئەوەیە: کە زەکات لە مەدینەواجب کراوە، ئەم ئایەتە لە مەککە هاتۆتە خوارێ.

گوتەیەکیش هەیە گوایە ئایەتەکە مەدەنیە!

قسەی حەقو ڕاست ئەوەیە: کە مەبەست بە (حقه) لێرەدا زەکاتی فەرزە، مانای ﴿وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ واتە: عەزم جەزمتان هەبێ لەسەر زەکات دانو گرنگی پێ بدەنو پاشگوێی مەخەنو هەر لەگەڵ کاتی زەکات دان هات تەئخیری مەکەنو هەل لە کیس مەدەن!

ئەمجار قورئان باسی هەمیشە زیندوویی خۆی رادەگەیەنێ، میانەڕەوی خۆی لە هەموو شتێکدا دووپات دەکاتەوە ﴿وَلَا تُسْرِفُوٓا۟﴾ بخۆنو بخۆنەوە لە رزقو رۆزی حەلالو زیدەڕەوی مەکەن، هەروەها لەخێر کردنو مال بەخشینیش وا زیدەڕەوی مەکەنو میانەڕەوبن، ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ بێگومان خودا زیدەڕەوانی خۆش ناوێن..

ئیبنو جەریری طەبەری لە ئەبولعالیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوە بوو موسوڵمانان لە پێشدا جگە لە زەکات شتی کەشیان دەبەخشی پاشان زیدەڕەوییان تێدا کرد، ئیتر ئەم ئایەتە ﴿وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ هاتە خوارێ.

ڕیوایەتێکی تر هەیە دەڵێ: لەڕۆژی دەروێنەدا جگە لە زەکات شتی کەشیان دەبەخشی دوایی پێشبڕکێو زیدەڕەوییان تێدا کرد، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتانەی ناردە خوارێ.

ئیمامی طەبەری لە ئیبنو جورەیجەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی ثابیتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس هاتە خوارێ، کاتێک باغە خورماکانی ڕنین -کە بریتی بوون لە پێنج سەد دارخورما- وتی: ئەمڕۆ هەر کەسێک بێتە لام بەشی دەدەم، ئیتر هەتا ئێوارە هەرچی چوو بۆ لایو داوای لێ کردبەشی دا، هەتا هیچی بۆ نەمایەوە؛ ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾.

وێنەی ئەم ئایەتە دەربارەی میانەڕەوی ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾الأعراف/٣١. یان کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا﴾الاسراء/٢٩.

ئیمامی زوهری دەڵێ: مانای (وَلَا تُسْرِفُوا..) واتە: لەڕێگای بێدینیدا شت مەبەخشن، موجاهیدیش مانایەکی لەم شێوە لێ ڕیوایەت کراوە، ئەوەتا لە ئیبنو ئەبی حاتەمەوە ڕیوایەتێک دێنێ دەڵێ: ئەگەر کێوی ئەبو قوبەییس ئاڵتوون بێو پیاوێک بیبەخشێ بە موسریف حلێب ناکرێ! ئەگەر دیرهەمێک

لەسەرپێچی کردنی خودادا ببەخشێ بە موسریف حلێب دەکرێ. هەر لەم ڕوانگەوەیە بڕێک عاقڵ مەند گوتوویانە: زیدەڕەوی لەخێردا نیە، خێریش لە زیدەڕەوی‌دا نیە...

قسەی حەقو ڕاست ئەوەیە: کە زیدەڕەوی لە هەموو شتێکدا؛ خێر بێ یان شەڕبێ، کارێکی ناپەسەندە، جا ئەو شتە خواردنو خواردنەوە بێ یان خێرکردنو بەخشین بێ! چونکە ئادەمیزاد -مرۆڤ- پێویستە بژێوی خۆیو ماڵو منداڵو خزمو کەسو کاری دابین بکا، تەنانەت ئەگەر منداڵیشی نەبوو پەزمەندەکردنی هەندێ ماڵو دارایی لە موچەو داهاتی خۆی کارێکی پەسەندە، واباشە ئینسان بۆ ڕۆژی تەنگانەو لێقەومان بڕێ پارەو پول پاشەکەوت بکا، بۆ ئەوەی لەدواڕۆژدا نەبێتە بار بەسەر شانی خەڵکەوە، هەر بۆیەشە ئینسانی بێ عەقڵو کەم فام کە زانرا ماڵو دارایی بەفیڕۆ دەدا قورمتێنە (حجر)ی لەسەر دادەنرێ، تەنانەت ئەگەر ماڵ خەرج کردنەکەی لەکاری خێریشدا بێ هەر حیجری لەسەر دادەنرێو دەسەلاتی ماڵ خەرج کردنو کڕینو فرۆشتنی لێ دەسێندرێتەوە.

﴿وَمِنَ ٱلْأَنْعَامِ﴾ هەر لە تەواو کردنی نیعمەتی خودایە بەسەر ئێوەی ئادەمیزاددا کە وشترو گاو مەڕو بزنی بۆ دروست کردوون ﴿حَمُولَةً﴾ هەیانە گەورەو بارەبەر، سەرباری ئەوەی کە گۆشتی دەخورێو شیرو ماستی هەیە، باریشی پێ هەڵدەگرنو جوتی پێ دەکەنو گالیسکەی پێ ڕادەکێشن ﴿وَفَرْشًا﴾ هەیانە بچکۆلەو بەیدەست پاڵی دەخەن بۆ سەربڕین، لە خوریو کوڵک مووەکەیان ڕاخەرو پۆشاک دروست دەکەنو ڕشماڵو جەواڵو هۆڕی لێ پەیدا دەکەن، خۆتانی پێ لە گەرماو سەرماو باو باران دەپارێزن!

﴿كُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾ بخۆنو بخۆنەوە لە گۆشتو شیرو ماستی ئەم ئاژەڵانە وەکوو چۆن لە بەروبوومی کشتوکاڵو میوەی دراو درەخت دەخۆن، هەموویان دروست کراوی خودانو بۆ بەرژەوەندی ئێوە دروستی کردوون، بە هەموو شێوەیەکی ڕەوا سوودیان لێ ببینو بۆ بەرژەوەندی خۆتان بەکاریان بێنن!

وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُمْ مِمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَا أَنْعَامًا فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ. وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ﴾يس/٧١-٧٢. یان دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهَا مِنْ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِلشَّارِبِينَ﴾النحل/٦٦.

﴿وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ﴾ بەهیچ جۆرێک شوێن ڕێبازو فەرمانی شەیتان مەکەون، مەچن وەکوو موشریکەکان ڕزقو ڕۆزییەک کە خودا بۆی حەلاڵ کردوون بەهەوانتە لەخۆتانی حەرام بکەن؛ ئەوە هەڵخەڵەتاندنی شەیتانەو گومڕاتان دەکا، پەروەردگار ئەو شتانەی بۆ ئێوە حەلاڵ کردوە، حەلاڵکردنو حەرام کردن بەدەست ئەوە، ئەو دروستکەرو بەدیهێنەری هەموو بوونەوەرە، ئەو دەزانێ چی بۆ ئێوە باشەو چی خراپە، کەسی تر رایەی ناکەوێ ئەوە حەلاڵ بکاو ئەوە حەرام بکا. ﴿إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ﴾ بێگومان شەیتان دوژمنی ئێوەیەو بەرژەوەندی ئێوەی ناوێ، دوژمنایەتیەکەی بۆ ئێوە ناشکراو نومایانە، هەرگیز فەرمانتان بەچاکە پێ ناکا، لەخراپە بەولاوە ڕێگای ترتان پیشان نادا. وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُوا حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾فاطر/٦، یان دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ، وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَالَا تَعْلَمُونَ﴾البقرة/١٦٩.

ئەو ئاژەڵانەی کە پەروەردگار بە ﴿حَمُولَةً وَفَرْشًا﴾ ناوی بردن، هەشت جۆرن، چونکە (حمولە) یان وشترە یان ڕەشە وڵاغە (فرش)یش یان مەڕە یان بزنە، هەر جۆرێکیش لەم چوار بەشە یان نێرە یان مێیە! پەروەردگار لەجۆری خاوەن دوگنو خوری بەرانو مەڕی دروستکردووە، لەجۆری خاوەن (موو) نێریو بزنی بەدیهێناوە، لە جۆری ڕەشە وڵاغو گاو مانگاو لەجۆری حوشتر وشترە نێرەو وشترە مێیینەی دروست کردووە.. بۆیە دەفەرموێ: ﴿ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ﴾ ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ ئێوە ڕام کراونو گۆشتیان دەخورێ هەشت جۆرن. ئەمجار دێ دیارییان دەکاو دەفەرموێ: ﴿مِنَ الضَّأْنِ اثْنَيْنِ﴾ لەمەڕدا

دوو جۆر هەیە، بەرانو مەڕ. ﴿وَمِنَ الْمَعْزِ اثْنَيْنِ﴾ لەبزندا دوو جۆری نێریو بزن. ﴿قُلْ آلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ الأُنثَيَيْنِ﴾ ئەی موحەممەد! بەو موشریکە عەرەبانە بڵێ کە بەهەوانتە ئاژەڵیان دابەش کردووە بۆ جۆری -بەحیرەو سائیبەو حامی-و جۆری تریش، بڵێ ئایا نێرەکانیان کە بەرانو نێرییە خودا حەرامی کردون یان مێیینەکان کە مەڕو بزنە؟؟ ﴿أَوْ مَا اشْتَمَلَتْ أَرْحَامُ الأُنثَيَيْنِ﴾ یان ئەو بێچووەی کە لە منداڵدانی مەڕو بزنەکاندایە خودا حەرامی کردوە؟؟ واتە: منداڵدانی مێیینەی ئاژەڵ یان نێری تێدایە یان مێ؛ دەی بۆچی برێکیان بەهەوانتە لەخۆتان حەرام دەکەنو هەندێکیان حەڵاڵ دەکەن، بە چ یاساو دابو نەریتێک ئەم حەڵاڵو حەرامە دیاری دەکەن.. ﴿نَبِّئُونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ بەڵگەی بەهێزو هەواڵی زانستانەم پێ بڵێن، پێم بڵێن: چۆن پەروەردگار ئەو ئاژەڵانەی کە پێتان وایە لێتان حەرام کراوە: وەکوو - بەحیرەو سائیبەو وەصیلەو حامی- لێی حەرام کردوون، بەڵگەیێ بێننەوە حەرام کردنە بگەیەنێ، بەڵگەکە دەبێ لەنامەی خودادا هەبێ، یان پێغەمبەرێک هەواڵی پێ دابێ ﴿إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەنو ڕاستگۆن لە ئیدیعاکەتاندا پەروەردگار ئەو جۆرە ئاژەڵانەی لێ قەدەغە کردوون، دەبێ یان ڕاستەو خۆ ئەم حوکمەتان لە خودا وەرگرتبێ ئەمەیان نەبووەو بۆخۆیان لافی ئەوە لێ نادەن، یان بەهۆی پێغەمبەرەوە پێتان گەیشتبێ، دیارە بڕوایان بە پێغەمبەر نیە تاکو حوکمی لێ وەربگرن!؟

لەڕاستیدا هیچ عاقڵ مەندیو کارامەییەک لەم پۆلێن کردنەی عەرەبەکاندا بەدی ناکرێ ! دەی بە چ عەقڵو هۆشێک لەسەردەمی نەزانیو نەفامیاندا ئاوا بەهەوانتە ئاژەڵیان دابەشو پۆلێن کردوە؟ ئەوەیان کردووە بە (بەحیرە)و ئەمەیان کردووە بە (سائیبە)و (وەصیلەو حامی..) بە چ عەقڵێک ئەم جۆرەیان لەخۆیان حەرام کردوە، ئەو جۆرەیان بەحەڵاڵ داناوە؟ ئەگەر نێرینە حەرام بێ دەبێ هەموو نێرینەکان حەرام بن! ئەگەر مێیینە حەرام بێ دەبێ هەموو مێیینەکان حەرام بن.. ئەگەر حەرامە کە بێچووی ناو منداڵدانی ئاژەڵە مێیینەکان بێ دەبێ هەموو بێچوویەک بە نێرو مێوە حەرام

بن، چونکە هیچ جیاوازی‌یەک لەنێوان ئەم بێچووەو ئەو بێچووەدا نیە، بۆچی ئەم حەرامەو ئەو حەلاڵە؟!

نەخێر پەروەردگار هیچ جۆرێکی لەم ئاژەلانە حەرام نەکردوون. ئەو موشریکە خوداگرتووانە درۆ دەکەن، بوختان بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن! لەدونیادا کەس هێندەی ئەو کەسە ستەمکار نیە کە بەدەم خوداوە درۆو بوختان هەڵدەبەستێ! ئیدیعای ئەوە دەکا کە خودا شتێکی حەرامکردووە، لەڕاستی‌دا حەرامی نەکردووە، حەرامبوونی شتێک پاڵ خودا بدا کە حەرامی نەکردووە بۆ ئەوەی ڕێگا لە ئادەمیزادان گوم بکا، وەکوو عەمری کوڕی لوحەیی کوڕی قومئە کە یەکەم کەس بوو (بەحیرەو سائیبەو وەصیلەو حام)ی داهێنا، ئایینی پێغەمبەرانی گۆڕی، بەڕاستی ئەوانەی شەریعەتی خودا دەگۆڕن، بەدەم خوداوە درۆو بوختان هەڵدەبەستن ستەمکارن، خوداش هەرگیز هیدایەتی ستەمکاران نادا!

ئەمجار پەروەردگار نارەزامەندی خۆی بەرامبەر هەڵوێستی موشریکەکان دەردەبڕێو بە پێغەمبەر دەفەرموێ: بەشێوەی گاڵتە پێکردنو توانجو پلار تێگرتن پێیان بڵێ: ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ وَصَّاكُمُ اللهُ بِهَٰذَا؟﴾ ئایا ئێوە ئەی گرۆهی موشریکو ستەمکار! خودای خۆتان چاوپێکەوتو ئەم حوکمی حەرامو حەلاڵەی پێ ڕاگەیاندن؟؟ ئەو فەرمانی پێ کردن کە ئەم جۆرە یاسایانە دابنێن؟ ئەو فەرمانی پێ کردن کە بەدەم خوداوە درۆو بوختان هەڵبەستنو شتێک کە بۆخۆی حەرامی نەکردووە ئێوە حەرامی بکەن!

دیارە هیچ کامێ لەم جۆرە ڕووداوانە نەبوون، ئێوە تەنیا بوختان بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن، حوکمو یاساکانتان بێ بنجو بناوانو هیچ بەڵگەیەکی ئایینیو زانستیتان بەدەستەوە نیە!

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللهِ كَذِبًا﴾ دەی کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بەدەم خوداوە شت هەڵدەبەستێ ﴿ليضل الناس﴾ بۆ ئەوەی ئادەمیزاد گومڕا بکا، کارە گومڕائامێزەکەشی ئەنجام دەدا ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بەبێ ئەوەی بەڵگەی بەدەستەوەبێ، بەڵکوو بە نەزانیو نەفامی ئەم حەرامو

حەلاڵە دیاری دەکا ستەم لە خودا دەکا، کارێک کە تایبەتە بەخوداوە کە حەرامکردنو حەلاڵکردنە ئەوان دەیانەوێ لێی زەوت بکەن، لافی شەریعەت دانان لێ دەدەن! ﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ بێگومان پەروەردگار هەرگیز هیدایەتی گرۆهی ستەمکاران نادا، حەقو عەدالەتیان پێ نیشان نادا، ڕێگای ڕاستو بەرژەوەندی ئامێزیان لێ گوم دەکا!

تێبینی:

١- ئایەتی ﴿وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زەکاتی بەروبوومی کشتوکاڵو دارو درەخت واجبو پێویستە، ئەندازەکەشی دە یەکە بۆ زەویو زارێک کە بەئاوی باران ئاو بدرێ، نیوەی دە یەکە ئەگەر بەهۆی جۆگەو بیرەوە ئاو بدرێ!

٢- کۆمەڵێک پێیان وایە ئایەتەکە دەربارەی بەخشینێکە غەیری زەکات، خودا فەرمانی پێ کردووەو فەرمانەکەشی بۆ (نەدبە) نەک وجوب.

ئەبو حەنیفە ئەم ئایەتەو حەدیثەکەی پێغەمبەر ﷺ -کە بوخاری ئەبو داود لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ریوایەتیان کردووەو دەفەرموێ: (فِيمَا سَقَتِ السَّمَاءُ الْعُشْرُ، وَفِيمَا سَقِيَ بِنَضْحٍ أَوْ دَالِيَةٍ نِصْفُ الْعُشْرِ)- کردووە بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە هەرچی زەوی دەیڕوێنێ خواردەمەنی بێ، یان شتی تر جگە لە دارو گیاو گژو، لقە دارخورماو قەفەزاژی هیندیو قەفەزاژی شەکر زەکاتی تێدایە.

جەماوەری زانایان پێیان وایە کە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ ئەوە ناگەیەنێ بەڵکو مەبەست دیاری کردنی ئەو شتانەیە کە دە یەکی تێدایە یان نیوەی دە یەکی تێدایە.

ئیبنو عەبدولبەر دەفەرموێ: شەرعزانان ناکۆکیان لەوەدا نیە کە زەکات لە گەنمو جۆو مێوژو خورمادا پێویستە.

ئەمجار لە شتەکانی تردا زانایان دوو ڕایان هەیە:

١- ڕای ئەبو حەنیفە وایە کە هەر بەروبوومێک لە زەوی دێتە دەر کەم بێ یان زۆر بێ، جگە لەو شتانەی کە لەوەپێش چەرتی کردن زەکاتی تێدایە!

٢- ڕای دووەم ڕای جەماوەری زانایانە؛ بە قوتابیەکانی ئەبو حەنیفەشەوە دەڵێن: زەکات لە بەروبوومی کشتوکاڵدا واجب نیە جگە لەو شتانەی کەهەڵدەگیرێنو بە بژێوی ئادەمیزاد حلێب دەکرێن..

حەنبەلیەکان دەڵێن: ئەو شتە زەکاتی تێدایە وشک بکرێتەوەو هەڵبگیرێو پێوانە بکرێ!

شافعیەکان دەڵێن: لەمیوەی دارو درەختدا جگە لە مێوژو خورما شتەکانی تر زەکاتیان لێ ناکەوێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ تەنها لەو دوو جۆرە زەکاتی وەرگرتووە!

زەکات لە میوەو سەوزەدا نیە، تیرمذی لە مەعاذەوە حەدیثیك دەگێرێتەوە دەفەرموێ: لەبارەی میوەو سەوزە لە پێغەمبەریان پرسی فەرمووی: (لیس فیها شيء) هیچ جۆرە زەکاتێکی تێدا نیە.. مەرجە ئەو بەروبوومە زەکاتی تێدا واجب دەبێ پێویستە بگاتە پێنج ویسق، واتە: (٦٥٣ کغم).

زەکاتی بەروبوومی زەوی پێویست بە وەرچەرخانەوەی ساڵ ناکا، چونکە مەرجی واجب بوونی زەکات تێیاندا پێگەیشتنو دروونەوەو چنینو ڕنینو مشتاخ نانەوەو هەڵگرتنەوەیەتی.. لە زەکاتی پارەو ئاژەڵدا تێپەڕ بوونی ساڵ مەرجە، چونکە ئەمانە مەزەندەی گەشەکردنیان تێدا بەدی دەکرێ!

ڕای پەسەند ڕای حەنەفیەکانە کە دەڵێن: زەکات تێیاندا کاتی لێکردنەوەو دروونەوە واجب دەبێ، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ ﴿يَوْمَ حَصَادِهِ﴾...

مالیکیەکان دەڵێن: کە گەیی زەکاتی تێدا واجب دەبێ، چونکە پێش گەیشتن بە ئالف حلێب دەکرێ، هەرکاتی پێگەییو کاتی خواردنی هات زەکاتی تێدا واجب دەبێ!

شافعیەکانو حەنەفیەکان دەڵێن: میوە کە لەخەم ڕەخسیو زاندرا بەکار دێ، زەکاتی تێدا واجب دەبێو دەخەسێندرێ، ئەمجار دوایی زەکاتیان لێ دەردەکرێ، دانەوێڵە کە دەنکەکەی ڕەق بوو زەکاتی تێدا واجب دەبێ.

خواردەمەنی حەرام لەسەر موسولمانانو حەرام لەسەر جولەکە

قُل لَّآ أَجِدُ فِى مَآ أُوحِىَ إِلَىَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٥﴾ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ ۖ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ۚ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْ ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٤٧﴾

لەوەپێش پەروەردگار رەدی موشریکەکانی دایەوە کە لەخۆیانەوە شتیان حەرامو حەلاڵ دەکرد، ئەوەی روون کردەوە: کە حەلاڵ کردنو حەرام کردن بە نیگای خودایی دەبێو بەس! ئەمجار لێرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە: کە ئەو خواردەمەنیانەی خواردنیان حەرامە تەنیا چوار شتن: مردارەوە بوو، خوێنی رەوان، گۆشتی بەراز، هەر شتێک ناوی غەیری خودای لەسەر برابێ.

عەبدی کوڕی حەمید لە طاووسەوە ڕیوایەت دەکاو دەڵێ: ئادەمیزادان لەپێش هاتنی ئیسلامدا هەروا لەخۆیانەوە برێ شتیان حەرام کردو برێ شتیان حەلاڵ کرد، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ لاَ أَجِدُ فِيمَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّماً عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ﴾ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: من لەو سروشەی بۆم کراوە: کە قورئانی پیرۆزە، شتێکی تێدا نابینم کە بۆ بخۆر حەرام بێ ﴿إِلاَ أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً﴾ مەگەر مردارەوە بوو بێ، -ماسیو کوللە

بەرناکەون چونکە ئەوان بە حەدیثی پێغەمبەر ﷺ ڕوون کراوەتەوە کە مردارەوەبووی ئەو دوو گیانلەبەرە حەلاڵن- .

﴿أَوْ دَماً مَسْفُوحاً﴾ یان خوێنێکی شلی ڕەوان، نەک خوێنی توندی تۆیەڵ بەستوو؛ وەکوو جەرگو سپڵ. ﴿أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ﴾ یان گۆشتی بەراز ﴿فإنه رجس﴾ بێگومان ئەوە پیسە، ﴿أَوْ فِسْقاً أُهِلَّ لِغَيْرِ ا للهِ بِهِ﴾ یان سەربڕاوێک بێ ناوی غەیری خودای لەسەر برابێ.

ئایەتەکە لێرەدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە چوار جۆرە گۆشت خواردنیان حەرامەو یەکە یەکە دیاری کردن، لە سوورەتی (النحل)یشدا بەشێوەی جەخت لەسەرکردنو کورت هەڵهێنان جارێکی تر ئەم چوار جۆرە خواردەمەنیانە دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾النحل/١١٥. هەردوو ئایەتەکە (ئایەتی ١٤٥ الانعام)و ئایەتی (١١٥ النحل) کە ئایەتی مەککەیین واتە لەپێش کۆچدا هاتوونە خوارێ بەشێوە حەصرو جەخت لەسەر کردن ئەوە دەگەیەنن کە شتە حەرامەکان لەم چوار جۆرەدا کورت هەڵهێنراون، هەروەها ئایەتێکی مەدەنیش لە سوورەتی (البقرە) دا هەمان حوکم جەخت دەکاتەوە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا حَرَمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرُ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ﴾البقرة/١٧٣. ئەوەتا لێرەشدا وشەی (انما) کە حەصرەو کورت هەڵهێنان دەگەیەنێ بەکارهێناوە.

لەسەرەتای سوورەتی (المائدە)شدا دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّتْ لَكُمْ بَهِيمَةُ الأَنْعَامِ اِلاَ مَايُتْلَى عَلَيْكُمْ﴾المائدة/١ ڕاڤەگەرانی قورئان (مفسرون) لەسەر ئەوە کۆکن کە مەبەست بە (اِلاَّ مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ) ئەو شتانەیە کە لە ئایەتی سێهەمی ئەو سوورەتەدا واتە (المائدە)دا ڕیزی کردوون کە دەفەرمووێ: ﴿حُرِمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ، وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرِدِيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَبُعُ اِلاَ مَا ذَكَّيْتُمْ﴾المائدة/٣ هەموو ئەو شتانە بە مردارەوە بوو حلێب

دەکرێن، پەروەردگار بۆیە یەکە یەکە ناوی هێنان چونکە ئەوان پێیان وابوو: کە (المنخنقە و الموقوذة.. هتد) حەلاڵن، کەوابوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شەریعەت لەبنەڕەتەوە تا کۆتایی لەسەر ئەم حوکمو کورت هەڵهێنانە دامەزراوە.

شایانی باسە ئەو حەصروکورت هەڵهێنانەی لە ئایەتەکان وەردەگیرێ موطلەقو رەها نیە، بەڵکو نیسبیو ئیضافیە؛ واتە بەنەزەر ئەو حەلاڵو حەرام کردنەی بتپەرستەکانەوەیە: کە بەهەوانتە بەدەم خوداوە هەڵیان دەبەستو بڕیاریان لەسەر دەدا، لەناو شتە حەرامکراوەکانی ئەواندا تەنها ئەم چوارە حەرامن.

کەواتە: مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە دەکرێ: پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەی موحەممەد! بەو کەسانە بڵێ: کە ڕزقو ڕۆزی حەلاڵی خودا بە هەوانتە حەرام دەکەن، بڵێ من نابینم لەو قورئانەدا کە بەسرووش بۆم هاتووە خواردنێک لەسەر بخۆر حەرام بێ جگە لەم چوار شتە.

١– **مردارەوەبوو:** ئەو گیانلەبەرەی بەبێ سەربڕینی شەرعی گیانی دەرچێ، ئیتر ئەم جۆرە هەموو ئەو ئاژەڵانە دەگرێتەوە کە بەهەڵدێران، یان خنکان، یان بەهۆی شەڕو لێکدان وەکوو شەڕەقۆچی کەڵەگاو شەڕەبەرانو شەڕە نێری..هتد، یان دڕندە کوشتبێتی.. حەرامبوونی ئەم جۆرە گۆشتە لەبەر ئەوەیە خوێنەکەی تێدا ماوەتەوەو گۆشتەکە ژەهراوی دەبێو تێکدەچێ؛ کەسێک بیخوا لەوانەیە تەندروستی پێ تێک بچێ!

٢– **خوێنی رژاوو روونو رەوان:** کە لە ڕەگو دەماری سەربڕاوەکەوە دەردەچێ. واتە: خوێنێک حەرامە کە شلو ڕەوان بێو لەکاتی سەربڕین لەلاشەکە دەربچێ.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: مەبەستی ئەو خوێنەیە کە لە شا ڕەگە دەماری ملی ئاژەڵە سەربڕاوەکە دەردەچێو هێشتا گیانی تێدا ماوە. کەوابێ خوێنی توند وەکوو سپڵو جەرگ، یان ئەو خوێنەی کە تێکەڵاو گۆشتەکە بووە، یان لە دەمارەکانیدا دەمێنێتەوە حەلاڵە، چونکە خوێنی ڕەوان نین.

عکریمە لەسەر رستەی (او دما مسفوحا) دەڵێ ئەگەر ئەم ئایەتە نەبوایە

دەبوایە خەڵک ناو دەمارەکانی ئاژەڵە سەربڕاوەکانی پاک بکردایەوە لەهەر شوێنێ دڵۆپە خوێنێ بمایە دەبوا دەری بێنن، وەکوو جولەکە دەیانکرد، حەدیثیکی پێغەمبەر ﷺ هەیە دەفەرموێ: (أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ؛ فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ، وَأَمَّا الدَّمَانِ؛ فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ)[١٢].

هۆی حەرامی خوێنی ڕەوان ئەوەیە: کە جۆرەها میکرۆبو نەخۆشیو گەرای تێدا بڵاو بێتەوە.

٣- **گۆشتی بەراز:** هەروەها پێوو هەموو بەشەکانی لاشەی بەپێستو گۆشتو ئێسقانەوە گلاوو پیسە، سەگیش حوکمی بەرازی هەیە، هەموئەمانە وەکوو مردارەوەبوو پیسو قێزلێکراون طەبیعەتی پاک بێزی لێیانەو خۆیان لێ بەدوور دەگرێو توخنیان ناکەوێ.

٤- **هەر سەربڕاوێک ناوی خودای لەسەر نەهاتبێ** واتە: سەربڕینەکەی بۆ غەیری خودابێو ناوی غەیری خودای لەسەر ببرێ، وەکوو ئەو حەیوانانەی کە موشریکەکان لەسەر بەرد (نصب)ەکانی دەوری کابە یان بۆ بتەکانیان سەریان دەبڕین، یان قومارو بەخت گرتنەوەیان لەسەر دەکردن!

ئەمجار پەروەردگار حاڵەتی ناعیلاجی لەم حوکمە چەرت دەکاو دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ کەسێک کەوتە حاڵەتی تەنگانە و برسیایەتی تەنگی پێ هەڵچنیو بەهیچ شێوەیەک خواردنی حەلاڵی دەست نەکەوت بەناچاریو بەگوێرەی پێویست هەندێکی لەو حەرامە خوارد، ئەوا خودا لێخۆش بوو بەبەزەیییەو بەتاوان بۆی حلێب ناکا، چونکە ئەوە بۆ ڕزگار کردنی ژیانەو دابینکردنی پێویستی زەروورییەو بەو حەرام خواردنە خۆی لە مردن ڕزگار دەکا!

پوختەی قسە ئەوەیە: مەبەستی ئایەتەکە ڕەتدانەوەی موشریکەکانە کە بەهەوانتەو لەخۆیانەوە (بەحیرە)و (سائیبە)و (وەصیلە)و (حامی)یان لەخۆیان حەرام کردبوو، ئیتر پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەری خۆی کرد

[١٢] بەیهەقی لە سونەنەکەیداو حاکم لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە.

کە پێیان بڵێ لەو نیگایەی بۆ ئەو هاتووە ئەوەی تێدا نیە کە ئەو شتانە حەرام بن، بەڵکو حەرام تەنها ئەو چوار جۆرەن: کە مردارۆبوو خوێنی ڕەوانو گۆشتی بەرازو شتێک ناوی غەیری خودای لەسەر ببرێ.. چونکە خواردنی ئەم جۆرە شتانە زیانی ماددیو مەعنەوییان تێدایە! ئەرکی پێغەمبەریش ﷺ بە حەڵاڵ دانانی شتی پاکئو حەرامکردنی شتی پیسە! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ، وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾الاعراف/١٥٧. بەڵام وەکوو وتمان: کورت هەڵهێنانی شتە حەرامەکان لەو چوار شتانەدا موطلەق نیيە. بەڵکو حەصرەکە نیسبییە، ئەو حوکمەی ئەم ئایەتەو وێنەکانی دەیگەیەنن بە ئایەتی ترو فەرموودەی پێغەمبەر تەخصیص دەکرێ وەکوو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾الاعراف/١٥٧. ئەوەتا ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە هەرچی پیس بێ خواردنی حەرامە، هەروەها حەدیثەکەی پێغەمبەر ﷺ کە بوخاریو موسلیم لە جابیرەوە گێڕاویانەتەوە: دەڵێ: (نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ). هەروەها بوخاریو موسلیم لە ئەبو ثەعلەبەی خوشەنییەوە فەرموودەیەکی تریان گێڕاوەتەوە، دەڵێ: (إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ نَهَى عَنْ أَكْلِ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ) لە گێرانەوەی ئیبنو عەبباسدا هاتووە (واكل كل ذي مخلب من الطير) هەروەها فەرموودەیەکی تریان لە عائیشەو حەفصەو عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ریوایەت کردووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (خَمْسٌ فَوَاسِقُ مِنَ الدَّوَابِّ كُلُّهُنَّ فَاسِقٌ يُقْتَلْنَ فِي الْحِلِّ وَالْحَرَمِ: الْغُرَابُ وَالْحَدَأَةُ وَالْعَقْرَبُ، وَالْفَأْرُ وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ) جا کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە کوشتنو لە ناویردنیان کردووە بەڵگەیە لەسەر حەرامی خواردنیان، چونکە کوشتن جودایە لەسەربڕینی شەرعی، سەربڕین پێی ناگوترێ کوشتن.

شافیعیيەکان ئایەتەکەیان تەخصیص کردووە بەو فەرموودەیەی

پێغەمبەر کە دەفەرموێ: (وَاسْتَخْبَثَتْهُ الْعَرَبُ فَهُوَ حَرَامٌ) ئەوەی عەرەبی سروشت ساغ بە پیسی دابنێن حەرامە.

پوختەی رایەکەیان ئەوەیە هەر ئاژەڵو پەلەوەرێک دەقێکی قورئانی یان فەرموودەی پێغەمبەر حەڵاڵیو حەرامییان دیاری نەکردبێ، فەرمانیش بە کوشتنو لە ناوبردنی نەکرابێ ئەو کاتە ئەگەر عەرەب بە پاکیان دانابوو ئەوە حەلاڵە، ئەگەر بە پیسیان دانابوو ئەوە حەرامە، بەڵگەشیان ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾الاعراف/١٥٧. یان ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿يسالونك مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ، قُلْ: أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتِ﴾المائدة/٤. دەڵێن: مەبەست بە ﴿الطيبات﴾ لێرەدا حەلاڵ نیە بەڵکو مەبەست پاکئو خاوێنییە مەبەست ئەو خواردەمەنییانەیە کە عەرەبەکان بە خاوێنیان حلێب کردووە چونکە ئەگەر وانەبێ ئەو کاتە تەقدیری ئایەتەکە بەم جۆرە دەبێ ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الحَلَال﴾ ئەمەش بێ مانایە!!

هەروەها مەبەست بە ﴿الخبائث﴾ ئەو شتانەیە کە عەرەبەکان بە پیسی دادەنێن! هەڵبەتە لە بارەی بە پاک دانانو بە پیس دانانەوە تەماشای رای زۆرینە دەکرێ رای کەمینە بەرچاو ناگیرێ، چونکە ئەگەر رای کەمینەو تایبەت بە بەرچاو بگرین ئەوە سەردەکێشێ بۆ تێکەڵاو بوونی حەلاڵ بە حەرامو سەرلێ شێوانی موسوڵمانان!

زوربەی زانایانی سەلەف ظاهیری ئایەتەکەیان وەرگرتووەو جگە لەو چوار شتەی ئایەتەکە بە حەرامی داناون هەموو شتێکیان بە حەلاڵ داناوە. ئەبو داوود دەگێڕێتەوە دەڵێ: دەربارەی گۆشتی ژیشک پرسیار لە عوبدوڵلای کوڕی عومەر کرا، ئایەتی ﴿قُلْ لَا أَجِدُ﴾ی خوێندەوە واتە: بە حەلاڵی دانا، ئیبنوئەبی حاتەم و هی تریش بە سەنەدی صەحیحو رێکئو پێک دەگێڕنەوە دەڵێن: خاتوو عائیشە (حەرەمی پێغەمبەر) کە دەربارەی خواردنی گۆشتی درندەی خاوەن کەڵبەو باڵندەی خاوەن چنگ پرسیاری لێ دەکرا ئایەتی ﴿قُلْ لَا أَجِدُ﴾ی دەخوێندەوە!

لە ئیبنو عەبباسەوە گێردراوەتەوە(خ) هیچ ئاژەڵێک حەرام نیە جگە لەوەی کە خودا لە قورئاندا حەرامی کردوە، کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ لاَ أَجِدُ...﴾. ئەمجار لە رستەی ﴿عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ﴾ ئەو حوکمەی دەرهێناوە: کە لە مردارەوەبوو تەنیا ئەو شتانەی دەخورێن حەرامە، کەوابێ پیستو کوڵکو موو و خوری بەر ناکەوێ، پێستی مردارەوەبوو کە لە دەباغ بدرێ پاک دەبێتەوە، پێغەمبەریش ﷺ بەم جۆرە لە دەقەکە گەیشتووە ئەوەتا ئیمامی ئەحمەدو هی تریش لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە دەفەرموێ: مەڕێکی سەودەی کچی زەمعە مردار بوەوە لە ریوایەتێکدا دەڵێن: مەڕەکە هی مەیموونە بووە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەبوایە سوود لە پێستەکەی ببینن، فڕێتان نەدایە! ئافرەتە خاوەن مەڕەکە وتی: پیستی مەڕی مردارەوە بوو بەکار بێنین؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قُلْ: لاَ أَجِدُ فِيمَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّماً عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً﴾ دەی خۆ ئێوە نایخۆن! ئەگەر لە دەباغتان بدایە سوودتان لێ وەر بگرتایە).

ئەمجار پەروەردگار لە بەراورد کردنێک لە نێوان شەریعەتی تەوراتو شەریعەتی قورئاندا هەواڵی ئەو خواردنانە را دەگەیەنێ کە لە نەتەوەی ئیسرائیلی قەدەغە کردوون وەکوو سزادانێک بۆیان، دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٍ﴾ بە تایبەتی لەسەر نەتەوەی جولەکە-نەک گەلو نەتەوەکانی دیکە-هەموو خاوەن ناخونێک لە ئاژەڵو پەلەوەرمان حەرام کرد، واتە: ئەوانەی یەک سمیان هەیەو قاچیان دوو فاسقو سێفاق نیە وەکوو حوشترو مورغو قازو مراوی...هتد بەمەبەستی سزادانو تۆڵە لەسەر جولەکە حەراممان کردنو خواردنیانمان لێ یاساغ کردن![13]

﴿وَمِنَ الْبَقَرِ وَالْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَا﴾ هەروەها لە ئاژەڵی رەشە وڵاغو مەڕو بزندا بەس ئەو بەزو پیوەی بە ئاسانی جیا دەکرێتەوەو کەوتۆتە سەر ورگو گورچیلەیان و تێکەڵاو گۆشتو ئێسقانیان نەبووە لێمان حەرام کردن، ﴿إِلاَّ مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَا﴾ بەڵام بەزو پیوی پشتیانو کلکیان

[13] ئیبنو عەبباسو موجاهیدو قەتادەو سەعیدی کوڕی جوبەیر ئاوایان مانا کردووە.

﴿ أو الحوايا﴾ یان بەزو پیوی ریخۆڵەکانیان ﴿أَوْ مَا اخْتَلَطَ بِعَظْمٍ﴾ یان ئەو بەزو پیوەی کە لکاوە بە ئێسقانەوە هەموو ئەم جۆرە بەزو پیوانەمان بۆ حەلاڵ کردبوون ﴿ذَلِكَ جَزَيْنَاهُمْ بِبَغْيِهِمْ﴾ ئەو حەرام کردنو خواردەمەنی یاساغ کردنەی دەربارەیان ئەنجامماندا بە هۆی سنوور شکێنیو سەرپێچیکردنی خۆیانەوە بوو، سزاو تۆڵە بوو لێمان ستاندن سزای کوشتنی پێغەمبەرانو بەرگریی کردن لە بڵاوبوونەوەی ئایینی خوداو ریبا وەرگرتنو خواردنی ماڵی خەڵک بە ناڕەواو پێشیان حەلاڵ بوو! ئەمە رەتدانەوەی جولەکەکانە کە دەیانگوت: خودا هیچی لێ حەرام نەکردووین، ئێمە بۆ خۆمان ئەو خواردەمەنییانەی ئیسرائیل لە خۆی حەرام کردبوون ئێمەش لە خۆمان حەرام کردن ئیتر پەروەردگار بەم شێوە بە درۆی خستنەوەو دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّا لَصَادِقُونَ﴾ ئێمە راستگۆین لە گێڕانەوەی ئەم هەواڵانەداو ئێمە بە مەبەستی تەمبێکردنیان ئەو خواردەمەنییانەمان لێ حەرام کردن نەک وەکوو جولەکەکان دەڵێن: گوایە ئیسرائیل ئەو خواردنانەی لە خۆ حەرام کردبوونو ئێمەش لە خۆمان حەرام کردن.

ئیبنو کەثیر دەڵێ: مانای ﴿وَإِنَّا لَصَادِقُونَ﴾ واتە ﴿وانا لعادلون فيما جازيناهم به﴾ ئێمە دادپەروەرین لە تۆڵە ستاندنو سزاداندا. ستەمیان لێ ناکەین!.

﴿فَإِنْ كَذَّبُوكَ﴾ ئەی موحەممەد! ئەگەر دوژمنەکانت لە موشریکو جولەکەو هاو وێنەکانیان بڕوایان پێ نەکردیو بە درۆیان خستیەوەو بە پێغەمبەریان نەزانیو حوکمو یاسای ئیسلامیان رەت کردەوە ﴿فَقُلْ رَبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ﴾ بڵێ: خودای ئێوە خودایەکی خاوەن بەزەیی فراوانە، هەر کەسێک بیەوێ ئەو رەحمەتەی بەرکەوێو شوێن پێغەمبەرەکەی بکەوێ لە رەحمەتی خودا بێ بەش نابێ! ئەمەش تەماع بەرنانو بەهیوا کردنیانە، خۆ ئەگەر لەسەر یاخی بوونو سەرپێچیکردنی خۆیان بەردەوام بن ئەوا خودا تۆڵەیان لێ دەستێنێو سزایان دەدا ﴿وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ﴾ تۆڵەو سزای خودا کە هات بۆ گەلو نەتەوەی تاوانبارو یاخی بووو

سەرپێچی‌کار دەگێردرێتەوە کەس نییە بتوانێ ... نگای بە... ...هێنێ ئەو سزایە بە ئەنجام بگەیەنرێ. ئەمەشیان ترساندنو هەڕەشە لێکردنیانە بۆ ئەوەی کە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرﷺ نەکەن! ئەم بە تەماع کردنو هەڕەشە لێ کردنە (الترغيب والترهيب)ە شێوازو ئوسلوبێکی هەرە دیاری قورئانە، زۆر جار ئاوا ئادەمیزادان بە تەمای بەهەشت دەکاو بە ئاگری دۆزەخیش هەڕەشەیان لێ دەکا وەکوو لە کۆتایی ئەم سوورەتەشدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَ إِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾.

تێبینی:

زۆربەی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەم رایەن کە هەر شتێک پێغەمبەرﷺ حەرامی کردبێ یان لە شوێنی تری قورئاندا حەرام کرابێ ئەوە دەخرێتە پاڵ ئەم شتە حەرامانەی ئێرەو بە زیادکردنی حوکم دەژمێردرێو پەروەردگار لە سەر زوبانی پێغەمبەری خۆی بە خەڵکی رادەگەیەنێ. بۆ نموونە پەروەردگار لە سوورەتی نیساءدا دوای دیاریکردنو باسکردنی ئەو ئافرەتانەی کە ناشێ پیاو مارەیان بکا فەرموی ﴿وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ﴾النساء/٢٤. دەی پێغەمبەرﷺ لە فەرموودەیەکیدا مارەکردنی ئافرەتی بەسەر پوریدا حەرام کردووە، واتە: ئەگەر پیاوێک ژنی هەبوو ویستی ژنێکی تر بهێنێ ئەو ئافرەتەی کە دەیەوێ مارەی بکا نابێ خوشکەزاو برازای ژنەکەی بێ چونکە نابێ دوو ئافرەتی ئاوا لێک نزیکو خزم ببنە هەوێی یەکتری. ئەم حەرامکردنە دەخرێتە پاڵ حەرامەکانی ترەوە لەم رووەوە نموونە زۆرو زەبەندەن، کتێبەکانی ئوصولو شەریعەتو تەفسیرەکان بە درێژی باسیان لێوە کردووە.

ئیمامی مالیک دەڵێ: حەرامی روونو ئاشکرا جگە لەوەی لەم ئایەتەدا باس کراوە نییە، بۆیە برێ لە زانایانی رێبازی ئیمام مالیک پێیان وایە گۆشتی درندەو باقی ئاژەڵی تر جگە لە ئینسانو بەراز حەلاڵە بخورێ!

هەڵبەتە لەکاتی برسیەتیو ناچاریدا هەموو خواردەمەنییە حەرامەکان جگە لە گۆشتی ئادەمیزاد خواردنیان حەلاڵە بەلام نابێ زێدەڕەوییان تێدا

بکری. هەر دەبێ ئەوەندەیان لێ بخوا کە لە مردن رزگاری ببێ.

ئیدیعای موشریکەکان دەربارەی هاوەڵدانان بۆ خوداو شت حەرامبوون لێیان

سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ ۖ فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾ قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا ۖ فَإِن شَهِدُوا۟ فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ ۚ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٠﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار باسی نەفامو خوانەناسەکانی سەردەمی نەزانی‌کرد بە هەموو شێوەیەک دەمکوتی کردن، ئەمجار باسی بیرو بۆچوونی پڕوپوچی تریان دەکاو لە هەموو لایەکەوە تەنگیان پێ هەڵدەچنێو بۆریان دەداو دەفەرموێ: ﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَآءَ اللهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلاَ آبَاؤُنَا﴾ لەوە بەو لاوە ئەوانەی موشریکو خوانەناسن دەڵێن: ئەگەر خودا بیویستایە ئێمە موشریک نەبین نە خۆمانو نە باوکو باپیرمان موشریک نەدەبووین ﴿وَلاَ حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ﴾ هیچ کامێک لەو شتانەی خودا حەڵاڵی کردووە حەرامامان نەدەکرد، واتە: ئەگەر بیویستایە ئێمە کافر نەبین نەیدەهێشت کافر ببین، کە مەنعی نەکردووین مانای وایە ویستی خودا وایە ئێمە کافر بینو ئەو شتانە لە خۆمان حەرام بکەین کەوابێ ئێمە عوزرمان هەیە!

لە راستیدا ئەمە شوبهەیەکە کردوویانە بە بیانوو بۆ کوفرو بێدینی‌یەکەیان! بەرو بیانوویەکی پڕوپوچو بێ بناغەیە. خودا بەسەر هاوەڵدانانیان بۆ خوداو حەرام کردنی شتی حەڵال لە خۆیانو بناغەی بیروباوەڕو هەڵوێستیاندا زاناو ئاگاداره. هەڵبەتە ئەم ئایەتە هەواڵێکی غەیبی‌یە، پێش بەدیهاتنی، پەروەردگار هەواڵەکەی فەرمووە، دواییش چۆنی فەرمووە ئاوا هاتۆتە دی وەکوو لە سوورەتی النحل/ ٣٥ دا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا: لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ نَحْنُ وَلاَ آبَاؤُنَا، وَلاَ حَرَّمْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾. یان لەسەر زوبانی کافرەکان دەفەرموێ: ﴿لَوْ شَاءَ الرَّحْمَنُ مَا عَبَدْنَاهُمْ، مَا لَهُمْ بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ اِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ﴾الزخرف/٢٠.

ئەمجار پەروەردگار بیانوەکەیان رەت دەکاتەوەو بیرو بۆچوونەکەیان بە پووچ دادەنێو دەفەرموێ: ﴿كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ وەکوو ئەو بە درۆ خستنەوەی موشریکە عەرەبەکانو دانیشتوانی مەککەو دەورویەری کە بە بێ بەڵگە بانگەوازی پێغەمبەریان رەت کردەوە، یەکتاپەرستیو پەروەردگاریەتی خودایان نەسەلماندو نەهاتن مافی دانانی شەریعەتی حەرام کردنو حەڵال کردن هەر بۆ خودا بە رەوا بزانن-هەر بەو شێوە گەلو نەتەوە پێشینەکانیش بەبێ بەڵگەی عەقڵیو زانستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکانی خۆیان بە درۆ خستوونەوە. بە درۆ خستنەوەکەیان بە هەوانتەو لە خۆوە بوو، لە ئاکامی تێفکرینو وردبوونەوە نەبووە، خۆ ئەگەر بیرو بۆچوونەکانیان راست بوونایە، خودا لەسەر ئەو کوفرو بێدینی‌یەیان سزای نەدەدان، چونکە خودا دادپەروەرەو هەرگیز کاری ستەمکاری ناکا! ئەگەر کردارو گوفتارە کوفرئامێزەکانیان بە زۆرو زەخت خودا پێیان بکا ئەوە شیاوی سزاو تۆڵە نەدەبوون لەسەر ئەو کوفرو بێدینی‌یەیان، هەروەها لە قورئاندا ئەوەندە جارە ئایەتی لە جۆری ﴿أَخَذْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ﴾ ﴿وَأَهْلَكْنَاهُمْ بِظُلْمِهِمْ﴾ دووبارەو سێ بارە نەدەبوونەوە!

﴿حَتَّى ذَاقُوا بَأْسَنَا﴾ ئەو گەلو نەتەوە بەدبەختانە بەردەوام بوون لەسەر

بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکانیان هەتا سزای پڕاوپڕی سەرپێچی کردنەکانیانمان بەسەردا رشتنو تۆڵەمان لێ ستاندن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کافر بوونو حەرام کردنی حەلاڵو حەلاڵ کردنی حەرام بە ویستو ئیرادەی خۆیان بووەو دەیانتوانی وانەکەن! هەرچەندە پەروەردگار دەیتوانی هەڵوێستیان بگۆڕێ بەم جۆرە بیروباوەڕی راستو دروستی بخستایە دڵیانەوەو لەمپەڕی دروستبکردایە لە نێوان ئەوانو کوفردا! بەلام ئەو هەڵوێستەشیان هەر بە ویستی خودایە، چونکە هیچ شتێک لە بوونەوەردا بە بێ ویستو ئیرادەی خودا نایەتەدی.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکا کە داوای بەڵگەی عەقڵیو زانستی لەسەر بیروبۆچوونەکانیان بخەنە روو دەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! بەو موشریکانە بڵێ: ﴿هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا؟﴾ ئایا لای ئێوە زانیاریو بەڵگەیەکی واهەیە کە بتوانن پشتی پێ ببەستن بۆ چەسپاندنی بیرو باوەڕەکەتان؟ ئەگەر لاتان هەیە دە بیخەنە روو پیشانمان بدەن با بزانین چۆنە!!

ئەم پرسیار لێکردنە بۆ گاڵتە پێکردنەو ئەوە دەگەیەنێ مەحاڵە ئەو بیرو باوەڕەی ئەوان بەڵگەی زانستی پشتگیری لێ بکا، لە هەمان کاتدا سەرزەنشتو لۆمە کردنیانە لەسەر ئەو جۆرە بۆچوونو گومانەیان، ئاشکرایە کە هیچ بەڵگەی زانیارییان بە دەستەوە نییەو ناتوانن هیچ بنەمایەکی زانستی بۆ بیروباوەڕەکەیان بدۆزنەوە، کەوابێ پێیان بڵێ: ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلاَّ تَخْرُصُونَ﴾ ئێوە دەربارەی ئەم بیرو باوەڕە پووچەی هەتانەو لەسەر ئەم هەڵوێستە ناشیرینانەی دەیاننوێنن هیچ بەڵگەیەکی زانستیو ئایینیتان بە دەستەوە نییە، جگە لەوەی شوێن گومان کەوتوونو بە دەم قسە فڕێ دەدەنو شوێن خەیاڵپلاوو بیروبڕوای گەندەڵ کەوتوونو بەدەم خوداوە درۆ هەڵدەبەستنو داواکەتان بێ بنچو بناوانەو بێ بەڵگەو دەلیلە! هیچتان بە دەستەوە نییە.

ئەمجار کە بەم شێوە دەم کوتت کردنو سەرشۆڕو دەسەوەسان کەوتنو

هیچ بەڵگەیەکیان پێ نەبوو ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! بەو موشریکە نەفامانە بڵێ: ﴿فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ﴾ بەڵگەی تەواوو بەهێزو بێ وێنە لەسەر چەسپاندنی راستیو پووچەڵ کردنەوەی بەتاڵ هەر بۆ خودایە، هەرکە ویستی حەق بچەسپێنیو بە تاڵ ترۆ بکا بنەمای بیروباوەڕی راست دابمەزرێنێ، ئەحکامی راستو پتەو دابڕێژێ بە ئەو پەڕی رێکو پێکی ئەنجامیان دەدا، هەموو بیرو بۆچوونەکانی ئەوان بە بەڵگەو نیشانەی پتەوو زانست ئامێزەوە هەڵدەوەشێنێتەوە ﴿فَلَوْ شَآءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ ئەگەر خودا بیویستایەئێوە کافر نەبن ئەیخستنە سەر رێگای راستو بە زۆر ئیمانی پێ دەهێنانو ناچاری دەکردن کە واز لە شەریک دانان بێنن، لە خۆتانەوە شت حەرامو حەڵاڵ نەکەن، هەموتانی هیدایەت دەدا، ئێستا کە وای نەکردووە، دیارە ئێوە بە مەیلو ئارەزووی خۆتان ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن؛ کەواتە جێگای خۆیەتی خودا داواتان لێ بکا واز لەو بیروباوەڕە پڕوپووچانە بێنن! چونکە ئێوە خاوەن ویستو ئیرادەی خۆتانن بە زۆر پێتان ناکرێو ناچار نین بۆ ئەنجام دانی.

ئەم ئایەتەو وێنەکانی بناغەی بیروباوەڕێکی ساغو دروست رادەگەیەنن... ئەوە روون دەکەنەوە کە ئادەمیزاد ئازادە لەو کردەوانەی بۆ خۆی هەڵیان دەبژێرێ، هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەسەر ئەم بیروباوەڕە بوونو، دوا ئەوانیش چین لە دوای چین موسوڵمانان ئەو بیروباوەڕەیان پەسەند کردووەو، هەڵیان بژاردووە هەر ئەم بیروباوەڕەش لەگەڵ ژیریو زانستدا گونجاوو ژیاوە!

ئاشکراشە کە ئێمە ئاگامان لە فەرمانو داواکراوەکانی پەروەردگار هەیە، فەرمانی پێ کردووین بە چاکەو جڵەوگیری لێ کردووین لە خراپە، رێگای راستو ناراستی بۆ روون کردووینەوە دەشزانین کە ئێمە لە کردەوەکانمان ئازادینو ناچار نەکراوین بە زۆرە ملێ پێمان ناکرێ! لە هەمان کاتدا ئاگامان لە مەیلو خواهیشی پەروەردگار نییە، نازانین ویستو ئیرادەی بە چیە، کە وابێ دەبێ هەوڵی شتێک بدەین کە ئەیزانینو ئازادین لە کردنیدا نەک خۆمان هەڵەوگیری ویستو ئیرادەی خودا بکەین کە بەهیچ جۆرێک نازانین چۆنەو چۆن نییە!!

بە هەرحاڵ پێویستە لە سەرمان هەمیشە لە خودا بپاڕێینەوە کە هیدایەتمان بداو بمانخاتە سەر ڕێگای ڕاستو خوا پەسەند!

ئەمجار فەرمان بە پێغەمبەری خۆی دەکا داوا لە موشریکەکان بکا شایەد بێنن لەسەر ڕاستی داواکانیان گەواهییان بۆ بدەن لەسەر ئەو حەرامکردنو حەڵاڵ کردنەی بانگەشەی بۆ دەکەنو دەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ﴿هَلُمَّ شُهَدَاءَكُمُ الَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ اللهَ حَرَّمَ هَٰذَا﴾ ئەو شایەتانە ئامادە بکەن کە بە ئاشکرا شایەتیتان بۆ دەدەن کە ئەو شتانەی پێتان وایە حەرامە، خودا لێی حەرام کردوون، دیارە شایەتیان دەست ناکەوێتو بێ بەڵگەو دەستەوەسان دەبن، ﴿فَإِنْ شَهِدُوا فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ﴾ ئەگەر وای دا بنێینو لە فەرزی مەحاڵدا شایەدیان هێنانو شایەتییان بۆ دان؛ ئەتۆ پێیان بڕوا مەکەو شایەتییەکەیان لێ وەرمەگرەو تەسلیمیان مەبە، بەڵکو دژیان بوەستەو بەر بەرەکانێیان بکەو هەوڵ بدە بۆڕیان بدە، چونکە دڵنیابە شایەتیدانەکەیان درۆو بوختانەو ئەوانە شایەتی درۆن! ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ ئەتۆ ئەی موحەممەد! بە هیچ شێوەیەک شوێن هەواو ئارەزوو بازی ئەو کەسانە مەکەوە کە نیشانەکانی تاکو تەنیایی خودا بە درۆ دەخەنەوەو بڕوایان بە پەروەردگاریەتی یەزدان نییەو بە خاوەنی بوونەوەری نازانن، پێیان وایە دەسەڵاتی یاسا داڕشتنو حەڵاڵ کردنو حەرام کردن تایبەت نیە بە خوداوە ﴿وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ﴾ هەروەها شوێن بیروباوەڕی ئەو نەفامانە مەکەوە کە دوا خەیاڵپلاوی خۆیان کەوتوونو بڕوایان بە هاتنی ڕۆژی قیامەت نییە، ئەوەندەیان بڕوا بە زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەت نیە کە ئەو بڕوایە پاڵیان پێوە بنێ کاتێ بەڵگەو دەلیلیان بۆ هێندرانەوە گوێی لێ رابگرن ﴿وَهُمْ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ ئەوانە شەریک بۆ خودای خۆیان دادەنێن، شتی تر دەکەن بە هاوتایو هێنانی خێرو لابردنی شەڕ وەپاڵ ئەو شەریکە دەدەن، وەکوو خودا دەسەڵاتی حیسابو لێکۆڵینەوەی قیامەتو تۆڵە ستاندنو پاداشدانەوەی بۆ دیاری دەکەن!

دە راسپاردە (الوصایا العشر)

﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُواْ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَالِكُمْ وَصَّاكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ وَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُواْ ذَالِكُمْ وَصَّاكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ وَأَنَّ هَاذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَالِكُمْ وَصَّاكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار خواردەمەنیـیە حەرامەکانی روون کردەوە، رەددی ئەو موشریکانەی دایەوە: کە لە خۆیانەوە شتێ خودا لێی حەرام نەکردوون لە خۆیان حەرام کردووە! ئەمجار بە شوێن ئەو حوکمە روون کردنەوەیەدا بنەمای شتە حەرامەکان-ماددی یان مەعنەوی کرداریێ یان گوفتاریێ- دیاری دەکا!

ئیبنو مەسعوود دەفەرموێ کەسێک دەیەوێ سەیری راسپاردە (وەسیەتە)کانی پێغەمبەرﷺ بکا ئەو وەسیەتنامانەی تا لە دونیا دەرچوو لە سەریان بوو با ئەم ئایەتانەی قورئان ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ﴾ تا

دەگاتە ﴿تَتَّقُونَ﴾ بخوێنێتەوە.

حاکم لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (اَیُّكُمْ یُبَایِعُنِي عَلَى ثَلاَثٍ؟) کێ‌پەیمانم دەداتێ لەسەر بەجێهێنانی وەسیەتنامەکانی سێ ئایەت؟ ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکانی خوێندەوە، ئەمجار فەرمووی: هەر کەسێ پابەند بێ پێیانەوە پاداشتی لای خودایە، کەسێک هەمووی جێ بە جێ نەکردن‌و لێی کەم کردنەوە، خودا لە دونیا پێی رشتەو سزای‌دا، ئەوە تۆڵەو عیقابە، ئەگەر بۆ قیامەت بۆی هەڵگرت ئەوە کاری ئەو لای پەروەردگارە؛ بیەوێ سزای دەداو بیەوێ لێی خۆش دەبێ.

﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ رَبُّكُمْ﴾ ئەی موحەممەد! بڵێ: بەو موشریکانەی غەیری خودا دەپەرستن، رزق‌و رۆژییەک خودا بۆی حەلاڵ کردوون بۆ لە خۆیانی حەرام دەکەن! لە ترسی هەژاری‌و سەرزەنشت‌و لۆمە کردن منداڵی خۆیان دەکوژن، بە ئارەزوو بە هەوانت‌و راسپاردەی شەیاتینی حەلاڵ حەرام دەکەن‌و حەرام حەلاڵ دەکەن پێیان بڵێ: وەرن بۆ لام لێم کۆببنەوە، بۆتان دەخوێنمەوە بۆتان دەگێڕمەوە، ئەو شتانەی خودا بە راستی لێی حەرام کردوون‌و فەرمانی داوە بە حەرام بوونیان‌و نیگای پێ ناردووە- نەک وەکوو ئێوە بە دەمبڕو گۆترە کاری-وەرن پێتان بڵێم‌و بۆتان روون بکەمەوە، چونکە هەر خودا مافی دارشتنی یاساو شەریعەتی هەیە، هەر ئەو بۆی هەیە شت حەرام بکاو شت حەلاڵ بکا، ئەمنیش پێغەمبەرو رەوانەکراوی ئەوم چی بۆ ناردووم پێتانی رادەگەیەنم، وەرن با ئەم دە وەسیەتنامەتان پێ رابگەیەنم پێنجیان بە شێوەی جڵەوگیری‌و پێنجیان بە شێوەی فەرمان .

بە تایبەتی باسی شتە حەرامەکانی کرد، هەرچەندە وەسیەتەکان گشتی ترن چونکە دیاری‌کردنی شتە حەرامەکان ئەوە دەگەیەنێ کە جگە لەوان ئەوانی تر حەلاڵن.

١- سەرەتا بە جڵەوگیری کردن لە هاوەڵدانان بۆ خودا دەست پێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿أَلَّا تُشْرِكُوا بِاللهِ شَيْئًا﴾ ئامۆژگاریتان دەکا کە هیچ کەسێک‌و

هیچ شتێك نەكەنە هاوەڵی خودا، با ئەو شتە لە بارەی قەبارەوە گەورەبێ؛ وەكوو مانگو خۆرو ئەستێرەی كاكەشان بی، یان لە بارەی رێزو نرخەوە بەرزوپیرۆز بێ وەكوو فریشتەو پێغەمبەرانو پیاوچاكان، چونكە ئەوانە هەموویان دروست كراوی خودانو بەندەی خودان، وەكوو دەفەرموێ: ﴿إِنْ كُلُّ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلاَّ آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا﴾مریم/٩٣. ئەی كۆمەڵی ئادەمیزاد پێویستە پەرستنو بەندایەتی تایبەت بكەن بە پەروەردگارەوەو بەس! واز لە پەرستنو بەندایەتیكردنی هەموو شتێك بێنن.

٢- چاكەكردن لەگەڵ باوكو دایكدا ﴿وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ واتە: چاكە لەگەڵ باوكو دایكتان دا بكەن بەدڵو بەگیان خزمەتیان بكەنو گوێ رادێری فەرمانەكانیان بن، بەمەرجێك فەرمانەكانیان دژی ئایین نەبێ .

زۆرجار لەقورئاندا پەروەردگار بەندایەتیكردن بۆ زاتی پاكی خۆیو چاكەكردن لەگەڵ دایكو باوكدا بەیەكەوە باس دەكا: چونكە پەروەردگار بۆ خۆی سەرچاوەی دروستكردنی ئادەمیزادو رزقو رۆژی دەریەتی، باوكو دایكیش هۆكاری ئەو پەیدا بوونو بەخێوكردنو پارێزگاری كردنەن، ئەوەتا دەفەرموێ : ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾الاسراء/٢٣ یان دەفەرموێ: ﴿أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ﴾لقمان/١٤. بۆیە ئەزیەتدانی باكو دایك لە تاوانە گەورەكانە چاكە كردنیش لەگەڵیاندا لە كردەوە چاكەكانە.

بوخاریو موسلیم لە عەبدوڵلای كوڕی مەسعوودەوە دەگێرنەوە دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەری خودا كرد؛ وتم: چ كردەوەیەك باشە بیكەم؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی نوێژكردن لە كاتی خۆیدا، وتم دوای نوێژ چ كارێك باشە بیكەم؟ فەرمووی: چاكە كردن لەگەڵ باوكو دایكدا، گوتم پاشان چی؟ فەرمووی: جیهادو تێكۆشان لە پێناو ئایینی خودادا.

چاكە كردن لەگەڵ باوكو دایكدا ئەوەیە: مامەڵەیان لەگەڵدا بكەی مامەڵە كردنێكی دڵسۆزانەو هەڵقوڵاو لە سۆزو خۆشەویستییەوەبێ، نەك بە زۆرو لە ترسان بێ!

ئیتر کوڕ چۆن لەگەڵ باوکو دایکیدا هەڵسو کەوت بکا، منداڵەکانی ئەویش ئاوا هەڵسو کەوتی لەگەڵدا دەکەن، تەنانەت با پاش ماوەیەکیش بێ.

طەبەرانی لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (بِرُّوا آبَاءَكُمْ تَبَرُّكُمْ أَبْنَاؤُكُمْ، وَعِفُّوا تَعِفَّ نِسَائُكُمْ) چاکە لەگەڵ باوکو دایکتان بکەن، منداڵەکانتان چاکە لەگەڵ ئێوە دەکەن، داوێن پاک بن لەگەڵ ئافرەتانی خەڵکدا، ئافرەتانی ئێوە داوێن پاک دەبن.

٣- کچ زیندەبەچاڵ کردن یاساغە...! لەم رووەوە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ﴾ لەوەپێش یەزدان وەسیەتی بۆ کردین؛ کە چاکە لەگەڵ باوکو دایکو باپیرو نەنکدا بکەین، ئەمجار گەڕایەوە فەرمانی کرد بە باوکو دایک کە چاکە لەگەڵ منداڵ بکرێو فەرمووی: بەشێک لەو وەسیەتو فەرمانو ئامۆژگارییانەی کە خودا ئاراستەی ئێوەی کردووە، ئەوەیە: کە لە ترسی هەژاری یان شتی تر منداڵی خۆتان لە ناو نەبەن، چونکە ﴿نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ﴾ ئێمە رزقو رۆژی ئێوەو ئەوانیش دەدەین، رۆژی ئەوان بە هۆی ئێوەوە دابین دەکەین، نە لە هەژاری ئێستاو نە لە هەژاری داهاتوو مەترسن- سەری بێ رۆژی لە ژێر گڵەوەیە- پەروەردگار بۆ خۆی بەر عۆدەی رزقو رۆژی بەندەکانی بووە، نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتیکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ، إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْأً كَبِيرًا﴾الاسراء/٣١.

جوداوازی نێوان ئەم دوو تەعبیرە ئەوەیە: تەعبیری سوورەتی (ئەنعام) مەبەستی جڵەوگیری کردنە لە کوشتنی منداڵ لەبەر هەژاری دەرحاڵو هەبوو؛ بۆیە رزقو رۆژی باوکەکانی پێش خست، چونکە ئەمان گرنگن، لەم رووەوە کە هەژارییەکە لە گۆڕێدایە، بەلام لە تەعبیری سوورەتی (ئیسرا)دا مەبەست ئەوەیە: داوا دەکا کە باوکەکان منداڵەکانیان نەکوژن لە ترسی هەژارییەک کە چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا بێتە گۆڕێ، بۆیە رزقو رۆژی منداڵەکانی پێش خست لەبەر گرنگی پێدان بەوان، واتە: لە هەژاری داهاتوو مەترسن بە هۆی رزقو رۆژی منداڵەکانتان! ئایەتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە پارێزگاری

رەچەڵەکی ئادەمیزاد زەروریو پێویستە، لەم رووەوە کە ئەزیەتدانی وەچە بۆ بنەچەو ئەزیەتدانی بنەچە بۆ وەچەی یاساغ کردووە، چاودێری کردنی هەریەکەیانی بۆ ئەوی تریانی بە پێویست داناوە، هەروەکوو چۆن لە ئامۆژگاری پێنجەمدا لە ناو بردنی نەفسی ئادەمی حەرام کردووە.

٤- ئەنجامدانی هەموو تاوانێ حەرامەو پێویستە خۆی لێ بپارێزین وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ هەرگیز نزیکێ تاوانی فاحیشە مەبنەوە، فاحیشە بە تاوانێک دەگوترێ: گوناهەکەی گەورەبێ؛ جا کرداربێ یان گوفتاربێ وەکوو زیناو بوختانکردن بە ئافرەتی داوێن پاکی بێ ئاگا، جا زیناکردنەکە بە ئاشکرابێ یان بە نهێنیبێ.

عەرەبەکان لە سەردەمی نەزانیی‌اندا زینا کردنی نهێنییان بە لاوە ئاسایی بوو، بەڵام زینا کردنی بە ئاشکرایان بە لاوە کارێکی خراپ بوو، ئیتر پەروەردگار هەردوو جۆرەکەی یاساغ کردن، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿قَالَ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ، وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ...﴾الاعراف/٣٣.

برێک پێیان وایە: تاوانی ظاهیر ئەو تاوانەیە بە ئەندامە ظاهیرییەکانی جەستە ئەنجام بدرێ، تاوانی (باطن) ئەو تاوانانەیە کە پەیوەندی بە دەروونەوە هەیە، وەکوو حەسوودیو خۆبەزلزانی.

ئیبنو حەییانی ئەنصاری لە عیکریمەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: مەبەست بە (ما ظهر منها) ستەم کردنە لە ئادەمیزادان (وما بطن) مەبەست زینا کردنو دزیکردنە، چونکە بە رواڵەت تاوانکار بە دزییەوە ئەم جۆرە تاوانانە ئەنجام دەدا!!

٥- لە ناوبردنی نەفسی ئادەمیزاد بە نارەوا!

دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ بە هیچ جۆرێک ئەو نەفسەی خودا کوشتنی حەرام کردووەبە هۆی ئیسلامەتییەوە یان بە هۆی وادەو پەیمانەوە وەکوو ئەهلی کیتاب کە لە ناو ئێمەدا نیشتەجێنو لە زیممەی ئێمەدان مەیکوژن، مەگەر شیاوی کوشتن بێ، بەم رەنگە بکوژێ

بە ناڕەوا کەسێکی کوشتبێ یان موحصەن بێو زینای کردبێ، یان لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە.

جا هەرچەندە تاوانی کوشتن دەچێتە خانەی فاحیشەوەو جڵەوگیرییەکە ئەمیش دەگرێتەوە، بەڵام بۆیە بەتایبەتی باسی کرد بۆ زێدە گرنگی پێدانو جەخت کردن لەسەر ئەوە کە تاوانێکی هەندە گەورەیە پێویستە بە هیچ جۆرێ توخنی نەکەون.

کە دەفەرموێ: ﴿إلا بالحق﴾ ئاماژەیە بۆ ئەوە: کە کوشتنی ئادەمیزاد جاری وا دەبێ ڕەوایە، وەکوو ئەوە کابرا تاوانێک بکا شیاوی کوشتن بێ؛ وەکوو پێغەمبەرﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێ: (لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِأُمُورٍ ثَلَاثَةٍ: كُفْرٌ بَعْدَ إِيمَانٍ، وَزِنًا بَعْدَ إِحْصَانٍ، وَ قَتْلُ نَفْسٍ بِغَيْرِ حَقٍّ) واتە: کوشتنو ڕشتنی خوێنی موسوڵمان حەڵاڵ نیە مەگەر بە سێشت نەبێ: کافر بوونو هەڵگەڕانەوە لە ئایین، زیناکردنی پیاو کە ژنی هێنابێ یان ئافرەت شووی کردبێ، کوشتنی ئادەمیزادێک بە ناڕەوا، هەرکەسێک تاوانێک لەم سێ تاوانەی لێ ڕوودرا، کوشتنی ڕەوایە.

بە کورتیو پوختی کوشتنی ئادەمیزاد بە شێوەیەکی ڕەوا ئەوە فەرمانی پەروەردگارە بە کوشتنەوەی بکوژو بەردەباران کردنی زیناکەری موحصەن تا گیانی دەردەچێ!

موسلیمو بوخاری لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە(ر) لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصِمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّ الْإِسْلَامِ وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ) فەرمانم پێ کراوە کە شەڕ لەگەڵ ئادەمیزادان بکەم تا شایەتی دەدەن: کە جگە لە پەروەردگار هیچ خودای تر نینو (محمد) پێغەمبەرو ڕەوانە کراوی خودایە، نوێژەکانیان بە ڕێکو پێکی ئەنجام بدەن، زەکاتی ماڵو سامانی خۆیان دەربکەن، کە ئەوەیان کرد، ماڵو گیانیان لە من دەپارێزن، مەگەر حەقی ئیسلامیان بکەوێتە سەرێ، حیسابو

لێکۆڵینەوەشیان لەسەر پەروەردگارە، واتە: هەر کەسێ بە رواڵەت ئاوای کرد بە موسوڵمان حسێب دەکرێ.. جا ئەو بە دڵ موسوڵمان بووە یان بە نا بەدڵی و دووڕوویی ئەوە خوا دەزانێو ئەو حیسابی لەگەڵ دەکا!

ئەم گرنگی پێدانو نەی کردنە لە مرۆڤ کوشتن، لەبەر ئەوەیە کوشتن تاوانێکی گەلێ گەورەو سامناکە، دەست درێژی یەکی فرە دژوارە لە مافی مرۆڤایەتیدا، دەست درێژی کردنە بۆ سەر دروستکراویخودا کە بە دەستی قودرەت نەخشو نیگاری کێشاوەو لە جوانترین شێوەدا تانو پۆی لێک داوە. ﴿ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ ئەو کارە یاساغکراوانە لێتان لەو کارانەن کە خودا ئامۆژگاریتان دەکا بەوەی لێی دوور بکەونەوەو فەرمانو جڵەوگیری یەکانی خودا وەربگرن، بەو جۆرە ئامۆژگاریو وەسییەت کردنە بۆتان پەروەردەتان دەکا، بۆ ئەوەی راستاڵو هۆشمەندبن، بەرژەوەندی خۆتان بزانن، ئەوەی فەرمانی پێ کردوون ئەنجامی بدەن ئەوەی جڵەوگیری لێ کردوون توخنی نەکەون.

٦- پارێزگاری ماڵی هەتیو. وەسیەتو ئامۆژگاری شەشەم پاراستنی ماڵی هەتیوە.. دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ بە هیچ جۆرێک توخنی ماڵی هەتیو مەکەونو لێی نزیک مەبنەوە، هیچ ئەندازەیەک لە ماڵو سامانی ئەو هەتیوانەی لە ژێر سەرپەرشتیکاری ئێوەدان هەڵمەگرن، دەسکاری ماڵو دارایییان مەکەن، مەگەر بە شێوەیەک بێ کە سوودو قازانجی بۆ ئەوان تێدابێ، وەکوو ئەوە ماڵەکەیان بخەنە بازرگانییەوەو گەشەی پێ بدرێو لە لەناوچوون بپارێزرێو بە گوێرەی پێویست لە قازانجی ماڵەکەیان بژێویان بۆ دابین بکرێ. وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا﴾النساء/١٠.

جڵەوگیری کردن لە نزیک کەوتنەوە لە شتێک بەو ئوسلوبە قورئانییە بەلاغەتێکی زۆری تێدایە، چونکە جڵەوگیری بەو شێوەیە جڵەوگیرییە لەو هۆکارو وەسیلانەی کە سەر دەکێشن بۆ خودی شتەکە، وەکوو ئەوە لە کاتی بازرگانی کردن بە ماڵی هەتیوەکە، یان رەدام هێنانی کشتو کاڵی هەتیوەکە

شتێکی لێ بخوا، بێگومان پەروەردگار جڵەوگیرییەکی تۆکمەی لە خواردنی ماڵی هەتیو کردووە، مەگەر لەبەر نا عیلاجیو پێویستیاتی زۆر شتێکی لێ بخوا، ئەمە دروستە بەڵام بە مەرجێک زێدەڕەوی تێدا نەکا وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَنْ يَكْبَرُوا، وَمَنْ كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ، وَمَنْ كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ﴾النساء/٦.

هەڵبەتە جڵەوگیری کردن لە نزیک کەوتنەوە لە ماڵی هەتیو بەردەوام دەبێ﴿حتي يبلغ أشده﴾ هەتا ئەو هەتیوە پێ دەگاو ڕەسیدە دەبێو لە ریزی پیاوان دەژمێردرێ، مەلەکەی عەقڵوهۆشی کامڵ دەبێو دەتوانێ بە ڕێکو پێکی سەرپەرشتی ماڵو سامانی خۆی بکاو گەشەی پێ بکا، بۆیە شەعبیو مالیکو کۆمەڵێک لە زانایانی سەلەف رستەی ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُ﴾ یان بە (حتى يحتلم) مانا کردووە، واتە: هەتا ئیحتیلامی دەبێ، کاتی ئیحتیلام بوونیش بە عادەت لە نێوان تەمەنی پانزە ساڵیو هەژدە ساڵیدایە، هەرکاتێ هەتیو گەیشتنە ئەو تەمەنەو دیاردەی پیاوەتیو هۆشمەندیو زیرەکی لێ دەرکەوت ئەو کاتە ماڵو سامانەکەی خۆی دەدرێتەوە وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ﴾النساء/٦.

٧–٨– ڕەسیەتی شەشەمو حەوتەم کێشانەو پێوانەی تەواو لە کاتی کڕینو فرۆشتندایە دەفەرموێ: ﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ﴾ ئەگەر شتی پێوانەکراوو کێشانەکراوتان فرۆشت بە خەڵک بە تەواوەتی بۆیان پێوانەو کێشانە بکەن، کەمو کوڕی تێدا مەکەن، ئەگەر ئەو شتانەتان کڕین لە کاتی پێوانەو کێشانە کردندا زیادەی مەخەنە سەرێ بە کورتی چ بفرۆشن چ بکڕن لە پێوانەو کێشانەدا زیادەو کەمی تێدا مەکەن! بەڵکو دادپەروەرانە کار بکەنو تەرازوو بازییو حوقەبازیی مەکەن، بە گوێرەی توانا وریابن ڕبەو قسناغو ئامێری پێوانەو کێشانەتان کەمو کوڕی تێدا نەبێ بە ئەنقەست فرتو فێڵو تەڵەکە بازی مەکەن ﴿لَا يُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ پەروەردگار لە هیچ

کەسێك زیاد لە توانای خۆی ئەرکی ناخاتە سەرێ، جا ئەگەر کەسێك لە کاتی پێوانەو کێشانەدا هەڵەی کردو کەمی دا، یان زیادی وەرگرت، ئەوە تانبار نابێ هەر کاتێ هەستی کرد دەبێ هەڵەکەی راست بکاتەوە!

ئاشکرایە تەرازووبازیی‌و فرتو فێڵ لە کێشانەو پێوانەدا تاوانێکی فرە گەورەیەو پەروەردگار هەڕەشەی سامناکی لە ئەنجامدەرانی کردووە، سەرنجامی بەدبەختی‌و چارەرەشی دەخاتەوەو فەسادو ئاژاوە لە ولاتدا بەرپا دەبێ! ئەوەتا: قورئان لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ، اَلَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾المطففين/١-٣.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار لەسەر زوبانی حەزرەتی شوعەیب ئاوا ئاکامی تەرازووبازی‌و فرتو فێڵ لە کێشانەو پێوانەدا روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَيَا قَوْمِ أَوْفُوا ٱلْمِكْيَالَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾هود/٨٥. کە وابێ بێبایەخ کردن‌و شکاندنی کالای خەڵك دەچێتە خانەی تەرازووبازی‌و حوققە بازیەوە! بەشێکە لە هۆکارەکانی ئاژاوەنانەوەو فەسادی کردن لە زەویدا.

٩- دادپەروەری لە قسەو بڕیاردا. وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾ ئەی گرۆهی موسوڵمانان! کە شایەتیتاندا یان بڕیارو حوکمتان دەرکرد، دادپەروەرانە ئەنجامی بدەن، با ئەو کەسەی شایەتی‌یەکەی لە دژ دەدەن یان بڕیاری دژ دەردەکەن خزم‌و خوێشیش بێ، چونکە هەر رێگەی دادپەروەری‌یە کاروباری ولات رێك دەخرێ‌و ئاسایش بەرپا دەبێ‌و دانیشتوان مافیان پێشێل ناکرێ، تاکو کۆمەڵ ئۆخەی لە گیانی خۆیان دەکەن! دادپەروەری بناغەی فەرمانڕەوایی‌یە کۆڵەکەی ئاشتی‌و ئاوەدانی‌یە، ژیان لەسایەی عەدالەت‌و دادپەروەری‌دا بەهەشتی جاویدانی‌یە، هەر ولاتێك دادپەروەری تێدا بەرقەرار نەبێ دۆزەخێکی پڕ خەم‌و زوخاوە! بۆیە پەروەردگار لە چەند ئایەتدا بانگەوازی ئادەمیزاد دەکاو هەڵیان دەنێ کە هەمیشە هەوڵ بدەن، عەدالەت بەرقەرار بکەن‌و حوکم‌و بڕیاریان لە

چواچێوەی دادپەروەریدا ئەنجام بدەن بە کورتی وەکوچۆن پێویستە لە کێشانەو پێوانەدا-کە کردار ئامێزە- بە عەدالەت ئیش بکەن لە شتی گوفتار ئامێزیشدا-کە شایەتیو بڕیاردەرکردن بە شێکن لیی-دەبێت دادپەروەریئەنجام بدەن!! وەکوو دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ، شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾النساء/١٣٥.

١٠- وەفا بە وادەو بەڵێنو پابەند بوون پێیانەوە! ئەمە یەکێکە لە وسیەتەکانی کە پەروەردگار ئاماژەی ئادەمیزادی کردووەو دەفەرموێ: ﴿وَبِعَهْدِ اللهِ أَوْفُوا﴾ وەفا بە عەهدو پەیمانی خودا بکەن، ئەو شتانەی فەرمانی پێ کردوون، ئەنجامیان بدەن، ئەوەی جڵەوگیری لیّ کردوون توخنی مەکەون، بە گوێرەی نامەی خودا کە قورئانە کار بکەن، سوننەتی پێغەمبەرﷺ پەیڕەو بکەن، هەروەها سروشتی پاکو عەقڵی ساغ بەکار بێنن، ئەم رستەیە لە ئایەتەکەدا هەموو وادەو بەڵێنەکان دەگرێتەوە: چ ئەو عەهدو پەیمانەی کە ئادەمیزاد لەگەڵ پەروەردگار کردوویانە وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ﴾النحل/٩١. یان ئەو عەهدو پەیمانەی کە ئادەمیزاد لە ناوخۆیاندا دەیکەن وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا﴾البقرة/١٧٧.

ئەمجار پێش کۆتایی هێنان بە وەسیەتو ئامۆژگارییەکان دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ ئەو شتانەی باس کران؛ ئەو شتانەن کە ئامۆژگاری پێ کردوون، بەڵکو پەندیان لیّ وەربگرن بیربکەنەوە تەمبێ ببن، واز لەو کردارو گوفتارە خراپانەتان بێنن کە لەوەپێش ئەنجامتان داون، با ئێوە لە ناو خۆتاندا ئەو وەسیەتو ئامۆژگارییانەی کە خودا ئاراستەی کردوون بیر یەکتری بخەنەوە، ئامۆژگاری یەکتری پێ بکەن وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾العصر/٣. ئەمجار کۆتایی وەسیەتو ئامۆژگارییەکان بەوە دەهێنێ کە ئەم رێبازی ئیسلامە پەیڕەوو پرۆگرامێکی راستو دروستو

پتەوەن رێبازی خودا پەسندو بە مرازگەیشتنەو دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ﴾ جا لەبەر ئەوەی هەر ئەمە رێبازی خودا پەسەندو راستو دروستەو رێگای حەق هەر ئەمەیە شوێن ئەو رێبازە بکەونو بە موو لێی لامەدەن، ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾ نەچن شوێن رێبازە جیاجیاکانی ئەمو ئەو بکەون؛ رێبازە گومڕاییەکانو قۆرتو پێچ پێچەکان، کە لە ئاکامدا سەرتان پێ دەکێشێ بۆ پەرتەوازەبوونو دووبەرکیو لادان لە رێبازی ئایینی ئیسلامو بەرنامەو پرۆگرامە نموونەیییەکەی!

ئیبنو عەبباس لە راڤە کردنی ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ﴾دا دەفەرموێ: پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کردکە لە ناو خۆیاندا تەبابنو یەکیەتی ریزەکانی خۆیان بپارێزنو پەرتەوازە نەبن، دوو بەرەکیو ئاژاوە نەخەنە نێوان خۆیانەوە، ئەوەشی پێ راگەیاندن کە گەلو نەتەوەکانی پێشوو بە هۆی دوو بەرەکیو کێشەو را جیایی لە ئایینەدا تووشی فەلاکەتو لە ناوچوون بوون!!

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەگێڕێتەوە، دەڵێ: رۆژێک پێغەمبەرﷺ بە دەستی موبارەکی خەتێکی راستی کێشا، پاشان فەرمووی: ئەمە رێگای راستی پەروەردگارە، ئەمجار لە لای راستو چەپی هێڵەکەوە خەتی کێشان، ئەمجار فەرمووی: ئەم رێگایانە هەموویان رێگای گومڕایین؛ ریچکەیەک نیە شەیتانێکی بەسەرەوە نەبێو بانگەوازی ئادەمیزادی بۆ نەکا، ئەمجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ...﴾.

ئیمامی ئەحمەدو تیرمیذیو نەسائی لە نەوواسی کوڕی سەمعانەوە کە لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: پەروەردگار بە نموونەو مەثەل باسی رێگای راستی کردووە، فەرموویەتی: لە هەردوو قەراخی رێگاکە دوو شورە هەن، دەرگای کراوەیان تێدان، دەرگاکان پەردەیان پێوەن پەردەکانیان دادراوەتەوە، لەسەردەرگای هەر رێبازێک لەو رێبازانە بانگەوازکەرێک هەیە؛ بانگ دەکا دەڵێ: خەڵکینە! وەرن بۆ سەر ئەم رێبازە راستەو هەمووتان پێیدا برۆنو پەرتەوازە مەبن، بانگەوازیکەرێکی تریش لە ژوور رێگاکەوە بانگ دەکا: ئەگەر یەکێک بیەوێ دەرگایەک لەو دەرگایانە بکاتەوە پێی دەڵێ:

کوڕە! نەکەی! دەخیلت بم! تۆ ئەو دەرگایە بکەیەوە کێشت ئەکا... ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ڕێگا ڕاستەکە ئیسلامە، شوورەکان پەرژینو سنورەکانی خودان، دەرگا کراوەکان شتە حەرامەکانن، بانگەوازیکەری سەر ڕێگاکە قورئانی خودایە، بانگەوازیکەری ژوور ڕێگاکە ئامۆژگاریکردنی خودایە کە لە دڵی هەموو موسوڵمانێکدا هەیە!

بۆچی تەوراتو قورئان نێردراون

ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ أَن تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلْكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَٰفِلِينَ ﴿١٥٦﴾ أَوْ تَقُولُوا۟ لَوْ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ۚ فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ ۚ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا ۗ سَنَجْزِى ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ ﴿١٥٧﴾

دوای ئەوەی یەزدانی مەزن لە ئایەتەکانی پێشوودا (دە) وەسیەتو هەندێ ئامۆژگاری ڕاگەیاندو ئادەمیزادانی هەڵنان بۆ پابەندبوون پێیانەوە هۆی ناردنی تەورات بۆ حەزرەتی (موسا)مان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چونکە تەورات لای موشریکەکانی عەرەب ناوبانگی هەبوو، زۆر باسو خواسیان دەربارەی بیستبوو، ئەمجار پلەو پایەی قورئانمان بۆ باس دەکاو پێمان دەفەرموێ: کە قورئان کتێبی هیدایەتو ڕەهنومایی‌کردنە، پێویستە بیکەینە پەیڕەوو پرۆگرامی خۆمانو پابەندی فەرمانو جڵەوگیریو ئامۆژگاریەکانی

بین، بڕوبیانوی موشریکەکانی رەت کردەوە کە گەردنکەچی فەرمانی نەدەبوون، ئەوەی چەسپاند کە بڕوبیانوەکانیان بە کەڵکی عوزر خواهی نایەنو بۆ ئەوە ناشیەن بیانکەنە عوزر بۆ پابەند نەبوونیانو دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾.

زانایانی تەفسیر دەفەرموون لێرەدا لە پێش ئایەتەکەدا وشەی ﴿قُلْ﴾ مەزندە دەکرێ، واتە: ئەی موحەممەد! بەو خەڵکە بڵێ: ئێمە نامەی تەوراتمان بە موسا بەخشیوە! ئایەتەکەی ئێرە بە وشەی ﴿ثُمَّ﴾ عەطف کراوەتەوە بۆ سەر سەرەتای ئایەتی وەسیەتنامەکان، واتە: پێیان بڵێ: گەورەتر لەو (دە) وەسیەتە ئەوەیە: کە ئێمە نامەی تەوراتمان بە مووسا بەخشیوە؛ کە وابێ کۆی ئەو قسانەی کە پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکا بە خەڵکەکەی بڵێ: بریتین لەمانە ﴿قُلْ تَعَالَوْا...﴾ وەرن ئەوەی خودا لێی یاساغ کردوون بۆتان بخوێنمەوەو پێتان بڵێم: خودا وەسیەتی بۆ کردوون کە فلان شتو فلان شت بکەن، فلان شتو فلان شت نەکەن! ئەمجار پێیان بڵێو فێریان بکە: کە ئێمە کتێبمان بە موسا بەخشیوە؛ تەوراتمان بۆ ناردووە، ئەمجار هەواڵیان بدەرێ بەو نیگایەی بۆ تۆ هاتووەو بەو نیگایەی بۆ مووسامان ناردووە.

بێگومان زۆرجار باسی تەورات لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، چونکە تەورات-زیاتر لە ئینجیل و زەبوور- لە قورئان دەچێ، لەم رووەوە کە وەکوو قورئان هەموو حوکمێکی تەشریعی لە خۆ گرتووەو هەریەکەیان لە تەوراتو قورئان حوکمو یاساو شەریعەتێکی تەواون، بە پێچەوانەی ئینجیل کە بریتی‌یە لە پەندو ئامۆژگاریو مێژوو، زەبووریش ناوەڕۆکەکەی بریتی‌یە لە لاواندنەوەو پیاهەڵدانو تەنانەت زۆربەی عاقڵمەندانی عەرەب ئاواتە خوازی ئەوەبوون کە نامەیەکی وەکوو تەوراتیان هەبێو دەیانگوت: ئەگەر ئێمە نامەیەکی ئاوامان بۆ بێ زۆر باشتر لە جولەکەکان پابەندی ناوەڕۆکی دەبووینو سوودمان لێ دەبینی، چونکە پێیان وابوو: ئەوان لە جولەکە زیرەکترو عاقڵترو تێگەیشتووترن.

جا کە لە ئایەتی پێشوودا باسی قورئانی کردو فەرمووی: ﴿وأنَّ هَـذاَ صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ﴾ ئەمجار گەڕایەوە بۆ سەر تەوراتو مەدحی کردو فەرمووی: ﴿ثم آتينا موسى الكتاب﴾. هەروەکوو زۆرجاری تر کە باسی تەورات دەکا دوابەدوای ئەو باسی قورئانیش دەکا وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَى إِمَامًا وَرَحْمَة، وَهَـذَا كِتَابٌ مُصَدِّقٌ لِسَانًا عَرَبِيًّا﴾الاحقاف/١٢. یان لەسەرەتای ئەم سوورەتەدا کە فەرمووی: ﴿قُلْ مَنْ أَنْزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جآءَ بِهِ مُوسَى نُورًا وَهُدًى لِلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تَبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا﴾.

ئەو (دە) ئامۆژگارییەی کە لە سێ ئایەتەکانی پێشوودا باسی کردنو نموونەیان لە سوورەتی (الاسراء)دا دووبارە بۆتەوە یەکەم ئایەت بوون کە پێش ئەحکامی عیباداتو موعامەلات لە مەککە هاتوونە خوارێ، هەروەها ئەم ئامۆژگارییانە یەکەم شت بوون کە: بۆ موسا نێردراونو بنەمای ئایینەکەی بوون، هەروەکو چۆن بنەمای هەموو ئایینە ئاسمانی‌یەکانو لەسەر زوبانی پێغەمبەران راگەیەندراون، وەکوو دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ، وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلاَ تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾الشورى/١٣. ئەو ئەندازە هاوبەشەی کە پەروەردگار وەسییەتی بۆ پێغەمبەران کردووە کە بە گەلو نەتەوەکانیانی رابگەیەنن بریتی بووە لە یەکتاپەرستیو پابەندبوون بە ئەخلاقو رەوشتی جوانو دوور کەوتنەوە لە فاحیشەو کاری نابەجێ!

﴿تَمَامًا عَلَى الَّذِي أَحْسَنَ﴾ واتە: ئێمە تەوراتمان بە موسا بەخشی بۆ تەوەی نیعمەتو بەهرەمەندیو رێزو نرخ تەواو بکەین بۆ ئەو کەسەی کە بەباشی پابەندی رێنموونی‌یەکانی بێو پەیڕەوی فەرمایشتەکانی بکا، بە هیدایەتو ئامۆژگارییەکانی بەختەوەری بە دەست بێنێ، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا﴾الانبياء/٧٣.

دەشبێ مانای ﴿تَمَامًا عَلَى الَّذِي أَحْسَنَ﴾ لە ئایەتەکەدا بەم جۆرەبێ:

ئێمە کتێبی تەوراتمان بە موسا بەخشی بە تەواوی‌و بێ کەم‌و کوڕی، هەرچی ئادەمیزادانی ئەو ڕۆژگارە لە بارەی تەشریعەوە پێویستیان پێ بووبێ تێیدا بوو، لە جوانترین شێوەی کتێبدا ڕەنگی دابووەوە! باشترین ڕێبازو شێوەی لە خۆ گرتبوو، بەڵام ئەوەی ئەم مانایە بە نەگونجاو دادەنێ ئەم ڕستەی دواوەیەتی کە دەفەرموێ: ﴿وَتَفْصِيلاً لِكُلِّ شَيْءٍ﴾ واتە: ئێمە ئەو کتێبەمان پێ بەخشی کە بۆمان ناردبوو تەواوو کامڵ بوو هەرچی خەڵک پێویستیان پێ بوو دەربارەی شەریعەت تێ‌یدا بوو! جا کەمانای ڕستەی پێشوو بەو جۆرە بکەین لەگەڵ ڕستەی دواییدا دووبارە بوونەوەی تێدا دێتە جێ؛ بۆیە ئەومانا دووەمە بە نەگونجاو دێتە بەرچاو.

﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾ ئەو کتێبەی ئێمە دابوومان بە مووسا کتێبی شارەزایی کردن بوو بۆ ڕێگای حەق‌و ڕاستی؛ هۆی ڕەحمەت‌و کامەرانی بوو بۆ کەسێک پەیڕەوی بکردایەو پابەندی فەرمان‌و جڵەوگیری‌یەکانی بووایە!

ئێمە ئەو کتێبە بەفەرە باشەمان دابوو بە مووسا ﴿لَعَلَّهُمْ بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ﴾ بەڵکو گەل‌و نەتەوەکەی بڕوا بێنن بە گەڕانەوە بۆ لای خوداو وەدی هاتنی ئەو وادەو بەڵێنانەی کە خودا پێ‌ی داون لە پاداش‌و سزا، ئەگەر بڕوایان بەم شتانە کرد، ئەوە مانای وایە: بڕوایان بە تاک‌و تەنهایی خودا هەیەو هاوەڵە بۆ دانانێن.

ئەمجار پەروەردگار دێتە سەر باسی پیاهەڵدانی قورئان‌و دەفەرموێ: ﴿وَهَٰذَا كِتَابٌ﴾ ئەم قورئانە، کتێبێکی بەڕێزو پایەبەرزو سەر سوڕهێنەرە، سودو قازانجی بۆ دین‌و دونیا زۆرو زەبەندەیە، بەرنامەیەکی چەسپاوو خودا پەسەندە، قانوونێکی بەردەوامەو ناسڕێتەوەو کۆن نابێ‌و لە کار ناکەوێ، زیندووەو هەست‌و ویژدانی شوێن کەوتوانی دەجولێنێ‌و هێزو وزەیان پێ دەبەخشێ، ﴿أَنْزَلْنَاهُ﴾ ئێمە ناردوومانەتە خوارێ بۆ ڕەهنومایی‌کردنی ئادەمیزاد، ﴿مُبَارَكٌ﴾ کتێبێکی بە فەڕو پیرۆزە، هەموو هۆیەکانی شارەزایی‌و ڕێنموونی لە خۆ گرتووە، هۆی سەرفرازی‌و سەرکەوتنی هەمیشەیی‌یە، کەوابێ ﴿فَاتَّبِعُوهُ﴾ شوێن ڕێنموونی‌یەکانی بکەون، پابەندی

فەرمانو جڵەوگیرییەکانی بن ﴿وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ خۆ بپارێزن لە بێدینیو کوفرو ئیلحاد، خۆ بپارێزن لە ئاکامی کوفرو ئیلحاد کە ئاگری دۆزەخە، هەرچی قورئان نەی لێ کردووە توخنی مەکەون بەڵکو بە مراز بگەنو بکەونە ژێر رەحمەتی بێ پایانی پەروەردگارو لە دونیاو قیامەتدا بەختەوەرو کامەران بن.

بە راستی ئەمە بانگەوازییەکی بێ پەردەو پێچو پەنایە، پەروەردگار ئاراستەی ئادەمیزادی کردووە، کە شوێن پەیامی قورئان بکەون لە مانای ئایەتەکانی بفکرنو کاری پێ بکەن!

قورئان کتێبێکە ناردوومانەتە خوارێ ﴿أَنْ تَقُولُوا إِنَّمَا أُنْزِلَ الْكِتَابُ عَلَى طَائِفَتَيْنِ مِنْ قَبْلِنَا﴾ -خیطابەکە لەگەڵ دانیشتوانی مەککەیە- واتە: بۆ ئەوی نەڵێن: تەنیا کتێبی ئاسمانی بۆ سەر نەتەوەی جولەکەو مەسیحی نێردراوەو ئێمە نامەی ئاسمانیمان بۆ نەهاتووە، واتە: بۆ ئەوەی بەهانەتان ببڕین، بیانووتان نەمێنێ، بۆ ئەوەی نەڵێن: ئێمە لە زانیاری کتێبە پێشینەکان بێ ئاگا بووینو چییان لێ نازانین، چونکە بە زوبانی ئێمە نەهاتوونە خوارێ ﴿وَإِنْ كُنَّا عَنْ دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ﴾ هەروەها بۆ ئەوەی نەڵێن: ئێمە گەلو نەتەوەیەکی نەخوێندەوارین ئەوەی گەلو نەتەوەکانی دیکە دەیخوێننو دەیزانن ئێمە نایزانینو لێی بێ ئاگاین.

﴿أَوْ تَقُولُوا لَوْ أَنَّا أُنْزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَى مِنْهُمْ﴾ هەروەها بۆئەوەی نەڵێن: ئەگەر ئەو نیگاو کتێبەی بۆ جولەکەو مەسیحییەکان نێردراوەتە خوارێ بۆ ئێمە بهاتایە ئێمە باشتر هیدایەتمان لێ وەردەگرتو چاکتر فێری دەبووینو زووتر تێی دەگەییشتین! چونکە ئێمە زیرەکترو تێگەیشتووترین، بە بڕواو پشوو درێژترین، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِنْ جَاءَهُمْ لَيَكُونُنَّ أَهْدَى مِنْ إِحْدَى الْأُمَمِ﴾فاطر/٤٢. جا پەروەردگار بەرپەرچی دانەوەو بە شێوەیەک کە هەموو عوزرو بروبیانووی برینو فەرمووی: ﴿فَقَدْ جَاءَكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ نا نا، برو بیانوو مەهێننەوە ئەوا لەسەر زوبانی پێغەمبەری ئێمە

که موحەممەدە قورەیشـی رەگـەزو زمـان عـەرەبی‌یـە، قورئانتـان بـە زمـانی خۆتـان بـۆ نـێردرا، هـەموو جـۆرە حوکـمو یاسـایەکی تێـدا روون کراوەتـەوە، حەڵاڵو حەرامی تێدا ئاشکرا کراوە، دەرمانی دەردانە، شیفای دڵو دەروونـە، رەحمەتی پـەروەردگارە بـۆ ئـەو بەندانـەی شـوێن فـەرمانو جڵەوگیری‌یـەکانی دەکەون، یا بەندی دەبن لە ئەحکامو بیروباوەڕو رەوشتدا.

ئەمجار پـەروەردگار سـەرەنجامو ئاکـامی سـەرپێچیکارانو ستـەمکاران دیاری دەکاو بە تەعبیرێکی پرسیار ئامێز نارەزامەندی خۆی بەرامبەر ئەوانە دەر دەبڕێ کە قورئان بە درۆ دەخەنەوەو دەفەرموێ: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَـذَّبَ بِآيَاتِ اللهِ﴾ کێ لەو کەسە ستەمکارترە؟ واتە: کەس لەو کەسـە ستـەمکارتر نیە کە ئایاتی قورئان بە درۆ دەخاتەوە، بڕوای بە نیشانەکانی هەبوونی خـودا نی‌یە، پاش ئەوەی راستی بۆ دەرکەوتو حەقیقەتی بۆ روون بۆوە، یان هۆکاری فێربوونو تێگەیشتنی بۆ بەیدەست بوو کـەچی پشتی لیّ هـەڵکاو، نەشـهێڵێ کەسـانی تـر بـیری لیّ بکەنـەوەو ببێتـە بەربەسـت لـە بـەردەم تێگەیشـتنو فێربوونی قورئانو وردبوونەوە لە ئایەتەکانی وەکـوو ئـەوەی کـە ملهوڕەکـانی مەککـە دەیـانکرد، وەکـوو لـە ئایـەتێکی تـری ئـەم سوورەتەدا دەفـەرموێ: ﴿وَهُـمْ يَنْهَـوْنَ عَنْـهُ وَيَنْـأَوْنَ عَنْـهُ وَإِنْ يُهْلِكُـونَ إِلاَّ أَنْفُسَـهُمْ وَمَـا يَشْعُرُونَ﴾الانعام/٢٦.

ئەمجار پەروەردگار پاش دیاریکردنی رۆڵـی قورئـان لـە شارەزایی‌کردنو هیدایەتدانی ئادەمیزاددا هەڕەشەی توند ئاراستەی هەموو ئەوانە دەکـا کـە روو لـە قورئـان وەردەگـێڕنو پـا بـەندی رێنمووني‌یـەکانی نـابنو دەفـەرموێ: ﴿سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ آيَاتِنَا سُوءَ الْعَـذَابِ بِمَا كَـانُوا يَصْدِفُـونَ﴾ ئێمە لەوە بەو لاوە بە کوشندە تریـن سزا سـزای ئەوانـە دەدەیـن کـە روو لـە ئایاتی قورئان وەردەگێڕن، پەردە بەسەر چاوو هۆشو بیری خۆیاندا دەدەن، لە نیشانەکانی خودا ورد نابنەوە، رێبازی حەق چەواشە دەکەنو دەبنە لەمپەڕ لە بەردەم بانگەوازیکەرانی ئایینی خودادا، خـەڵك لـە ئـایین لا دەدەن، ئەوانـە تاوانی خۆیانو تاوانی لە خشتە بردنی خەڵکی دیکەشیان لەسـەرە. بـۆ خۆیـان

لە رێبازی خودا لایان داوەو خەڵکی تریش لادەدەن، بۆیە سزایان دوو چەندانەیە... وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يُفْسِدُونَ﴾النحل/٨٨. ئەوەتا ئایەتەکە زۆر بە روونی ئەوەی تێدایە کە زێدە سزاکەیان بە هۆی لە خشتە بردنی خەڵکەوەیە، کەوێڕای روو وەرگێڕانی خۆیان خەڵکی تریشیان گومڕا کردووە.

هەڕەشەی توندو کۆتایی بۆ کافرەکانی مەککە

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَـٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَـٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾

ئەم ئایەتە هەڕەشەیە لە کافرەکانی مەککە، لە وەپێش پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە کە قورئان بۆیە نێردراوە، تا بڕوبیانووی کافرەکان بـبڕێو عوزریان نەمێنێ، ئەمجار لێرەدا ئەوە رادەگەیەنێ کە ئەو کافرانە بە هیچ شێوەیەک ئیمان ناهێننو هیچ هیوایەک لە بڕوا هێنانی ئەواندا نییە، ئەوەش شی دەکاتەوە کە ئەوەی لە پێشیانەو چاوەڕوان دەکرێ بێتە رێیان، لەم سێ شتە دەرناچێ کە هاتنی فریشتەیە بۆ گیان کێشانیان، یان پەروەردگار وادەی خۆی بێنێتەدیو بەوەی پێغەمبەریان بەسەردا زاڵ بکاو ئەوان تووشی سزای دونیایی بکا، یان بڕێ پەڵپو بیانوویتر کە کافرەکان دەیانگرت، بێنێتە دی؛ وەکوو ئەوەی دەیانگوت با ئاسمان پارچە پارچە ببێو بەسەرماندا بکەوێو ئەم جۆرە پەڵپانە!! ئەو کاتە بڕوا نەهێننو لە ناویان بەرێ، هەروەها ئەو ئاواتەیان: کە پێغەمبەر بمرێو بە مردنەکەی چرای ئایینی ئیسلام بکوژێتەوە هەرگیز نایەتەدی: بەڵکو ئایین ئایینی خودایە قورئان بەرنامەیەتیو خودا ناردوویەتیو هەر ئەویش پارێزگاری دەکا. دەفەرموێ: ﴿هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا أَنْ تَأْتِيَهُمُ الْمَلَائِكَةُ﴾ جگە لەیەکێ لەم سێ شتە چاوەڕوان ناکەن! واتە: بە گوێرەی

سوننەتی خودا ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرێ یەکێ لەم سێ ئاکامو سەرەنجامەیە، فریشتەی گیان کێشان تاک تاک بێتە سەریانو گیانیان بکێشێ! یان فریشتەی سزا بێتە سەریانو بە کۆمەڵ لە ناویان بەرێ، ﴿أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ﴾ یان خودای تۆ وادەو بەڵێنی خۆی بێنێتەدی، بەوەی خۆشەویستانی خۆی سەربخاو هەڕەشەکانی بۆ دوژمنانی ئایین جێ بەجێ بکا، بەوەی لە دونیادا سزایان بداو بەدبەختیو چارە رەشی هەتا هەتایی لە خۆیان بگرێ! هیچ شتێک نەبێ بیانپارێزێ! وەکوو ئەوەی کە دەربارەی ئەوانەی پێیان وابوو قەلاو شوراکانیان لە سزای خودا دەیانپارێزێ دەفەرموێ: ﴿فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا﴾الحشر/٢.

﴿أو يأتي بعض آيات ربك﴾ یان برێ رووداوی وا روویدەن کە وایان لێ بکا بە ناچاری ئیمان بێنن[١٤] وەکوو ئیمان هێنانی فیرعەون، هەڵبەتە ئەم جۆرە ئیمان هێنانە چ سوودێکی نیەو نابێ، چونکە ئیمان هێنانی ئاوا لە حاڵەتی غەرغەرەدا بە ئیمان هێنانی ئیختیاریو ئاسایی حلێب ناکرێ، کابرا زەندەقی دەچێو چ ئیعتیبارێک بە ئیمانەکەی ناکرێ!!

بۆیە پەروەردگار هەڕەشەی کۆتایی ئاراستەی کافرەکانی مەککە، هەموو ئەوانەی هەڵسو کەوتیان وەکوو ئەوانە دەکاو دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ لَا يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ﴾ ئەو رۆژەی برێ لە ئایاتو نیشانەکانی پەروەردگار پەیدا دەبنو کافرەکان ناچار دەکا کە ئیمان بێننو دەرەتانیان نامێنێ، ئا لەو کاتە ناچارییەدا ئیمان هێنان هیچ

---

[١٤] بێگومان موشریکەکانی مەککە زۆر پەڵپو بیانووی سەیر سەیریان لە پێغەمبەرﷺ دەگرت: جارێک دەیانگوت: با فریشتە بێتە خوارێ بۆ سەرمان، یان دەیانگوت: با خودا بۆ خۆی بێ یان با بیبینینو وەکوو قورئان لێیان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ﴿وقال الذين لا يرجون لقآءنا لولا انزل علينا الملائكة أو نرى ربنا﴾الفرقان/٢١. یان دەفەرموێ:﴿أو تأتي با لله والملائكة قبيلا﴾الاسراء/٩٢.یان داوای ئەوەیان کرد کە ئاسمان بە سەریاندا پارچە پارچە ببێو بکەوێتە خوارێ وەکوو دەفەرموێ : ﴿أو تسقط السماء كما زعمت كسفا﴾الاسراء/٩٢.

سوودێکیان پێ ناگەیەنێ چونکە ئیمان هێنانەکە بە ئیختیارو خواهیشی خۆیان نییە، ئیمانیش کاتێک کەڵکی هەیە کە بە خواهیشو ئارەزوو و ئیختیار ئەنجام بدرێ، ئیمانێک کەڵکی نیە کە لە پێش ئەو حاڵەتە ناچارییەدا ئیمانی نەهێنابێ ﴿أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا﴾ یان لەوەپێش ئیمانی هێنابێ بەڵام چ کردەوەیەکی چاکی لەگەڵدا نەکردبێ پاش هاتنی ئەم نیشانانە ئەگەر کردەوەی چاکیش بکا بێ سوودەوکەڵکی لیوەرناگرێ.

بە کورتی پەڵپو داواکردنی خوا نەناسان بۆ روودانی کاری نائاسایی (خارقة) لە بوونەوەردا ئەگەر برێکیان پەیدابوون ئیمانیان نەهێنا ئەوە یەکسەر خودا لە ناویان دەباو دەیانفەوتێنێ ئەو رۆژەی برێ نیشانەی هاتنی رۆژی قیامەت پەیدا دەبن ئیتر ئیمان هێنانو کاری چاکەکردن دوای پەیدا بوونی ئەو نیشانانە هیچ سوودی نیە بۆ کەسێک لەوەپێش ئیمانی نەهێنابێو کردەوەیەکی باشی نەکردبێ لەگەڵ ئیمانەکەیدا، چونکە کردەوەی چاک هەمیشە هاوشانی ئیمانەو بەڵکو کردەوە تەرازوو پێوەری ئیمانە، هەروەها چونکە دوای پەیدا بوونی نیشانەکانی قیامەت ئەوانەی ئیمان دەهێنن ئیمان هێنانەکەیان ناچارییەو لە خواهیشو مەیلەوە نییە، ئەو کاتە سەرەتای جیهانی قیامەتەو تەکلیف نامێنێ سزاو پاداشیش لە ئاکامی تەکلیفەوە دەبێ؛ چونکە تەکلیف داخوازی ویستو ئیرادەیە بەوەی کابرا لایەنی ئیمان هەڵبژێرێ یان لایەنی کوفر، کاری چاک بکا یان خراپ، سزاو پاداشیش لە ئاکامی ئەم جۆرە تەکلیفەوە دەستنیشان دەکرێن. هەندێ کەس لە سەرەمەرگو حاڵەتی غەرغەرەدا برێ لەو نیشانانە دەبینن هەندێکیش لەو نیشانانە تا نزیک رابوونی قیامەت نایانبینن.

ئیمامی بوخاریو موسلیمو هی تریش لە راڤە کردنی ئەم ئایەتەدا فەرموودەیەکیان لە ئەبو هورەیرەوە گێراوەتەوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا فَاذَا رَآهَا النَّاسُ آمَنَ مَنْ عَلَيْهَا فَذَلِكَ حِينَ ﴿لا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ﴾). لە

گێڕانەوەیەکی تردا (فَإِذَا طَلَعَتْ وَرَآهَا النَّاسُ آمَنُوا أَجْمَعُونَ، وَذَلِكَ حِينَ ﴿لَايَنفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِن قَبْلُ﴾). واتە: قیامەت بەرپا نابێ هەتا خۆر لە شوێنی ئاوابوونی ئێستاکەیەوە هەڵنەیەتەوە، جا کە هەڵهاتو خەڵک بینییان هەموو دانیشتوانی سەرزەوی بڕوا دەهێنن، ئەوە کاتێکە کەبڕوا هێنانی کەس سوودی نیە، ئەگەر لەوەپێش موسوڵمان نەبووبێ: ئەمجار پێغەمبەرﷺ ئەم ئایەتەی ئێرەی خوێندەوە.

ئیمامی ئەحمەدو تیرمیذی حەدیثیکی (مەرفووع)یان لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (ثَلَاثٌ إِذَا خَرَجْنَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِن قَبْلُ: طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، وَالدَّجَالِ، وَدَابَّةُ الأَرْضِ) سێ شت کە روویانداو پەیدا بوون بڕوای هیچ کەسێک کە لەوەپێش ئیمانی نەهێنابێ سوودی نیە، ئەو سێ شتەش: هەڵهاتنەوەی خۆرە لە شوێنی ئاوابوونی ئێستاکەیەوەو پەیدا بوونی (دەججالو دابەتوولئەرض)ە.

ئەمجار پاش ئەم هەڕەشە سەختە، پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکاو دەفەرموێ: ﴿قُلِ انتَظِرُوا﴾ ئەی موحەممەد بەو کافرە سەرسەختانە بڵێ: دە ئێوە چاوەڕوانی ئەو شتانە بن کە بە هیوان روو بدەن، هەروەها چاوەڕوانی ئەوە بن کە پێتان وایە: ئیسلام لە ناو دەچێ، پێغەمبەر دەکوژرێ ئاسەواری ئایین نامێنێ ﴿إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾ ئێمەیش چاوەڕوانی ئەو وادەو بەڵێنانەین کە خودا پێی داوینو هیچ شکو گومانمان نیە لە راستییاندا، ئێمە سەر دەخاو بە مراز دەگەینو دوژمنانمان لە ناو دەباو دەیانفەوتێنێ. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَهَلْ يَنتَظِرُونَ إِلَّا مِثْلَ أَيَّامِ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِهِمْ، قُلْ: فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ﴾یونس/١٠٢.

بێگومان ئەمە هەڕەشەیەکی توندە بۆ کافرو خوانەناسەکان، بۆ ئەوانەی بڕوا هێنان دوا دەخەن، تۆبەو ژیوان بوونەوە لە تاوان هەڵدەگرن بۆ کاتێک کە ئیمان هێنانو تۆبە کردن سوودی نابێ وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ:

﴿فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ، فَلَمْ يَكُ يَنْفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا﴾غافر/٨٤-٨٥.

سەرەنجامی کێشەو دوو بەرەکی لە ئایینڎا

إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴿١٥٩﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار هەڕەشەی لە کافرەکان کردو ترساندنی لە سزای سەختو ئەو رووداوە سامناکانەی کە پێش رابوونی قیامەت روو دەدەن، ئەمجار موسوڵمانان لە دوو بەرەکیو کێشەنانەوە لە ئاییندا دەترسێنیو هەڵیان دەنێ بۆ یەکیەتیو تەبایی لە ناوخۆیاندا و دەفەرموێ: ﴿إن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا﴾ واتە: ئەوانەی ئایینی خۆیان لێک جیا کردۆتەوەو ئیمانیان بە بڕێکی هەیەو کاری پێ دەکەن هەندێکیشی پاش گوێ دەخەنو کاری پێ ناکەن، بە گوێرەی هەواو هەوەسی خۆیان دەقەکانی دەگۆڕنو مانای ناقۆڵاو نەگونجاویان بۆ دیاری دەکەن، کۆمەڵ کۆمەڵو گرۆ گرۆ بوون؛ هەر تاقمو کۆمەڵێک رێبازو بیرو بۆچونێکی هەیەو لایەنگری مەذهەبێکەو کوێرانەداکۆکی لیّدەکات...!

ئایەتەکە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئایین هەڵگەڕاینەوەو دژی ئایین هەڵسو کەوت بکەن[١٥].

---

[١٥] ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ پێغەمبەر فەرموویەتی ئەوانەی کە ئایینی خۆیان جیا کردۆتەوە تاقمو گرۆی بیدعەت خوازو چەواشەکارن، کۆمەڵی گومڕاو سەرلێشێواوی ئەم ئۆمەتەن، موجاهیدیش هەر ئەم تەفسیرەی بەلاوە پەسەند بووە.
ئەبو ئومامە دەڵێ: مەبەست بە ﴿وكانوا شيعا﴾تاقمی خواریجو لە کۆمەڵ دەرچووەکانن. قەتادەو ضەحاکو سوددی دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی جولەکەو نەصرانیەکان هاتۆتە خوارێ کە ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمو موساو عیسایان تێک داوەو گۆڕانکارییان تێدا کردووە کردوویانە بە چەند ئایینێکی جیا جیاو رێبازی جۆراو جۆر.

﴿لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾ ئەی موحەممەد! تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت، تۆ لە خراپەکاری ئەوان بەر پرسیار نیو توخنیان مەکەوەو وازیان لێ بێنە، شەڕیان لەگەڵ مەکە، تۆ بەس راگەیاندنی ئایینت لەسەرە، کۆمەکی بە درۆشمی ئایینی حەق بکە کە ئیسلامەو بە رێکو پێکی بەو خەڵکەی رابگەیەنە، تۆ لە پێڕی ئەوان نی لە کردەوەو گوفتارو رێبازی ئەوان بەرپرسیارنیت ﴿إنما أَمْرُهُمْ إِلَى ا للهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ ئیشی ئەوان؛ حیسابو لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا پەیوەندی بە خوداوە هەیە، پاشان لە قیامەتدا ئیشە خراپەکانیان دەخاتەوەبەرچاوو هەواڵی کردەوەکانیان یەکە یەکە بەبێ زیادو کەم پێ دەداتەوەو لەسەر ئەو دوو بەرەکی نانەوەو کێشە پەیداکردنە لە ئایینداسزایان دەدا.

ئیمامی رازی دەفەرموێ: ئەم ئایەتە موسوڵمانان هەڵدەنێ کە یەکیەتیو تەبایی ریزەکانی خۆیان بپارێزنو کێشەو دوو بەرکی لە ئاییندا بەرپا نەکەنو شتی نامۆو بیدعەت نەهێننە ناو ئایینەوە[16]. پێغەمبەریش ﷺ لە ژێر رۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزانەداو بۆ زیاتر شیکردنەوەو تێگەیاندن هەمیشە موسوڵمانانی هەڵناوە بۆ یەکیەتیو تەباییو ترساندوونی لە دووبەرەکیو پەرتەوازە بوون، ئەبو داوود لە موعاوییەی ئەبو سوفیانەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ وتاری بۆ خوێندنەوەو فەرمووی: (ألا إنَّ مِنْ قَبْلِكُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ افْتَرَقُوا عَلَى ثِنْتَيْنِ وَ سَبْعِينَ مِلةً (اي فرقة) وَإنَّ هَذِهِ الْأُمَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى

خاوەنی تەفسیری مەنار پێی وایە: ئایەتەکە گشتییەو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئایین لا دەدەن، دەڵێ وا چاکە تەفسیرێک بکەین هەردوو راکان بگرێتەوە چونکە پەروەردگار لەم سوورەتەدا لە پێش بەڵگەی ئیسلامی هێنانەوە، شوبهەو چەواشەکاری موشریکەکانی رەت کردەوە، باسی ئەهلی کیتابو شەریعەتەکەیانی کردن، ئەمجار فەرمانی بەوانە کرد کە بە پیر بانگەوازی ئیسلامییەوە هاتن کە یەکیەتیو تەبایی خۆیان بپارێزنو دووبەرەکی نەنێنەوەو گرۆ گرۆ نەبن.

[16] تەفسیری رازی ج١٤/٨.

ثلاثٍ وَسَبْعِينَ، ثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ وَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ وَهِيَ الْجَمَاعَةُ) ئاگـادار بن ئەوانەی پێش ئێوە لە خاوەن نامـەكان-جولەكـەو نـەصرانی- بوویـوون بـە حەفتاو دوو كۆمـەڵ، ئەم ئومـەتەی منیش دەبنە حـەفتاو سێ كۆمـەڵو گـرۆی جیا جیا، حەفتاو دوو تاقمیان دەچنە دۆزەخەوەو تاقمێكیـان لـە بەهەشـتدان ئەوانیش تاقمو گرۆی شوێن كەوتووی رێبازی منن.

هـۆی دوو بـەرەكیو پەرتـەوازە بـوون زۆرو زەبـەندەن گرنگـترین ئـەو هۆكارانە، پلەو پایەو كورسی خۆشەویستی یە، دەمارگیری رەگـەز پەرسـتی یە، ئارەزوبازیو را سەپاندنە، گـوێ راگرتـن بـۆ پـرو پاگـەندەی دوژمنـانو فـرتو فێڵیانە، نەزانی پاشكەوتوویی و شوێنكەوتنی كوێرانەی خەڵكانی تره لە دابو نـەریتو لاسایی كردنـەوەدا، هـەروەها واز هێنـانو خـۆ دزینـەوەی زۆریـەی حكومـەتەكانی سەرزەوی یە لە ئایینو بیروباوەڕو پرۆگرامو نیظامو یاسای خودا پەسەند!!!

پاداشی چاكەو خراپە

مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾

پـاش ئـەوەی پـەروەردگار لـەم سـوورەتەدا بنـەمای بـاوەڕی بـۆ روون كردینەوە، بە شوێن ئەوەدا دە ئامۆژگاریو وەسـییەتنامەی ئاراستە كردیـن، هەرچەشەی لە كـافرو تـاقمی بیدعـەتخواز كـرد، ئـەمجار پاداشتی كـردەوەی چاكەو سزای كردەوەی خراپی دیاری كردو فەرمووی: ﴿مَنْ جَآءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَنْ جَآءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَهُـمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ هـەر كەسێك رۆژی قیامەت بێتـە دەشـتی مەحشـەرەوە تێشـووی باشـی پـێ بـێ، كردەوەی چاكی كردبێ، تۆماری ژیانی دونیای خوداپەرستیو بەندایـەتیكردنو فەرمانبەرداری بووبێ، ئەوە پاداشتی دە چەندانەی دەدرێتەوە، ئەمە لە رووی دادپەروەریو زێدە پێدانی سنوور دارەوەیە، ئەگینا جـاری وا هەیـە چاكـە بـە

حەوت سەد ئەوەندەو زیاتریش پاداشت دەدرێتەوە وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ اَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّٰهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ اَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِئَةُ حَبَّةٍ، وَاللّٰهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللّٰهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾البقرة/٢٦١. یان دەفەرموێ: ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللّٰهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ اَضْعَافًا كَثِيرَةً﴾البقرة/٢٤٥. یان دەفەرموێ: ﴿اِنْ تُقْرِضُوا اللّٰهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ﴾التغابن/١٧.

ئەم جوداوازیو زیادکردنی پاداشتی چاکەیە بەدەست پەروەردگارەو چۆنی بوێ چەندی بوێ زیادو کەمی تێدا دەکا، هەروەکوو چۆن ئیخلاصو نییەتی چاکەی کارەکە رۆڵی خۆی هەیە لە زیاد کردنو کەم کردنی پاداشەکە.

کەسێکیش بێتە دەشتی مەحشەر خراپەی کردبێ ئەوە بە ئەندازەی ئەو خراپەیە سزا دەدرێ ﴿وَهُمْ لاَيُظْلَمُونَ﴾ هیچ کەس لەچاکەکارو خراپەکار ستەمیان لێ ناکرێ، لە کردەوەی کەسدا زیادو کەمی ناکرێ، لە پاداشی چاکەکاران کەم ناکرێتەوە دەڵێ پێغەمبەر لە سزای خراپەکارانیش زیاد ناکرێ!

پێغەمبەرﷺلە فەرموودەیەکیدا ئەندازەو جوداوازی نێوان پاداشتی چاکەو سزای خراپە دیاری دەکا، ئەوەتا ئیمامی ئەحمەدو بوخاریو موسلیمو نەسائی لە ئیبنو عەبباسەوە (خوای لێ رازیی بێ) دەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (اِنَّ رَبَّكُمْ عَزَّ وَجَلَّ رَحِيمٌ، مَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا، كُتِبَتْ لَهُ حَسَنَةٌ، فَاِنْ عَمِلَهَا كُتِبَتْ لَهُ عَشْرٌ اِلَى سَبْعَمِائَةٍ اِلَى اَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ، وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كُتِبَتْ لَهُ حَسَنَةٌ، فَاِنْ عَمِلَهَا كُتِبَتْ لَهُ وَاحِدَةٌ اَوْ يَمْحُوهَا اللّٰهُ عَزَّ وَجَلَّ وَلَا يَهْلِكُ عَلَى اللّٰهِ اِلاَّ هَالِكٌ) پەروەردگاری ئێوە، بەبەزەییو خاوەن سۆزە، کەسێک ویستی چاکەیەک بکا، بەڵام نەیکرد چاکەیەکی بۆ دەنوسرێ، ئەگەر چاکەکەی کرد دە پاداش تا حەوت سەد پاداشی بۆ دەنووسێ بەڵکو زیاتریش، کەسێک ویستی خراپەیەک بکاو نەیکرد چاکەیەکی بۆ دەنووسرێ

ئەگەر خراپەیەکی کرد یەک خراپەی بۆ دەنووسرێ.

زانایان دەربارەی کەسێک کە دەیەوێ خراپە بکاو دوایی نایکا دەڵێن ئەمانە سێ جۆرن:

١- خراپەکە ناکا لەبەر خاتری خودا، ئەمە چاکەی بۆ دەنووسرێ.

٢- واز لە خراپەکە بێنێ بە هۆی لە بیرچوونەوەو بێ ئاگا بوون لی‌ی ئەمە نە چاکە نە خراپە ـهیچیانی بۆ نانووسرێ چونکە نیەتی خێری نەهێناوەو کاری خراپەشی نەکردووە.

٣- ئەگەر وازی لە خراپەکە هێنا لە بەر نەتوانینو تەمبەڵی‌و ویستی بیکاو بۆی نەکرا، ئەوە وەکوو خراپەکەی کردبێ وایە، چونکە لە حەدیثی صەحیح‌دا هاتووە دەفەرموێ: (إِذَا ٱلْتَقَى ٱلْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَٱلْقَاتِلُ وَٱلْمَقْتُولُ فِي ٱلنَّارِ، قَالُوا يَا رَسُولَ اللهِ هَذَا ٱلْقَاتِلُ، فَمَا بَالُ ٱلْمَقْتُولِ؟ قَالَ: إِنَّهُ كَانَ حَرِيصًا عَلَى قَتْلِ صَاحِبِهِ) هەرکاتێ دوو موسوڵمان بە شمشێر پەلاماری یەکیان دا، یەکێکیان ئەوی تری کوشت بکوژو کوژراو دەچنە دۆزەخەوە! هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمیان بکوژە، حەقی خۆیەتی بچێتە دۆزەخەوە، ئەی کوژراو بۆ؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: چونکە ئەمیش مەبەستی بوو دەستی خۆی پێش بخاو بەرامبەرەکەی بکوژێ!.

شوێن‌کەوتنی ئایینی ئیبراهیم لە یەکتاپەرستی‌و عیبادەتدا

قُلْ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٦١﴾ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ ۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾

پەروەردگار لەم سوورەتە پیرۆزەدا بەڵگەی زۆرو زەبەندەی لەسەر یەکتاپەرستی هێنانەوە، بیرو بۆچوونی کافرەکانی رەت کردەوە، هەڕەشەی لەوانە کرد کە بڕوایان بە قەزاو قەدەر نییە، ئەمجار کۆتایی سوورەتەکە بەوە دەهێنێ کە ئایینی تۆکمەو رێکو پێک، رێگای راستو دروست ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمە کە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستیو خودا پەرستی بێ غەلو غەش دامەزراوە، بە گوێرەی ئەو ئایینە هەر کەسە بەرپرسیارە لە کارو کردەوەی خۆیو چاکەو خراپەی کەس بۆ کەس قازانجو زیانی نییە، هیدایەتو گەیشتن بە ئاوات هەر بە دەست پەروەردگارە، پاداشو سزا بۆ ئادەمیزاد لای خودا لەسەر ئەو کردەوانەیە کە ئەنجامی دەدا، کردارو گوفتار نیشانەی خۆشبەختیو کامەرانی یان بەدبەختیو چارەڕەشی هەموو ئادەمیزادە.

بۆیە خیطاب ئاراستەی پێغەمبەرﷺ دەکا بۆ ئەوی ئەم راستییانە بە گەلەکەی بڵێ: دەفەرموێ : ﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ ئەی موحەممەد! بە گەلو نەتەوەکەتو هەموو ئادەمیزاد را بگەیەنەو پێیان بڵێ: خودای خۆم رێنموونی کردوومو تەوفیقی داوم بۆ رێبازێکی راستو بێ قۆرتو پێچ، کە بریتییە لە ئایینێکی تۆکمەو رێکو پێک، کە پابەندبوون پێیەوە خۆشبەختی دونیاو قیامەت دەستەبەر دەکا، ئایینێکە لەسەر حەقو راستی دامەزراوە بنەماکانی چەسپاوو لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاددا گونجاون، ﴿قِيَمًا﴾ ئایینێکە راستو رەوانە، خوارو خێچی تێدا نیە ﴿مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا﴾ ئەویش ئایینی ئیبراهیمی خەلیلە کە لە هەموو ئایینێکی بەتاڵو پووچ پشتی هەڵکردو رووی کردە ئایینی حەقو خودا پەسەند کە ئایینی ئیسلامە، دە ئێوە ئەی ئادەمیزاد! هەمووتان پابەند بن بەو ئایینە پاکە بێ خەوشەوەو لێی لامەدەن؛ چونکە ئایینی حەقو یەکتاپەرستییە! ئایینی هەڵبژاردەی ئیبراهیمە؛ کە لە هەموو ئایینێک رووی وەرگێڕاو ئەم ئایینەی هەڵبژارد ﴿وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ هەرگیز ئیبراهیم هاوەڵی بۆ خودا دا نەناوە، بڕوای بە فرە خودایی نەبووە، یەکتاپەرستێکی راستاڵ بووە.

ئاشکرایە ئایینی خودا، ئایینی یەکتاپەرستیو هەمیشەییو راستاڵییە

بۆ خودا، ئەو ئایینەیە کە پەروەردگار هەموو پێغەمبەرانی پێ ناردووە، لە هەموو نامە ئاسمانییەکاندا چەسپاندوویەتی، فەرمانی بە هەموو فروستادەکانی خۆی کردووە کە بانگەوازی بۆ بکەن، بۆیەش ئەم ئایینەی بە تایبەت بە ئایینی ئیبراهیم ناو برد چونکە حەزرەتی ئیبراهیم دروودی خودای لەسەربێ، پێغەمبەرێکە هەموو کەس ددان بە فەضڵو رێزیدا دەنێن، هەموو کەس پێیان وایە: ئایینەکەی راستو تەواوە عەرەبەکانو جولەکەو مەسیحییەکان هەریەکەیان لە ئاست خۆیەوە خۆیان بە شوێن کەوتووی ئەو پێغەمبەرە مەزنە دەزانی، قورەیشییەکانو لایەنگیرەکانیان خۆیان بە شوێن کەوتووی ئەو دەزانیو پێیان وابوو لەسەر ئایینی ئیبراهیمن، بۆیە پەروەردگار دوای وەصف کردنی ئەو زاتە بە (حەنیف)و پشت هەڵکردوو لەهەموو ئایینێکی بەتاڵ، وەسفی یەکتاپەرستی بۆ دیاریکردو فەرمووی: هەرگیز ئیبراهیم هاوەڵی بۆ خودا دانەناوە، جوولەکەو مەسیحییەکانیش ئیدیعای شوێنکەوتنی ئیبراهیمیان دەکردو پێیان وابوو وێرای شوێنکەوتنیان بۆ مووساو بۆ عیسا شوێنکەوتووی ئیبراهیمیشن! دەی کە ئەوە ئایینی ئیبراهیمەو بریتییە لە یەکتاپەرستی، ئەدی ئەی موشریکەکانی عەرەب! ئەی تاقمی جوولەکەو مەسیحی! چۆن ئێوە لافی ئەوە لێ دەدەن کە شوێنکەوتووی حەزرەتی ئیبراهیمنو ئایینی ئەو زاتە پەیرەو دەکەن؟؟ کەچی هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن کورو کچو خێزانی بۆ بەرەوا دەزانن!! بۆچی ئایینی ئەو؛ کە بریتییە لە کاکڵەو جەوهەری ئایینی ئیسلام- وەرناگرنو موسوڵمان نابن؟ خۆ ئیبراهیم پێغەمبەرێکی یەکتاپەرستو حەنیف بوو، ئایینی خودا پەسەندی هەڵبژارد، نە جوولەکە بووەو نە مەسیحی، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مَاكَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾آل عمران/٦٧.

بۆیە بانگەوازی ئیسلامیی بەجەمسەرو تەوەرەی هەموو ئایینی پێغەمبەران دەژمێردرێ، چونکە ئایینی پەسەندو هەڵبژێراوی پەروەردگارە، بەڵکو ئایینی پەسەند لای خودا هەر ئایینی ئیسلامەو بەس! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ

مِنْهُ وَهُوَ فِي ٱلْآخِرَةِ مِنَ ٱلْخَاسِرِينَ﴾آل‌عمران/٨٥.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکا کە بە موشریکەکان رابگەیەنێ، هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی بۆ ئەوانە دیاریی بکا کە یەکتاپەرستی ناکەنو جگە لەخودا شتی تر دەپەرستن، کوشتی بەناوی غەیری خودا سەردەبڕن، فەرمانی پێ دەکا: پێیان بڵێ: نوێژو عیبادەتو حەجو عومرە بەناوی پەروەردگارەوەو بۆ ئەوی ئەنجام دەدا، کەس ناکاتە هاوەڵی خوداو جگە لە خودا کەسی تر ناپەرستێ!

ئەو کاتە موشریکەکان بتیان دەپەرستن، کوشتییان بۆ سەردەبڕینو لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵدا ناوی بتەکانیان لەسەر دەبردن. بۆیە پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کرد کە پێچەوانەی ئەوان هەڵسوکەوت بکا، مەبەستو نییەتو عەزمو کردەوەی تەنیا بۆ خودابێو کەسی کەی مەبەست نەبێو پێی فەرموو: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ﴿إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَالَمِينَ﴾ بێگومان هەموو جۆرە خوداپەرستییەکم؛ نوێژو پاڕانەوەو قوربانیو حەجو عومرەو هەموو کردارو گوفتارێکم لەژیاندا ئەو بیروباوەڕەی لەسەری دەمرم هەمووی بۆ خودای پەروەردگارەو مەبەستم لەئەنجامدانیان بەندایەتکردنی زاتی پاکی کردگارە، هەموو کارو مەبەستو نییەتم بۆ رازیکردنی خودای مەزنو بێ هاوەڵە!

بێگومان ئەم ئایەتە کۆکەرەوەی هەموو کردارێکی چاکەیە، هەموو کردارو گوفتارێکی باشی لەخۆ گرتووە!

پێویستە موسوڵمان مەبەستو کرداری، هەرچی لەژیاندا ئەنجامی دەدا، هەر بەرهەمێکی دەیخاتە روو بۆ خودا بێو رەزامەندی ئەوی مەبەست بێ، بەڵکو پێویستە ئەو کردارە باشانەی لەپاش خۆی بەجێیان دێڵێ بۆ خودابێو لەبەر خاتری خودابێو بۆ بەندایەتکردن بێ بۆ خودا.

جا هەرچەندە وشەی (نسک) کە بەزۆریی بۆ قوربانیو ئەنجامدانی کاروباری حەج بەکار دەهێندرێو بەشێوەیەکی گشتی بەمانا عیبادەتو خوداپەرستییەو نوێژیش دەگرێتەوە، بەڵام بۆیە بەتایبەتی باسی نوێژی هێنا چونکە نوێژ

جەوهەرو کاکڵەی خوداپەرستییە، بە مۆرانەی شیرک زەدەدار دەبێ ﴿لَا شَرِيكَ لَهُ﴾ پەروەردگار هاوەڵو هاوشانی نییە، نە لە زاتو نە لە صیفاتدا، کەس نیە لە خودایەتیو پەروەردگاریەتیدا وەکوو ئەو بێ، پەرستشو بەندایەتیکردن هەر بۆ ئەوە، هەر ئەو مافی تەشریعو یاسادانانی هەیە ﴿وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ﴾ من بەو بیروباوەڕە فەرمانم پێ کراوەو بە موو لیّی لانادەم، ﴿وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ من یەکەم موسوڵمانی گەردنکەچم بۆ بەجێهێنانی فەرمانی پەروەردگارمو بۆ خۆپاراستن لە جڵەوگیریەکانی، هەر شتێک ئەو نەی لیّ کردبیّ هەرگیز توخنی ناکەوم!

جا کە لەئایەتی پێشوودا تاکو تەنهایی یەزدانی لەبارەی خودایەتییەوە راگەیاندو، ئەمجار تاکو تەنهایی ئەو زاتە لە (ربوبیەت)دا رادەگەیەنیّو دەفەرمویّ: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! بەو موشریکانە بڵێ: ﴿أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا؟﴾ ئایا دەشێ من جگە لە خودا پەروەردگارێکی تر داوا بکەم؟ لەکاتێکدا کە ئەو زاتە پاکو بەرزە خاوەنی هەموو شتێکە، چی لە بوونەوەردا هەیە دروستکراوی ئەوەو ئەو بەدیهێناوەو هەڵیدەسوڕێنیّ، هەر ئەو زاتە کانو سەرچاوەی خێرو بێرەو سوود گەیەنەرو زیان دوورخەرەوەیە!!

دەی چۆن دەگونجیّ من جگە لە ئەو کەسێکی تر بەپەروەردگار بزانم؟!

﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا﴾ هەر کردەوەیەک ئادەمیزاد ئەنجامی بدا، چاک بێ یا خراپ، پاداشو سزای لەسەر ئەو ئادەمیزادە خۆیەتیو کەسێکی تر لیّی بەرپرسیار نیە ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ هیچ نەفسێک تاوانبار تاوانی نەفسێکی تر هەڵناگریّ، هەرکەسە سزاو پاداشی لەسەر کردەوەی خۆی دەدرێتەوە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرمویّ: ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾البقرة/٢٨٦.

هەموو ئادەمیزادێک بەرپرسیاری کردارو گوفتاری خۆیەتی، چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە. ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ ئەمجار ئەی ئەو تاقمو کۆمەڵانەی خۆتان بە حونەفاو ئایین پەسەند دەزانن! باش بزانن لە کۆتاییدا گەڕانەوەتان بۆ لای پەروەردگاری خۆتانە، نەک بۆ لای

کەسانی تر، هەر ئەو ئاکامی دووبەرەکی نانەوەتان لە ئایین‌دا پێ رادەگەیەنێ‌و بە گوێرەی زانستو ویستی خۆی سزاتان لەسەر کردەوەکانتان دەداتەوە! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾آل‌عمران/٥٥.

ئایەتی ژمارە (١٦٣) لەم سوورەتەدا ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە حەزرەتی موحەممەد یەکەم موسڵمانەو کەسی تر ئەو پلەیەی نادرێتێ!

ئەوگەر پرسیار بکرێ‌و بگوترێ ئایا حەزرەتی ئیبراهیم‌و پێغەمبەرانی پێش ئەو لەخوداناسین‌و موسوڵمانیەتی‌دا پێش پێغەمبەری ئیسلام نەکەوتوون؟ ئەدی بۆچی حەزرەتی موحەممەد ﷺ بە یەکەم موسڵمان حلێب دەکرێ؟

ئیمامی قورطوبی بەسێ بەڵگە وەلامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە دەفەرموێ:

١- حەزرەتی موحەممەد ﷺ لەماناادا یەکەم دروستکراوە بەگشتی، ئەبو هورەیرە رضي الله عنه فەرموودەیەکی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی (نَحْنُ الآخِرُونَ ٱلأَوَّلُونَ يَوْمَ ٱلقِيَامَةِ، وَنَحْنُ أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ ٱلْجَنَّةَ) .

لە فەرموودەیەکی تردا کە حوزەیفە ریوایەتی دەکا، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (نَحْنُ الآخِرُونَ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا، ٱلأَوَّلُونَ يَوْمَ ٱلقِيَامَةِ المَقْضِي لَهُمْ قَبْلَ الخَلَائِقِ) .

٢- حەزرەتی موحەممەد لە دروستبوون‌دا پێشیان کەوتووە وەکوو پەروەردگار لەم بارەوە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ﴾ قەتادە دەڵێ: ئیبنوسەعد دەڵێ: لەم بارەوە پێغەمبەر فەرموویەتی: (كُنْتُ أَوَّلَ النَّاسِ فِي ٱلْخَلْقِ وَآخِرَهُمْ فِي ٱلْبَعْثِ) من یەکەم پێغەمبەرم لە دروستکراوی‌دا، دوا کەسیشیانم لەناردن‌دا، بۆیە لێرەدا ناوەکەی پێش حەزرەتی نووح‌و پێغەمبەرانی تریش خراوە.

٣- دەتوانرێ بگوترێ حەزرەتی موحەممەد ﷺ یەکەم موسوڵمانە لە ئومەتەکەی خۆی.

جێنشینی ئادەمیزاد لەسەر زەوی

وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ



دوا ئەوەی پەروەردگار ئەوەی ڕوون کردەوە کە سەرەنجامی هەموو ئادەمیزاد گەڕانەوەیە بۆ لای خودا بۆ حیسابو لێکۆڵینەوە، بە ئایەتێکی سەرنج ڕاکێشو گرنگ، کۆتایی بە سوورەتەکە هێنا، ئەو ڕاستییەی ڕاگەیاند کە ئادەمیزاد بڕێکیان دەبنە جێنشینی بڕێکیان، وەکوو چینی پێستان چینێک دەڕوا چینێکی تر جێگایان دەگرنەوە، بۆ ئەوەی ژیان لەسەر زەوی درێژەی پێ بدرێو ئادەمیزادەکان پێشبڕکێ بکەن بۆ ئەنجامدانی کاری باشو فەرمووی: ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە ئادەمیزادەکانی کردوون بە جێگیرو جێنشینی یەکتری، هەندێکیان شوێنی هەندێکیان دەگرنەوە، گەلە پێشینەکانی لەناو بردوون، گەلو نەتەوەی تری خستنە شوێنیان بۆ ئەوەی زەوی ئاوەدان بکەنەوە، ڕۆڵی خۆیانی تێدا بگێڕن، پێشبڕکێ بکەن بۆ بەکارهێنانو سوود بینین لە بەرووبوومەکانی.

﴿وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ﴾ هەندێکیانی خستۆتە ژوور هەندێکیانەوە، جوداوازی خستۆتە نێوانتانەوە ؛ لە دەوڵەمەندیو هەژارییدا، لە پلەو پایەو دەست ڕۆیشتوییدا، لەزانینو نەزانیدا، لەشێوەو شکڵو سەرو سیمادا، لەجوانیو ناشیرینیدا، لە عەقڵو ژیریدا، لە ڕزقو ڕۆزیدا، ئەم جوداوازیو خوارو ژوورییە لەبەر نەتوانینو نەزانی خودا نییە، بەڵکو ﴿لِيَبْلُوَكُمْ فِيمَا آتَاكُمْ﴾ بۆ ئەوەی بە تاقیتان بکاتەوە لەو ماڵو دارایییەی پێی بەخشیون، یا لەو کەمو کوڕییەی کە تووشی دەبن لە ژیاندا، بۆ تاقیکردنەوەو ئەزموونە، تا دەربکەوێ چۆن هەڵسو کەوت لەگەڵ ئەو بەشو

بارەدا دەکەن کە خودا پێی داون، واتە: پەروەردگار هەرچەندە بۆ خۆی پێویستی بە تاقیکردنەوە نیەو هەموو شتێک لای ئەو نومایانە. بەڵام وەکوو تاقیکەرەوە هەڵسو کەوتتان لەگەڵ دەکا؛ دەوڵەمەند بەتاقی دەکاتەوە، ماڵو سامانی دەداتێ، تا دەر بکەوێ تا چ ئەندازەیەک شوکرانە ژمێری لەسەر دەکاو بەشی فەقیرو هەژارانی لێ دەدا! هەژار بەتاقی دەکاتەوە ماڵو سامانی ناداتێ ژیانی پڕ ئاستەنگو دەست کورتی دەداتێ؛ تا دەربکەوێ چەند شوکرو صابیرە بەو بەشەی خودا بۆی داناوەو چۆن هەڵسو کەوت لەگەڵ هەژارییەکەیدا دەکا. ئەمجار خودا پاداشتو سزا لەسەر کردەوەکانیان دەداتەوە هەرکەسە بەپێی کردەوەو هەڵسو کەوتی خۆی لە دونیادا پاداشتو سزای ڕۆژی قیامەت وەردەگرێ!

وادەبێ ئادەمی کەمتەرخەمی دەکا لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە یان بەرێکو پێکی ئەرکی سەرشانی جێبەجێ دەکا، ئیتر پاداشتو سزا بەگوێرەی ئەو کردارو هەڵوێستە دیاری دەکرێ.

وەکو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ، وَنَبْلُوَ أَخْبَارَكُمْ﴾محمد/٣١..

ئیمامی موسلیم لە صەحیحی خۆیدا لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا، فَيَنْظُرُ كَيْفَ تَعْلَمُونَ، فَاتَّقُوا الدُّنْيَا وَاتَّقُوا النِّسَاءَ، فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَتْ فِي النِّسَاءِ) ژیانی جیهانی شیرینو جوانە پەروەردگار ئێوەی تێدا کردووە بە جێنشینو سەیر دەکا چۆن کار دەکەنو هەڵسو کەوتتان چۆن دەبێ! خۆتان لە داوی دونیا بپارێزن، خۆتان لەداوی ئافرەتان بپارێزن، ئاگادار بن بەگوێرەی شەریعەتی خودا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، چونکە یەکەم فیتنەو ئاشووبێک کە لەناو نەتەوەی ئیسرائیلدا بەرپا بوو هۆکارەکەی ئافرەت بوو!

ئیتر دوای ئەم تاقیکردنەوەیە لەبەردەم ئادەمیزاددا دوو شت هەیە: تۆڵەو عیقاب لەسەر خراپە یان پاداشتو ثەواب لەسەر چاکە، ﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ دڵنیابە خودای تۆ زوو تۆڵە دەسێنێ، کەسێک سەرپێچی فەرمانەکانی بکا دژی ڕێبازی پێغەمبەرە کەی بجوڵێتەوە زوو سزای دەداو پاشگوێی ناخا، هەرچەندە بۆ ماوەیەک مۆڵەتی بدا، وەصفدار کردنی تۆڵەو سزا بەزوو ئەنجامدانی لەم ڕووەوەیە کە هەموو داهاتوویەک نزیکە، عەرەب وتەنی (كُلُّ مَا هُوَ آتٍ قَرِيبٌ).. ئەو تۆڵەو سزایە یا لەدونیادا دەبێ بەزیان لێکەوتن لە گیانو ماڵو ناموسدا، یان لە هەندێکیاندا، یان لە قیامەتدا دەبێ بە ئاگری دۆزەخ! دەشێ بەهەموو سزاکان سزا بدرێ.

پەروەردگار وەکوو زوو تۆڵە لە موشریکو کافران دەستێنێو سزای تاوانکاران دەداو لێخۆش بوو بەبەزەیی‌یە بۆ چاکەکارانی موسوڵمان، ئەوانەی شوێن پەیامی پێغەمبەران کەوتوونو پابەندی فەرمانو جڵەگیریەکانیان بوون، چونکە ڕەحمو بەزەیی خودا زۆر لە قارو غەزەبی زیاترە.. ڕەحمەتی پاساوی بەسەر قاریدا هەیە، ئەوەندە ڕەحمەتی زۆرە بەشی هەموو شتێک دەکا، پاداشتی چاکە بە دە چەندانە دەداتەوە، بگرە جاری وا دەبێ -ئەگەر حەز بکا- دەگاتە حەوت سەد هێندەو زیاتریش.. بەڵام سزای خراپە هەر بەئەندازەی خۆی تۆڵە دەستێنێ، بەڵکو ئەگەر تاوانکار تۆبە بکاو لە گوناهەکەی ژێوان ببێتەوە لەوانەیە لێشی خۆش بێ، جاری وا دەبێ بە فەضلو گەورەیی خۆی لەدونیادا تاوانی تاوانبار پەردەپۆش دەکاو ناوی نازڕێنێ!

زۆرجار پەروەردگار لە قورئاندا ئەم دوو صیفەتەی خۆی وێکڕا دەهێنێ: صیفەتی لێخۆشبوویی‌و بەزەیی لەگەڵ صیفەتی تۆڵەسەنی‌و غەزەب دەخاتە پەنا یەکترەوە، وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾الرعد/٦ یان دەفەرموێ: ﴿نَبِّئْ

عِبَادِي أَنِّي أَنَا ٱلْغَفُورُ الرَّحِيمُ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلْعَذَابُ الأَلِيمُ﴾الحجر/٤٩-٥٠.. گەلێک ئایاتی تریش لەم جۆرە هەن کە مـوژدەو ترسانیان تێدایە بەتەما کردنو هەڕەشەیان لەخۆ گرتووە، جارێک بانگەوازی ئاراستەی بەندەکانی دەکا بەهەڵنانو تەما بەرنانو باسی خۆشی بەهەشتو شێوەی رازاوەی، دەمێکیش بانگەوازییەکە بەشێوەی هەڕەشەو ترساندنو باسی سەختی سزای دۆزەخو ئێشو ئازاری ئاگری سوتێنەر ئەنجام دەدا، جاری واش هەیە بانگەوازییەکە بەهەردوو شێوەکە ئەنجام دەدا.

بەیارمەتی خوا لێرەدا سوورەتی (الانعام) تەواو بوو، دەست دەکەین بە سوورەتی (الاعراف).

سورەتی الاعراف

ئەم سوورەتە ناونراوە (الاعراف) چونکە وشەی (اعراف)ی تێدا هاتووە.. (اعراف) بەو شوورەیە دەگوترێ: کە لەنێوان بەهەشتو دۆزەخدایە.

طەبەری دەڵێ: (اعراف) کۆی (عرف) هەر تەپۆڵکەو بەرزاییەکێ لەزەویدا پێی دەوترێ (عرف).. هەر بۆیە بە کڵاوەی کەڵەشێر دەوترێ (عرف) چونکە بەرز بۆتەوە.

ئیبنو جەریری طەبەری لە حوذەیفەوە حەدیثێك ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: دەربارەی ئەعرافیەکان (اصحاب الاعراف) پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا، ئەویش فەرمووی: ئەوانە کەسانێکن چاکەو خراپەیان هاوسەنگی یەکترن، خراپەکارییەکەیان ڕێگەی بەهەشتی لێ بڕیونەوە ، چاکەکانیشیان ڕێگای دۆزەخیان لێ گرتوونو ناهێڵن بچنە ناو ئاگرەوە، لەسەر شوورەی ئەعراف ڕادەگیرێن تا پەروەردگار بڕیاریان دەربارە دەردەکا!

سورەتی (الاعراف) بەقسەی قورئان خوێنە بەصریو شامی‌یەکان دووسەدو پێنج ئایەتە، بەقسەی قورئان خوێنە مەدینەییو کوفیەکان دووسەدو شەش ئایەتە.

ئەم سورتە بەکۆڕا (الاجماع) مەککەیی‌یە، ئیبنو عەبباسو ئیبنو زوبەیر بەڕاشکاوی کۆڕایان لەم بارەوە فەرمووە.

قەتادە دەڵێ: ئایەتی ﴿وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ﴾ مەدینەیی‌یە. هەندێکێ دەڵێن: هەشت ئایەت لە ﴿واسألهم عن القرية﴾ی تا ئایەتی ﴿وَإِذْ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ﴾ مەدینەیین. بەڵام ڕای پەسەندو بەهێز، بەڵکو کۆڕا (اجماع)ی لەسەر ڕیوایەت کراوە کە هەموو سوورەتەکە مەککەیی‌یەو بەیەکێ جار هاتۆتە خوارێ.

ئەم سوورەتە بۆ درێژەپێدانو شیکردنەوەی سەرگورشتەو چیرۆکی بەسەرهاتی پێغەمبەرانو ڕوونکردنەوەی بنەمای باوەڕ هاتووە، ئەمیش وەکوو سوورەتی (الانعام) وایە، بەڵکو وەکوو شیکردنەوەی ئەو وایە، لەتەوەرەی چەسپاندنی یەکتاپەرستیو زیندوبوونەوەو پاداشتو سزاو، چەسپاندنی نیگاو

پێغەمبەرایەتی بەتایبەتی چەسپاندنی ئەوە کە حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەری هەموو ئادەمیزادە، دەخولێتەوە.

سوورەتی ئەعراف لە سوورەتی ئەنعام درێژترە، ئەگەر ڕیزکردنی حەوت سوورەتە درێژەکان بەگوێرەی ئەوەبێ کامە درێژە ئەوە پێش بخرێ دەبوایە ئەعراف پێش ئەنعام بخرایە، بەڵام ئاشکرایە ڕیزکردنی سوورەتەکان لەقورئاندا (توقیفی)یە.

ئەم سوورەتەش وەکوو ئاماژەی بۆکرا، وەکوو سوورەتی ئەنعام باسە سەرەکیەکەی لە تەوەرەی چەسپاندنی عەقیدەو بیروباوەڕدا دەخولێتەوە.. بەڵام -وەکو سەیید دەفەرموێ- جوداوازییان زۆرە، هەرچەندە سوورەتی ئەنعامو ئەعراف باسە سەرەکیەکەیان لەچوارچێوەی قورئانی مەککیدایەو باسی عەقیدەو بیروباوەڕ دەکەن، وەلێ جوداوازی گۆڕەپانی هاتووچۆیان بۆ چارەسەر کردنی ئەم باسە گرنگە زۆر لێک جیایە.

ئەمجار مامۆستا سەیید دەفەرموێ: (بێگومان هەموو سوورەتێک لە سوورەتەکانی قورئان خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆن، هەریەکەیان سەرو سیمای خۆی هەیە، ڕێبازو گۆڕەپانی تایبەتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم باسە گرنگە هەیە.

وێنەی سوورەتەکانی قورئان لەم ڕووەوە وەکوو ئادەمیزادەکان وەهایە، کە پەروەردگار هەر ئادەمیزادەو کەسایەتیو شێوەو ڕوخساری تایبەتی خۆی داوەتێ، هەموویان ئادەمیزادن، هەموویان تایبەتمەندی ئادەمیزادیتی‌یان تێدایە، هەموویان لەدروست بوونی پێکهاتەی ئەندامەکانیانو ئەرکی ئادەمیزادیەتییان وەکوو یەک وان؛ بەڵام هەریەکەیان تا ئەوپەڕی سنوور نموونەی جیاجیایان تێدایە، هیچ ئادەمیزادێک سەد دەر سەد لەئادەمیزادێکی تر ناچێ، بەڵکو زۆر لێک جوداوازن، تەنها لەتایبەتمەندی ئادەمیزادیدا کۆدەبنەوە، ئەگینا لەڕاستیدا هەر ئادەمیزادەو سەرو سیماو شێوەو ڕوخسارو ڕەوشتی جۆراوجۆری خۆی هەیە، تەنانەت چاوە قامکی هیچ کەسێک لەهی کەسێکی تر ناچێ، بەئاشکرا جوداوازییان پێوە دیارە.

هەر بەو شێوەیە سوورەتەکانی قورئانم دێتە بەرچاو، ئاوا هەستیان پێ

دەکەم، هەر بەو شێوەیەش -پاش ئەو هەموو تەمەن بەسەر بردنەو ژیانم لەگەڵ قورئاندا- مامەڵە لەگەڵ سوورەتەکانیدا دەکەم..).

سورەتی ئەعراف ئەم بنەما بیروباوەڕە ئیسلامیانەی لەخۆ گرتوون:

١- قورئان نامەی خودایە؛ سەرەتای بەوە دەست پێ دەکا کە قورئانی پیرۆز موعجیزەی هەتا هەتایی پێغەمبەرەو، نیعمەتی پەروەردگارە ناردویەتی بۆ ئادەمیزادو پێویستە شوێنی بکەون.

٢- ئادەم بابە گەورەی ئادەمیزاد؛ ئادەمیزاد هەموویان لەیەک باوک کەوتوونەوە کە ئادەمە.. پەروەردگار فەرمانی بە فریشتەکان کرد کە سوژدەی ڕێزو خۆشەویستیی بۆ بەرن، نەک سوژدەی بەندایەتی کردنو پیرۆزی.

٣- چەسپاندنی بیروباوەڕی یەکتاپەرستیو دان نان بەتاکو تەنهایی خوداو بەندایەتی کردن بۆ ئەو زاتە پیرۆزە، دان نان بەوە کە هەر خودا مافی دانانی شەریعەتی هەیە، مافی حەرام کردنو حەڵاڵ کردن هەر هی ئەوەو کەسی تر رایەی ناکەوێ لافی ئەوە لێ بدات!

٤- سروش و پێغەمبەرایەتی؛ نیگای خودا بۆ پێغەمبەرانی شتێکی چەسپاوەو لێرەدا بریتیە لە ناردنە خوارەوەی قورئان بۆسەر دڵو دەروونی حەزرەتی موحەممەد ﷺ.

٥- چەسپاندنی بیروباوەڕی زیندوبوونەوەو پاداشتو سزا لەرۆژی قیامەتدا.

٦- بەڵگە هێنانەوە لەسەر هەبوونی خودا؛ لەم سوورەتەدا پەروەردگار بەڵگەی زۆرو زەبەندەی هێناونەوە لەسەر هەبوونی خۆی، بڕێک لەو بەڵگانە بەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەوییە لەماوەی شەش ڕۆژدا، هەروا هاتنی شەو ڕۆژ یەک بەدوای یەکدا، هەروا هاتوچۆی مانگو خۆرو ئەستێرەکان هەریەکەیان لەتەوەری خۆیداو بەبێ پاشو پێش بەفەرمانی پەروەردگار، هەروەها دەرهێنانی میوەو بەروبوومو دانەوێڵە لە زەوی.

٧- هەڕەشەکردن بەلەناوبردن؛ پەروەردگار زۆر گەلو نەتەوەی ستەمکارو ملهوڕی لەناو بردوون کە دەبوایە گەلو نەتەوەی دوا ئەوان پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن، خەڵکانی لە هەمان شێوە سزاو تۆڵە ترساندووە. لەهەمان کاتدا

ئادەمیزادانی هەڵناوە بۆ ئیمان هێنانو کردەوەی باشو خواپەسەند بۆ ئـەوەی خێرو بێریان بەسەردا برێژی.

٨- چیرۆکو بەسەرهاتی پێغەمبـەران: پـەروەردگار لـەم سـوورەتەدا کۆمەڵێک چیرۆکو سەرگورشتەی پێغەمبـەران (نـوح، هـود، صـالح، لـوط، شوعەیب، موسا) سـەلامی خوایـان لێ بـێ دەگێڕێتـەوە، بـۆ ئـەوەی پـەندو ئامۆژگارییان لێ وەربگرینو بزانین سەرەنجامی خواپەرستان چۆن بووە.

٩- هەڕەشـە کـردن لـە بتپەرستانو لاقرتـی کـردن بەوانـەی کـە شـتێک دەپەرسـتن کـە زیـانو قـازانجی هیچیـان بەدەسـت نیـە، شـتێک دەپەرسـتن نەدەبیستن نە دەبینن.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

شوێنکەوتنی قورئانو پابەند بوون بە فەرمانو جڵەوگیریەکانی

الٓمٓصٓ ﴿١﴾ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢﴾ ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾

پەروەردگار ئەم سوورەتە مەککەییەی بـە (المـص) دەسـت پـێ کـرد، حیکمەتی دەست پێکردنی ئەم سوورەتەو نموونەکانی کە بەو جۆرە پیتانە کە مانایەکی ئاشکرایان نیە، ئاگادار کردنەوەی بیسەرو خوێنەرە کە ئەوەی لەدوا ئـەم پیتانـە دێ شـتێکی گرنـگو بەنرخـەو پێویسـتە بـەئاگاداری گوێیـان لێ بگیرێ.

بـەڵێ وردبوونـەوەو تێفکریـن لـە سـوورەتەکانی قورئـان ئـەوەمان بـۆ دەردەکەوێ کە ئەو سـوورەتانەی بـەم جـۆرە پیتانـە یـان بـە وشـەی (کتـاب) دەست پێ دەکەن، ئـەو سـوورەتانەن کـە لـە مەککـە هاتوونەتـە خـوارێ، بـۆ بانگـەوازی کردنـی موشـریکەکان بـۆ موسـوڵمان بـوونو چەسـپاندنی

پێغەمبەرایەتیو سروش، ئەو سوورەتە مەدەنیانەی کە بەو جۆرە پیتانە دەست پێ دەکەن وەکوو سوورەتی بەقەرەو سوورەتی ئالی عیمران بانگەوازی کردنەکە تیایاندا ئاراستەی ئەهلی کیتاب کراوە.. هەروەها لە سوورەتی (مەریەم)و (عەنکەبووت)و (ڕۆم)و (ص)و (ن)دا بانگەوازی کردنەکە تێیاندا بریتییە لە چەسپاندنی پێغەمبەرایەتیو ناردنی قورئان لەخوداوەو باسی ئەوانەی کە لەسەر ئایین تووشی ئازارو ئەشکەنجە بوون، هەروەها گێڕانەوەی سەرگورشتەی فارسو ڕۆمو سەرکەوتنی موسوڵمانان بەسەر کافراندا، ئەمە ئاشکراترین موعجیزەی قورئانە کە ڕاستی پێغەمبەرێتی حەزرەتی موحەممەد دەچەسپێنێ.

هەندێ لە زانایان پێیان وایە ئەم جۆرە پیتە پچڕ پچڕانە ناون بۆ سوورەتەکانو جۆرێکن لە عەلەمی مورتەجەل.

بڕێکی تر لە زانایان پێیان وایە حیکمەت لەهێنانی ئەم جۆرە پیتانە دەستنیشان کردنی سەرئاسایی قورئانەو ئاماژەیە بە ئەوە کە قورئان لەم پیتانە پێکهاتووە، قسەو ئاخاتنی عەرەبەکانیش لەم پیتانە پێک دێ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا عەرەبو ناعەرەب ناتوانن لەو پیتانە نامەیەکی ئاوا بخەنە ڕوو، بۆ ئەوە سەرنجیان ڕابکێشی بۆ ئەوە کە قورئان ئاخاوتنی ئادەمیزاد نیەو شاکاری دەستی پەروەردگارە!

﴿كِتَابٌ أُنْزِلَ إِلَيْكَ﴾ ئەم قورئانە کتێبێکی گەورەو بەفەڕو بەنرخە، ئەی موحەممەد لەلایەن خوداوە بۆتۆ نێردراوە، بۆ ئەوەی خەڵکی پێ شارەزا بکەیو ڕێگای ئایینی ڕاست پیشان ئادەمیزاد بدەیو لەگومڕاییو سەرلێشێواوی ڕزگاریان بکەی.

﴿فَلَا يَكُنْ فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِنْهُ﴾ بە سنگێکی فراوانەوە ئەرکی سەرشانی خۆت ئەنجام بدە، دڵت تەنگ نەبێ بەڕاگەیاندنی قورئانو ترساندنی مەردووم پێیو گەیاندنی بەو کەسانەی کە فەرمانت پێ کراوە پێیان بگەیەنی، خۆڕاگریە بۆ فەرمانی ئێمە، ئەرکی پێغەمبەرایەتی خۆت جێبەجێ بکە: وەکوو چۆن پێغەمبەرە خاوەن هەڵوێستو عەزیمەتەکان خۆ ڕاگر بوون!

بێگومان حەزرەتی موحەممەد ئەرکی ڕەهنومایی کردنی هەموو

ئادەمیزادو هەموو جنۆکەی لەسەر شان بووە، نێردراوە بۆ سەر هەموویان، کەوابێ شتێکی سروشتیو چاوەڕوان کراوە کە تووشی جۆرەها ناڕەحەتیو ئەزیەتو ناخۆشی ببێ، چاوەڕوان کراوە تووشی بەربەرەکانیو تانووتو روو لێ وەرگێڕانو پشت لێ هەڵکردنی زۆر کەس ببێ! کە ئەمانە کاروبارێکن دەبنە هۆی دڵتەنگیو ناڕەحەتی، بۆیە پەروەردگار ئەو جڵەوگیرییەی ئاراستەکرد بۆ ئەوەی زیاتر سووربێ لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیو چاوەڕوانی بەدیهاتنی وادەی پەروەردگاری بێو چاو لە پێغەمبەرە خاوەن عەزمەکانی پێش خۆی بکا، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ﴾الأحقاف/٣٥، بۆیە دەبێ مەبەست بە جڵەوگیری ئایەتەکەی ئێرە قۆڵ لێ هەڵماڵینو تێکۆشانو شان بەردانو خۆ ئامادەکردن بێ بۆ بەرەنگاری کردنی هەموو تەنگو چەڵەمەو ئێشو ئازارێک کە لەپێناو راگەیاندنی پەیامەکەیدا تووشی دێ، وێڕای چاوەڕوانی کردنی بۆ وەدیهاتنی وادەی پەروەردگار.

ئەی موحەممەد! ئێمە ئەم کتێبە بەفەڕو گەورەیەمان بۆ ناردویە خوارێ ﴿لِتُنذِرَ بِهِ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ ئەوەی نەتەوەکەتو باقی ئادەمیزادی پێ بترسێنێ، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە بیرەوەریو یادخەرەوە بۆ ئەو کەسانەی لە زانستی خودادا بە موسوڵمان حلێب کراون، یادکردنەوەیەکی سوودبەخشو کاریگەر بێ لەدڵیاندا.

قورئان نامەیەکی ئاسمانییە بۆ تۆ نێردراوە، بۆ ئەنجامدانی دوو کاری گرنگ: ترساندنی موشریکو خوانەناسان، وەبیرهێنانەوەی موسوڵمان، قورئان کتێبێکە نێردراوە بۆ قڵیشانەوەو شۆڕش، بۆ درکاندنو ڕاگەیاندنی حەقو راستی، بۆ ڕوویەڕوبوونەوەی ئادەمیزاد بە شتێک کە لەڕواڵەتدا دژی بەرژەوەندیانەو دژی دەوەستن، بۆ بەگژداچوونەوەی بیروباوەڕو دابو نەریتی نەشازو پڕوپووچیانە، بۆ ڕووخاندنی قەڵای کوفرو بێدینیو بارودۆخی کۆمەڵگای خوا لێ ڕەنجاوە، بۆ هەڵتەکاندنی هەموو بیرو بۆچوونو یاساو نظامێک کە لە ئایینی حەقی خوداوە سەرچاوەی نەگرتبێ، کەوابێ ڕێڕەوانی قورئانو هەڵگرانی مەشخەڵی ئەو ڕۆژە ڕووناکە لە هەموو ڕۆژگارو شوێنێکدا

لەناو هەموو کۆمەڵو نەتەوەیەکدا تووشی جۆرەها ئاستەنگو تەنگو چەڵەمە دەبن، چونکە ئیسلام ڕووداوێکی کاتی مێژوویی نیەو سەری هەڵدابێو ماوەیەک ڕۆڵی بینیبێو دوایی بەسەر چووبێو چووبێتە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژووەوە، وەکوو چیرۆک بخوێندرێتەوە! بەڵکو ئیسلام بریتیە لە یاسایەکی ئاسمانی خودایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گومڕایی ئادەمیزاد لەهەموو چەرخو زەمانێکدا، چونکە قورئان کە بەرنامەی ئەو ئایینەیەو یاسای بوونەوەرە، بەرنامەی هەڵبژاردەیە بۆ ئادەمیزاد بۆ هەتا هەتایە، هەرکاتێ ئادەمیزاد لەو ڕێڕەوە لایداو گەڕایەوە بۆ سەر ڕێبازی گومڕایی دەبێ قورئان ڕۆڵی خۆی ببینێو فریای ئادەمیزاد بکەوێو لە شەوەزەنگی گومڕایی ڕزگاریان بکا، کەوابێ لە هەموو ڕۆژگارێکدا هەقخوازو قورئانخوازان دەبێ چاوەڕوانی ڕووبەڕوو بوونەوەو ئاستەنگو کێشمە کێشم ببن، دەبێ لەپێناو ڕاگەیاندنی ئایینی خودادا چاوەڕوانی تووش بوونی زەرەرو زیان بن، وە بەدڵێکی فراوانەوە خۆ ئامادە بکەن بۆ هەموو ناخۆشییەک، چونکە ڕێبازی بانگەوازیکارانی ئیسلام بە گوڵ نەچێندراوەو ڕێگا هەورازو سەرەولێژە.

جا چونکە ئەم قورئان ئەوەندە گرنگو پیرۆزو بەفەڕە، بۆیە پەروەردگار خیطابی خۆی ئاراستەی هەموو ئادەمیزاد کردو فەرمووی: ﴿اِتَّبِعُوا مَا أُنـْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ ئەی موحەممەد! بەو خەڵکە بڵێ: هەمووتان تێکڕا شوێن ئەو قورئانە بکەون کە لەخوداوە بۆتان نێردراوەتە خوارێ، لەلایەن پەروەردگارو بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەری کاروبارتانەوە بۆتان نێردراوە. هەر ئەوە بەتەنیا شیاوی ئەوەیە مافی ئەوەی هەیە کە شەریعەت دابنێو یاساتان بۆ دابڕێژێو عیباداتو خوداپەرستیتان بۆ دیار بکا، شتی بەسوودتان بۆ حەلاڵ بکاو شتی زیانبەخشتان لێ یاساغ بکا چونکە هەر ئەوە کرۆکو ماهیەتی شتەکان دەزانێ، دەزانێ چی بەسوودەو چی زیانبەخشە.

﴿وَلَا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ ئێوە جگە لە خودا کەسی تر مەکەن بە وەلیو سەرپەرشتیاری خۆتان، نە لەئادەمیو نە لە شەیاتینی، ئەوانە ختوکەو وەسوەسە دەخەنە دڵتانەوە، مەیانکەن بە گەورەو لێپرسراوی خۆتان، کاروباری خۆتانیان پێ مەسپێرن؛ پابەندی فەرمانەکانیان مەبن بۆ

ئەنجامدانی کاری زیان ئامێزو خەتەرناک، بۆ وەرگرتنی بیرو باوەڕی پڕوپووچو گومڕایی شوێنیان مەکەونو شەڕو بەدبەختی بۆ خۆتان دەستەبەر مەکەن! وا مەزانن ئەو بتانە، ئەو ئارامگای شێخو گۆڕو قسنانە -هەرچەندە بەردو دارو بێ گیانن- لای پەروەردگار کاریگەریان هەیە! لەو پەیامەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون لامەدەن بۆ بەرنامەو پرۆگرامی تر، ئەگەر وابکەن لەحەق لاتان داوە بۆ گومڕایی، لەجیاتی حوکمی خودای زاناو دانا، یاسای شەیتانو هەواو هەوەستان هەڵبژاردوە، خۆتان بەدبەختو چارەڕەشی هەردوو دونیا کردووە!

بەکورتی تەنها خودا سەروکاری کاروباری بەندەکانی دەکا، ئەو بەدیهێناون، هەر ئەو شیاوی حەڵاڵکردنو حەرامکردنە، هەر ئەو مافی تەشریع دانانی هەیە، زەرەرو قازانج هەر بەدەست ئەوە، کەسی تر رایەی ناکەوێ یاسا بۆ ئادەمیزاد دابنێ، ئەگەر بۆشی دابنێ بەرژەوەندی ئادەمیزادی تێدا نیە، لە بەدبەختیو چارەڕەشی زیاتر هیچی تری لێ دەست ناکەوێ!

بەلام ئێوە ﴿قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ﴾ زۆر بەکەمی ئەو شتانەی ئەرکی سەرشانتانە بەرامبەر بە خودا دێتەوە بیرتانو پێی ئاشنا دەبن، کەمتر پەندو ئامۆژگاری لەم قورئانە وەردەگرنو واز لەلاسایی کردنەوەی کوێرانەو ئارەزوو پەرستی دەهێننو دەگەڕێنەوە بۆلای خوداو موسوڵمان دەبن، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾یوسف/١٠٣.

تێبینی:

١- ئایەتەکە بەشێوەیەکی گشتی فەرمان دەکا بە هەموو ئادەمیزاد کە شوێن ئایینی ئیسلامو بەرنامەکەی -کەقورئانە- بکەون، هەر شتێک ئەو حەڵاڵی کرد حەڵاڵە، هەر شتێک ئەو حەرامی کرد حەرامەو پێویستە لێی دور بکەوینەوە.

شوێنکەوتنی پێغەمبەریش دەچێتە چوارچێوەی شوێنکەوتنی قورئانەوە

چونکە پەروەردگار فەرمانی پێ کردووین کە پابەندی فەرمانەکانی بین، وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾النحل/٤٤. کەوابێ ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر پێویست بوونی شوێنکەوتنی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ.

٢- حەرامە لە ئایینداشوێن هەر ئادەمیزادێک بکەوین کە پابەندیی فەرمانی خودا نەبێ، نابێ لاسایی ئەهلی کیتاب بکەینەوە: کە پابەندی فەرمانی رەبەنەکانیان بوون، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾التوبة/٣١.

٣- لەگەڵ هەبوونی دەقی شەرعی حەرامە ئادەمیزاد شوێن ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆی بکەوێ.

٤- حەرامو یاساغە جگە لەخودای مەزن کەسێکی تر بکرێ بە وەلیو سەرپەرشتیارو بەندایەتیی بۆ بکرێ.

سەرەنجامی بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران لە دونیادا

وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَـٰتًا أَوْ هُمْ قَآئِلُونَ ﴿٤﴾ فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا ظَـٰلِمِينَ ﴿٥﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر کرد کە ئەرکی سەرشانی خۆی -تر ساندنو ڕاگەیاندن- ئەنجام بدا، فەرمانیشی بە ئادەمیزادان کرد کە پەیامەکەی وەربگرنو شوێنی بکەون، ئەمجار لەم ئایەتانەدا باسی ئاکامی ئەوانە دەکا کە سەرپێچی فەرمانو جڵەوگیریەکانی قورئان دەکەن، ئەمەش لەڕوانگەی وەبیرهێنانەوەی هۆکارو ئاکامی لەناوبردنی گەلە پێشینەکانو فەرمووی: ﴿وَكَمْ مِنْ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا﴾ زۆر لە شارو شارۆچکەمان ژێر زەبەر کردنو دانیشتوانیانمان لەناوبردن، بەهۆی سەرپێچی کردنیان بۆ پێغەمبەرەکانیانو بەدرۆ خستنەوەیان، ئەو گەلو نەتەوانە پێغەمبەرمان بۆ ناردنو سەرپێچیان کرد ﴿فَجَاءَهَا بَأْسُنَا بَيَاتاً﴾

ئیتر عەزابو تۆڵەی ئێمەیان بۆ هات، لەکاتێکا کە ئەوان لەشەودا بوونو لەشیرینی خەودا غافڵگیرمان کردن! ﴿أَوْ هُمْ قَائِلُونَ﴾ یان لەکاتی قەیلولەو پشوودانی پێش نیوەڕۆدا بوون. هەردوو کاتەکە کاتی بێ ئاگاییو ئیستیراحەتو پاڵدانەوەیە. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتاً وَهُمْ نَائِمُونَ، أَوْ أَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴾الاعراف/٩٧-٩٨. کەواتە با خراپە نەکەنو لەخۆیان دڵنیا نەبن، بەڵکوو هەموو کاتێ خۆ لەخراپەکاری بپارێزنو لە عەزابی خودا بێ ترس نەبن، بزانن کە خوداهەمیشە ئاگادارو بەتواناو بەصەبرە بەڵام کە تۆڵەستاند بەزەبرە!

﴿فَمَا كَانَ دَعْوَاهُمْ إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا إِلَّا أَنْ قَالُوا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ﴾

لەکاتی هاتنی تۆڵەو سزای ئێمە بۆسەر ئەو گەلو نەتەوە ستەمکارانە هەر ئەوەندەیان پێ گوترا کە دان بە تاوانەکانیاندا بنێنو بەدەمی خۆیان بڵێن ئێمە شایانی ئەو سزایەینو ستەمکار بووین، پەشیمان دەبنەوە بەڵام تازە پەشیمانی سوودی نابێ.

مەبەست لە ئایەتەکە ترساندنو هەڕەشەکردنو پەند وەرگرتنە بە ئەو عەزابو سزایەی کە تووشی گەلە سەرپێچیکارەکان بووە، بۆ ئەوەی بیسەرانو ئادەمیزادانی سەردەم بەخۆیاندا بچنەوەو واز لەتاوانی ستەمکارییان بهێنن، بترسن لەوەی کە خودا غەزەبیان لێ بگرێو بەدەردی گەلو نەتەوەکانی پێشوویان بەرێ، چونکە سوننەتی خودا وایە کە هەتا ئەوان ڕاستاڵو خوداپەرستو گوێڕایەڵ بن، خودا بە کۆمەڵو کۆکوژی لەناویان نابا، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾الرعد/١١. چونکە تۆڵەو سزای پەروەردگار بۆ بەندەکانی لە دونیادا حەقو دادپەروەرییەو لەئاکامی سەرپێچیو تاوان کردندا تووشیان دەبێ!

سەرەنجامی کوفرو بێ دینیو لێکۆڵینەوە لەسەر کردەوە لە ڕۆژی قیامەتدا

فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾ وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾

پاش ئەوی پەروەردگار هەڕەشەی لە سەرپێچیکاران کرد بەلەناوبردنو ڕیشەکێش کردن، بەشوێن ئەو هەڕەشەیەدا هەڕەشەی بە سزایەکی تر لێ کردن، کە سزای ڕۆژی قیامەتە: ئەوەی روون کردەوە کە پرسیار لە هەموو کەس دەکرێو لە کردەوەکانی دەکۆڵدرێتەوەو حیسابی لەگەڵ دەکرێ، هەرکەسە بەگوێرەی کردەوەکانی سزاو پاداشتی دەدرێتەوە، چاکە بەچاکەو خراپە بە خراپە! جا کە لەئایەتی پێشوودا ئەوەی روون کردەوە کە بڕێک لە حاڵو چۆنیەتی قیامەت لێکۆڵینەوەو حیساب لەگەڵ کردنە، ئەوجار ئەوە بەیان دەکا کە بڕێ لە حاڵو چۆنیەتی قیامەت، کێشانی کردەوەی ئادەمیزادەو دەفەرموێ: ﴿فَلَنَسْئَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ﴾ دڵنیا بنو هیچ شکو گومانتان نەبێ ئێمە لەڕۆژی قیامەتدا پرسیار لە گەلونەتەوەکان دەکەین دەربارەی شێوەی وەڵامدانەوەیان بۆ پێغەمبەرەکانیان، لێیان دەپرسین چۆن وەڵامی پێغەمبەرەکانیان داوەتەوە، واتە: پەروەردگار لەڕۆژی قیامەتدا یەکە یەکە پرسیار لە ئادەمیزادەکان دەکا دەربارەی ئەو پێغەمبەرەی کە پێویست بووە شوێنی بکەوێ! چۆنی بانگەوازی پێ گەیشتووەو چۆن وەڵامی داوەتەوە!

هەروەها ﴿وَلَنَسْئَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ﴾ پرسیار لە پێغەمبەرەکانیش دەکەین، ئاخۆ چۆن چۆنی پەیامی ئێمەیان بە خەڵکەکە گەیاندووەو چۆنیان وەڵام

داوەتەوە؟ بڕوایان پێ کردوون یان لەسەر کوفرو بێدینی خۆیان بەردەوام بوون؟

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، پرسیارەکەش ئەوەیە: قورئان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَايُسْـَٔلُ عَنْ ذَنْبِهِ إِنْسٌ وَلَا جَانٌّ﴾الرحمن/٧٨.. یان دەفەرموێ: ﴿لَا يُسْـَٔلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ﴾القصص/٢٩. دەی چۆن مەفهوومی ئەم دوو ئایەتە لەگەڵ مەفهوومی ئایەتەکەی ئێرەدا یەک دەگرنەوە؟؟ لەوەڵامدا دەگوترێ: رۆژی قیامەت قۆناغ قۆناغو ویستگە ویستگەیە! حاڵەتەکانی جیا جیاو هەمە جۆرن لە برێ ویستگەو حاڵەتدا پرسیار کردن نیە لە هەندێکیاندا بەوردی پرسیارو لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێ، جاری وا دەبێ پرسیار کردنەکە بۆ سوود پێگەیاندنو رێنومایی کردنە، واش دەبێ پرسیار کردنەکە بۆ سەرزەنشتو ریسوا کردنە!

ئیمامی رزای دەفەرموێ:ئەوانە پرسیاریان دەربارەی کردەوەکانیان لێ ناکرێ، چونکە نامەی ئەعمالیان ئەوەی تێدا چەسپاوە، بەڵکو پرسیاریان لەوە لێ دەکرێ کەبۆچی ئەو کردەوانەیان نەکردوونو چ لەمپەرێک هەبووە نەیهێشتووە پابەندی فەرمانو جڵەوگیریەکانی پێغەمبەرەکانیان ببن، چ شتێک بوویە لەمپەرو بەربەست لەنێوان ئێوەو بەجێهێنانی حوکمی شەرعی.

هەڵبەتە ئەم پرسیار لێکردنو بەرپرسییە، بەرپرسییەکی (تضامنی) گشتییە، بەرپرسییەکی کۆمەڵایەتیو ئایینیو مرۆڤایەتییە، ئەوە دەچەسپێنێ کە هەرکەسە لەئاست خۆیەوە بەرپرسیارە، گەلو نەتەوەکان بەرپرسیارن، پێغەمبەرەکانیش بەرپرسیارن، پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکدا کە عەبدوڵڵای کوری عومەر ریوایەتی دەکا بەشێوەیەکی تەفصیلی ئەم بەرپرسیاریەتە دەستنیشان دەکاو دەفەرموێ: (هەمووتان بەرپرسیارنو لێپێچینەوەتان لەگەڵ دەکرێ، سەرۆکو پێشەوا بەرپرسیارە دەربارەی ژێردەستەکانی پرسیاری لێ دەکرێ، نۆکەرو خزمەتچی کاربەدەستە لەماڵی گەورەکەیداو دەربارەی هەڵسوڕانی کاروباری ئەو ماڵە پرسیاری لێ دەکرێ، پیاو کاربەدەستە لەناو ماڵو خێزانیدا، بەرپرسیارە لە بەرێوەبردنی کورو کچی دا، ئافرەت لێپرسراوە لەماڵی مێردەکەیداو پرسیاری لێ دەکرێ، کوڕ

لەماڵی باوکیدا بەرپرسیارەو لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێ، بەکورتی هەمووتان کاربەدەستو لێپرسراونو لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێ.

قورئانی پیرۆز لەبارەی ئەم لێپرسینەوەیەی ڕۆژی قیامەت زۆر ئایەتی تێدان، وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ﴾القصص/٦٥، یان ﴿وَيَوْمَ يَجْمَعُ اللهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ؟ قَالُوا لَا عِلْمَ لَنَا، إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾المائدة/١٠٩، یان دەفەرموێ: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا؟﴾الأنعام/١٣٠.

بەڵام ئاشکرایە ئەم پرسیار لێکردنو لێپێچانەوەیە بۆ زانینو ئاشکرا کردنی شتێکی نەزاندراو نیە کە لەوەپێش خودا نەیزانیبێ، بەڵکو بۆ پێ ڕاگەیاندنو هەواڵ پێدانی خودایە بەوان کە ئاگاداری کردەوەکانیان بووەو دەزانێ چیان کردووە بۆ سەرکۆنەکردنو سەرزەنشت کردنیانە لەسەر خراپەکاری! پرسیارو لێکۆڵینەوەیەکی وردو چڕو پڕە، هەمە لایەنو گشتییە، ڕەوانەکراوو بۆسەر ڕەوانەکراو دەگرێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەو پرسیارو وەڵامە بەنهێنیو پەنامەکی نیە، بەڵکو لەپێش چاوی ئەهلی مەحشەرەو لەشاشەو فلیمی خوداییەوە ڕادەنوێنرێ بەڕوونو ئاشکرایی دەبینرێ، پرسیار لەو خەڵکە دەکرێ کە پێغەمبەریان بۆسەر ڕەوانە کراوە ئەوانیش بە وردی بێ پێچو پەنا ڕووداو و هەڵوێست چۆن بووە دانی پیا دەنێن، ئیعتیراف بە تاوانباریی خۆیان دەکەن! پرسیار لە پێغەمبەرەکان دەکرێو وەڵام دەدەنەوە، بەڵام کار بەوەندەوە ناوەستێ بەڵکو وێ دەچێ ئەوان شتێکیان لەبیر چووبێتەوە بەڵام خودا نووسیویەتیو هیچ شتێکی نەبواردووە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ﴾المجادلة/٦. بۆیە دەفەرموێ: ﴿فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِمْ بِعِلْمٍ﴾ دڵنیابە ئێمە زۆر بە وردیو لێزانی ڕووداوو هەڵوێستو کارو کردەوەکانیان بەسەر پێغەمبەرو نەتەوەکانیاندا دەخوێنینەوە خوێندنەوەیەکی زانستیانە، تا ئەوپەڕی زانستی! بەبێ ئەوەی تەنانەت بەئەندازەی گەردیلەیەکو بچووکتریشمان لێ هۆن نابێ، چونکە زانستی ئێمە

هەموو شتێکی وردو هەراش دەگێڕینەوەو ئاگاداری هەموو هەڵوێستو کردارو گوفتارێکیان بووین ﴿وَمَا كُنَّا غَائِبِينَ﴾ هیچ کاتو ساتێک لەهیچ پەناگەو کونو کەلەبەرێکدا ئێمە لە ئەوان بێ ئاگا نەبووین، بەڵکو لەگەڵیان بووینو ئەوەی گوتوویانە بیستوومانە، ئەوەی کردوویانە بینیومانە، ئاگاداری هەستو مەبەستو خەیاڵی ناو دڵیشیان بووین، خیانەتی چاویشیانمان ئاگا لێ بووە، لەڕۆژی قیامەتدا هەواڵ بە ئادەمیزادەکان دەدەین بە کردەوەکانیان، هەرچی کردوویانە کەم بێ یان زۆر، گرنگ بێ یان پڕوپووچ دەیخەینەوە بەرچاویان، چونکە ئێمە ئاگاداری هەموو شتێکین، گەڵایەک کە لە درەخت دەکەوێتە خوارێ، دەنکە دانەوێڵەیەک کە دەکەوێتە درزی زەوییەوە خودا ئاگای لێیەو پێی دەزانێ، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ اِلاَّ يَعْلَمُهَا، وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ اِلاَّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾الأنعام/٩٥.

ئەمجار پەروەردگار یاسای تۆڵەو حیسابو لێکۆڵینەوە دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿والوزن يومئذٍ الحق﴾ کێشانو ئەندازەدار کردنی کردەوەکان بۆ پێغەمبەرانو گەلو نەتەوەکانو سەنگو سووکییانو باشو خراپییان ئەو ڕۆژە لەسەر بنەمای حەقو دادپەروەری ئەنجام دەدرێ، کەس ستەمی لێ ناکرێ، ماوەی بەهەڵە بردنو تەرازووبازییو دزینەوەو دەمەدەمێ نیە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلاَ تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا، وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ﴾الأنبياء/٤٧. جا کە تەرازووی خێرو شەڕ دانرا، کردەوەکان کێشانە کران، سەیر دەکرێ ﴿فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ کەسێک تای تەرازووی کردەوە باشەکانی قورس بوو بەسەر تای تەرازووی کردەوە خراپەکانیدا زاڵ بوو، ئەوە ئەوانە بە مراز گەیشتوونو دەچنە ناو بەهەشتەوەو لە سزای ئاگری دۆزەخ رزگاریان دەبێ! چ ڕزگاربوونو بە مرازگەیشتنێک لەوە خۆشترە ئادەمیزاد لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری ببێو بگەڕێتەوە بۆ بەهەشت؟ بۆ ئەو بەهەشتەی کە لەسەرەتای پەیدابوونی

ئادەمیزاددا ژیانی تێدا بەسەر بردو؟ زێدو نیشتەمەنی خۆی بووە، دوای ئەو دابڕانە دوورو درێژە گەڕانەوە بۆ ئەو بەهەشتە، گەورەترین بە مزار گەیشتنە.

بەلام ﴿وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ بِمَا كَانُوا بِآيَاتِنَا يَظْلِمُونَ﴾ کەسێک تای تەرازووی کردەوە باشەکانی سوک بێ، چاکەی کەم بێو کوفرو خراپەکاری زۆر بێ، ئەوانە خودی خۆیان خەسارەتمەند بوون، خودی خۆیان لەدەست داوە، خۆشبەختیو بەمرازگەیشتنی هەتا هەتاییان لەکیس خۆیان داوەو بەرەو دۆزەخو بەدبەختیو چارەڕەشی هەمیشەیی بردوویانە! ئەوانە دەردیان گرانە، خودی خۆیان لەدەست داوە، کەسێکیش خۆی لەدەست دا خۆی لەکیس بچێ ئیتر چی بۆ دەمێنێتەوە؟!

کەوابێ تەرازووی خێرو شەڕ ئادەمیزادەکان دەکاتە دوو بەش؛ بەشێکیان موسوڵمانن، ئەوانە هەرچەندە پلەو کردەوەو تای تەرازووی کردەوەکانیان جوداوازی تێدایە بەلام زوو یان درەنگ دەچنە بەهەشتەوەو بەمزار گەیشتوون.

بەشی دوەم تاقمی کافرو بێ دینەکانن، ئەوانەش لەگەڵ جوداوازی پلەو پایەی دۆزەخیان خەسارەتمەندی چارەڕەشو بەدبەختن!!

ئەم مانایە لەچەند شوێنێکی قورئاندا دووبارەو سێ بارە بۆتەوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ، وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ، وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ نَارٌ حَامِيَةٌ﴾القارعة/٦-١١.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین: کە ئەو شتانەی ڕۆژی قیامەت دەکێشرێن کردەوەکانن، هەرچەندە کردەوە عەرضی مەعنەوین، بەلام پەروەردگار دەتوانێ ئەو عەرضانە بکاتە قەبارەو لەنامادیەوە بیانکاتە ماددەو بیانکێشێ!

فەرموودەی پێغەمبەر زۆرن دەربارەی ئەوە کە کردەوەکان دەکرێن بە قەبارە، وەکوو ئەو فەرموودەیەی دەربارەی پرسیار کردن لە گۆڕدا کە دەفەرموێ: (فَيَأْتِي الْمُؤْمِنُ شَابٌّ حَسَنُ اللَّوْنِ طَيِّبُ الرِّيحِ، فَيَقُولُ: مَنْ أَنْتَ؟ فَيَقُولُ أَنَا عَمَلُكَ الصَّالِحُ) یان وەکوو ئەو فەرموودەی کە دەربارەی سزای

زەکات نەدەر کە ئیبنو ماجەو نەسائیو ئیبنو خوزەیمە لە ئیبنو مەسعوودەوە کە دەفەرموێ: ئەو ماڵو سامانەی زەکاتی لێ نەدرێ دەبێتە مارێکی کەچەڵو سزای خاوەن ماڵەکەی پێ دەدرێ، وەکوو دەفەرموێ: (مَا مِنْ أَحَدٍ لَا يُؤَدِّي زَكَاةَ مَالِهِ إِلَّا مُثِّلَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شُجَاعًا أَقْرَعَ حَتَّى يُطَوِّقَ بِهِ عُنُقَهُ) ئەمجار پێغەمبەر ﷺ ئایەتی ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾ال‌عمران/١٨٠ ی خوێندەوە، بەڵگە لەسەر ئەوە کە کردەوەکان دەکێشرێن ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبوداودو تیرمیذی بە (مەرفوعی) لە جابیرەوە دەیگێڕنەوە دەفەرموێ: تەرازووی خێرو شەڕ دادەنرێ کەسێکێ بە ئەندازەی دەنکە گەنمێکێ چاکەکانی قورستر بن لە خراپەکانی دەچێتە بەهەشتەوە، کەسێکیش خراپەکانی بەئەندازەی دەنکە دانەوێڵەیەکێ قورس تر بن دەچێتە دۆزەخەوە) گوترا ئەی ئەگەر هاوترازوو بوون؟ فەرمووی ئەوانەی کە چاکەو خراپەیان بەئەندازەی یەکە ئەوانە لە ئەعرافدا دەبن.

قورطوبی لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەت دەکا، دەفەرموێ: ئەوەی کە کێشانە دەکرێ نامەی کردەوەکانن، ئەمجار دەڵێ هەر ئەم رایە راستەو فەرموودەی پێغەمبەر بەم شێوەیە هاتووە؛ ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ مِيزَانَ بَعْضِ بَنِي آدَمَ كَادَ يَخِفُّ بِالْحَسَنَاتِ فَيُوضَعُ فِيهِ رِقٌّ مَكْتُوبٌ فِيهِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَيَثْقُلُ) وا دەبێ تای تەرازووی چاکەکان سوکێ دەبێو سڵاو ناداتەوە پەڕە کاغەزێکی دەخەنە ناوی (لا اله الا الله)ی تێدا نووسراوە ئیتر تای تەرازووەکە گران دەبێ!

دەی ئەم حەدیثە ئەوە دەگەیەنێ کە کێشانەکە بۆ ئەو نامانەیە کە کردەوەکانی تێدا نووسراون نەکێ خودی کردەوەکان، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێ کە پەروەردگار ئەگەر بیەوێ تای تەرازووەکە سوکێ دەکا، ئەگەر بیشیەوێ قورسی دەکا، بەوەی کە پەڕە کاغەزی تری بکاتە ناو.

ماوەتەوە ئایا ئاخۆ ئەم تەرازووە تەرازووی حەقیقی‌یە یان رەمزو

ئەمثیله ؟ زانایان لەم بارەیەوە را جیایی‌یان تێدا پەیدا بووە.

موجاهیدو ضەحاك و ئەعمەش دەڵێن: تەرازوو کێشانەکە بەمانا عەدالەتو بڕیاردانو یەکالاکردنەوەی کردەوەکانە. باسکردنی تەرازوو بۆ میثال هێندراوەتەوە، وەکوو ئەوە دەگوترێ ئەو کتێبە هاوتەرازووی فلانە شتە، واتە: بەرامبەرو هاوشانی ئەوە، بەئەندازەی پارە دێنێ! مەبەست بە تەرازوو لەڕۆژی دواییدا دادپەروەریی تەواوو عەدالەتکارییە، لە ئەندازەدارکردنی کردەوەی ئادەمیزادانو سزاو پاداشت دانەوەیانە!

جەماوەری زانایان پێیان وایە: کە کێشانەو تەرازوو حەقیقەتنو کردەوەی ئادەمیزادانیان پێ کێشانە دەکرێ. بۆ ئەوەی زانیاری خودا دەربارەی کردەوەی بەندەکانی پێ ئاشکرا بکرێو خەڵکی بزانن کە خودا ئاگادارو زانابووە بەکردارو گوفتاریانو پاداشتو سزایان لەسەر بدرێتەوە.

زەجاج دەڵێ: ئەهلی سوننەتو جەماعەت لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە بڕوامان بە تەرازوو و کێشانەی ڕۆژی قیامەت هەبێ، کردەوەی ئادەمیزادان بەو تەرازووە کێشانە دەکرێ.

قسەی هەقو ڕاست ئەوەیە: کە بڵێین: تەرازوو و کێشانەی رۆژی قیامەت شتێکی غەیبین، قورئانو حەدیث چۆنیان باسکردوون ئاوا بڕوایان پێ بکەین، وازبێنین لە لێکۆڵینەوە دەربارەی شێوەو چۆنیەتییان، ئەوە حەواڵەی زانیاری خودایە.

بەخشش و نیعمەتە زۆرەکانی پەروەردگار بۆ بەندەکانی

وَلَقَدْ مَكَّنَّـٰكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَـٰيِشَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ



پاش ڕاگەیاندنی ئەوە: کە دانەری ئایین پەروەردگارەو پێویستە شوێن فەرمانو جڵەوگیریەکانی بکەوین، پاشان باسی تۆڵە ساندنو سزای دونیای کرد لەسەرپێچیکاران، ئادەمیزادانی ترساند لە سزاو تۆڵەی ڕۆژی قیامەتو ئاماژەی بە هەبوونی تەرازووی خێرو شەڕ کرد، ئەمجار ئادەمیزادان هەڵدەنێ

بۆ پابەندبوونو قەبوڵ کردنی بانگەوازی پێغەمبەران،، ئەمەش لەرێگەی وەبیرهێنانەوەی بەخششو نیعمەتە زۆرو هەمەجۆرەکانی پەروەردگار بەسەر بەندەکانیداو فەرمووی: ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ سوێند بێ ئێمە ئێوەی ئادەمیزادمان لەسەر زەوی جێگیر کردووە، ئەو هەسارەیەمان گونجاندوە بۆ تێدا ژیانی ئێوە، زەویمان کردووە بەشوێنی حەوانەوەو تێدا ژیان، تایبەتمەندی وامان تێدا داناوە کە لەگەڵ پێویستیاتی ئادەمیزادو ئاژەڵو پەلەورو خشۆکدا بگونجێ، ﴿وَجَعَلْنَا فِيكُمْ مَعَايِشَ﴾ ڕزقو ڕۆزی زۆرو هەمەجۆرمان بۆ ئێوە تێدا بەدیهێناوە، سوود بینینو کەڵک وەرگرتن لەزەویمان بۆ حەلاڵ کردوون، دەریاو هەورو بارانمان بۆ ڕام کردوون، بەگوێرەی پێویست زەوی ئاودێر بکەنو ڕزقو ڕۆزیی هەمەجۆری لێ بەدی بێنن! کێوانمان تێدا کردوون بە لەنگەرو شیوو دۆڵو چۆمو زێمان تێدا بەدیهێناونو ئاوو هەوای سازگارمان بۆ دابین کردوون...!

بەڵێ ئاشکرایەو گومانی تێدا نیە کە بەدیهێنەری ئادەمیزادو زەوی بە قودرەتو حیکمەتی خۆی ئادەمیزادی جێگیر کردووە لە زەویدا، هەر ئەوە کە تایبەتمەندی وای لە زەویدا داناوە: کە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزاد بگونجێ، نە ئەوەندە گەرم بێ شت بسوتێنێ یان ئەوەندە سارد بێ بەستەڵەک دروست بکا، پەروەردگار ئەم زەوییەی کردووە بە لانەی ئادەمیزادو شوێنگەی حەوانەوە، بژێوو بەروبوومی پێویستو هۆکاری ژیانی تێدا دەستەبەر کردووە، هەر زاتی پەروەردگارە زەوی وا بەدیهێناوە کە ببێتە مەڵبەندی تێدا ژیان، پێکهاتەو قەبارەو ئاوو هەواو دوورو نزیکی لەمانگو خۆرو هەڵسوڕانی بەدەوری خۆرداو خێرایی هەڵسوڕانەکەی... هتد هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی وا بەدیهێناون کە گونجاو بن بۆ ژیانی ئادەمیزادو تێدا حەوانەوەی، ئەگەر جێگیر کردنو دامەزراندی پەروەردگار نەبوایە بۆ ئادەمیزاد لەزەویدا لەکوێ ئەم ئینسانە زەبوونو بێ دەسەلاتە دەیتوانی سروشت بۆ بەرژەوەندی خۆی ڕام بکا؟! ئاوا دەسەلات بەسەر ئاوو هەواو دەریاو شیوو دۆڵو دەشتو چیادا پەیدا بکا؟!

بێگومان ئێستا لەروانگەی گەشتە ئاسمانیەکانی فەضاو فڕینی فڕۆکە

لەبەرزایی ئاسایيداو بەرز بوونەوەی ئادەمیزاد بۆ سەر هەسارەی مانگو مەریخ دەرکەوتووە ئادەمیزاد چەند پەیوەندی بە زەوییەوە هەیە! چەند پەیوەندی بە ئاوو هەوای ئەم هەسارەوە هەیە، کە لێی دوور کەوتەوە چەندە بەپەرۆشەوەیە بێتەوە باوەشیو ئارامی تێدا بگرێ.

پەروەردگار ڕزقو ڕۆزی لە زەویدا بە دوو جۆر بۆ دابین کردوون: یەکەم بە دروستکردنی ڕزقو ڕۆزی لە سەرەتادا، دووەم لەڕێگەی کارو کاسبیو بازرگانیو ڕەدامهێنانی ئادەمیزاد خۆیەوە، هەردوو شێوەکەش لە ڕاستیدا بە ویستو ئیرادەو فەضلو گەورەیی خودا دێنە جێ، هەموویان نیعمەتی خودان بۆ بەندەکانی، زۆریو هەمەجۆریی نیعمەتیش بێگومان خوازیاری گەردنکەچیو بەندایەتیو سوپاسگوزاریە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە ئەی ئادەمیزادینە! ﴿قَلِيلاً مَا تَشْكُرُونَ﴾ زۆر بە کەمی سوپاسگوزای ئەو نیعمەتانەی من دەکەن کە بەسەر ئێوەمدا ڕشتووە، وەکوو پێویست ئەرکی سەرشانی خۆتان ئەنجام نادەنو کوفری نیعمەتەکانم دەکەن، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا، إِنَّ الإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّار﴾ابراهیم/٣٤، یان دەفەرموێ: ﴿وقليل من عبادي الشكور﴾سبأ/١٢.

سوپاسگوزاری نیعمەت بەوە دەبێ خاوەن نیعمەت بەچاکی بناسی، بەجۆرێک سوپاسی بکەی کە شیاوی بێ، هەموو ئەندامو جەستە لە شتێکدا بەکاربهێنی کە بۆی دروستکراوە، لەکاری خێرو خواناسیدا بەکاریان بێنین، بۆ ئەوەی پەروەردگار لەخۆمان ڕازیی بکەینو نیعمەتەکانی بۆ ئادەمیزاد بەردەوام بن، چونکە بە سوپاسگوزاریی، نیعمەتو بەخششی خودایی بەردەوام دەبنو ئادەمیزاد خۆشبەختو کامەران دەبێ!

ڕێزنان لە ئادەمیزاد بەهۆی سوژدەبردنی فریشتە بۆ ئادەمو گومڕابوونی شەیتانو دەرکردنی لە بەهەشت

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَٰكُمۡ ثُمَّ صَوَّرۡنَٰكُمۡ ثُمَّ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ لَمۡ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿١١﴾ قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴿١٢﴾ قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴿١٣﴾ قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿١٤﴾ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿١٦﴾

ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾ قَالَ ٱخۡرُجۡ مِنۡهَا مَذۡءُومٗا مَّدۡحُورٗاۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿١٨﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار ئادەمیزادەکانی هەڵنان بۆ گوێڕاگرتنو وەرگرتنی بانگەوازی پێغەمبەران جارێک بە ترساندنو جارێک بە تەماع بەرنانو ڕانواندنی نیعمەتە زۆرو هەمە چەشنەکانی؛ ئەمجار بە شوێن ئەوەدا باسی دروست کردنی ئادەمو ڕێز لێگرتنی دەکا، بەوەی کە فەرمانی کرد بە فریشتە، کە سوژدەی ڕێزی بۆ بەرن! دیارە ڕێزگرتن لە باوک، ڕێزگرتنە لە کوڕو کچەکانی، کەوابێ وێڕای ئەم ڕێز لێ گرتنە ئەگەر ئادەمیزاد تووشی وەسوەسەو ختوکە دانی شەیتان هات حەق وایە زوو پەنا بۆ خودا بەرنو پەشیمان ببنەوەو واز لە سەرپێچی کردن بهێنن.

شایانی باسە قورئان لە حەوت شوێندا چیرۆکی ئادەمو چیرۆکی شەیتان

باس دەكا: لە سوورەتی (البقرة)و سوورەتی (الاعراف)و سوورەتی (الحجر)و سوورەتی (الاسراء)و سوورەتی (الكهف)و سوورەتی (طـه)و سوورەتی (ص).

پوختەی چیرۆكەكە لێرەدا هۆشیاركردنەوەی ئادەمیزادە بۆ ڕێزلێنانی ئادەمو ڕوونكردنەوەی دوژمنایەتی كردنی شەیتانە بۆ نەوەكانیو بانگەوازی كردنیانە بۆ ئەوەی شوێنی نەكەونو سوپاسگوزاری نیعمەتە زۆرو هەمەجۆرەكانی پەروەردگار بنو دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ﴾ ئەی ئادەمیزادینە! ئێمە باوكی ئێوە كە ئادەمە لە قوڕ دروستمان كردو نیگارمان كێشا ﴿ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ﴾ پاشان وێنەمان كێشاو كردمانە ئادەمیزادێكی ڕێكو پێكو لە گیانو ڕۆحی خۆمان فوومان پێدا كردو گیانی بەبەردا كراو، زانیاری تەواومان فێركرد، ناوی شتەكانمان پێ گوتو فێریان بوو، ڕێزو عیلمو زانستی بەدەستهێنان ﴿ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ﴾ دوای ئەوە جەستەیمان ڕێكخستو گیانمان بە بەردا كردو وای لێهات بەكەڵكی ئەوە بێ ببێتە جێنشینو ئاوەدانكەرەوەی زەویو ئامادەباشی ئەو ئەركەی تێدا بەدیكراو فێری ناوی هەموو شتەكانمان كردو ڕەوشتی زانایی بەدەست هێنا، ئەمجار فەرمانمان بەفریشتەكان كرد كە سوژدەی ڕێزلێنان بۆ ئادەم بەرن ﴿فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ لَمْ يَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ﴾ هەموو فریشتەكان جگە لە شەیتانی نەفرین لێكراو، سوژدەیان بۆ ئادەم بردو فەرمانی خودایان بەجێ هێنا، شەیتان لووتبەرزی نواندو ملی نەدا بۆ سوژدەبردنو خۆی بەزل زانیو فەرمانی خودای شكاندو خۆی لە پێڕی سوژدەبەران هەڵهاوردو لەخوا یاخی بوو، ئەو لەبناغەدا لە ڕەگەزی جنۆكەبوو، نەك لە ڕەگەزی فریشتە.

ئەم سوژدەبردنە سوژدەی ڕێزو بەگەورەزانین بووە نەك سوژدەی پەرستنو تەقدیس، چونكە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەن لەسەر ئەوەی كە هیچ پەرستراوو خودای بەحەق نین شیاوی سوژدە بردن بن جگە لە پەروەردگار.. جا كە شەیتان فەرمانی خودای شكاندو سوژدەی نەبرد ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا

﴿تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ؟﴾[١٧]، پەروەردگار پێی فەرموو چی ڕێگەی لە تۆ گرتوو بووەلەمپەر لەبەردەمتا کە سوژدە بۆ ئادەم نەبەیت؟؟ کە فەرمانم پێ کردی بە سوژدەبردن بۆ فەرمانەکەمت شکاندو لەگەڵ سوژدەبەراندا سوژدەت نەبرد؟

﴿قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ﴾ شەیتان لەوەڵامدا وتی: ئەوەی کە پاڵی پێوەنام ئەم هەڵوێستە هەڵگرمو سوژدە نەبەم ئەوەیە: من لە ئادەم بەڕێزترم! ڕەگەزی من لە ڕەگەزی ئەو چاکترە، چونکە ﴿خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ﴾ تۆ منت لە ئاگر دروست کردوە، ئادەمت لە قوڕ بەدیهێناوە، ئاگر کە تایبەتمەندی ڕووناکیو بەرزبوونەوەی تێدایە زۆر بەڕێزترە لە قوڕ کە تایبەتمەندی بێ خوستو پەستی تێدایە.. کەسێک بەرزو بەڕێزتربێت سوژدە بۆ خوار خۆی نابا با فەرمانی خوداش بێ، ئەمە قیاسو بەرامبەرکردنی ئیبلیس بوو، بەڵام قیاسێکی هەڵەو بێ بناغەیە، چونکە چاک سروشتی ماددی ناکرێتە بەڵگە لەسەر چاکی ماددەکە! بەڵکو چاکیەتی بە تایبەتمەندیو سوودبەخشو مەعانی سامیە دەبێ! دەخۆ پەروەردگار ڕێزو پلەو پایەو تایبەتمەندی زانستو زانیاریەکی زۆری بە ئادەم بەخشیبوو کە شەیتان بۆ خۆشی دەیزانیو لێیان بێ ئاگا نەبوو! جگە لەوەش فەرمانەکە فەرمانی خودا بوو لەبەرامبەر فەرمانی خودادا هیچ قیاسو بەڵگەی تر دەوریان نیە!

بەڵگەهێنانەوەشی بەچاک سروشتی ماددی ئاگر لە جێی خۆیدا نەبوو، چونکە چاکیو خراپی ماددە ئەمری ئیعتیبارینو بەگوێرەی راو بۆچوون دەگۆڕێن، جگە لەوەش زۆربەی ماددەی بەها گرانو بەنرخ لە کاربۆن پەیدا دەبێ ئەویش لە خەڵوز وەدی دێ!

[١٧] لە وشەی (الا تسجد)دا (لا) بە زێدە حسێب دەکرێ چونکە لە سوورەتی (ص)دا ئایەتی ژمارە (٧٥) بەبێ (لا) هاتووە ﴿ما منعك أن تسجد﴾ص/٧٥. دەشێ (لا) زێدە نەبێ ئەو کاتە (منع) بە مانا (حمل) بێ وە تەقدیرەکەی بەم شێوەیە بێ (ما حملك الا تسجد).

زیاد لەوەش خۆ فریشتە لە نوورو رووناکی دروست کراون شەیتان لە ئاگر خۆ نورو ڕووناکی لە ئاگر باشترە دەی خۆ فریشتەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە لە نوور دروستکرابوون! سوژدەیان بۆ ئادەم برد!

ئەمەی گوترا هەمووی لەسەر ئەوە بنیات دەنرێ کە فەرمانکردنی پەروەردگار بە شەیتان بۆ سوژدەبردن فەرمانێکی تەکلیفی بووەو ئەم جۆرە گفتوگۆیەو پرسیارو وەڵامە لەنێوان پەروەردگارو شەیتاندا ڕوویداوە.

بەڵام بەپێی ئەو ڕایەی کە دەڵێ: فەرمانەکە بۆ تەکلیف نیەو فەرمانێکی (تەکوینی)یەو چیرۆکەکە بۆ ڕوون کردنەوەو دیاریکردنی سروشتی ئادەمیزادو فریشتەو شەیتانە، ئەوکاتە ئەو مانایەی لێ وەردەگیرێ کە پەروەردگار فریشتەکانی سەر زەوی وا ئاراستە کردوون کە بەفەرمانی خودا کاروباری زەوی هەڵسوڕێنن بە گوێرەی ئەو یاسایەی کە گونجاوە بۆ سوود لێ بینینو درێژەدان بە ژیان تا ئەو کاتەی پەروەردگار دیاری کردوە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَالْمُدَبِّرَاتِ أَمْرًا﴾ ئەم فریشتانە هەڵسوڕێنەری کاروباری زەوین، بە ویستو ڕەزامەندی خودا، پابەندن بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی ئادەمو نەوەکانی، سروشتی ئادەمیزادی وا بەدیهێناوە کە ئامادەباشی تێدایە بۆ سوودوەرگرتن لە زەوی بەگوێرەی یاسای خودایی، سوودوەرگرتن لە ئاوو هەواو کانو گژوگیاو ئاژەڵو ڕووناکیو تاریکیو .. هتد. بەمەش حیکمەتو دانایی‌و نیشانەی خودایەتی خودا لە زەویدا دەدرەوشێتەوە، هەروەکو چۆن هەندێ لەو ئادەمیزادانە ئامادەباشی ئەوەیان تێدایە: کە ببنە هەڵبژێرراوی خوداو بکرێنە پێغەمبەرو نیگای یەزدانیان بۆ بێ‌و ببنە ڕێنیشاندەری گەلو نەتەوەکانی خۆیانو ئایینی پەسەندکراوی خودایان پێ ڕابگەیەنن‌و خەڵکی لە گومڕایی‌و بەدبەختی ڕزگار بکەن.

لەهەمان کاتدا سروشتی شەیتانو شەیتانەکانی وا دارشتووە کە کەمەندکێشی ئادەمیزاد نەبن بەڵکو دوژمنو ناحەزیشیەتی. سروشتو دەروونی ئادەمیزادی وا دارشتووەکە پلەی مام ناوەندی هەبێ، لەنێوان نەفسی فریشتەیی فریشتەکان کە لەسەر طاعەتو گەردنکەچی سروشتی دارێژراوە، لەنێوان گیانی ئەو جندۆکانەی کە سروشی شەڕ تێیاندا زاڵە بە

شەیاتینی دەناسرێن پەروەردگار ئیرادەو ئیختیاری داوە بە ئادەمیزاد دتوانێ بەرز ببێتەوە بۆ ئاسووی فریشتە، ئەگەر ویستیشی نزم ببێتەوە بۆ ئاسووی جنۆکەو شەیاتینی.

ئیتر دوای ئەم گفتوگۆو پرسیارو وەلامە ﴿قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا﴾ پەروەردگار فەرمانی بە شەیتان کردو فەرمووی: دابەزە خوارێ. لەم بەهەشتەی کە خودا تۆی تێدا دروست کردووە بڕۆ خوارەوە، بەهەشتەکە بەسەر تەپۆڵکەیەکی بەرزەوە بوو؛ یان مەبەست ئەو بەهەشتەیە کە دوای دروستکردنی ئادەم لەزەوی خراوەتە ئەو بەهەشتەوەو تێیدا نیشتەجێ کراوە ئەویش بەهەشتی پاداشتدانەوەیە[18]. پەروەردگار فەرمانی بە شەیتان

---

[18] زانایانی ئیسلام لەبارەی ئەو بەهەشتەی ئادەمو حەوا تێیدا بووە کێشەیەکی دورو درێژیان تێدا پەیدا بووە، هەندێک دەڵێن: ئەو بەهەشتە بەهەشتێکی تایبەتی بوو خودا بۆ ئادەمیزادی دروست کردووە تا ئەو تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام بدا! ئەو بەهەشتە بریتی بوو لە باغو دارستانێک لەنێوان فارسو کرماندا، هەندێک دەڵێن لە فەلەستین بووە. ئیمام ئەبو حەنیفەش هەر ڕای وایە کە ئەم بەهەشتە بەهەشتێکی تایبەتی بووە لە باغێک ئادەمو حەوای تێدا بەخۆشی ژیانیان بەسەر بردوە.
خاوەنی (تفسیر المنار) لە ج١/ل٢٧٧دا ڕای ئەبو مەنصوری ماتوریدی دینێو دەڵێ: ئێمە پێمان وایە: ئەم بەهەشتە بریتی بووە لە باغو دارستانێک یان دورگەیەکی ڕازاوە، ئادەمو حەوا تێیدا دەژیانو ڕایان دەبوارد، پێویست ناکا شوێنەکەی دیاری بکەینو لێی بکۆڵینەوە، ئەمە ڕای زانا پێشینەکانی ئیسلامە ئەوانەی هەوڵیان داوە شوێنەکەی دەسنیشان بکەن هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نیە.
ئەمجار دەڵێ: بەم شێوە تەفسیرە زۆر گرێ کوێرکە دەکرێنەوە. خاوەنی تەفسیری (روح المعانی)؛ مامۆستا ئالوسی دەڵێ: ئەوەی کە پاڵپشتی ئەم ڕایە دەکات ئەمانەن:
١- پەروەردگار یەکەم جار ئادەمی لەسەر زەوی دروست کردووە بۆ ئەوەی خۆیو نەوەو وەچەکانی تێیدا نیشتەجێ بن! کەوابوو جێنشین کردنی ئەوان لە زەویدا مەبەستێکی تایبەتیە، ناگونجێ بڵێین: لەتۆڵەی تاواندا فڕێ دراونە سەر زەوی.
٢- پەروەردگار لەدوای دروست کردنی ئادەمو حەوا لەسەر زەوی نافەرموێ بەرزمان کردنەوە بۆ ئاسمان، ئەگەر شتی وا ببوایە باسی دەکرد چونکە ئەمە ڕووداوێکە گرنگە.

کرد کە لەو بەهەشتە برواتە خوارێ، چونکە بەهەشت شوێنی بەندە موخلیص و ڕاستاڵەکانی پەروەردگارە نەک شوێنی یاخی بووان و سەرپێچی کاران ﴿فَمَا يَكُونُ لَكَ أَنْ تَتَكَبَّرَ فِيهَا﴾ ئەی شەیتانی نەفرین لێکراو! بۆت نیەو ڕێگات پێ نادرێ کە لووتبەرزی بنوێنیت لەم شوێنەدا کە بۆ ڕێزو نرخ پێدان ئامادە کراوە ﴿فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ﴾ لەم شوێنە بڕۆ دەرەوە تۆ لەوانەیت سوکایەتیت پێ دەکرێ و بەچاوی بێ نرخ و ڕێزەوە سەیرت دەکرێ، بەپێچەوانەی بیرو بۆچوونی خۆت کە لەخۆت ڕازیو خۆت پێ گەورەو بەڕێزو نرخدارە، تۆ هیچ و پووچ و کەم بایەخی، لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوو نەبوویتو ئەزموونەکە حەقیقەتی تۆی دەرخستو هیچ ڕێزو پلەو پایەیەکت بۆ دانانرێ، نەفرین لێکراوی و لە ڕەحمەتی پەروەردگار بێ بەری!

٣- ئەگەر ئادەم و حەوا لەزەوییەوە ببرانایە بۆ بەهەشت -واتە: بەهەشتی پاداشتدانەوە- پەروەردگار لەجیاتی ڕستەی (اسکن انت و زوجک الجنه) دەیفەرموو (ادخل انت و زوجک الجنه).

٤- بەهەشتی ڕادە پێدراو جگە لەخواپەرستانی تەقواکار کەسی تری تێ ناچێ، ئەدی شەیتانی نەفرین لێکراو چۆن چووە ناوی بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئادەم و حەوا؟.

٥- بەهەشت شوێنی جڵەوگیری کردن نیە لە هیچ شتێک واتە شوێنی ئەرکو تەکلیف نیە، دەی چۆن ئادەم و حەوا جڵەوگیرییان لێ کرا کە لەداری گەنم نەخۆن.

٦- لەبەهەشتدا گوناە ناکرێ، ئەدی چۆن ئادەم و حەوا ئەو هەڵەیەیان کردو تاوانبار کران؟!

٧- بەهەشت شوێنی پاداشتە ئەوانەی لە جیهاندا چاکەکارن خودا بەو بەهەشتە پاداشتیان دەداتەوە. دەی چۆن یەکەم جارو لەرێوە ئادەم و حەوا خرانە ناوی؟!

٨- بەهەشتی پاداشتدانەوە بە (دار الآخرة) ماڵی دوایی ناوزەد کراوە، ئەگەر ئەو بەهەشتەی ئادەم بەهەشتی (دار الآخرة) بێ ئەوکاتە ناوبردنی جیهان بە ماڵی یەکەم و ناوبردنی بەهەشت بە ماڵی دوایی هەڵە دەردەچوو.

٩- بەهەشتی پاداشتدانەوە قورئان بەوە وەصفی کردووە هەرکەسێ چووە ناوی هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە، دەی کەوابێ بۆچی ئادەم و حەوا تێیدا نەمانەوە؟!

شەیتان خێرا مەوقیفەکەی قۆستەوەو داوای مۆڵەتو تەمەن درێژی کردو ﴿قَالَ أَنْظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ وتی: خودایە! مەممرێنەو مۆڵەتم بدە تا ئەو ڕۆژەی ئادەمو نەوەکانی زیندو دەکرێنەوە، منو نەوەکانم زیندو بین، ئاگامان لە ژیانو مردنو زیندوبوونەوەیان بێ. پەروەردگار وەلامی دایەوەو فەرمووی: ﴿إِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ﴾ تۆ لەوانەی تا ڕۆژی دونیا وێران بوونو فووکردن بە کەڕەنای صوورو داچڵەکاندنی ئادەمیزاد باقی گیاندارانو خپ کردنیانو مراندنی هەموو زیندەورێکو تێکچوونی جیهان، مۆڵەتدراون وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ﴾النمل/٨٧.

واتە: شەیتان تا ڕۆژی دونیا وێران بوون دەمێنێ !! ظاهری ئایەتەکەی ئێرە ئەوە دەگەیەنێ کە شەیتان مۆڵەت درابێ تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە!! چونکە شەیتان داوادەکاو دەڵێ مۆڵەتم بدە تا ڕۆژی زیندوبوونەوە پەروەردگار دەفەرموێ: تۆ مۆڵەت دراوی، بەلام ئەم داواکردنە لە سوورەتی (الحجر)دا وەلامەکەی بەشێوەیەکی ترە ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ، قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ، إِلَىٰ يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ﴾الحجر/٣٦-٣٨. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مۆڵەتدانەکەی تا دونیا وێران بوونە، نەک تا ڕۆژی زیندوبوونەوە -کە نێوان دونیا وێران بوونو ڕۆژی زیندوبوونەوە چل ساڵە-.

ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو مەردەوەیهی لە ئیبنو عەباسەوە (خوا لێی ڕازیی بێ) گێراویەتیەوە: کە لەتەفسیری ئەم ئایەتانەدا فەرموویەتی: شەیتان ویستوویەتی مردن نەچێژێ، بۆیە وتی: تا ڕۆژی زیندوبوونەوە مۆڵەتم بدە، بەلام پێی گوترا: تا ڕۆژی دیاریکراو -کە ڕۆژی دونیا وێران بوونە- مۆڵەت دراوی، ماوەی نێوان دونیا وێران بوونو ڕۆژی زیندوبوونەوەش چل ساڵە.

هەر ئیبنو ئەبی حاتەم لە (السدی)یەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پەروەردگار شەیتانی تا ڕۆژی زیندوبوونەوە مۆڵەت نەدا بەڵکو تا ڕۆژی دیاریکراو کە ڕۆژی دونیا وێران بوونەو ئەو ڕۆژەیە: کە هەموو گیانلەبەرانی سەر زەوی دەمرنو کەسی تێدا زیندو نامێنێ.

ئەمجار کە شەیتان دڵنیا بوو تا ڕۆژی دونیا ویران بوون نامرێ ﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ وتی بەهۆی ئەوەوە کە منت لەبەر خاتری ئادەم گومڕا کردو نەفرینت لێ کردم، سوێند بێ لەسەر ڕێگای ڕاستی تۆ دابنیشمو نەهێڵم ئادەمیزادەکان پێیدا بڕۆنو لەو ڕێگایە لایان بدەم، ڕێگای تری خوارو خێچیان لەپێش چاو شیرین بکەمو سەریان لێ تێک بدەم، گومڕایان بکەم. ئەمجار شێوەی گومڕا کردنەکە دیاری دەکاو دەڵێ: ﴿ثُمَّ لَآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَنْ شَمَائِلِهِمْ﴾ پاشان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ دێنم لە هەرچوار لاوە دێمە ویزەیان، لە پێشیانەوە لە دوایانەوە لەلای ڕاستیانەوە، لەلای چەپیانەوە، بەهەموو جۆرێک تێدەکۆشم بۆ لەخشتەبردنو هەڵخەڵەتاندنیانو گومڕاکردنیان، لێیان لەپارێزدا دەبمو هەر هەلم بۆ هەڵبکەوێ بەقورتاریان نادەم ـ! ﴿وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ﴾ زۆربەیان وا لێدەکەم سوپاسی تۆ نەکەن، دەبینی زۆربەیان کوفرانی نیعمەتی تۆدەکەن، سوپاسگوزاریی ئەوە نابن کە تۆ عەقڵو هۆشت پێ بەخشیون، ڕزقو ڕۆزی هەمەجۆرت بۆ دابین کردوون، لەش ساغیو تەندروستیت داونێ. بەڵکو کەمێکیان شوێن ئایینی پەسەندکراوی تۆ دەکەون.

شەیتان کە ئەمەی گوت لە یەقینەوە نەبوو بەڵکو بە گومانەوە وتیو: پێی وابوو وا دەبێ، کەچی گومانەکەی هاتە جێو وادەرچوو، ڕاستی پێکا! ئەی ئەوە نیە لە شوێنێکی تردا پەروەردگار فەرمووی: ﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَنْ يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ وَرَبُّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ﴾سبا/٢٠-٢١.

ئەمجار پەروەردگار جەختی لەسەر نەفرین لێ کردنەوەکەی کردەوەو ﴿قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَدْحُورًا﴾ فەرمووی لەو بەهەشتە دەرچۆ دەرەوەو ترۆ ببە؛ بڕۆ دەرەوە بە سەرزەنشت کراویو ڕیسواکراویو نەفرین لێکراوی، نەفرینی پەروەردگارو فریشتەکانت لێ بێ، تۆ بێبەری لە ڕەحمەتی ئێمە!

ئەمجار پەروەردگار سوێندی خواردو فەرمووی: ﴿لَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ

لأملأنّ جَهَنّمَ مِنكُمْ أجمعين﴾ مەرج بێ هەرکەسێک لە ئادەمیزاد شوێن تۆ بکەوێو بەو فرتو فێلانەی تۆ هەڵبخەڵەتێ ڕێگای ڕاست هون بکاو ڕێگای گومڕایی بگرێتە بەرو گومانی تۆی تێدا بەجێ بێ، من دۆزەخ پڕ دەکەم لە تۆو لە هەندێ لەو ئادەمیزادانەی کە شوێن تۆ دەکەون، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ص/٨٥. بەڵام پەروەردگار بەندە ڕاستاڵەکانی لەم گومڕایی کردنو دۆزەخ لێ پڕکردنە جەرت (استثناء) دەکاو لەو بڕیارە دەریان دەهاوێ، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ﴾الحجر/٤٢، یان دەفەرموێ: ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾ص/٨٢-٨٣.

سەرگورشتەی ئادەم لە بەهەشتداو دەرچوونی لێی

وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسۡوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢١﴾ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ

وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾

ئايەتەکانی ئێره درێژەپێدانی باسی چۆنیەتی دروست بوونو سەرهەڵدانی ئادەمیزادو ڕۆڵی شەیاتینی جندۆکە لە گومڕایی کردنی ئادەمیزادە، مەبەست لەم چیرۆکە ڕێنومایی کردنی ئادەمیزادە بۆ ئەوەی ڕێگای هیدایەت بگرنە بەر، ترساندنیانە لە ختۆکەو وەسوەسەی شەیتان، چونکە شەیتان بەهۆی حەسودی بردنی بە ئادەمو حەوا هەوڵی دا ئەوان لەو نیعمەتو خۆشییە وەدەرنێ، نازو نیعمەتو پۆشاکی جوانو ڕازاوەیان لێ دارنێ! ئەو ئاواتەشی هاتە دی.

لەوساوەو تا ئێستاشو لەمەو دوا تا دونیا دونیایە شەیتان لە هەوڵو تێکۆشاندایە بۆ لەخشتە بردنی ئادەمیزادو گومڕاکردنیان... دەفەرموێ: ﴿ويا آدمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ﴾ ئەی ئادەم تۆ خۆتو خێزانت لەو بەهەشتەدا نیشتەجێ ببنو تێیدا ڕابوێرن، ئەو بەهەشتە بەڕای زۆربەی زانایان بەهەشتی هەتا هەتاییو پاداشتدانەوەیە، هەندێک پێیان وایە بەهەشتێکە لە بەهەشتەکانی ئاسمان، یان باغێکە لە باغەکانی زەوی. بێگومان ئەم چیرۆکە حەوت جار لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، لە هیچ شوێنێکدا ئاماژە بە ئەوە نەکراوە کە ئادەم دوای ئەوەی لە زەوی دروستکرا، بەرز کرابێتەوە بۆ بەهەشتی پاداشتدانەوە، کەوابوو ڕای ئەوانەی کە دەڵێن: بەهەشتەکە بەهەشتی پاداشتدانەوەیە -هەرچەندە زۆرینەی زانایانیشن- ڕەت دەکرێتەوە چونکە ئادەمو حەوا داوایان لێ کرا کە لە داری گەنم نەخۆنو لێی نزیک

نەبنەوە.. دەی خۆ لەبەهەشتدا تەکلیف نیە، هەروەها ئادەم لەو بەهەشتەدا نووست! دوایی لیّی دەرکرا، شەیتان چووە وێزەیەو هەڵی خەڵەتاند! دەی خۆ لەبەهەشتی پاداشتدانەوەدا نە نووستن هەیە نە دەرکردن هەیە، نە شەیتانیش دوای نەفرین لیّکردنی دەتوانێ بچێتە ناوی. بەهەر حاڵ زانینی شوێنی ئەو بەهەشتە واجب نیەو پێویست ناکا خۆمانی پێوە هەڵەوگیر بکەین!!

پەروەردگار کە ئادەمو حەوای لە بەهەشتدا نیشتەجێ کردن بۆی حەلاڵ کردن کە تێیدا بمیننەوە، فەرمانی تری ئاراستە کردنو فەرمووی: ﴿فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا﴾ لە هەر شوێنێک هەرچیەکتان حەز لێیە بخۆنو بخۆنەوە، بە ئارەزووی خۆتان، بەروبوومو میوەی بخۆن! بەڵام ﴿وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ بەهیچ جۆرێک نزیک ئەو دارە تایبەتیە مەکەونەوە، لەبەروبوومی مەخۆن.. -قورئان جۆری دارەکەی دیاری نەکردوە- ئەمجار هۆی جلەوگیری لە نزیک بوونەوە لە دارەکە دیاری دەکاو دەفەرموێ: ئەگەر لێی نزیک بکەونەوەو لێی بخۆن دەچنە ریزی ستەمکارانەوەو، شیاوی ئەوە دەبن سزا بدرێن.

﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ﴾ شەیتان وەسوەسەی خستە دڵیانەوەو تاوانو سەرپێچی کردنی لەپێش چاو جوان کردن، تەفرەی دان بۆ ئەوەی بەروبوومی درەختی لێ قەدەغەکراو بخۆن، ﴿لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا﴾ هەتا لە ئاکاما بەهۆی خواردنەکەوە پێویستیان بەسەر ئاو ببێ، شەرمگایان -کە لەوەپێش بە پەردەی سرپۆشی یەزدانی داپۆشرابوو- بەدەر بکەوێ، چونکە سوننەتی خودا وایە: کە نیعمەتێکی بەخشی بەکەسێک؛ بەگەلو هۆزێک هەتا ئەو نیعمەت پێدراوە لەخۆی تێک نەداو نەبێتە هۆی لابردنی، خودا نیعمەتەکەی خۆی هەڵناگرێ!

(لا)ی (لیبدی)ە پێی دەگوترێ: (لام العاقبە) واتە: بۆ ئەوەی لە ئاکاما شەرمگایان دەربکەوێ.

حەسەنی بەصری دەڵێ: وەسوەسەکەی شەیتان بەهۆی هێزێکی تایبەتی کە خودا بە شەیتانی بەخشیوە لە زەوییەوە بۆ ئاسمان ئاراستەکراوە، ئەم

قسەیەی حەسەنی بەصری لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئادەم لەبەهەشتی پاداشتدانەوەدا بووبێو شەیتان لەو بەهەشتە دەرکرابێ نەک ئەو رایە کە دەڵێ بەهەشتەکە بریتی بووە لە باغێک لەسەر زەوی.

ئەمجار شەیتان کەوتە چاوو راو و ﴿وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ﴾ وتی بۆیە خواردنی بەروبوومی ئەو دارەتان لێ قەدەغە کراوە بۆ ئەوەی نەبنە فریشتە یان بۆ ئەوەی هەتا هەتایە لەم بەهەشتەدا نەمێننەوە؛ ئەگەر لەم درەختە بخۆن ئەوە ئەم مرادەتان دێتە جێ، یان دەبنە فریشتەو تایبەتمەندی فریشتەتان پێ دەدرێ، یان وەکوو ئەوان هێزو تواناو تەمەن درێژیتان دەست دەکەوێو واتان لێ دێ هیچ دیاردەیەکی کەون کارتان لێ ناکا، یان دەچنە ریزی ئەوانەوە: کە هەتا هەتایە لە بەهەشتدا دەمێننەوەو مردنتان بەسەردا نایە! بەم جۆرە لە تەوەری هەستیانی دا بەم حەزو ئارەزۆیانەی کە لە سروشتی ئادەمیزادا شێردراونەوە سەرنجی راکێشان، ئادەمیزاد پێی خۆشە نەمر بێ، یان تەمەنی درێژ بێ، پێی خۆشە بە تەمەنی کورتیش ماڵو سامانی زۆرو زەبەندەو بێ سنووری هەبێ، لەو قیرائەتەدا کە (لام)ی (ملكين)ی تێدا بە مەکسووری دەخوێندرێتەوەو بە تێروانین لە ئایەتێکی تر کە دەفەرموێ: ﴿هَلْ أَدُلُّكُمَا عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَىٰ﴾طه/١٢٠. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە فەرمانڕەوایی هەمیشەییو تەمەنی هەتا هەتایی بەهێزترین حەزو ئارەزۆی ئادەمیزادن! تەنانەت حەزو ئارەزۆی (جینسی)یش خۆی لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ دەستەبەربوونی ئەم نەمرییە کە بەهۆی وەچەو نەوەوە چین لەدوای چین دێتە جێ.

لەو قیرائەتەدا کە (لام)ی (ملكين) بە مەفتووحی تێدا دەخوێندرێتەوە فریودانەکە بەوە دەبێ کە لە کۆتو زنجیری تایبەتمەندیی ئادەمیزادیی رزگاریان ببێ، بچنە پێری فریشتەوەو مردنیان بە سەردا نەیە، جا هەرچەندە ئەم قیرائەتە مەشهورترە بە لام قیرائەتی پێشوو؛ کە (لام)ی (ملكين)ی تێدا مەکسوورە لەگەڵ دەقی ئایەتەکەی سوورەتی (طه)دا گونجاوترە.

جا چونکە ئەو نەفرین لێ کراوە دەیزانی خودا نزیک کەوتنەوەی ئەو

دارەی لێ قەدەغە کردوونو دەشیزانی ئەو قەدەغە کردنە چەند لەسەر شانیان قورسو گرانە، ویستی لەم ڕێگەوە لە خشتەیان بەرێ، ویستی فەرمان شکاندنەکەی پەروەردگاریان لەسەر شان سووک بکاو لە هەمان کاتیشدا حەزو ئارەزۆی نەمریو ژیان خۆشەویستی تێدا ورووژاندن. چەندێک ئادەمو حەوا باسیسزاو تۆڵەی خودایان بکردایە ئەو باسی لێبوردوویی‌و لێخۆشبوونی خودای بۆ دەکردن، پەیتا پەیتا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە: کە ئەو بۆیان دڵسۆزەو دڵی پێیان دەسووتێ ﴿وَ قَاسَمَهُمَا﴾ سوێندی بۆ خواردنو پێی گوتن: ﴿اِنّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ﴾ دڵنیا بن من ئامۆژگاریکەرێکی متمانە پێکراوم بۆ ئێوەو دڵم پێتان دەسووتێو بۆتان بە پەرۆشم، مەبەستم سوودو قازانجی ئێوەیەو دەمەوێ بەختەوەریتان هەتا هەتایە بەردەوام بێو ئەم ژیانە کامەرانی‌یەتان لێ نەشێوێ..

بەم جۆرە شەیتان، ئادەمو خێزانی-لە ژێر کاریگەری ورووژانی حەزو ئارەزووی تایبەتی خۆیانداو بەو سوێندە بە درۆیانە بە تەواوی بەنج کردنو لە خشتەی بردن؛ ئەوەیان لە بیرچووەوە کە شەیتان دوژمنی سەر سەختی ئەوانەو هەرگیز ڕێگای بە سوودیان پێ ناڵێو بەرژەوەندی ئەوانی ناوێ! ئەوەشیان لە بیرچووەوە: کە پەروەردگار فەرمانی پێ کردوونو خواردنی ئەو دارەی لێ یاساغ کردوونو نابێ سەرپێچی فەرمانەکەی بکەن! جا هۆکاری حوکمەکە بزانن یان نەیزانن! هەروەها ئەوەشیان لە یاد چوو کە هەموو شتێک بە ویستی خودایەو خودا چۆن تەقدیرو ئەندازەکێشی کردووە هەر دەبێ وابێ! ئەگەر خودا ژیانی هەتا هەتایی بۆ تەقدیر نەکردبن هەرگیز پێی ناگەن! ئەم شتانەیان هەموو لە یاد چوو، شەیتان هەڵی خەڵەتاندنو دڵیان نەرم بوو بۆ پەیڕەوکردنی ئامۆژگاری‌یەکانی شەیتان ﴿فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ﴾ بەرە بەرە بە فرتو فێڵ لە ئاستی بەرزی خودا پەرستیو فەرمانبەرداری بۆ خودا هێنانیە خوارەوەو لەو پلەو پایە دایبەزاندنو بەرەو ئەنجام دانی تاوان پەلکێشی کردنو لە ئاکاما تاوانیان قەوماندو لە درەختەکەیان خوارد!! ﴿فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتِهِمَا﴾ کە لە دارەکەیان خوارد، شەرمگای یەکتریان

چاو پێ کەوت، هەریەکەیان چاوی بە هینی ئەوی تریان کەوت کە لەوەپێش داپۆشرابوون! ئیتر بەهۆی ئەو خواردنەوە ئارەزۆی زاووزێو حەزی منداڵ بوونو ئەوە لێ کەوتنەوەیان تێدا وروژا، وێرای ئەوەش ئادەم بە بینینی هینەکەی خۆیو بیلامانەکەی حەوا شەرمی بە خودا هاتەوە، حەواش بەهەمان شێوە بە بینینی بیلامانەکەی خۆیو هینەکەی ئادەم تەریق بووەوە، هەستیان بە پێویست بوونی پۆشاک کرد، ﴿وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ﴾ ئیتر هەریەکەیان پەلاماری پەلکە گەڵای پانی درەختەکانی بەهەشتیاندا بە جەستەی خۆیانەوە دەنووسانو شەرمگای خۆیانیان پێ دادەپۆشی!!

ئەوە ئاماژەیەکی روونو ئاشکرایە: کە ئادەمیزاد بە سروشت لە بەدەرکەوتنی شەرمگای‌دا شەرمی بەخۆی‌دا دێتەوە، هەتا ئەو سروشتە تێک نەچێ رێگا نادا ئادەمیزاد ئامادەبێ شەرمگای خۆی بەدەر بخاو شانازیش بەو رووتو قوتی‌یە بکا کە دەست کردو دیاری کۆمەڵگای نەزانی‌یە بۆ شێواندنی شیرازەی کۆمەڵو خێزانی موسوڵمان!!

﴿وَ نَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَ أَقُلْ لَكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُبِينٌ؟﴾ لە کاتی تەنگو چەڵمەیەی کە ئادەمو حەوا تێی کەوتبوون پەروەردگاریان بانگی لێ کردنو سەرزەنشتی کردن بە شێوەیەکی گلەیی ئامێز پێی فەرموون: ئەرێ من لە خواردنی ئەو درەختە جڵەو گیریم لێ نەکردن؟؟ پێم نەگوتن توخنی ئەو درەختە مەکەونو لێی نزیک نەبنەوە؟؟ بۆچی فەرمانەکەی منتان شکاند؟ بە قسەی شەیتان لەو دارەتان خوارد؟! ئەرێ من پێم نەگوتن : شەیتان دوژمنی راستەقینەی ئێوەیەو نەخەڵەتابن بە قسەی بکەن؟! من پێم نەگوتن ئەگەر ئێوە بە قسەی شەیتان بکەن لە بەهەشت وەدەرتان دەنێو لە خۆشی لەززەتو رابواردنی بەهەشت دەرتان دەکاو دەتانخاتە تەنگو چەڵمەی ژیانی کوللەمەرگیو نارەحەتی دونیا، ئەرێ من پێم نەگوتن! وریا بنو لە شەیتان حەزەر بکەنو نەکەونە داوی گڵاوی!؟ وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَقُلْنَا : يَا

آدمُ إِنَّ هَـذَا عَـدُوٌّ لَـكَ وَلِزَوْجِـكَ، فَـلاَ يُخْرِجَنَّكُمَـا مِـنَ ٱلجَنَّـةِ فَتَشْـقَىٰ﴾طه/١١٧. ئیتر ئادەمو حەوا بە هۆش خۆ هاتنەوە پەشێمان بوونەوەو روویان لە بارەگای پەروەردگار کردو دەستی نزاو پاڕانەوەیان بەرزکردەوەو ﴿قَالاَ: رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا﴾ وتیان پەروەردگارا! ئێمە ستەممان لە خودی خۆمان کردو هەڵخەڵەتاینو پێمان هەڵخلیسکا بەوەی کە بە قسەی شەیتان فەرمانی تۆمان شکاند، سەرباری ئاگادارکردنەوەمان کە بە قسەی شەیتان نەکەین، کەچی ئێمە بە فرتو فێڵی شەیتان تێکەوتینو تاوانمان ئەنجام دا ﴿وَإِنْ لَمْ تَغْفِـرْ لَنَـا وَتَرْحَمْنَـا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلخَاسِرِينَ﴾ ئەگەر بە لوطفو رەحمەتی خۆت لێمان خۆش نەبیو بەزەییت پێماندا نەیەتەوەو تەوفیقمان نەدەی بۆ پەیڕەو کردنی رێگای راستو خوداپەرستیو وازهێنان لە ستەمکاریو تۆبەمان لێ وەرنەگریو پەشیمانیمان لات قبوول نەبێو رەزامەندیت نەبێ بەرامبەرمان ئەوە ئێمە لە پێڕو تاقمی خەسارەتمەندان دەبین خۆمان لە دەست داوەو تازە لە بەدبەختی و چارە رەشی رزگارمان نابێ!

بە کورتی بە مراد گەیشتنو خۆشبەختی لێخۆشبوونو رەحمەتت بۆ کەسێک دەستەبەردەبێ کە بگەڕێتەوە بۆ لای تۆو رێبازی پیرۆزت بگرێ؛ کەسێک سووربێ لەسەر تاوان ئەنجامدانو بەربەرەکانی پەروەردگار بکاو سەرپێچی فەرمانەکانی بکاو لوتبەرزی بنوێنێو خۆ بەزل بزانێ؛ ئەوە خەسارەتمەندی هەمیشەییو ماڵوێرانی دونیاو قیامەتە، ﴿قَالَ اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾ پەروەردگار خیطابی ئاراستەی ئادەمو حەواو شەیتان کردو فەرمووی: هەمووتان بڕۆنە خوارێو لەم بەهەشتە دەرچن هەندێکتان دوژمنی هەندێکتان بن (شەیتان دوژمنی ئادەمیزادەو بە پێچەوانەشەوە) بۆیە پێویستە ئادەمیزاد هیچ کاتێ لە دوژمنایەتی شەیتان بێ خەم نەبێ، لە وەسوەسەو گومڕایی کردنی ئەمین نەبێ، هەمیشە بە دوژمنی خۆی بزانێو دڵنیا بێ کە ئەو کافرە نەفرین لێ کراوە هەمیشە بۆی لە کەلێندایە! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا،

اِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾فاطر/٦. وەدەرنانی ئادەمو حەوا لەو بەهەشتە لە تۆڵەی ئەو تاوانەدا بوو کە کردیان، بەڵام تۆڵەی قیامەتیان نی‌یە، چونکە خودا بە تۆبە کردنەکەیان عەفوی کردن لە گوناهیان خۆش بوو وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى، ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى﴾طه/١٢١-١٢٢. ئەمجار رووی خیطاب دەکاتە ئادەمو حەواو نەوەکانیان، دەفەرموێ: ﴿وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ﴾ بۆ ئێوە هەیە ئەی ئادەمیزادینە! لە زەوی‌دا مانەوەو تەمەنی دیاری کراو کە ماوەی ژیانتان تەواوبوو ئەجەلی مردنتان دێ، هەموو ئەمانە لە لەوحولمەحفوظدا دەست نیشان کراونو نوسراون ﴿قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَ مِنْهَا تُخْرَجُونَ﴾ پەروەردگار فەرمووی: ئەی ئادەمیزادینە! ئێوە لەسەر زەوی ژیان بەسەر دەبەن، هەر لەسەر (زەوی)یش دەمرنو دەخرێنە باخەڵی خاکەوە، هەر لە زەوی دەردەهێندرێنەوەو زیندوو دەکرێنەوەو راپێچی دەشتی مەحشەر دەکرێنو کۆ دەکرێنەوە بۆ لێکۆڵینەوەو پاداشدانەوەو تۆڵە لێ ستاندن.

تێبینی: ئایەتی ﴿اِلَّا اَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ....﴾ ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە فریشتە لە ئادەمیزاد بەرێزترن وەکوو لە ئایەتی تریش‌دا ئاماژە بەم زێدەرێزییە کراوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَلاَ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ﴾الانعام/٥٠. یان ئایەتی ﴿وَلاَ الْمَلاَئِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ﴾النساء/١٧٢.

بەڵام کەلبی دەڵێ: موسوڵمانان زێدە رێزییان بەسەر هەموو دروست کراواندا -جگە لە کۆمەڵێک فریشتەی وەکوو جوبرائیل-میکائیل-ئیسرافیلو فریشتەی گیانکێشان- هەیە، چونکە ئەمانە لە پێغەمبەرانی خودان.

ئیبنو عەبباسو زەجاجو زۆرینەی زانایانی ئیسلام پێیان وایە موسوڵمانان لە فریشتە رێزدار ترن.

ئایەتی ﴿لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُرِيَ مِنْ سَوْآتِهِمَا﴾ ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە بەدەرخستنی شەرمگا کارێکی ناشیرینەو دیاردەیەکی قێزەونە، هەر لە کۆنەوە سروشتی پاك بێزی لێ دەکاتەوەو عەقڵو هۆش بە ناشیرینی دادەنێن، پەروەردگار داپۆشینی شەرمگای بە واجب داناوە، بۆیە ئادەمو حەوا کە شەرمگایان بەدەرکەوت خێرا هەوڵیاندا بە گەڵای درەختەکان بیشارنەوە هەر کەسێك بانگەوازی بکا بۆ دەرخستنی شەرمگا ئەوە مانای وایە: پەردەی حەیاو ناموسی دڕیوە، ئادەمیزاد بۆ سەردەمی نەزانیو بەرەڵایی دەگێڕێتەوە، ئافرەت دەکاتە ئامێری رابوادنی نابەجێو کاڵای فرۆشتن، هیچ پارێزگاری ئەو ناموسو شەرەفە ناکەن کە ئایین فەرمانی بە پاراستنی کردووەو سروشتی سەلیم داخوازی پاکئو خاوێن راگرتنیەتی!

پوختەی چیرۆکەکە بۆ ئەوەیە: ئێمە رێنموونی بکا بۆ پابەند بوون بەو سروشتە پاکەی لەسەری دروست بووین، هەروەها بۆ سوپاسگوزاری خوداو جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیو خۆپاراستن لە جڵەو گیرییەکانیو حەزەر کردن لە وەسوەسەو ختۆکەی شەیتان.جا کە ئێمەی ئادەمیزاد حەزو ئارەزۆکانی خۆمان زانینو هەستمان بە خەتەرناکی دوژمنی سەر سەختی خۆمان؛ شەیتانی نەفرین لێ کراو کردو دڵو دەروونی خۆمان لەسەر یادی خوداو ئەدەبو ئەخلاقی جوان پەروەردە کردو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی پەروەردگار بووین، ئەوە لە دونیاو لە قیامەتدا خۆشبەختو کامەرانین.ئەرکی خۆمان لە ژیاندا بەجێ هێناوەو بە مراز گەیشتوو و سەرکەوتووین.

دابینکردنی پێویستی ئادەمیزاد لە دونیاو ترساندنی لە فیتنەی شەیتان

يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴿٢٦﴾ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ



لە ئایەتەکانی پێشوودا ئەوەمان زانی: کە پەروەردگار فەرمانی بە ئادەمو حەوا کرد: کە دابەزنە سەر زەوی‌و زەوی بۆ کردن بە شوێنی تێدا حەوانەوەو ژیان بەسەر بردن، ئەمجار لێرەدا پەروەردگار ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە هەموو پێویستیاتێکی دین‌و دونیای بۆ ئادەمیزاد لە زەوی‌دا دابین کردووە برێ لەو پێویستیانە پۆشاکە کە پێویستی‌یەکی گرنگە بۆ دین‌و دونیا ئەمەش داخوازی سوپاسگوزاری ئادەمیزادە لەسەر ئەو نیعمەتە زۆرو زەبەندانەی خودا بۆ بەندەکانی‌و فەرمووی: ﴿يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَ رِيشًا﴾ ئەی نەوەی ئادەم یادی نازو نیعمەتی خودا بکەنەوە کە بەخشیونی بە ئێوە ئێستاو بە باوە ئادەمو بە دایە حەوا لەوە پێش، بەو جۆرە کە پێویستیاتی ئایین‌و ژیانی دونیای بۆ دابین کردوون، وەکوو ئەو پۆشاکەی شەرمگای پێ دادەپۆشن‌و ئەو بەرگ‌و ئامێرە جوانانەی خۆتانی پێ دەرازێننەوە، لە سەرماو گەرما خۆتانی پێ دەپارێزن، مانای (أَنْزَلْنَا) -ناردنە خوارەوەی پۆشاک- ئەوەیە: کە خودا بۆی کردوون بە یاساو شەریعەت‌و فەرمانی پێ کردوون کە لەبەری بکەن، ماددە خامەکەیشی بۆ

دروست کردوون[١٩]، مادده خامەکەی کە لۆکەو خوریو کوڵکو مووو ئاوریشمو پەڕی باڵندەیە...هتد، بە گوێرەی پێویست بۆی بەدیهێناون، ئەمجار فێری رستنو جۆلایی کردنو چنینو دروونی کردوونو شێوەی لەبەر کردنو بەکارهێنانی ئەو پۆشاکو هۆکارە رازێنەرەوانەی خستۆتە دڵتانەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆتان بەکاریان دەهێنن! ئەم منەت نانەی پەروەردگار بە نیعمەتی پۆشاک بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە رەوایە ئادەمیزاد پۆشاکی جوان لە بەر بکاو خۆ برازێنێتەوە، ئەمەش لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاددا گونجاوە کە ئارەزۆی خۆڕازاندنەوەو خۆ قۆزکردنو ئارایشتدانی هەیە!

نیعمەتی پۆشاک نیعمەتێکی گەورەو بە نرخە، هەر کەسێک هەست بە گرنگی ئەم نیعمەتە نەکات سروشتی تێک چووە، پۆشاک وەکوو شەرمگا دادەپۆشێو زێدە جوانی بە ئادەمیزاد دەبەخشێ لە هەمان کاتدا لە سەرماو گەرماش دەیپارێزێ!

قورئانی پیرۆز کە لێرەدا باسی پۆشاکو گرنگییەکەی دەکاو بە یەکێ لە نیعمەتە گەورەکانی خودا بۆ ئادەمیزادی حسێب دەکا؛ هەروا بە ئاسانی بەسەریدا رامەبوورە! لیێ وردبەرەوەو تیێ بفکرە! چونکە قورئان رێنموونییەک رانانوێنێ کە پێویست نەبێو بۆ دەرمانی دەردێک نەبێت، بۆ بەرامبەری کردنو قەلاچۆکردنی حاڵەتێکو دیاردەیەکی ناشیرین نەبێ! چیرۆکێک ناگێڕێتەوە کە کاریگەریو رۆڵی خۆی نەبێ لە بزوتنەوەی ئیسلامیدا، چیرۆکی قورئان بۆ تەنها لایەنی فەنو داهێنان نییە، کە حەقیقەتێک رادەنوێنێ تەنها بۆ رانواندنی لایەنی نەظەرییەکەی نییە، بەڵکو بۆ پەروەردەو پێگەیاندنی کەسایەتی موسوڵمانە.

قورئانی پیرۆز پرۆگرامی خودایە بۆ ئادەمیزاد بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکا، رێنموونیو بڕیارەکانی بۆ رووبەڕو بوونەوەی حاڵەتو رووداوی رووداوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەو تەنگو چەڵەمەیەکە: کە رووبەڕوی کۆمەڵگای موسوڵمانان بوەتەوە، یان دەبێتەوە، هەر لەم روانگەوە

---

[١٩] سەیید دەفەرموێ (انزلنا) لێرەدا بە مانا(شرعنا لكم في التنزيل).

کە سەیری ئەم ئایەتەی ئێرە دەکەین دەبینین تیمـاری برینێکـی کۆمـەڵایـەتی قووڵی سەردەمی نەزانی دەکا، قەڵاچۆی دیاردەیەکی قێز لێکراوی کۆمەڵگای عەرەبو هەموو کۆمەڵگایەکی نەفامی-کـە ئـەو جۆرە دیاردانـەی تێدابـێ- دەکا.

بێگومـان قورەیشـیـیەکان پێـش هـاتنی ئیسـلام چـەند یاسـاو دابو نەریتێکیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان داهێنـابوو، بـۆ ئـەوەی خۆیـان بەسەر ئـەو عەرەبە موشـریکانەدا بسـەپێنن کـە ساڵانە بـۆ ئـەنجام دانـی حـەج ڕوویـان دەکردە مـەککەو کارەکانی حەجو پێداویسـتییەکانیان ئـەنجام دەداو تـەوافی کەعبەیان دەکرد؛ ئەو کەعبەیەی کردبوویان بە خانەی بـتو صەنـەمو شـوێنی خزمەتچی بتەکانیان، ئەم یاساودابو نەریتەیان لەسەر بیرو بۆچوونێک گەڵاڵە کردبوو: کە پێیان وابوو: ئایینی خوادیـە، ئەمانـەیان داهێنـا بـوو بـۆ ئـەوەی کەسانی دیکەی پێ گەردنکەچ بکەنو بیانچەوسێننەوە! وەکوو هەموو خـاوەن دێرو کـاهینو ملهوڕەکـانی ئـەو ڕۆژگـارە دەیـان کـردوو پـەیڕەوییان دەکـرد، قورەیشییەکان ناوێکیان لە خۆیان نابوو بە خۆیـان دەگـوت (الحمـس) کـۆی (احمس)ە واتە ئـایین پـەروەر، بـڕێ مـافو زێـدە ڕێزییـان بـە خۆیـان دابـوو عەرەبەکانی تر ئەو مافانەیان بە خۆیان نەدابوو!

بەشێک لەو مافانەی کە تایبەت بوو بـە قورەیشـییەکانەوەو کەسـی تـر ئەو مافەی نەبوو بڕێ دابو نـەرێتو چۆنیـەتی ئـەنجامدانی تـەوافی کەعبـە بوو! هەر بۆ قورەیشییەکان ڕەوا بوو بە بەرگی خۆیانەوە تەواف بکـەن؛ بـەڵام جگـە لـە قورەیشـییەکان عەرەبـەکانی تـر بۆیـان نـەبوو بـە پۆشـاکێک کـە لەوەپێش لەبەریان کردووە تەواف بکەن، دەبوایـە پۆشـاک لـەو قورەیشـیـیانە وەربگرن کە ناوی (الحمس)یان لە خۆ نابوو، یان دەبوایە هەوڵ بدەن پۆشاکی تازە پەیدا بکەن بۆ ئەوەی تەوافی پێوە بکەن، ئەگەر لـەم دوو حاڵـە هیچیـان بۆ هەڵنەسـوڕایە ئـەوە دەبـوو بـەرووتو قووتـی تـەواف بکـەنو ئافرەتیشـیان لەگەڵدا دەبوون!

ئیبنو کەثیر دەڵێ: عەرەبـەکان-جگـە لـە قورەیـش- بـە پۆشـاکێک کـە لەوەپێش لەبەریان بکردایە تەوافیان نەدەکرد، پێیان وابوو: نابێ بە پۆشاکێک

تەواف بکەن کە تاوانیان پێ کردووە؛ تەنها قورەیشی‌یەکان کە ناوی (الحمس)یان لە خۆیان نابوو بۆیان هەبوو بەبەرگی کۆنیانەوە تەواف بکەن، بەڵام عەرەبەکانی تر ئەگەر کابرایەکی قورەیشی (احمس)ی پۆشاکێکی بدایە ئەوە تەوافی پێوە دەکرد یان ئەگەر پۆشاکێکی تازەی دەست بکەوتایە ئەوە دەیتوانی تەوافی پێوە بکا دوای تەوافەکە دەبوایە فڕێی بدایەو کەس بۆی نەبوو هەڵی بگرێتەوە؛ خۆ ئەگەر کابرای قورەیشی پۆشاکی پێ نەدایەو هی تازەشی چنگ نەکەوتایە ئەوە بە رووتو قووتی تەوافی کەعبەی دەکرد، ئەگەر ئافرەتیش بووایە هەر ئاوا بەرووتی تەوافی دەکرد ئەگەر شتێکی دەست بکەوتایە-وانێکەکەی- خۆی پێ دادەپۆشی!! بەڵام بە زۆری ئافرەتەکان ئەگەر رووت بوونایە بەشەو تەوافیان دەکرد بۆ خاتری شوێنی نا لەباری نەبیندری!

کەوابێ بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم واقیعە تاڵە، بۆ قەڵاچۆکردنی ئەم گومڕایی‌و سەر لێشێوانە، بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو شەریعەتە دەسکردە قێزەونەی کە پاڵ خودایان دەدا دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی تەوافو پۆشاکو ...هتد، ئەم دەقە قورئانی‌یانە نێردرانە خوارێ، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بگەڕێتەوە بۆ سەر جادە رێیەکەو لەو دابو نەریتە نەزانی‌یانە رزگاریان بکا!

گومان لەوەدا نیە کە منەت نانی خودا بەسەر ئێمەی ئادەمیزاددا بە نیعمەتی پۆشاکو ئامێری خۆجوان کردن، بەڵگەی بەهێزە لەسەر ئیباحەو حەڵاڵی‌یەتی‌و هەڵنانی موسوڵمانان بۆ پۆشینی، چونکە ئایینی ئیسلام ئایینێکە لەگەڵ سروشت گونجاوە ئایینی فیترەتە، لە ئایینی ئیسلامدا شتێک نیە سروشتو فیترەتی ئادەمیزاد داخوازی بی ئەو قەدەغەی بکاو؛ هەر شتێک پێویست بێ بۆ ژیانی ئادەمیزاد ئیسلام هەرگیز قەدەغەی ناکا، بەڵکو سنووری بۆ دادەنێ‌و لە چوارچێوەی شەریعەتی پەسەندی خودایی‌دا بەکاری دەهێنێ‌و بە رەوای دەزانێ.

هەر کاتێ مرۆڤ پۆشاکێکی تازەی لەبەرکرد سوننەتە سوپاسی خودای لەسەر بکا. ئیمام ئەحمەد لە عەلی کوڕی ئەبو طالیبەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی لە پێغەمبەرم ژنەوت لەکاتی لەبەرکردنی پۆشاکدا دەیفەرموو:

(الحمد لِلهِ الَّذِي رَزَقَنِي مِنَ الرِّيَاشِ مَا أَتَجَمَّلُ بِهِ فِي النَّاسِ وَأُوَارِي بِهِ عَوْرَتِي) .

ئەمجار پەروەردگار پۆشاکی مەعنەوی پاساو دایەوە بەسەر پۆشاکی ماددیدا فەرمووی: ﴿وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ﴾ بە گوتەی کۆمەڵی تابیعین، پۆشاکی تەقوا پۆشاکی مەعنەوییە نەک حیسسی!

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ پۆشاکی تەقوا بریتییە لە ئیمانو کردەوەی باش لە پۆشاکی ڕواڵەتی چاکترە.

عەبدورڕەحمانی کوڕی ئەسلەم دەڵێ: موسوڵمان لە ترسی خودا شەرمگای خۆی دادەپۆشێ ئەوەیە پۆشاکی تەقوا. کەوابێ لە نێوان تەشریع دانانی بۆ پۆشاکو خۆڕازاندنەوەو لە نێوان تەقوادا پەیوەندی بەهێز هەیە، تەقواو پۆشاک هەردووکیان داپۆشەری شەرمگان، تەقوا عەیبو عاری دڵو دەروون دادەپۆشێو دەیڕازێنێتەوە، پۆشاکیش شەرمگای جەستە دادەپۆشێو جوانی دەکا.

﴿ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللهِ لَعَلَّهُمْ يذكرون﴾ ئەوەی باس کرا لە دروست کردنو بەدیهێنانی ماددە خامەکانی پۆشاک، لە دانانی یاساو شەریعەتی پۆشینی پۆشاک نیشانەی بە دەسەڵاتی خودایەو فەضلو گەورەیی زاتی پەروەردگار دەچەسپێنێ، نیشانەی ڕەحمو بەزەیی یەزدانە بۆ بەندەکانی، پەروەردگار ئەم نیعمەتانەی پێبەخشیون بۆ ئەوەی بیانماملێنێو ڕامیان بکا بۆ سوپاسگوزاریو شوکرانە ژمێری زاتی پەروەردگارو ناسینی نیعمەتە گەورەکانی بەسەر بەندەکانیداو دوور کەوتنەوە لە فیتنەی شەیتانو بەدەرخستنی شەرمگاو خۆ ڕووتکردنەوەی نا شەرعی.

ئەمجار پەروەردگار ئادەمیزادانی لە فرتو فێڵی شەیتانو تاقمەکەی ترساندو ئەوەی بۆ ڕوون کردنەوە کە شەیتانو شەیاتینییەکان دوژمنی سەرسەختی ئادەمیزادنو ئەم دژایەتییەی شەیتان دژایەتییەکی کۆنو دێرینەیەو لە سەردەمو کاتو ساتی دروستبوونی ئادەمەوە دەستی پێ کردووە! ئەوەبوو فەرمانی خودای شکاندو سوژدەی بۆ ئادەم نەبرد، دوایی هەوڵیدا بۆ وەدەرنانی ئادەمو حەوا لە بەهەشتو تووشبوونیان بە زۆر

مەینەتیو تەنگو چەڵەمە.

بۆیە جارێکی تر پەروەردگار خیطابی خۆی ئاراستەی نەوەی ئادەم کردەوەو فەرمووی: ﴿يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ﴾ ئەی نەوەی ئادەم بێ ئاگا مەبن لە نەفسی خۆتانو هەمیشە ئاگاداری بکەنو مەهێڵن شەیتان فرسەتتان لێ بێنێو بە وەسوەسەو فرتو فێڵ تووشی ئەنجامدانی تاوانتان بکا وەکوو لەوەپێش باوکە ئادەمو دایکە حەواتانی بە هەمان فرتو فێڵ هەڵخلیسکاندنو تاوانی پێ ئەنجام دانو لە بەهەشت دەرکرانو تووشی جۆرەها ناڕەحەتیو ماندووبوون هاتن، هەر شەیتان بوو: کە بوو بەهۆی دەرکەوتنی شەرمگایان!! کە لەوەپێش لێیان شاراوە بوو ﴿يَنْزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا﴾ لە بەهەشت وەدەری نانو بوو بە هۆکاری داڕنینی پۆشاکیان؛ ئەو پۆشاکەی کە لە پەلکە گەڵای بەهەشت پێکیان هێنا بوو، پۆشاکیان لێ داڕندرا بۆ ئەوەی شەرمگای یەکتری ببینن!!

(لام) لە وشەی (لیریهما)دا (لام)ی عاقیبەتی پێ دەگوترێ واتە: بۆ ئەوەی لە ئاکاما شەرمگای یەکتری ببینن: ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئادەمو حەوا لەسەر زەوی بە رووتو قووتی ژیاون چونکە ئەو کاتە لەسەر زەوی پۆشاك نەبووە!!

خۆتان بپارێزن لە شەیتانو جەندرمەکانی ﴿إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ﴾ شەیتانو سەربازانی، ئێوە دەبینن بەڵام ئێوە ئەوان نابینن، زیان پێ گەیشتن لە دوژمنێکەوە کە نەیبینی زۆرترو کوشندەترە لە دوژمنێك کە بیبینی.

خۆپاراستن لە شەیتان بە پەناگرتن بە خودا دەستەبەر دەبێ بە بەهێز کردنی ئیمان بە خوداو پەیوەندی کردن پێوەیو بە جەنگان لەگەڵ نەفسو گوێ رانەگرتن بۆ وەسوەسەو دەنەدەنەی شەیتانو هەوڵ دان بۆ پاك کردنەوەی نەفسو مشتو ماڵ کردنی دڵو دەروون دێتە کایەوە!

ئەمجار ترساندنەکەمانی لە شەیتان دووبارە کردەوەو فەرمووی: ﴿إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئێمە شەیاتینمان کردوون بە

یارمەتیدەرو پشتگیریکەری کافرو بێ بڕواکان، بەم جۆرە ئامادەباشییان تێدایە بۆ قبوڵکردنی وەسوەسەی شەیتان وەکوو چۆن جەستەی لاواز ئامادەباشی تێدایە بۆ نەخۆش کەوتنو وەرگرتنی میکرۆب.

تێبینی: ئایەتی ﴿يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ﴾ ئەوە دەگەیەنێ کە داپۆشینی شەرمگا واجبەو دەرخستنی یاساغە. چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿يُوَارِي سَوْآتِكُمْ﴾ واتە: پەروەردگار پۆشاکی داهێناوە بۆ ئەوەی ئادەم بۆ ئەوەی شەرمگای خۆیانی پێ داپۆشن، زانایانی ئیسلامیش بە یەک دەنگ داپۆشینی شەرمگایان بەلاوە پێویستە! کەس نیە بڵێ: دروستە ئادەمیزاد شەرمگای خۆی بۆ خەڵکی نامۆ دەربخا.

ئەمجا با بزانین شەرمگا چیەو کوێ دەگرێتەوە: زانایانی ظاهیریو ئیمامی طەبەری پێیان وایە شەرمگای پیاو تەنها پاشو پێشیەتی واتە: (هێنو بیلاماناکەی) جگە لەم دووانە شوێنەکانی تری جەستە شەرمگا نین چونکە قورئان دەفەرموێ: ﴿لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ﴾، یان دەفەرموێ: ﴿بدت هما سوآتهما﴾. یان دەفەرموێ: ﴿لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا﴾. لە هەموو دەقەکاندا هەر باسی (پاشو پێشی) کردووە. هەروەها ئیمامی بوخاری لە ئەنەسەوە فەرموودەیەک ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە کۆڵانەکانی خەیبەردا راکردنی ئەنجام دا. لەو دەقەدا هاتووە دەفەرموێ (ثُمَّ حَسِرَ الإِزَارَ عَنْ فَخِذِهِ، حَتَّى اِنِي اَنْظُرُ اِلَى بَيَاضِ فَخِذِ النَّبِيِّ ﷺ) . واتە ئیزارەکەی لەسەر سمتی کۆکردەوە بە جۆرێک من بە ئاشکرا سپیایی رانی پیرۆزیم بینی.

ئیمامی مالیک دەفەرموێ : ناووک شەرمگایە، بە لامەوە جوان نیە پیاو رانی خۆی بە ئاگاداریی خێزانی دەربخا! بەڵگەی مالیک فەرموودەکەی پێغەمبەرە کە بە (جەرهەدی کوڕی خوەیلیدی) فەرموو رانت داپۆشە چونکە ران شەرمگایە.(بوخاری ئەم فەرموودەیەی بەشێوەی تەعلیق ریوایەت کردووە) ئەمجار بوخاری گوتویەتی حەدیثی ئەنەس راست ترە حەدیثی جەرهەد ئیحتیاتی پترە. مەبەستی ئەوەبوو لە خیلافەکە خۆی رزگار بکا.

کە وابێ بەلای مالیکییەکانەوە ران شەرمگا نیە، چونکە رۆژی خەیبەر پێغەمبەر ﷺ بە دەری خست، بەڵام بە لایانەوە مەکرووهە لەبەر حەدیثەکەی جەرهەد. ئەبوو حەنیفە پیێی وایە کە ران شەرمگایە.

شافیعی پیێی وایە ئەژنۆو ناووك شەرمگا نین بەڵام داپۆشینیان واجبە لەم رووەوە هەر شتێك واجبی پیێ تەواو ببێ واجبە. بەلای زوربەی زانایانەوە ئافرەتی سەربەستو ئازاد جگە لە دوو دەستیو دەمو چاوی هەموو جەستەی شەرمگایە، چونکە زوربەی فوقەها دەفەرموون: کەسێك بیەوێ ژن بخوازێو مارەی بکا با لە پێشدا تەماشای دەمو چاوو هەردوو دەستی بکا. هەروەها چونکە لە کاتی ئیحرامدا پێویستە ئەم دوو ئەندامەی بەدەرەوەبن.

فەرموودەی قورئان کە دەفەرموێ: ﴿مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ﴾ ئەوە دەگەیەنێ کە ئادەمیزاد جندۆکەو شەیاتینی نابینن ئیمامی ئەحمەدیش حەدیثیکی ریوایەت کردووە مانای ئایەتەکە جەخت دەکاتەوەو دەفەرموێ: (اِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنِ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ) لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەت کراوە کە پێغەمبەریش ﷺ ئەو جندۆکانەی نەبینیون کە گوێیان لە قورئان خوێندنەکەی گرت. بەڵگەش ئایەتی ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الجنِ﴾ە بەڵام لە ئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت کراوە: کە پێغەمبەر ﷺ بینیونی، فەرموودەی تریش هەن ئەوە دەچەسپێنن کە دیتوونی، شافیعیش پیێی وایە: کە بینینیان تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە.. بەیهەقی لە مەناقیبەکەی لە هاوەڵی خۆی ئیمامی رەبیعەوە دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی هەر کەسێ بڵێ جندۆکەم بینیون شەهادەتی لیێ وەرناگرین مەگەر پێغەمبەربێ، دیتنیان تەنها بۆ پێغەمبەران دەستەبەر دەبێ[٢٠].

---

[٢٠] تفسير المنار ج/ ٨/ ٣٦٨.

شەریعەتی موشریکەکان لاسایی کردنەوەی باوکو باپیرانیانە، شەریعەتی خودا نیگا ناردنە بۆ پێغەمبەرەکانی

وَإِذَا فَعَلُواْ فَـٰحِشَةً قَالُواْ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ۗ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾ قُلْ أَمَرَ رَبِّى بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۚ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾ فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلضَّلَـٰلَةُ ۗ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُواْ ٱلشَّيَـٰطِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٠﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار ئەوەی باس کرد کە شەیاتینی کردوونە هاونشینی کافرەکانو بالادەستی کردوون بەسەریاندا، ئەمجار لێرەدا باسی جۆرێک لە کاریگەری بالادەستی شەیاتینییەکان دەکا بەسەر نا موسوڵمانان‌دا کە گەردنکەچیو فەرمانبەردارییانە بۆ وەسوەسەو سەرلێ تێکدانیانو دەفەرموێ: ﴿واذا فَعَلُوا فَاحِشَةً﴾ ئەو موشریکو گومڕایانە کە تاوانێکی گەورەو ناشیرین ئەنجام دەدەن، تاوانێکی وا دەکەن کە شەرعو عەقڵو سروشتی ساغو سەلیم بە هیچ شێوەیەک وەری نەگرێ وەکو: تەواف کردنی ژنو پیاو بە روتو قوتییو هەموو تاوانێکی تری گەورەو فاحیشە ئاسا، پێیان بگوترێ بۆچیو بە چ یاسایەک ئێوە ئەو تاوانانە دەکەنو بە رەوایان دەزانن؟ ئەگەر لەسەر کردەوەکانیان خەڵکی سەر زەنشتیان بکەن، ﴿قَالُوا وَجَدْنَا آبآءَنَا وا الله أَمَرَنَا بِهَا﴾ دەڵێن: ئێمە لاسایی باوکو باپیری خۆمان دەکەینەوەو شوێن دابو نەریتی ئەوان دەکەوین، چار لە رێبازی دەکەین، جگە لەوەش خودا فەرمانی پێ کردوینو ئێمە فەرمانی خودا جێ بە جێ دەکەین!!

سەیرە ئەوان بەڵگە لەسەر کار دروستی خۆیان دەهێننەوەو پاساوی

کردەوە فاحیشەکانی خۆیان دەدەنەوە بە دوو بەڵگە، پێیان وایە: کردارەکانیان ڕەوانو بە خراپیان نازانن! یەکەم دەڵێن: ئێمە باوکئو باپیری خۆمان وا بینیوەو ئەمە دابو نەرێتیان بووە. دووەم دەڵێن: خودا فەرمانی پێ کردووین ئەم کارانە ئەنجام بدەین!

ئیتر خودای مەزن فەرمان بە پێغەمبەر دەکا کە بەرپەرچیان بداتەوەو بەڵگەی دووەمیان پوچەڵ بکاتەوە دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ اللهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَآءِ﴾ ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ ئێوە ڕاست ناکەن، ئەم پاساو دانەوەیەتان درۆیە، چونکە خودا فەرمان بە کردەوەی فاحیشە ئامێز ناکا، ئەم کارانەی ئێوە وێ نەچوو و نەگونجاوو قێزەونن، هەموو پێغەمبەران بە خراپو نەشیاویان حلێب کردوون، خودای مەزنو باڵا دەست هەرگیز فەرمان بە کردنی کاری ئاوەها ناشیرین ناکا!

لە حەقیقەتیشدا شەیتان فەرمان بە کردەوەی فاحیشە ئامێز دەکا وەکوو قورئان ئاماژەی بۆ دەکاو دەفەرموێ: ﴿الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُ بِالْفَحْشَآءِ﴾البقرة/٢٦٨.

ئەوەی تێبینی دەکرێ پەروەردگار دەربارەی بەڵگەی یەکەمیان هیچ ڕەتدانەوەیەکی نەبوو!! هۆیەکەی ئەوەیە: کە لاسایی کردنەوەی کوێرانە هێندە هەڵەیەکی ئاشکرایە پێویست بە ڕەتدانەوە ناکا، هەموو کەس بە لایەوە کارێکی ناپەسەندە!!

ئەمجار پەروەردگار بە پرسیار کردنێکی ناڕەزامەندی ئامێزەوە پێیان دەفەرموێ: ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى اللهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئەرێ ئێوە بە چ ڕوویەکەوە شتی ئاوا پاڵ خودا دەدەن؟ شەرمو حەیا ناتانگرێ بوختانی ئاوا بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن؟ شتێک کە حەقیقەتو ڕاستی‌یەکەی نازانن بۆ دەڵێن: خودا فەرمانی پێ کردووین؟ خۆ شەریعەتو فەرمانی خودا بە نیگا کردن بۆ پێغەمبەران نەبێ نازاندرێ، لە ڕێگەی نیگای خوداوە بۆ پێغەمبەرانی نەبێ ئادەمیزاد لە شەریعەتی یەزدان تێ ناگەن! دەی خۆ ئێوە بە ختۆکەو دەنەدەنەی شەیتان ڕەفتار دەکەن درۆ لەسەر خودا هەڵدەبەستن!

ئایەتەکە دەربڕینی ناڕەزایی‌یە بەرامبەر ئەوانەی فەرمانکردن بە کردنی فاحیشە پاڵ پەروەردگار دەدەن، گوێڕایەڵی بۆ شەیتان دەکەنو بە ئامۆژگاری ئەو تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن کەچی بێ شەرمانەو نەزانانە دەڵێن: خودا فەرمانی پێ کردووین!!

لە هەمان کاتیشدا شایەتی‌دانە لە لایەن پەروەردگارەوە کە بناغەی قسەکانیان گێلیو نەفامی‌یە، هۆی کەودەنیو بێ عەقڵییانە کە ئەو کردارە ناشیرینانە پاڵ خودا دەدەن! ئەمجار پەروەردگار ئەوەی رەت کردەوە کە فەرمان بە فاحیشەو خراپەکاری بکا، رووی خیطاب دەکاتە پێغەمبەرو دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ﴾ ئەی (محمد!) بەو موشریکانە بڵێ: پەروەردگاری من فەرمان بە فاحیشەو خراپەکاری ناکا، بەڵکو فەرمان بە دادپەروەریو کاری چاکو سودمەند دەکا، داوا دەکا ئادەمیزادان کاری چاک ئەنجام بدەنو میانە رەوو بەردەوام بن لەسەر کاری چاکو زێدەڕەوی نەکەن. فەرمانتان پێ دەکا کە: نە خۆتان رووتو قووت بکەنەوە، نە بەرگو پۆشاکی حەرامو زێدە درێژو زێدەپانو زێدە گرانبەها لەبەر بکەن.

﴿وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ هەروەها ئەی (محمد!) پێیان بڵێ: لە ناو هەموو مزگەوتێک کە خوداپەرستی تێدا دەکەن مافی رووتێکردنتان بۆ لای خودا بدەن، بە تەواوی رووتێکردنەکە ئەنجام بدەن؛ نییەتی ساغو دڵئاگاییو لێبڕان بۆ رووتێکردن لە پەروەردگارتان هەبێ، چ ئەو عیبادەتەی کە لە مزگەوتەکە یان لای مزگەوتەکە ئەنجامی دەدەن نوێژ بێ یان تەواف بێ یان ذیکرو خوداپەرستی‌یەکی تر بێ، دەبێ ساغ بۆ خودابێ!

﴿وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾ هاوارو پاڕانەوەو عیبادەتتان تەنها بۆ خودا بێ، هەر ئەو بپەرستنو روو لەبارەگای زاتی ئەو بکەن، روومەکەنە غەیری خوداو کەسی تر جگە لە پەروەردگار بە شایستەی پەرستش مەزانن، هاوارو پاڕانەوە مەکەنە فریشتەو پیاو چاکو پێغەمبەرانو پێتان وابێ پاڕانەوە لەوانو گۆڕەکانیان لە خواتان نزیک دەکاتەوە وامەزانن پاڕانەوە لە شێخو پیاو چاکو گۆڕەکانیان بەشێکە لە ئایینو سوود بەخشە!!

پاش ئەوەی بنەمای ئایینی دیاری کردو فەرمانو جڵەوگیری ئاراستەی

پێغەمبەرو موسوڵمانان کردو نارەزایی خۆی دەربارەی هەڵوێستو کردەوەی موشریکەکان دەربڕی، باسی زیندووبوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەو پاداشو سزا دەکاو دەفەرموێ: ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ، فَرِيقًا هَدَى وَ فَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ وەکوو چۆن لە سەرەتاوە خودا ئێوەی دروست کردووە ئاواش بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە، واتە: هەر بەو دەسەڵاتە زیندووتان دەکاتەوە کە سەرەتا کاروانی ژیانتانی دەست پێکرد...

دوو پێڕو تاقم بوون: ئادەمو خێزانی، شەیتانو جەندرمەکانی، کە دەشگەڕێنەوە بۆ لای خودا کۆمەڵێکتان لەگەڵ ئادەمو دایکە حەواو موسوڵمانانو راستاڵو خاوەن باوەڕو شوێنکەوتووی پێغەمبەرانو گەردنکەچ بۆ فەرمانو جڵەوگیرییەکانی پەروەردگار ، کۆمەڵێکیشتان سەرپێچیکارو تاوانبار لەگەڵ شەیتانو جەندرمەکانی دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا ریسواو شەرمەزار! کۆمەڵێکتان خودا هیدایەتی داونو رێبازی خوداتان گرتووە، یا بەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی بوون.

کۆمەڵێکیشتان گومڕاییان بەسەردا دەچەسپێو چەسپیوە، ئەوانە شەیتانیان کردووە بە پێشەواو شوێنی کەوتوون، ئەویش بەرەو دۆزەخ راپێچیان دەکا، بە راستی شەیتان رابەرو پێشەوایەکی خراپو گومڕاکەرە.

خاوەنی مەنار دەفەرموێ: ئەم رستەیەی ئایەتەکە بەلیغترینو کورتبڕترینو سەرئاساترینی قورئانە، چونکە دەعوایەکە بەڵگەی لێکچواندنی زیندووبوونەوەی قیامەتی بە دروستکردنی سەرەتای ئادەمیزادی لەخۆگرتووە، واتە: پەروەردگار چۆن سەرەتا بە دەستەڵاتو توانای خۆی دروستی کردوونو بەدیهێناون ئاواش دوای مردن زیندووتان دەکاتەوەو رۆژی قیامەت دەگەڕێنەوە بۆ لای، بەڵام لەم حاڵەتاندا دوو تاقمو کۆمەڵن:

١- کۆمەڵێکتان خودا لە جیهاندا بە هۆی ناردنی پێغەمبەران هیدایەتی داونو بڕوایان هێناوەو شوێن پەیامی پێغەمبەران کەوتوونو بە راستی رویان لە خودا کردووە راستاڵانە خودایان پەرستووەو کەسیان نەکردووە بە هاوەڵو هاوشانی.

٢- کۆمەڵێکیشیان گومڕایی لەسەر چەسپیوەو شوێن شەیتان کەوتوونو

گومرای کردوونو لە رێگای خودا لای داون، هەموو تاقمو کۆمەڵێکیش لەسەر چ ئاییینێک ژیاوە لەسەر ئەوە دەمرێو لەسەر چی دەمرێ لەسەر ئەوە زینـدوو دەکرێتەوە مانای ﴿حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ واتـە: گومراییـیان چەسپیوە بەهۆی چەسپینی هۆکارە کردار ئامێزەکانیـان، بـە ویستی خۆیـان هۆکـاری گومرابوونیان پـەیرەوکردووە، وەکـوو دەفـەرموێ: ﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَآءَ مِنْ دُونِ اللهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ واتـە: ئەوانـە کـە گوێرایـەڵی ئامۆژگاری شەیتان بوونو ئەو تـاوانو خراپەکاریـیەی لـە پێش چـاوان جـوان کردو لە دڵیان شیرین بوو مانای وایە کاروباری خۆیان داوەتە دەست شـەیتانو ئەویان کردووە بە فەرماندەو گەورەی خۆیانو وازیـان لـە پـەروەردگاری زانـاو داناو بەرەحم و بەخشندە هێناوە؛ روویان لە ئەو خودایە وەرگێڕاوە کە فەرمان بە دادپەروەریو چاکەکاری دەکا جڵەوگیریی لە خراپەو فاحیشە دەکا!

کەچی وێـڕای ئـەم بـە هەڵـە چوونو تاوانکاریـیەیان پێیـان وایـە ئـەوان رێنموونی کرارنو هیدایەت دراونو وادەزانن ئەوەی کـە شـەیتان بـە گوێیـاندا دەدا راستەو پێویستە پەیڕەوی بکەن!

ئەوانـە رووکردنـە غـەیری خـوداو نوزانـەوەو پاڕانـەوە لـە قـسنو گـۆڕی پێغەمبەرانوپیاوچاکان بە ئومێدی ئەوە لە خودایان نزیک بکەنەوە بە ئـایینو خودا پەرستی دەزانو، پێیان وایە کە ئادەمیزاد تاوانێکی کرد پێویسـتە هانـا بۆ گۆڕی پیاو چاکێک بەرێو ئەو ئێسـکە رزیوانـە بکاتـە تکاکـار بـۆ ئـەوەی خـودا لـێی خۆش بـێ، واتـە: ئەوانـە وا دەزانـن: خـودا وەکـوو پاشـایەکی ستەمکار وایە تا یەکێک لە پیـاوە نزیـکو دارو دەسـتەکان نەبێتـە تکاکـارو داوای لێبوردن بۆ تاوانبارێک نەکا لـێی خۆش نابێ. سـەیرە! خـودا بـۆ خـۆی دەفەرموێ: ﴿أُدْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ بانگم لێ بکەن وەڵامتان دەدەمـەوە، یـان دەفـەرموێ: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ ئێمـە بـۆ هـەر ئادەمیزادێک لە رەگی لامل لـێی نزیکترین، یان دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَمَا كُنْتُمْ﴾ خودا لەگەڵ ئێوەیە لە هەر شوێنێک بن، دەهاو سەدەها ئایەتی لەم جۆرە هەن کـەچی ئـەو خەڵکـە گێـلو نەفامـە دەچـن لـە دەوری گۆڕێـک

دەست دەكەن بە پاڕانەوەو نوزانەوە بە هیوای ئەوە ئەو ئێسكە رزیوانە هاواریان بگەیەننە خوداو شەفاعەتیان بۆ بكەن!!. -خودایە هاوار: بە هانامانەوە وەرەو لەسەر رێبازی راستو دروستی خۆت دڵمان بچەسپێنە- نەمانخەیتە ریزی ئەوانەی گومڕانو پێیان وایە: هیدایەت دراون!

سەیرە زوربەی تاقمو گرۆهە گومڕاكانی دونیا لە كۆنو نوێدا پێیان وایە: لەسەر حەقن، ئەوانە یان لە رووی لوتبەرزیو سەررەقییەوە كافرو بێ بڕوان بەرامبەر بە حەق، وەكوو ئەوانەی دژایەتی پێغەمبەریان كردووە لەسەردەمی خۆیاندا ئەوەتا فیرعەونو تاقمەكەی كە نۆ موعجیزەی حەزرەتی موسایان بینی، وتیان: سیحرو جادوێكی ئاشكرایە.. سوور دەیانزانی كە ئەو موعجیزانە لە خوداوەن بەلام لەبەر لووتبەرزیو خۆبەزلزانی پشتیان لێ هەڵكردو بڕوایان پێ نەكرد! وەكوو دەفەرموێ: ﴿وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ ظُلْمًا وَ عُلُوًّا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ﴾النمل/١٤. هەروەها وەكوو ملهوڕو سەرانی قورەیش -ئەبو جەهل- وەلیدی كوڕی موغیرە- ئەلنەضری كوڕی ئەلحاریث-و زۆری تریش كە خودا دەربارەیان دەفەرموێ ئەی (محمد!) ﴿فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ﴾الانعام/٣٣.

ئەم تاقمو گرۆ كافرانەی كە لەبەر لوتبەرزی ئیمانیان نەهێناوەو كۆمەڵو تاقمێكی كەمن لە چاو ئەوانەی كە لە رێگای لاسایی كردنەوەی كوێرانەو شوێن كەوتنی وەسوەسەی شەیتانەوە كافر بوون.. ئەوانەی كە خودا دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا﴾الكهف/١٠٤. زوربەی زانایان پێیان وایە: كەسێك هەوڵو كۆشش بدا بۆ دۆزینەوەی رێبازی حەق، دوایی شتێكی بە حەق زانیو شوێنی كەوت ئەم رێبازەی كە ئەم بە حەقی دەزانی جیاوازبێ لەگەڵ پەیامی پێغەمبەرﷺ بەر مانای ئەم ئایەتە ناكەوێ، لای خودا بەهانەی هەیەو مەعذورە، چونكە ئەوهەوڵی خۆی داوەو وزەی خۆی بە خەرج داوەو خوداش دەفەرموێ: ﴿لا

يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا اِلاّ وُسْعَهَا﴾البقرة/٢٨٦.

هەندێ لە زانایان رستەی ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُون﴾ نیان بەم شێوە مانا کردووە چۆن لە سەرەتاوە دروستمان کردوون؛ کۆمەڵێکتان هیدایەت دراوو کۆمەڵێکتان گومرا، هەر بەو شێوە دروست دەکرێنەوە!!

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پەروەردگار ئادەمیزادی دروست کردووە، هەیانە بە مسوڵمانو خاوەن بڕوا، هەیانە بە کافری دروستی کردوون، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنْكُمْ كَافِرٌ وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ﴾التغابن/٢. پاشان زیندوویان دەکاتەوە هەیانە موسوڵمانە هەیانە کافر.

ئەم رایە لەگەڵ ئەو فەرموودەی کە بوخاری لە ئیبنو مەسعودەوە ریوایەتی دەکا یەک دەگرێتەوە کە دەفەرموێ: (فَوَالَّذِي لاَ اِلَهَ غَيْرُهُ، اِنَّ اَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَةِ حَتَى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا اِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا، وَاِنَ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَ بَيْنَهَا اِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَةِ فَيَدْخُلَهَا) .

بە گوێرەی ئەم تەفسیرە دژایەتییەک لە نێوان ئایەتی ﴿كما بدأكم تعودون﴾و ئایەتی ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَةَ اللّهِ اَلَتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا﴾الروم/٣٠. دێتە کایەوە، فەرموودەیەکیش ئەبو هورەیرە ریوایەتی دەکاو لە صەحیحەیندا هەیە، پشتگیری ئایەتەکەی سوورەتی (الروم)دەکا دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (كُلُ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبواهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَ يُمَجِّسَانِهِ) . پێکەوە گونجاندنی ئەم دوو ئایەتە ﴿هُوَ الذي خلقكم....﴾و ئایەتی ﴿فطرة الله....﴾ بە تێبینی ئەوەش کە هەر ئایەتێک لەو دووانە حەدیثێك پشتگیری دەکا . بەم جۆرە دەبێ بڵێین: پەروەردگار سروشتی ئادەمیزادانی لەسەر خودا ناسینو یەکتاپەرستی وا

دارِشتووەو عەهدو پەیمانی بەوە لیٚوەرگرتوون.

ئەمجار کە بەم شیٚوە سروشتی دارِشتوونو دروستی کردوون، وای ئەندازە کیٚش کردوونو لە عیلمی ئەزەلی خۆیدا زانیویەتی کە کۆمەلٚیکیان خاوەن باوەرِ دەبنو کۆمەلٚیکیان کافر، تاقمیٚکیان کامەرانو خۆشبەختو دەستەیەکیان بەدبەختو چارە رەش، پەروەردگار زانیویەتی کە گۆرِانکاری بەسەر ئەو فیطرەتوسروشتە ئەصلیەیاندا دیٚ کە لەسەری دروستکراون، هەندیٚکیان لە حالٚی دووەمیاندا لەسەر ئەو سروشتە نامیٚننو دوای ئیمان هیٚنان کافری هەلٚدەبژیٚرن!

ئایەتەکان راستەوخۆ ئەوە دەگەیەنن کە:

١- لاسایی کردنەوەی کویٚرانەی باوکو باپیران پەسەند نیە عەقلٚو سروشت رەتی دەکاتەوە، چونکە پەروەردگار هیٚزیٚکی تایبەتی بە ئادەمیزاد داوە دەتوانیٚ بە هۆی عەقلٚ جیاوازی نیٚوان حەقو بەتالٚ بکا، برِوانیٚو تیٚبفکریٚ ئەگەر باوکو باپیرانی لەسەر ریٚگای راست بوون با شویٚنیان بکەویٚ، ئەگەر گومرِا بوون پیٚویستە لە ریٚبازیان دوور بکەویٚتەوەو واز لە لاسایی کردنەوەیان بیٚنن ئەگینا نەفامو نەزانو لەسەر هەلٚەن.

٢- پەروەردگار فەرمان بە دادوەریو بەردەوام بوون لەسەر چاکە کردن دەکا، هەرگیز خودا فەرمان بە خراپەکاری ناکا!

٣- پیٚویستە موسولٚمان لە کاتی خودا پەرستیدا دوو خالٚ بەرچاو بگریٚ:

أ-دەبیٚ کردەوەو خودا پەرستیەکەی بە گویٚرەی شەریعەت بیٚ.

ب- دەبیٚ خودا پەرستیەکەی لە دیاردەی هاوەلٚدانان بۆ خودا دووربیٚ، خودا پەرستیەکەی تەنها بۆ خودابیٚ خالٚصانەو راستالانەبیٚ!.

٤- پەروەردگار زیاد لە ئیمانو باوەرِە سروشتیەکە بۆ موسولٚمانان هیدایەتو تەوفیق زیاد دەکا، سەرباری یەکتاپەرستیو ناسینە فیطرەتیەکەی، موسولٚمان بە هۆی کردەوەی چاک ئیمانو باوەرِی زیاد دەکا! هەروەکو چۆن بەهۆی وەسوەسەو دەنەدەنەی شەیتان کۆمەلٚیک لە ئادەمیزاد گومرِا دەبن.

لەبەرکردنی پۆشاکی جوانو خواردنو خواردنەوەی خۆش حەڵاڵە

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ٣١ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِۚ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةٗ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأٓيَٰتِ لِقَوْمٖ يَعْلَمُونَ ٣٢﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار فەرمانی بە بەندەکانی کرد بە دادپەروەریو عەداڵەتخوازیو بەردەوام بوون لەسەر چاکە لە هەموو ئیشێکدا داوامان لێ دەکا کە لە لای هەموو مزگەوتێکو بۆ هەموو خوداپەرستی‌یەکێ پۆشاکی پاکو خاوێن بپۆشین.. هەروەها خواردنو خواردنەوەی بۆ حەڵاڵ کردووین بە مەرجێکێ زێدە ڕەوی تێدا نەکەین.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی بە ڕووتی تەوافی کەعبەیان دەکرد؛ پیاوان بە ڕۆژو ژنان بەشەو، جا کە دەگەیشتنە لای مزگەوتی مینا پۆشاکەکانیان فڕێی دەداو بە ڕووتی دەچوونە ژووری مزگەوتەوەو دەیان گوت ئێمە لە پۆشاکێکدا تەواف ناکەین تاوانمان پێوە کردبێ!

ئیمامی موسلیم لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: ئافرەتی سەردەمی نەزانی تەوافی کەعبەی دەکرد بە ڕووتو قووتی تەنها پارچە پەڕۆیەکی دەخستە سەر (بیلامانەکەی) لە کاتی تەوافدا بە ڕووتی ئەم شیعرەیان دەخوێندەوە:

اَلْيَوْمَ يَبْدُو بَعْضُهُ أَوْ كُلُّهُ ‌ ‌ ‌ ‌ وَمَا بَدَا مِنْهُ فَلَا اُحِلُّهُ

ئیتر ئەم ئایەتانە هاتنە خوارێو ئەم دیاردانەی یاساغ کردن!

هەر ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا لە عوروەوە ریوایەت دەکا کە

دەفەرموێ: عەرەبەکان لە سەردەمی نەزانیدا جگە لە قورەیشییەکان تەوافی کەعبەیان بەرووتی ئەنجام دەدا. قورەیشییەکان کە نازناوی (الحمس)یان بۆ خۆیان دانابوو[٢١] ئەوان بە پۆشاکەوە تەوافیان دەکرد، خێڵە عەرەبەکانی تر بە رووتی تەوافیان دەکرد مەگەر قورەیشییەکان پۆشاکیان پێ بدانایە! پیاو پۆشاکی بدایە بە پیاوو ئافرەت بە ئافرەت.

لە لایەکی ترەوە قورەیشی(حمس)ییەکان لە موزدەلیفە دەمانەوەو خەڵکانی تر دەچوونە عەرەفات. لە سەرچاوەی تردا هاتووە دەڵێ: قورەیشییەکان دەیانگوت: ئێمە خاوەنی کەعبەین هەر عەرەبێک هات بۆ حەج دەبێت لە پۆشاکی ئێمەدا تەواف بکا کە هاتە ناوچەی ئێمە دەبێ لە خۆراکی ئێمە بخوا! کەسێک بهاتایە بۆ حەج و دۆستێکی قورەیشی نەبوایە پۆشاکی بداتێو پارەشی نەبوایە پۆشاک بە کرێ بگرێ دەبوایە یان بەرووتی تەواف بکا یان پۆشاک بکڕێ، کە لە تەوافەکەش دەبوەوە دەبوایە پۆشاکەکە فڕێ بداو کەس دەستی نەکاتێ! بەم جۆرە پۆشاکە دەگوترا فڕێدراو.

ئیتر عەرەبەکان لەسەر ئەم نەفامیو نەزانییە مانەوە هەتا پەروەردگار حەزرەتی موحەممەدی کردە پێغەمبەرو بانگەوازی ئیسلامی دەست پێکرد ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارێ بانگدەری پێغەمبەرﷺ بانگی راهێشتو رایگەیاند کە نابێ لە مەودوا هیچ کەس بە رووتی تەوافی کەعبە بکا.

دەفەرموێ: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد! جوانیو شۆخو شەنگی خۆتان لە کاتی ئەنجام دانی هەموو تاعەتێک بنوێنن لە کاتی نوێژ یان تەوافدا پۆشاکی خۆتان لەبەر بکەن. مەبەست بە (زينة) پۆشاکی جوانە، کەمترین پۆشاک ئەوەیە شەرمگا داپۆشێ، داپۆشینی شەرمگا لە نوێژو تەوافدا واجبو پێویستە! جگە لە داپۆشینی شەرمگا داپۆشینی شوێنەکانی تری جەستە سوننەتە، شەرمگای

---

[٢١] الحمس: کۆی (احمس)ە واتە: تەند رەوو ئازاو بە غیرەت. چونکە زێدە رەوییان لە ئایینیدا کردبوو ئەم نازناوەیان هەبوو.

پیاو -وەکو لە پێشەوە گوترا: نێوان ناوکو ئەژنۆیە. جەستەی ئافرەت هەمووی شەرمگایە جگە لە دووو دەستو دەمو چاو.

پۆشاک دیاردەیەکی بەرزو پیرۆزی شارستانییە، فەرمان بە داپۆشینی شەرمگا لە یاسا جوانەکانی ئیسلامە، هەر ئیسلام بوو هۆزە عەرەبو نا عەرەبی لە دوا کەوتوویی هەڵسو کەوتی ئاژەڵیی رزگار کرد، حەدیثیکیش هەیە پشتگیری مانای ئایەتەکە دەکا دەربارەی پێویستی داپۆشینی شەرمگا، طەبەرانیو بەیهەقی لە ئیبنو عومەرەوە دەگێرنەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (اذَا صَلّى اَحَدُكُمْ فَلْيَلْبَسْ ثَوْبَيْهِ، فَاِنَّ اللهَ عز وجل اَحقُّ مَنْ تَزَيَّنَ لَهُ فَاِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ ثَوْبَانِ، فَلْيَأْتَزِرْ اِذَا صَلّى وَلاَ يَشْتَمِلْ اَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ اشتمالَ اليهود). هەرکاتێ یەکێ لە ئێوە ویستی نوێژ بکا با دەرپێو کراسێ لە بەر بکا، چونکە پەروەردگار لە هەموو کەس شیاوترە کە لە کاتی خۆڕانواندنو راوەستان لە خزمەتیا پۆشاکی پاکو خاوێنو جوانی بۆ لەبەر بکرێ، کەسێک دوو پۆشاکی نەبوو با بەلایەنی کەمەوە دەرپێێ لە پێ بکا......

ئەمجار پەروەردگار فەرمانی ئاراستەی ئادەمیزادان کردو پێی راگەیاندن کە خواردنو خواردنەوەی پاکو خاوێنیان بۆ رەوایە بەمەرجێک زێدەڕەوی تێدا نەکەنو فەرمووی: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلاَ تُسْرِفُوا اِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾، ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد! بۆ هەر یەکێک لە ئێوە رەوایە خواردنو خواردنەوەی پاکو خاوێن بخواو بخواتەوە، دەی ئێوە لە خواردنو خواردنەوەی پاکو بەتامو لەززەت بخۆنو بخۆنەوەو زێدەڕەوی مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەکی مام ناوەندیو میانڕەوی کەڵکیان لێ وەربگرن، نە ئەوەندە کەم بخۆن کە پێداویستی جەستەتان دابین نەکا، نە ئەوەندەش زۆر بخۆن کە زیان بە جەستەو بیرو هۆشتان بگەیەنێ، رژدو بەخیل مەبن دڵتان نەیە بە گوێرەی پێویست لە ماڵی خۆتان بخۆن، ئەوەندەش دەست بڵاوو موسریف مەبن زیاد لە پێویست ماڵو دارایی خۆتان خەرج بکەن! دڵنیا بن خودا ئەوانەی خۆش ناوێن کە زیادەڕەوی دەکەن لە خواردنو خواردنەوەدا واتە:

سزایان دەداو تۆڵەیان لیٚ دەستیٚنیٚ!

ئیمامی ئەحمەد لە عەبدوڵلای کوڕی عەمر ریوایەت دەکا کە پیٚغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (كلوا واشربوا والبسوا وتصدقوا من غير مخيلة و لاسرف، فان الله يحب ان يرى اثر نعمته على عبده). بخۆنو بخۆنەوە، پۆشاک بپۆشن بە شیٚوەیەکی میانە ڕەوی نە ڕژدی تیٚدا بکەن نە دەست بڵاوی، چونکە پەروەردگار پیٚی خۆشە دیاردەی نیعمەتی بە سەر بەندەی خۆیەوە ببینریٚ..

ئیمام ئەحمەدو نەسائیو تیرمیذی لە مەعدیکەریبەوە دەڵیٚ: لە پیٚغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: (مَا مَلَأَ ابْنُ آدَمَ وِعَاءً شرًّا مِنْ بَطْنِهِ، حَسْبَ ابنِ آدَمَ اكلاتٍ يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فَإِنْ كَانَ فَاعِلًا لا مُحَالَةَ، فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفْسِهِ) ئادەمیزاد هیچ کیسەیەک پڕ ناکات خراپتربیٚ لە گەدەی! بەسە بۆ ئادەمیزاد سیٚ پارو پشتی قایم بیٚو هیٚزو توانای بدەنیٚ ئەگەر هەر دەبوو بخوا با گەدەی بکاتە سیٚ بەش بە شیٚک بۆ خواردن بەشیٚک بۆ خواردنەوە بەشی سیٚیەمیش بۆ هەناسەو ئیسراحەت، برِیٚ لە زانایانی سەلەف وتوویانە: پەروەردگار هەموو زانیاری تەندروستی لە نیٚو ئایەتدا کۆکردۆتەوە ﴿كُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا...﴾ ئیسراف: واتە: زیٚدەڕەویو سنوور شکیٚنی لە هەموو شتیٚکدا پەروەردگار پیٚی خۆشە ئەوەی بە حەڵاڵی داناوە بە حەڵاڵی بزانین، ئەوەی بە حەرامی داناوە بە حەرامی بزانین، ئەو فەرمانی پیٚ کردووین بە میانەڕەوی، کەوابیٚ نابیٚ سنووربەزیٚنی بکەین جا سنوور بەزیٚنییەکە سروشتی بیٚ وەکوو خۆتینوو کردنو خۆ برسیکردن، یان زیٚدەڕەوی لە ئاوخواردنەوەو زۆر خۆریدا، یان سنوور بەزیٚنییەکە لە رووی ماددییەوە بیٚت. بەم جۆرە زیاد لە دەست کەوت خەرج بکات، یان سنوور بەزیٚنی شەرعی بیٚت بەم جۆرەپەنا بەریٚتە بەر خواردنی مردارەوەبوو و خویٚنو گۆشتی بەرازو ئەو کوشتییانەی بۆ غەیری خودا سەر دەبڕیٚنو لە کاتی سەر بڕیندا ناوی غەیری خودایان لەسەر دەبریٚ...هتد...هەروەها خواردنو خواردنەوە لە ناو

ئامێزی زێڕو زیودا بە زێـدەڕەوی حسێب دەکرێو حەرامـە، هـەروەها لەبـەر کردنی پۆشاکی ئاوریشم بۆ پیاو بە زێدەڕەوی حلێبە. هەروەها ئەگەر پیاو لـە پۆشاکێو هەڵسو کەوتدا لاسایی ئافرەت بکاتـەوەو یـان بـە پێچەوانـەوە بـەر جڵەوگیری ئایەتەکە دەکەوێو کارەکەی زێدەڕەوییە...

بە کورتی خواردنو خواردنەوە پێویستیاتی ژیانی ئادەمیزادن، بـەڵام دوو تاقم دەربارەی خواردنو خواردنەوە سەرلێشێواون:

ا- تاقمی بەخیلو ڕژدو ئەوانەی خۆیـان کـردووە بـە ڕەبـەنو خـەڵوەکێش ئەمانە وازیان لە خواردنو خواردنەوەی بەتامو لەززەت هێناوە، بە بـێ بەڵگـە بە نـاوی ئایینـەوە ئـەم شتانەیان لـە خۆ قەدەغـەکردووە، یـان دڵیـان نایـەو دەستیان ناچێتە ماڵی خۆیان.

ب- تاقمی دەست بڵاوو موسریفەکان ئەوانـەی زێـدە ڕەوی لـە خـواردنو خواردنـەوەدا دەکـەنو هـەموو هیـواو ئاواتیـان خـۆش رابـواردنو خـواردنو خواردنەوەی شتی خۆشە، وەکوو ئاژەڵ دەلەوەڕێنو کـۆ لـە هیـچ ناکـەن هیـچ سنوورێک بۆ خۆیان دانانێن.

ئەمجار پەروەردگار سەرزەنشتی ئەوانە دەکا کە بەبێ بەڵگەو بـەبێ هـۆ شتی حەلاڵ لە خۆیان یاساغ دەکەنو فەرمان بـە پێغەمبـەرﷺ دەکـا: کـە بـە شێوەی پرسیاری ئینکار ئامێزو ناڕەزایی دەربڕین بەو مشریکانە بڵێ: کە لـە خۆیانـەوەو بـە بـێ بەڵگـە شتی پـاکو خاوێن لـە خۆیـان قەدەغـە دەکـەن دەفـەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ﴾ پێیان بڵێ: کێ ئەو کەلو پەلو ئامێرو کالاَیانەی دەبنە هـۆی جوانـی ئێوە یان ئەو رزقو رۆژییەی خودا بۆ بەرژەوەندی ئێوەی دروست کردووە، بـە حەرام دانـاوە؟؟ کـێ پۆشـاکو ئـامێری رابـواردنو خۆش گوزەرانـی قەدەغـە کردووە؟! کێ ماددە خامـەکانی ئـەو هۆکـارو ئامێرانـەی بـەدی هێنـاون کـە دەبنە مایەی خۆش گوزەرانی ئێوە؟ کێ عەقڵو زانیاریو شێوەی بەکارهێنانو سوود بینین لەو ماددانەی فێری ئێوە کـردووە؟ واتـە: خـواردنو خواردنـەوەی حەلاڵو پاکو خاوێن، هەروا لەبەرکردنی پۆشاکو خۆڕازاندنەوەو رێکو پێکـی حەلاڵو رەوایەو خودا بۆ بەرژەوەندیی ئێوە ماددە خامەکـەیانی بـەدیهێناوەو

عەقڵو زانیاری بەکارهێنانو سوود لێ بینینیانی فێرکردونو خیطابی ئاراستە کردوون کە بە میانە رەوی بەکاریان بێننو سوودیان لێ وەربگرن!! جا ئەگەر کافرەکان وەلامیان نەبوو، یان وەلامەکەیان وەکوو پێویست نەبوو ﴿قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خالصة يوم القيامة﴾ بڵێ ئەو خواردنو خواردنەوە بەتامو خۆشانە، پۆشاکی جوانو ئامێری خۆڕازاندنەوە تایبەتە بۆ بڕواداران، لە راستیدا خودا بۆ ئەوانی دروستکردوونو ئاموسوڵمان بەهۆی ئەوانەوە سوودیان لێ دەبینن، جا ئەگەر لە ژیانی دونیادا کافرەکان هاوبەشی خاوەن بڕواکان دەکەن لەو خۆشیو رابواردنو خواردنو خواردنەوەیەدا ئەوە با بزانن لە رۆژی قیامەتدا ئەو رابواردنو خۆرازاندنەوەیە تایبەتە بە بڕوادارانەوە، کەس لە کافرەکان هاوبەشییان ناکا، چونکە بەهەشت لە بێ بڕوایان قەدەغەیە ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بەم جۆرە شیکردنەوەو روونکردنەوەیەی کە دەربارەی رزقو رۆژیو پۆشاکو ئامێری خۆرازاندنەوە ئەنجامماندا هەر ئاواش نیشانەو بەڵگەکانی راستی ئایینو تەواوەتی شەرعو راستگۆیی پێغەمبەرو رێکو پێکی یاساو شەریعەت شی دەکەینەوە بۆ کەسانێک زانستی کۆمەڵناسیو دەروونناسیو تەندروستیو....هتد بزانن، بەرژەوەندی ئادەمیزاد دەست نیشان بکەنو هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان، لە بوونەوەر ورد ببنەوەو پەندی لێ وەربگرن، گوێ بۆ قسەو ئاخاوتن را بگرن چاکو خراپی لێک جیا بکەنەوەو شوێن قسە باشو بەسوودەکان بکەون، نەک بۆ کەسانێک کە نەفامو نەزانن ئاگاداری ئەم زانیاریو زانستانە نینو نازانن بۆ بەرژەوەندی خەڵکی بەکاریان بێنن، گوێ بە زانستو زانیاری پێویست بۆ پێشکەوتنو شارستانیەت نادەن، ئەگەر فێریشیان ببن بۆ سوودی کۆمەڵ بەکاریان ناهێنن!

بە راستی ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئایینی ئیسلام ئایینێکی تەواوو بێ عەیبو لەکەیە، ئایینێکی قایمو پتەوو تۆکمەیە، لاشەو گیان بەشێوەیەکی هاوتەرازوو پەروەردە دەکا، وزە دەدا بە جەستەو ورە دەدا بە گیان، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بەسەر تەنگو چەڵەمەی ژیاندا زاڵ بێو سەرکەوتووبێ، بتوانێ ئەرکی سەرشانی خۆی جێ بە جێ بکا، رۆڵی خۆی-کە

جێنشینی‌یە لەسەر زەوی- وەکوو پێویست ئەنجامی بدا!

ئەوەی لەم ئایەتانە تێبینی دەکرێ ئەوەیە: کە ئاییینی ئیسلام بەرنامەی ژیانە، لە هەموو بوارێکدا بۆ هەموو شوێن‌و کاتێک یاساو نیظامی بۆ ئادەمیزاد داناوە، هیچ کون‌و کەلەبەرێکی ژیانی بە بۆشی نەهێشتۆتەوە، بۆ هەموو گیروگرفتێک حەلی هەیە، بۆ هەموو رووداوێک بڕیارو حوکمی رەسای بێ عەیبی هەیە. بڕیارێک لەو یاساو نیظامەی ئیسلام ئەوەیە کە پۆشینی پۆشاکی بە پێویست داناوە، داپۆشینی شەرمگای لەسەر هەموو کەس واجب کردووە، چونکە لەبەرکردنی پۆشاکی پاک‌و خاوێن‌و داپۆشینی شەرمگا دیاردەیەکی شارستانی‌و نیشانەی هەستی بەرزو سروشتی خاوێنە، هەروەها بە رەوا دانانی خواردن‌و خواردنەوەی پاک‌و خاوێن‌و بە لەززەت بە شێوەی مامناوەندی‌و میانڕەوی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاییینی ئیسلام ئایینێکی میانڕەوو گونجاوە بۆ هەموو کات‌و شوێنێک.

داپۆشینی شەرمگا هەموو کاتێک پێویستە بەڵام لە کاتی نوێژداو لە کاتی تەوافدا یان لە کاتی کۆبوونەوەی ئادەمیزاداندا پێویست ترە ئایەتی ﴿خُذُوا زِينَتَكُمْ...﴾ بە روونی ئەوە دەگەیەنێ کە داپۆشینی شەرمگا پێویستە. زوربەی زانایانی ئیسلام پێیان وایە داپۆشینی شەرمگا فەرزێکە لە فەرزەکانی نوێژ، بەڵکو ئیمامی ئەبهەری دەفەرموێ: داپۆشینی شەرمگا بۆخۆی فەرزێکی سەربەخۆیەو پێویستە لەکاتی نوێژو غەیری نوێژدا شەرمگای خۆمان دابپۆشین، ئەم رایە راسترە چونکە پێغەمبەرﷺ کە میسوەری کوڕی مەخرەمەی بە رووتی بینی پێی فەرموو برۆ کراسەکەت لەبەر بکەو بە رووتی مەسوڕێرەوە.

ئایەتی ﴿كُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا... ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خواردن‌و خواردنەوەی پاک حەلاڵو رەوایە بە مەرجێک زێدەرەوییان تێدا نەکرێ.

جەصصاص دەڵێ: ظاهیری ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە خواردن‌و خواردنەوە واجب بێ بەمەرجێک بە شێوەیەکی میانڕەوی بەکار بهێندرێن، جا لە هەندێ کات‌و شوێندا ئیباحە دەگەیەنێ لە هەندێ شوێندا بۆ وجوبە،

لە هەرکاتێک نەخواردن‌و نە خواردنەوە ترسی ئەوەیان لیّ نەدەکرا کە زیان بە جەستە بگەیەنن ئەوە ئەمرەکە بۆ ئیباحەیە ئەگەر ترسی زیان لیّ کەوتنەوەیان لیّ دەکرا فەرمانی ئایەتەکە بۆ وجوبە. واتە: هەرکاتێ بە خۆگرتنەوە لە خواردن‌و خواردنەوە ترسی زیان گەیشتن بە جەستەی‌تێدا بوو یان بیّ هێزی تێدا دروست دەبوو بە جۆرێک کە نەیدەتوانی ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام بدا ئەوە ئەو کاتە خواردن‌و خورادنەوە واجبە.... کەسێک شتێکی حەلاڵ حەرام بکاو بەبیّ بەڵگە خواردن‌و خورادنەوەی پاک‌و خاوێن یان لەبەر کردنی پۆشاکی جوان‌و رازاوەو خاوێن لە خەڵکی قەدەغە بکا دەچێتە پێڕی زێدەرەوی‌یەوە. هەر وەکوو چۆن لەبەرکردنی پۆشاکی زبر نابێتە خوداپەرستی‌و ئەو جۆرە پۆشاکە پۆشاکی تەقواکاران نیە. بەڵکو پیاوە زاناو خودا پەرستەکانی ئیسلام دابو نەرێتیان وابووە کە لە رۆژانی هەینی‌و جەژن‌و موناسەباتی تایبەتی‌دا جوانترین‌و پاک‌و خاوێن‌ترین و چاکترین پۆشاکیان دەپۆشی! هیچ کاتیّ هەڵبژاردنی قوماشی باش‌و جوانیان بە لاوە ناشیرین نەبووە!

دەگێڕنەوە تەمیمی داری پۆشاکێکی کڕی بە هەزار دیرهەمی زیو و نوێژیشی پێوە دەکرد. مالیکی کوڕی دینار پۆشاکی باشی عەدەنی دەپۆشی.

بە کورتی ئایینی ئیسلام ئایینی واقیع‌و ژیانە ماددەو گیان پێکەوە دەگونجێنیّ. ئامانجی ئەوەیە: بە هۆی بیروباوەڕو ئەخلاق‌و رەوشتەوە ئادەمیزاد بگەیەنێتە کەمالی مەعنەوی، لە هەمان کاتدا هەوڵی ئەوە دەدا: کە ئادەمیزاد بگاتە کەمالی ماددی جەستەی رێک‌و پێک‌و ساغ‌و بیّ دەرد پەروەردە بکا، بۆ ئەوەی بتوانیّ ئەرکەکانی خوداپەرستی ئەنجام بدا، جیهادو تێکۆشان لە رێگەی خودادا جیّبەجیّبکا، وازهێنان لە خواردن‌و خواردنەوە جەستە زەبوون دەکاو هێزو توانای کەم دەکاوسەرەنجام ناتوانیّ ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام بدا. ئادەمیزاد لەسەر زەوی جێنشینی پەروەردگارە، ئەمیندارو فەرمانڕەوایە بەسەر خێرو خێراتی زەوی‌دا، بەر پرسیارە لە پێشکەوتنی وڵات‌و لە ئەنجام دانی ئەرکەکانی سەرشانی لەبارەی پێشکەوتنی وڵات‌و پێشبڕکیّ لە دابین کردنی پێویستی‌یەکانی ژیان‌و گەشەکردنی کشت‌و

کاڵو پیشەسازیو ئابووریو زانیاری رۆشنبیریو کۆمەڵناسی....هتد.

بنەمای شتە یاساغ کراوەکان لە ئادەمیزاد

قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾

لەوەپێش پەروەردگار نارەزایی خۆی دەبڕی بەرامبەر موشریکەکان کە لە خۆیانەوە حەڵاڵ حەرام دەکەن، پۆشاکی رێکو پێکو خواردنو خواردنەوەی بە تامو لەززەت بە بێ بەڵگە لە خۆیان یاساغ دەکەن! ئەمجار لێرەدا باسی جۆرەکانی حەرامو یاساغ کراوەکان دەکاو بنەماکانیان دەست نیشان دەکا.

کەلەبی دەڵێ: کاتێک موسوڵمانەکان پۆشاکیان پۆشیو تەوافی کەعبەیان کرد موشریکەکان رەخنەیان لێ گرتنو لاقرتێیان پێ کردن، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ فەرمووی: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ، وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئەی موحەممەد! بەو موشریکانەو خەڵکی تریش بڵێ: کە ئەو شتانەی خودا حەڵاڵی کردوون ئەوان بە بێ هۆو بەڵگە حەرامیان کردوون، پێیان بڵێ: پەروەردگاری من تەنها ئەم پێنج شتانەی حەرام کردوون کە بنەمای هەموو شتە حەرامەکانن، حەرامییەکەیان بە شێوەیەکی بەردەوامو هەمە کاتییە لەسەر هەموو میللەت پێویستە کە بزانن: ئەمانە بە هیچ جۆرێکو لە هیچ شوێنێکدا حەڵاڵ نینو نابن. ئەو شتە حەرامانەش ئەمانەن:

١- فاحیشە چ بە ئاشکرابێ یان بە نهێنی. فاحیشە: بریتییە لە کردارو گوفتارێک کە لە خراپیدا تێیان پەڕاندبێ واتە تاوانی گەورەبن وەکوو زیناو دزیو یاخیبوون لە فەرمانڕەوای موسوڵمان....هتد.

٢- تاوانی بچووک (اثم) بریتیە لە هەر شتێک بە تاوان حلێب بکرێت

نەگاتە پلەی تاوانی گەورە وەکوو تەماشاکردنی ئافرەتی نامەحرەم بەچاوی خیانەتکارییەوە. هەندێک پێیان وایە (اثم) بەمانا تاوانە بە گشتی چ تاوانی گەورە بێت چ تاوانی بچوک بێ ئەو کاتە عەطفی (عام)ە بۆ سەر(خاص).

٣- ستەمکاریو سنوور بەزێنی لە خراپە کاریو پێشێل کردنی مافی کەسانی تر، لە ئایەتەکەدا سنوور بەزێنی پەیوەست کرد بە وشەی ﴿بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾ەوە واتە: سنوور بەزێنی‌یەکەی بە ناحەق بێ ئەگەر لەبەر بەرژەوەندی گشتی بوو بە رەزامەندی ناحەقی لێکرابوو ئەوە بەسنوور بەزێنی حلێب ناکرێو ناحەقی نی‌یە.

٤- شەریک دانان بۆ خودا ئەمە گەورەترین تاوانەو لێخۆشبوونی نیە هاوەڵدانان بۆ خودا ئەوەیە: وێڕای پەرستنی خودا بتێک یان کەسێکی تر بپەرستێ، بەبێ بەڵگەو نیشانەی راستو دروست، بە بێ ئەوەی لە رێگای نیگاوە بەڵگەی خودایەتی ئەو شتەی پێ گەیشتبێ، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ لاَ بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ، إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾المؤمنون/١٣. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بەڵگەو دەلیل بناغەی راستی بیروباوەڕن، هیچ ئیمانو بیروباوەڕێک پەسەند نی‌یەو قبووڵ ناکرێ بە بێ نیگای خودایی، بیروباوەڕ کاتێک پەسەندە کە نیگای ئاسمانی گەیاندبیەتیو بەڵگەو دەلیل پشتگیری بکا.

٥- قسە هەڵبەستن بەدەم خوداوە، بە بێ ئەوەی بەڵگەو زانیارییەکی هەبێ، بوختان بە دەم خوداوە هەڵبەستێ ئیدیعای ئەوە بکا خودا منداڵی هەیە یان خێزان و هاوەڵی هەیە، یان بە بێ بەڵگە شتێک کە خودا حەلاڵی کردووە حەرامی بکا، یان بە پێچەوانەوە، فتوا بەڕای خۆی بداو تەشریع دابنێ، ئەوە حەرام بکاو ئەمە حەرام بکا، هیچ بەڵگەو دەلیلی شەرعی‌بە دەستەوە نەبێ جگە لە هەواو ئارەزووبازیی خۆیو تاکڕەوی ئیدیعای نوێخوازییو ئیجتیهاد کردنو خۆگونجاندن لەگەڵ رۆژگاردا. رێگەی ئیجتیهاد نەبەستراوە لە هەموو کاتو شوێنێکدا دەتوانرێ ئیجتیهاد بکرێ بەڵام دەبێ مەرجەکانی بە تەواوی دەستەبەربن هەرکەسێک مەرجی ئیجتیهادو

تێکۆشانو لێکۆڵینەوەی تێدا هەبوو دەتوانێ: ئیجتیهاد بکاو رای خۆی دەربڕێ ئەو کاتە: قسەو فتواکانی دەبنە شەرعو پەیڕەوییان دەکرێو بەشێکن لە شەریعەتی ئیسلام.

لێرەدا پرسیارێک سەری هەڵداوەو دەگوترێ لە ئایەتەکەدا وشەی (انما) کە کورت هەڵهێنان دەگەیەنێ. کەوابێ ئایەتەکەی ئێرە کە لە پێشیەوە وشەی (انما) هەیەو ئینجا پێنج شتی حەرام ریز دەکا ئەوە دەگەیەنێ کە شتە حەرامەکان لەو پێنج شتانەدا کورت هەڵهێندراون. دەی خۆ جۆرەکانی حەرام زۆرنو لەو پێنج شتانە تێپەڕ دەکەن؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: جینایاتو دەستدرێژی کردن پێنج جۆرن:

یەکەم: دەست درێژی کردنە بۆ سەر نەسەبو رشتەی خێزان کە بریتی‌یە لە داوێن پیسی‌و بەشێکە لە فاحیشە.

دووەم: دەستدرێژی کردنە بۆ سەر عەقڵ کە بە هۆی عەرەقخواردنەوە پەیدا دەبێو بە (اثم) حلێبە.

سێیەمو چوارەم: دەست درێژی کردنە بۆ سەر ناموسو گیانو ماڵو سامان ئەمەش بە رستەی ﴿وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾ ئاماژەی بۆ کراوە.

پێنجەم: دەست درێژی کردنە بۆ سەر ئایین ئەمیش بە دوو جۆر دەبێ:

یەکەمیان تانەو تەشەر دان لە یەکتاپەرستی بەم جۆرە هاوەڵ بۆ خودا دابنرێ، بەر رستەی ﴿وَأَنْ تُشْرِكُوا بِا للهِ﴾ ئاماژە بۆ ئەم جۆرە دەست درێژی‌یە کراوە.

دووەمیان دەم کوتان لە ئایینی خوداو قسە تێداکردنی بە نەزانی‌و بێ بەڵگە، ئەم جۆرەش بە رستەی ﴿وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى ا للهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئاماژەی بۆ کراوە.

کەواتە بنەماو شتە سەرەکی‌یەکانی حەرامو یاساغ کراوەکان ئەم پێنج جۆرەن حەرامەکانی تر وەکوو لقو پۆی ئەم پێنجانە وان، باسکردنی ئەو پێنجانە بە واتا باسکردنی هەموو جۆرەکانی حەرامە. ئیتر بەکارهێنانی وشەی (انما) کە ئامێری حەصرو کورت هەڵهێنانە لە جێی خۆیدایە.

تەمەنی ژیانو دەسەڵاتی هەموو گەلو تاکێک

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار حەڵاڵو حەرامی روون کردەوە، پۆشاکی رەواو رزقو رۆزیی حەڵاڵی دەستنیشان کرد، پاشان باسی بنەمای شتە حەرامەکانی کرد؛ ئەمجار لێرەدا باسی ئەوە دەکا کە هەموو گەلو نەتەوەیەک، هەموو کۆمەڵو تاکێک تەمەنێکی دیاریکراوی هەیەو پاشو پێش ناکا! لەماوەی ژیانیان دا رێژەی شوێنکەوتنیان بۆ پەیڕەوو پرۆگرامی خودا لەبارەی حەڵاڵو حەرامەوە دەردەکەوێو نمایان دەبێ، مەبەستیش ترسی دواڕۆژو لەدونیا دەرچوونی هەبێو بەلێبڕانەوە ئەرکی سەرشانی ئەنجام بدا.

فەرمووی: ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ﴾ بۆ هەموو گەلو نەتەوەیەک، بۆ هەموو چینو توێژێک، بۆ هەموو هۆزە بنەماڵەو بەرەبابو ئادەمیزادێک، بەڵکو بۆ هەموو شتێک لە بوونەوەردا ئەجەلێکی دیاریکراو هەیە، کاتێک هەیە دێنە سەر شانۆی ژیانو ماوەی تەواوبوونی تەمەنی هەریەکێک دەستنیشان کراوە، کە ماوەکە تەواو بوو ساتێک دواناخرێت!

جا ئەم ماوەیە چ ماوەی ژیان بێ یان ماوەی دەسەڵاتدارێو بەختو ئیقباڵ بێ! یان ماوەی ژێردەستەیی‌و چەوساندنەوە بێ!

جا ﴿فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ﴾ ئەگەر کاتی دیاریکراو هاتو ماوەی دەستنیشان کراو بۆیان کۆتایی هات، ﴿لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً﴾ ساتەوەختێک دواناخرێن؛ بگرە کەمترین کات دواناخرێن، ﴿وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ هەروەکو چۆن پێش ناخرێن.

دەربارەی مەبەست بە ئەجەل دوو را هەن:-

١- ئیبنوعەبباسو حەسەنی بەصریو موقاتیل دەڵێن: مەبەست ئەوەیە پەروەردگار مۆڵەتی هەموو گەلو نەتەوەیەکی سەرپێچیکەرو بەدرۆخەرەوەی پێغەمبەرەکەیانی داوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە نەهاتنە سەر رێبازی

راستو ئیمانیان نەهێناوکاتی لەناوچوونو ریشەکێش کردنیان هات! ئیتر ئەو سزاو تۆڵیە دێو هیچ دواناکەوێ. وەکوو ئەو عەزابو لەناوبردنەی تووشی نەتەوەی نوحو عادو ثەموودو فیرعەونو ئیخوانی لووطو هی تریش هات.

ئەم قەلاچۆکردنو لەناوبردنو بنبڕکردنە تایبەت بووە بە گەلو نەتەوەی ئەو پێغەمبەرانەوە کە بانگەوازییەکەیان تایبەت بووە بە گەلی خۆیانەوە، ئەم دیاردەو شێوە بنبڕکردنە بەهاتنی پێغەمبەری ئیسلام کۆتایی هات. هەر بۆیەشە کە موشریکەکانی عەرەب بەڵێنیان لە پێغەمبەر ﷺ گرت کە خودا ببینن، فریشتە بێتە خوارێو بەچاوی خۆیان ببینن قورئانیان پێ بێ لەکاغەزدا نووسرابێتەوە...هتد پەروەردگار ئەم جۆرە داخوازییانەی بۆ پێغەمبەر ﷺ نەهێنانە دی چونکە ئەگەر پەڵپەکەیان وەدی بهاتایەو یەکسەر ئیمانیان نەهێنایە ریشەکێش دەکرانو بەکۆمەڵ لەناو دەبران!

٢- رای دووەم ئەوەیە کە مەبەست بە ئەجەل تەمەنی ئادەمیزاد بێ، هەرکاتێ ئەو تەمەنە تەواو بوو ئیتر پاشو پێشی تێدا ناکرێ!

ئیمامی رازیی دەڵێ: رای یەکەم پەسەندە، چونکە خودا دەفەرموێ: ﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ﴾ نافەرموێ: ﴿وَلِكُلِّ أَحَدٍ أَجَلٌ﴾ بەگوێرەی رای دووەم کە دەفەرموێ: ﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ﴾ نالێ: ﴿لِكُلِّ أَحَدٍ﴾ لەم رووەوەیە: کە نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵو لەتاکەکان پێک هاتووە، ئەوانیش هاوتەمەنن یان لەیەکەوە نزیکن، ناوهێنانی گەلو نەتەوە لەجیاتی تاکو ناراستەکردنی هەرەشە بۆ سەرجەم نەتەوە کەکاریگەرترەو زیاتر هەست دەهەژێنێ! بۆیە لەشوێنی تاک، نەتەوەی بەکارهێناوە، جا بەگوێرەی ئەم رایە دەبێ هەریەکێک لە ئادەمیزاد تەمەنی دیاریکراوی خۆی هەبێو پاشو پێش تێدا روونەدا، بەم جۆرە کوژراو کەدەکوژرێ بەئەجەلی خۆیەتیو تەمەنبڕی تێدا نیە!!

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە جاری وا دەبێ نەتەوە دەتوانێ سزای لەناوچوون دوابها، واتە: پێش ئەوەی هۆکارەکانی لەناوچوون پەرەبسێنن ئەو گەلو نەتەوەیە واز لە ستەمکاریو سنووربەزێنی بێنێ، هەموویان پەشیمان ببنەوەو خۆیان راستاڵ بکەنو واز لە بێڕەوشتیو شتە حەرامو یاساغەکان

بێنن، لەخۆیانەوە شەریعەتو یاسا دانەنێنو حەرام حەلاڵ نەکەنو حەلاڵ بەحەرام لەقەڵەم نەدەن، کۆمەڵێک موصلیحو دوعاگۆو دڵسۆز هەوڵی چاکبوونەوەی کۆمەڵ بدەنو نەخۆشی‌یەکان تیمار بکەن، لەوانیەیە لەناوبردنو بەهیلاکچوونەکە دوابکەوێ، یان هەر روو نەدا، چونکە ئاشکرایە کاریگەریی بێڕەوشتی‌و بڵاوبوونەوەی ستەمو خراپەکاریی لەناو گەلو نەتەوەدا دەق دەشوبهێتە نەخۆشی ناو جەستە!

واتە وەکو چۆن پزیشکەکان کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کە نەخۆشی شەکرە نەخۆشییەکی جەستەیی‌و عەقڵی‌یەو سەرەنجام سەردەکێشێ بۆ مردنی نەخۆشەکە هەر بەو جۆرەش زانایانی کۆمەڵناسی کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کە زێدەڕەوی لەفیسقو ستەمو خراپەکاییدا گەلو نەتەوە قەلاچۆ دەکا، سنوور شکاندنو زێدەڕەویی لەتەماعکاریی‌و بەخیلی‌و حەسوودیی‌و داوێ، پیسی‌دا دەبنە هۆکاری بەهیلاکچوونو فەوتانی گەلو نەتەوە.

مێژووش شایەدە کە هەر گەلو نەتەوەیەک رووی لە خراپەکاریی‌و فیسقو ستەمکاریی کردبێ خودا لەناوی بردووەو بەکۆمەڵ ریشەکێشو بنبڕی کردوونو ئاسەواری نەهێشتوونەوە!

تەمەنی دیاریکراوو ئەندازەکێشراو ئەو تەمەنیە کە زانایان پێی دەڵێن تەمەنی سروشتی! بۆ نموونە پزیشک ئەگەر جەستەی کەسێکی پشکنی‌و ئەندامە سەرەکی‌یەکانی ئەو جەستەیەی وابینی کە ئەگەر بەئاسایی کار بکەن لەوانەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو درێژە بە ژیان بدەن، جا ئەگەر ئەو کاریا پشکێنراوە پێش ئەو ماوەیە خنکا یان کوژرا دەڵێن پێش هاتنی ئەجەلی سروشتی مرد! وەلێ بەئەجەلی خۆی‌و دیاریکراو لای خودا مردووە.

ئەو حەدیثو فەرموودانەی کە ئەوە دەگەیەنن نزاو پاڕانەوە، صیلەی رەحمو دڵخۆشی، تەمەن درێژ دەکەنن ئەوە بەنیسبەت تەمەنی مەزندەیی‌و سروشتی‌یە، نەک تەمەنی حەقیقی!! بێگومان نزاو پاڕانەوە کە لەبڕوای بەهێز بەخوداو هیوای زۆر بەیارمەتیدانی بۆ موسوڵمانان سەرچاوە دەگرێ هۆکارێکی گرنگە بۆ تەمەن درێژیی، هەروەکوو چۆن بەجێهێنانی ئەرکی صیلەی رەحم گرنگترین هۆکاری خۆشبەختی‌و کامەرانییە، کامەرانیش

گرنگترین هۆکارە بۆ تەمەن درێژیی. هەروەکوو چۆن غەمو خەفەت بەتایبەتی دوورکەوتنەوەی خۆشەویستو نائومێدبوون لەرەحمەتی خوداو هیوابڕان لە یارمەتیدانو کۆمەکیی کردنی پەروەردگار هێزو وزەی ئادەمیزاد لاواز دەکاو پێش وەخت جەستە دادەوەشێنێ، هەروەها کەم بژێویی‌و دابین نەکردنی پێویستی جەستە، یان زێدەڕۆیی لە خواردنو خواردنەوەدا هەروەها نیشتەجێبوون لە شوێنێک کە ئەوەندە هەتاوی تێ نەکەوێ میکرۆبەکانی بکوژێ دەبنە هۆکاریی تەمەن کورتیی‌و زوو مردن!

بانگەوازیی پێغەمبەران بۆ نەتەوەکانیان

يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٣٥﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٣٦﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە کەهەموو گەلو نەتەوەیەک تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە، کە ئەو تەمەنە تەواو بوو ئەجەلیان ساتەوەختێک پاشو پێش ناخرێن، ئەمجار حالو چۆنیەتی ئادەمیزاد پاش مردنیان دیاری دەکا، ئەوە دەگەینێ: هەرکەسێک لەژیانی دونیای‌دا فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی پەیامی پێغەمبەران بووبێ ئەوە ترسی داهاتوویان نیە، پەرۆشی رابوردوویان نیە، ئەگەر سەرپێچی‌کەریش بووبن دەخرێنە ناو دۆزەخو دەفەرموێ: ﴿يَا بَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي﴾ لێرەدا پەروەردگار ئادەمیزاد دەترسێنێ بەوەی کە خودا پێغەمبەران دەنێرێو ئایەتەکانی بەوەی بۆ دەخوێننەوە ئەحکامو ئەرکەکانی خودایان فێر دەکەنو دەفەرموێ: ئەی نەوەی ئادەمیزاد! ئەگەر پێغەمبەرێک لە رەگەزی خۆتانو نەتەوەی خۆتان هاتە ناوتانو هەواڵی ئەو ئەرکو فەرمانانەی ئێمەیان پێ راگەیاندن، شەریعەتو یاسای ئێمەیان بۆ روون کردنەوە، دەربارەی

خوداپەرستیو جۆرەکانی مامەڵەو بازرگانی، ئەخلاق، ڕێو شوێنیان پێ گوتن، فەرمانو جڵەوگیرییەکانی ئێمەیان پێ ڕاگەیاندن ئەوە ئێوە لەبەردەم دوو هەڵوێستدانو لەیەکێ لەم دوو حاڵەتەدا دەبن، حاڵەتێکیان مژدەبەخشو ئەوی تریان ترسێنەرە. جا ﴿فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ کەسێک لەخودا بترسێو خۆ لەو کردارانە بپارێزێ کە دەبنە هۆی سزای دۆزەخو پەیوەندیی خۆی بە خوداوە بەهێز کرد وازی لە خراپەکاریی هێناو لەماوەی ژیانیدا سەرگەرمی تاعەتکردنو خوداپەرستی بوو لەسەر ئەو حاڵە گیانی سپارد، ئەوە هیچ ترسو بیمێکی داهاتووی نیەو دڵنیایە لە ئاکامی خۆیو هیچ ترسێکی لەسزای دۆزەخ نیە ﴿وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ هەروەها پەرۆشی ژیانی دونیایان نیە، لە کردەوەی ڕابوردوویان پەشیمان نین.

کە دەفەرموێ: ﴿مِنْكُمْ﴾ ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەگەر پێغەمبەر لەرەگەزی ئەو گەلو نەتەوەبێ کە بۆ سەریان ڕەوانە کراوە باشتر بیانوویان دەبڕێو بەڵگەی ئاشکراترەو سوارترە، چونکە ئاگاداریی ئەو گەلە بەحاڵو چۆنیەتی ژیانی ڕابردووی پێغەمبەرەکە دەیبێتە هاندەرو ڕێنموونییکەرەکە موعجیزەی ئەو پێغەمبەرە لەخوداوە بەپشتیوانی ئەو دێنە دی!

مەبەست بە وشەی ﴿آيَاتِي﴾ قورئانو بەڵگەی تاکو تەنهایی خوداو خودایەتیو ئەحکامەکانی شەرعو فەرمانو جڵەوگیریەکانی پەروەردگارە، وشەی ﴿آيَاتٍ﴾ وشەیەکی گشتییەو هەموو ئەمانە دەگرێتەوە، چونکە هەموو ئەو شتانە ئایاتی خودانو پێویستە پێغەمبەران بەخەڵکیان ڕابگەیەنن.

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا﴾ ئەوانەی نیشانەو ئایاتی خودا وەرناگرنو بەدڵ بڕوایان پێی نیەو لووتبەرزیی دەنوێننو پابەندی ئامۆژگارییو فەرمانو جڵەوگیرییەکانی قورئان نابن، بەئەنقەستو سەرڕەقی بانگەوازیی پێغەمبەر ﷺ ڕەت دەکەنەوە ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ ئەوانە گرۆو تاقمی دۆزەخن، جێگای نیشتەمەنییان ئاگری دۆزەخەو بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوەو لیی دەرناچن!

سەرەنجامی درۆو پانۆرامای چوونە ناو دۆزەخ لەلایەن کافرەکانەوە

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ ۚ أُولَٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ ﴿٣٧﴾ قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِ ۖ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا ۖ حَتَّىٰ إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾ وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٣٩﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار سەرەنجامی بەدرۆخەرەوەکانی باس کرد، حاڵو چۆنیەتی ئەوانەی لووتبەرزیی دەکەن لەبەرامبەر پێغەمبەرو ئایەتەکانی پەروەردگار روون کردەوە، لێرەدا باسی ئەوە دەفەرموێ: کە ستەمکارترین کارو گەورەترین تاوان ئەوەیە کە بەدەم خوداوە شتێک هەڵبەستێ کە نەیفەرمووبێ یان ئەو شتانەی فەرموویەتی بەدرۆی بزانێو بڕوای پێ نەکەی، یان پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد رەت بکەیەوە! دەفەرموێ: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ کێ لە ئەو کەسە ستەمکارترە، تاوانبارترە؟ واتە: کەس لەئەو کەسە ستەمکارتر نیە کەبەدەم خوداوە درۆ هەڵبەستێ بەم جۆرە شتێک بەواجب بزانێ کە خودا واجبی نەکردووە، شتێک حەرام بکا کە

خودا بەحەرامی دانەناوە! یان حوکمێک پاڵ پەروەردگار بدا کە نەیناردبێ، یان هاوەڵو منداڵو خێزان پاڵ خودا بدا!

﴿أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ﴾ یان ناردنەخوارەوەی نامە ئاسمانییەکان بەدرۆ بزانێ، ئینکاری ئەوە بکا کە قورئان کەلامی خودا نیەو لەخوداوە نەنێردراوەتە خوارێ، وەکوو ئەوەی کە کافرەکانی عەرەب نەیاندە سەلماند کە قورئان نیگای خودایە! دەێ دەیانگوت جندۆکە ئەمە فێری موحەممەد دەکەن، وەختێکیش دەیانگوت: مامۆستای ئادەمیزادی هەیەو ئەو ئەم قورئانە بە موحەممەد فێر دەکا! یان بڕوای بەپێغەمبەرایەتی موحەممەد نەبێ، گاڵتەو لاقرتێ بە ئایەتەکانی خودا بکا، یان بەپێویستی نەزانێ خۆیان پێوە خەریک بکا ﴿أُوْلَئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُمْ مِنَ الْكِتَابِ﴾ ئەوانە هەموویان بەشی خۆیان لە رزقو رۆژیی کە لەکتێبی مەزەندەکراوان (کتاب قدیر)دا چەسپاوە بەردەکەوێ، ئەوەی بۆیان تەرخان کراوە لە رزقو رۆژیی‌و تەمەنو خۆشی‌و ناخۆشی ژیان پێیان دەدرێ، ئەوانە وێڕای ستەمکاریی‌و سپڵەییان، وێڕای ئەو هەموو درۆو بوختانەی بەدەم خوداوە هەڵی دەبەستن بێبەش ناکرێن لەو نازو نیعمەتەی کە لەتۆمارگەی بوونەوەردا بۆیان دیاری کراوە، هەتا تەمەنیان تەواو دەبێ‌و لەدونیا دەردەچن بەشی خۆیان دەدرێتێ‌و لێی بەهرەمەند دەبن!

﴿حَتَّى إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ﴾ هەتا رەوانەکراوی ئێمە کە فریشتەی گیانکێشانە دەچێ بۆ لایانو گیانیان دەکێشێ‌و تاڵاوی مردنیان پێ دەچێژن ﴿قَالُوا أَيْنَ مَا كُنْتُمْ مِنْ دُونِ اللهِ﴾ فریشتەی گیانکێشان بەمەبەستی سەرزەنشتکردنو لێتووڕەبوون پێیان دەڵێن: کوان ئەوانەی کردبووتانن بە هاوشانی خوداو لەژیانی دونیاتان دا لەجیاتی خودا بەندایەتیتان بۆ دەکردن؟ داوای دەستەبەرکردنی سوودو دوورخستنەوەی سزاتان لێ دەکردن، هاناتان بۆ دەبردنو لێیان دەپاڕانەوە؟

دە بانگیان بکەن با لەم حاڵە ناخۆشو تاڵە رزگارتان بکەن! ئەم سزاو ئێشو ئازارەتان لێ دوورو بخەنەوە! ﴿قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا﴾ وەلام دەدەنەوەو دەڵێن: لێمان هوون بوونو شوێنەکانیان نازانین، هیوامان پێیان نیە، ئومێدی ئەوەیان لێ ناکەین سوودیان بۆمان هەبێ‌و زیانمان لێ دوورو بخەنەوە!

﴿وَشَهِدُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ﴾ شایەتییان دا لەسەر خۆیانو دانیان پێدانا کە ئەوان بەپارانەوەو هانابردن بۆ ئەو بتو صەنەمو خوادرۆزنانەو بەندایەتیکردن بۆیان کافرنو گومرابوون، چونکە ئەوان وایان دەزانی ئەو شتانەی ئەوان دەیانپەرستن لای خودا دەوریان هەیەو شەفاعەتیان بۆ دەکەن! وایان دەزانی ئەمانە یارمەتیدەرو قسە رۆیشتوونو لای خودا رۆڵی گرنگیان هەیە! هەروەکوو چۆن پاشان فەرمانڕەوایەکانی جیهان دەستو پێوەندەکانیان کاریان تێدەکەنو رۆڵی گرنگ لە حوکمو بڕیارەکانیان دا دەگێڕن!

پەروەردگار بێئاتاجەو پێویستی بەیارمەتیدەر نیە، چونکە زاتی بێچوون زانیاری رەهاو دەسەلاتو توانای بێسنووری هەیەو هیچ لەمپەرێک نیە بتوانێ ببێتە بەربەست لەبەردەم ویستی خودادا!

ئەمجار پەروەردگار هەواڵی ئەوەمان دەداتێ کە فریشتەکان چی بە ئەو کافرو موشریکانە دەڵێن: چی بە ئەو بوختانکەرو بەدرۆخەرەوانە دەبێژن. ﴿قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ فِي النَّارِ﴾ رۆژی قیامەت فریشتە بەفەرمانی پەروەردگار پێیان دەڵێ دە بڕۆنە پێری ئەو گەلو گرۆهانەی وەکوو خۆتانن، وەکوو خۆتان بوون لەهەڵوێستو رەوشت دا، ئەوانەی پێش ئێوە کافربوون لە جندۆکەو ئادەمیزاد، رۆژگاریان پێش رۆژگاری ئێوە بوو، بێژەرەکە یان مالیکی دۆزەخە، یان پەروەردگارە ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پەروەردگار بەیەک وەجبە کافرەکان ناخاتە دۆزەخەوە، بەڵکوو کۆمەڵ کۆمەڵو تاقم تاقم دەیانخاتە ناو دۆزەخەوە، هەیانە ماوەیێکە خراوەتە دۆزەخەوەو سزا دەدرێ هەیانە هێشتا نەخراوەتە ناو ئاگرەوەو بەرەو ئەوێ پەلکێشی دەکەنو لەم حاڵەتەدا پێشکەوتووانی پێش خۆی دەبینێ لەناو دۆزەخ دا سزا دەدرێن!! ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَعَنَتْ أُخْتَهَا﴾ هەرکاتێ تاقمو کۆمەڵێک دەچنە ناو دۆزەخەوەو دەبینێ چی بەسەر هاتووەو بەسەری دێ؛ نەفرین لە هاوەڵانی خۆیان دەکەن چونکە بەهۆی شوێنکەوتنی ئەوانەوە تووشی ئەو چارەڕەشییە هاتوونو بە سۆنگەی ئەوان ئەم ئاکامو سەرەنجامانەی تووش هاتوون وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ثم

﴿يَوْمَ ٱلْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ، وَيَلْعَنُ بَعْضُكُمْ بَعْضًا﴾العنكبوت/٢٥.
ئاوا بەو جۆرە هەندێک لەکافرەکان نەفرین لەهەندێکی تریان دەکەن، بڕێکیان خۆیان لەبڕێکیان بێبەری دەکەن وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا وَرَأَوُا ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ، وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا: لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا مِنَّا، كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ﴾البقرة/١٦٦-١٦٧.

بەکورتی مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە : موشریکەکان نەفرین لە مشوریکەکان دەکەن، جوولەکە نەفرین لە جوولەکەو مەسیحی لە مەسیحیو ئاگر پەرست لە ئاگرپەرست دەکەن، ﴿حتى إذا ادّاركوا فيها جميعًا﴾ هەتاهەموویان خزێندرانە دۆزەخەوە لەوێدا یەکتریان گرتەوەو کۆبوونەوەو یەکتریان ناسییەوە ﴿قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ﴾ پاشەتایان کە لەچوونە ناو دۆزەخ دواکەوتبوون یان پلەو مەقامیان پایینەو بۆرە پیاوو کاسەلێسو خزمەتچی بوون بە ئەوانە دەڵێن کەلەپێشیانەوە چوونە ناو دۆزەخەوە، یان کەپێشەواو کاربەدەستو دەمڕاست بوونو بەهۆی تاوانی گومڕابوونی خۆیانو گومڕاکردنی خەڵکانی دیکەوە پێشتر خراونە دۆزەخەوە، دەڵێن: ﴿رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِنَ النَّارِ﴾ پەروەردگارا! ئەو ملهوڕو فێڵبازو زمانلووسو لەخشتەبەرانە بوون ئێمەیان گومڕاکردو سەریان لێ تێک دایو نەیانهێشت شوێن پەیامی پێغەمبەرەکانت بکەوینو بەختەوەریی بەدەست بێنین! ئەوانە سەرکردەو پێشەوامان بوون لەڕێبازی بێدینیدا، ئێمە چاومان لەئەوان کردووە! کەوابێ خودایە! سزای دووچەندانەو دووقاتیان لە ئاگر بەسەردا بدە، تۆڵەی گومڕایی خۆیانو گومڕاکردنی ئێمەشیان لێ بستێنە، لەئایەتێکی هەمان واتا دەردەبڕێو دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ: يَالَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا، وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَاتِنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا، رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾الاحزاب/٦٦-٦٨.

پەروەردگار وەڵامی دانەوەو ﴿قال لكل ضعف﴾ فەرمووی: بۆ هەر یەکێ

لەئێوەو ئەوان سزای دوو چەندانە هەیە، ئەوەمان بڕیارداوەو ئەنجامەمان داوە، هەریەکە سزای شیاوی خۆیمان داوەتێ، سزای گومڕاکردنو لەخشتەبردن، یان سزای شوێنکەوتنو لاسایی‌کردنەوە، چونکە هەریەک لە فەرمانڕەواو کاربەدەستو شوێنکەوتوانیان گومڕاو گومڕاکەرن، ﴿وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾ بەلام ئێوە چۆنیەتیو حەقیقەتی سزاکان نازانن، وەکوو چۆن لەجیهان دا لە بەندیخانەدا بەندکراوی وا هەیە سەرسەرییو شەقاوەو رۆچوو لە تاوانباریدا هی واشیان هەیە سەرکردەو کاربەدەست بووە، هەڵبەتە ئەو سزا دەروونیەی کۆمەڵی دووەم هەستی پێ دەکا، کۆمەڵی یەکەم هەستی پێ ناکەن هەرچەندە بەڕواڵەت وادەبینرێ کە سزاکە بۆ هەموویان چوون یەکە، نموونەی ئەم ئایەتە لە قورئان دا زۆرن کە ئەوە دەگەیەنن گومڕاکەران زێدە سزایان دەدرێ وەکوو دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يُفْسِدُونَ﴾النحل/٨٨. یان دەفەرموێ: ﴿وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ﴾العنكبوت/١٣. یان دەفەرموێ: ﴿لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾النحل/٢٥.

ئەمجار با بزانین هەڵوێستو وەلامی پێشەواو پێشەتاکان چیەو دەڵێن چی؟ ﴿وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ﴾ پێشەتاو کۆمەڵە زوو چووەکان بۆ ناو ئاگر یان پێشەواو ماهوڕو گومڕاکەرەکان بەشوێنکەوتوانی خۆیان دەڵێن: ﴿فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ﴾ ئەگەر ئێمە ئێوەمان گومڕاکردبێ، ئەوە لەم بارەوە ئێوە هیچ حەقێکتان بەسەر ئێمەوە نیە تا داوای زێدە سزا بۆ ئێمە بکەن، بێگومان ئێوەش وەکوو ئێمە گومڕابوون! بۆ خۆتان دانتان پێدا نا، ئێمەو ئێوە لەوەدا کە شیاوی ئەوەین سزا بدرێین چون یەکین، ئێوەش وەکوو ئێمە کافربوونو خراپەکاریتان کردووە، نە ئێوە شیاوی ئەوەن سزاتان لەسەر سووک بکرێ، نە ئێمە شیاوی ئەوەین سزامان لەسەر دووچەندانە بکرێ: جاکەوابێ ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ بچێژن سزای دۆزەخ بەهۆی ئەو هەڵوێستو کردەوانەتان کە بووەتە هۆی ئەم سزایە، ئەمە وەلامی پێشەواو فەرمانڕەواو سەرۆکەکانە، یان فەرموودەی پەروەردگارە ئاراستەی هەردوو

تاقمو کۆمەڵەکان دەکرێ! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ، قَالُوا إِنَّكُمْ كُنتُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ الْيَمِينِ، قَالُوا بَل لَّمْ تَكُونُوا مُؤْمِنِينَ، وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ بَلْ كُنتُمْ قَوْمًا طَاغِينَ، فَحَقَّ عَلَيْنَا قَوْلُ رَبِّنَا إِنَّا لَذَائِقُونَ، فَأَغْوَيْنَاكُمْ إِنَّا كُنَّا غَاوِينَ، فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ﴾الصافات/٢٧-٣٣.

﴿فذوقوا العذاب﴾ لە ئایەتەکەدا ترساندنو سەرزەنشت کردنە، چونکە پەروەردگار کە هەواڵی ئەوەی دا کە پێشەواو شوێنکەوتووەکان لەناو دۆزەخدا کێشەیان تێدەکەوێو هەندێکیان لەهەندێکیان خۆ بەریی دەکەنو برێکیان نەفرین لە برێکیان دەکەنو هەرکەسە پەنجەی تاوان بۆ ئەوی دی رادەکێشێ! تا ئەم مەوقیفو مەشهەدە ترسێکی زۆر دەخاتە دڵو دەروونەوە!

خودایە! لەتەنگو چەڵەمەی ئاوەهاو مەوقیفی ئاوا سامناکو تەنگانەی بێ دەرەتان بمانپارێزیو سەربەرزیی دونیاو قیامەتمان بکەی...

سزای بێ بڕوایان

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾ لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ ﴿٤١﴾

پەیوەندی ئەم ئایەتانە بەئایەتەکانی پێشەوە ئەوەیە کە ئەم ئایەتانە تەواوکەری هەڕەشەکانی پەروەردگارن بۆ کافرەکان، چونکە پەروەردگار لەئایەتی پێشوودا ئەوەی راگەیاند کە ئەوانەی بڕوا بە قورئان ناکەن بڕوا بە خودا ناکەنو لووتبەرزیی دەنوێنن لەئاست ئیمان بەخوداو بەپێغەمبەرو بە رۆژی قیامەت بۆ هەتا هەتایە لە دۆزەخ دا دەمێننەوە، ئەمجار هەواڵی ئەوەمان دەداتێ کە ئەو گرۆهانە بەهیچ شێوەیەک ناچنە ناو بەهەشتەوە مەحاڵە بۆنی بەهەشت بکەنو بەهیچ جۆرێک کردەوەی چاکیان لێ

وەرناگیرێو بۆیان بەخوداپەرستی حلێب ناکرێو سوودی قیامەتی لێ وەرناگرن! بۆیە بەم ئوسلووبە جەخت لەسەر کراوە فەرمووی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ﴾ ئەو گرۆهو کەسانەی نیشانەی راستیی تاکو تەنهایی ئێمەو ئایاتی قورئانو راستیی پێغەمبەرایەتیو هەبوونی رۆژی دوایی بەدرۆ دەخەنەوە دەرگای ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە؛ واتە: کردەوەی چاکو نزاو پاڕانەوەیان بەرزناکرێتەوە بۆ ئاسمانو لێیان وەرناگیرێ، هەروەها گیانەکانیان بەرزناکرێنەوەو بەهەشت نابینن. چی کردەوەی چاک بکەنو بپاڕێنەوە بێهودەیە، چونکە پەروەردگار کردەوەو پاڕانەوە لە بەندە تەقواکارەکانی خۆی وەردەگرێ، کردەوە صالحو قسەو پاڕانەوەی بەسۆز پەسەند دەکاو لای خۆی لەنامەی راستالان دا تۆماری دەکا وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ﴾فاطر/١٠، یان دەفەرموێ: ﴿كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الْأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ﴾المطففین/١٨، هەروەها ﴿وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ﴾ ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە، ئەوانە لەرەحمەتو بەزەیی پەروەردگار بێبەشن، چوونە ناو بەهەشت بۆ ئەوان مەحاڵەو هەرگیز نایەتە جێ؛ چونکە پەروەردگار چوونە ناو بەهەشتی بۆ ئەوان بەستۆتەوە بەشتێکی مەحاڵەوە کە ئاودیوبوونی وشترە لە کونی دەرزییەوە، دیارە ئاودیوبوونی وشتر لەکونی درەزییەوە شتێکی مەحاڵەو بەرواڵەت نایەتە دی، کەوابوو چوونە ناو بەهەشت بۆ ئەو کافرانە شتێکی مەحاڵەو نایەتەدی!!.

ئەم شێوە ئوسلووبە، واتە: پەیوەست کردنی شت بەشتی مەحاڵەوە بۆ چەسپاندنی مەحاڵییەتی شتەکە، ئوسلووبێکی بەربڵاوو بەکارهاتووە، ئەوەتا عەرەب دەڵێن: (لَا أَفْعَلُ كَذَا حَتَّى يُشِيبَ الْغُرَابُ) یان (حَتَّى يَبْيَضَّ الْقَارُ) بەکوردیش دەڵێن: ئەو ئیشە ناکەم تا قیر سپی نەبێ!

ئیبنوعەبباسو سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێن: مەبەست بە (الجُمَّلَ) گوریسو حەبلی ئەستوورە، چونکە گوریسو حەبل لەگەڵ کونی دەرزیدا موناسیبە نەک وشتر!

زومەخشەری دەڵێ: وشەکە (الجَمَلَ)ە، قیرائەتی زۆرینەی خەڵک وایان

خوێندۆتەوە، بەم شێوە خوێندنەوەیەش ماناکە کاریگەرترو بەلیغ ترە، چونکە کونی دەرزی نموونەی بچووکیو تەنگییە، وشتریش نموونەی قەبارە گەورەییو زەبەللاحییە، ئەمەش زیاتر مەحاڵییەتەکە دەچەسپێنێ!

﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ﴾ وەکوو ئەو سزا کوشندەیە سامناکە، سزای هەموو کەسێکی تاوانبار دەدەین، هەرکەسێک دەرحەق بە خودا تاوان بکاو گەردنکەچی فەرمانو نەهییەکانی نەبێ، ستەم لە خودی خۆی کاو بەرامبەر برا موسوڵمانەکانی ستەمکار بێ؛ بەو شێوە سزای کوشندەی دەدەین، هەرکەسێک تاوانو ستەمکاری لێ بووبێتە خوو پیشەی هەمیشەیی، ئێمە بە ئاگری دۆزەخ سزای دەدەینو هەرگیز لەو سزایە قوتاری نابێو چاوی بەبەهەشت ناکەوێو بۆنی ناکا، ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە تاوانو ستەم هۆکاری سەرەکین بۆ سزادان بە ئاگری دۆزەخو هەرکەسێک تاوان بکا سزا دەدرێ! بۆیە لە کۆتایی ئایەتەکەدا ئەوەی دووبارە کردەوەو فەرمووی: ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾ واتە: هەر بەو شێوەیەش ئێمە سزای ستەمکاران دەدەین، چونکە هەموو تاوانکارێک ستەمکارەو ستەم لە خودی خۆی دەکا.

﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ﴾ ئەو تاوانبارانە فەرشو راخەریان لەئاگر بۆ تەرخان دەکرێ، لەلای سەریشیانەوە بەئاگر دادەپۆشرێ، مەبەست ئەوەیە کە ئاگری دۆزەخ لەهەموو لایەکەوە دەورەی داونو لەخۆی گرتوون! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ﴾الهمزة/٨. یان دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ﴾التوبة/٤٩، یان دەفەرموێ: ﴿لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ النَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ﴾الزمر/١٦.

پاداشی موسوڵمان‌وخواپەرستان

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعْنَا مَا فِى صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ۖ لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ ۖ وَنُودُوٓاْ أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾

لەوەپێش پەروەردگار هەڕەشەی لە کافرو خودانەناسان کرد، ئەمجار دوابەدوای ئەوە بەڵێنو مژدە دەدا بە خواپەرستان، عادەتو ئوسلوبی قورئانیش وایە زوربەی کات کە باسی دۆزەخو سزای کافرو خودانەناسانی کرد، باسی بەهەشتو پاداشی موسوڵمانانیش دەکا، بۆیە لێرەدا دوابەدوای باسی تاوانبارو ستەمکارانو هەڕەشە لێکردنیان باسی موسوڵمانانو مژدەپێدانیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، بروایان بە تاکو تەنهایی خوداو بەپێغەمبەرایەتی پێغەمبەرو زیندوبوونەوەی رۆژی قیامەت هێناوە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ کردەوەی چاکیان کردووەو دەکەن، پابەندی فەرمانو جڵەوگیریەکانی پەروەردگارنو بەگوێرەی شەریعەتی ئەو رەفتار دەکەن، هەر ئەوانە دەستەو تاقمی بەهەشتینو دەچنە ناویو لێی دەرناچنو بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەمێننەوەو بە نعیمەتەکانی بەختەوەر دەبن..

جا وەنەبێ گەیشتن بە ئەم بەهەشتە جوانو قەشەنگە زۆر گرانو لەتاقەت بەدەربێ، بەڵکوو هەموو ئادەمیزادێک دەتوانێ بەدەستی بێنێ، هەرکەسێ ئیمانی هەبێو پەیرەوی قورئان بکا پێی دەگا ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ ئێمە هەرگیز هیچ کەسێک زیاد لە توانای خۆی ئەرکی ناخەینە سەر،

بەهەشت وێڕای ئەو هەموو گەورەیی‌و خۆشی‌و لەززەتەی تێیدایە بەکردەوەی ئاسانو لە چوارچێوەی توانای ئادەمیزاددا دەتوانرێ پێی بگەی ئەو کردەوانەی دەبنە هۆی چوونە ناو بەهەشت کرداری ئاسانو لەتواناداں، ئەو کردارانە زەحمەتو لەتاقەت بەدەر نین، بەڵکوو هەموو ئادەمیزادێک بیروباوەڕی تەواوی هەبێ دەتوانێ ئەنجامیان بداو پێیان هەستێ ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ هەر ئەوانە گرۆو تاقمی بەهەشتین‌و بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەمێننەوە لەززەتو خۆشی تێدا دەچێژنو ژیانی بەختەوەریی تێدا بەسەر دەبەن، ئازارو مەینەتی تێدا نابینن‌و ناخۆشی روویان تێ ناکا، دڵخۆش‌و تەڕ دەماغ‌و لەشساغ‌و بەنیشاطن ﴿وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلّٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ﴾ بڕێک لە نیعمەتی پەروەردگار بەسەر بەهەشتییان دا ئەوەیە کە رژدی‌و بەخیلی‌و حەسوودی لەدڵیان دا ناهێڵێ: دڵو دەروونیان سافو بێگەرد دەکا، لێڵی‌و خەم‌و ناڕەحەتی‌و تەنگو چەڵەمەیان تووش نابێ، شەڕو هەراو دژایەتی‌و کێشەو دووبەرەکی‌و دوژمنایەتییان لەنێودا نامێنێ، چونکە پەروەردگار حەسوودیی‌و رق‌و کینەی لە دڵ دەرهاویشتوون‌و، لەهەموو نەخۆشی جەستەیی‌و دەروونی ساخلەمی کردوون‌و هەموویان بەچاوی برایەتی‌و دڵسۆزیی تەماشای یەکتریی دەکەن، ئەوان لەحاڵێک دان جۆگەو جۆباری جوانو سەرنج راکێش بەژێر باڵەخانەو دارو درەختی باغەکانیان دا دەکشێن‌و ئەوان لەژوورو شوێنی حەسانەوەو رابواردنەوە چاویان لە دیمەنی ئەم جۆگەو رووبارانەیە بەبینینی ئەم دیمەنانە وەندەی تر دڵ خۆش‌و کەیف خۆش‌و تەڕ دەماغ دەبن.

ئەمە فەضل‌و نیعمەتی خودایە، لەکاتێک دا دۆزەخییەکان راخەریان ئاگری سووتێنەرەو لە ژووریشیانەوە ئاگر دایپۆشیون، بەهەشتیەکان لەژێر خانوو باڵەخانەو باغەکانیانەوە جۆگەو جۆباری دڵڕفێن دەکشێن‌و هەوای عەتراوی‌و فێنکی نەسیم ئامێز هەڵدەمژن‌و بەدیمەنی رازاوەو سەرنج راکێش چاوو دڵیان رۆشن دەبێتەوە!.

لەکاتێک دا دۆزەخییەکان کێشەو نیزاعیانەو ئەمو ئەمو تاوانبار دەکاو

ئەویان نەفرین لە ئـەمیان دەکـا، لـە ئـازارو سزادا دەتلێنـەوە، موسـوڵمانان بەهەشتەییەکان سـەرگەرمی سـوپاسو ستایشـی پـەروەردگارن: تەنانـەت ئـەم حەمدو سوپاسەشیان هەر لەززەتو خۆشی‌یە بەڵکوو ئەوپەڕی لەززەتو خۆشی تێدا هەست پیێ دەکەن ﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ﴾ بـە زوبـانی سـوپاسو بـۆ دەربڕینـی کـەیف خۆشـی‌و ڕەزامەندییان دەڵێن: هەموو سـوپاسو ثەنایـەک بـۆ ئـەو پەروەردگارەیـە کـە ڕێنموونـی ئێمـەی کـرد بـۆ بەمرازگەییشتنمانو وەدەسـتهێنانی ئـەم پلـەو مەقامـە! ئەگەر ڕێنموونی پەروەردگار نەبوایەو ڕەحمەتو فەضلی ئەو نەبوایە هـەرگیز ئێمـە ئەمـەمان دەسـت نەدەکـەوتو ڕێبـازی بـەرەو بەهەشـتمان نەدەزانی! ئەگەر فەضلو گەورەیی خـودا نەبوایـە هـەرگیز ئێمـە بـە عـەقڵو بیروبۆچوونی خۆمان پەییمان بەم ڕێبازە نەدەبرد!

ئیمامی بوخـاری لـە صـەحیحی خۆی‌دا لـە ئـەبو سـەعیدی خودرییـەوە دەگێڕێتەوە: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: إِذَا خَلَصَ الْمُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ حُبِسُوا عَلَى قَنْطَرَةٍ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ فَاقْتُصَّ لَهُمْ مَظَالِمُ كَانَتْ بَيْنَهُمْ فِي الدُّنْيَا، حَتَّى إِذَا هُذِّبُوا وَنُقُّوا، أُذِنَ لَهُمْ فِي دُخُولِ الْجَنَّةِ، فَوَ الَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنَّ أَحَدَهُمْ بِمَنْزِلِهِ فِي الْجَنَّةِ أَدَلُّ مِنْهُ بِمَسْكَنِهِ الَّذِي كَانَ فِي الدُّنْيَا). واتـە: کـە موسوڵمانان لە ئـاگر ڕزگاریـان دەبـێ لـەنێوان بەهەشـتو دۆزەخ ڕادەگـیرێن، زوڵمو ستەمێک کەلەنێوانیان دا هەبووە لـەدونیادا لێیـان وەردەگێڕێتـەوە تـا هەموویان لە گوناهو تاوان پـاک دەبنـەوە، ئـەمجار ڕێگـەیان پـێ دەدرێ بـۆ چوونە ناو بەهەشت، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە هەریەکەیان بـۆ شوێنو نشینگەی خۆیان شارەزاترن لە چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان لە جیهان دا!

ئیبنو ئەبی حاتەم لە حەسەنی بەصرییەوە دەگێڕێتەوە دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی: (يُحْبَسُ أَهْلُ الْجَنَّةِ بَعْدَ مَا يَجُوزُونَ الصِّرَاطَ، حَتَّى يُؤْخَذَ لِبَعْضِ ظَلَامَاتِهِمْ فِي الدُّنْيَا، فَيَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ، وَلَيْسَ فِي قُلُوبِ بَعْضِهِمْ عَلَى بَعْضٍ غِلٌّ).

ئـەمجار کـەدەبینن هـەرچی پێغەمبـەران پێیـان ڕاگـەیاندوون هـەمووی

راستەو راست دەردەچیّ دەڵیّن: ﴿لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ﴾ بێگومان پێغەمبەرانی پەروەردگارمان بە راستو رەوانی هاتوونە سەرمانو رێگای راستییان پێ نیشان داوینو چۆنیان بەڵێن پێ داوینو چۆنیان بۆ باس کردووین ئاوا دەرچوو! ئەمە دەق ئەو وادەو بەڵێنانەیە کە پەروەردگار لەسەر زمانی پێغەمبەران پێی راگەیاندووین! پڕاو پڕ هاتوونە دی.

﴿وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بانگیان لێ دەکرێ، واتە: فریشتە بانگیان دەکەن: دەڵێن: سڵاوتان لێ بێ، باشتان کردووە، بڕۆنە ناو ئەو بەهەشتەوە، ئەم بەهەشتە ئەوەیە کە پەروەردگار بە میرات داویەتی بە ئێوە لەپاداشی کردەوەی باشتان!

ئەبو سەعیدی کوڕی مەنصوورو بەیهەقی لە ئەبو هورەیرەوە دەگێرنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (وَمَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ وَلَهُ مَنْزِلاَنِ: مَنْزِلٌ فِي الْجَنَّةِ، وَمَنْزِلٌ فِي النَّارِ، فَإِذَا مَاتَ فَدَخَلَ النَّارَ، وَرِثَ أَهْلُ الْجَنَّةِ مَنْزِلَهُ، فَذَلِكَ قوله: ﴿أُولَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ﴾.

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە بە میراتگرتنی بەهەشتو چوونە ناو بەهەشت لە پاداشی کرداری چاکەیە! ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئادەمیزاد بەهۆی کردەوەی چاکی خۆیەوە دەچێتە بەهەشتەوە، بەڵام لەڕاستیدا چوونە ناو بەهەشت بەهۆی رەحمەتو فەضلی خودایە! چونکە لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ الْفَضْلُ مِنَ اللَّهِ﴾النساء/٧٠. یان دەفەرموێ: ﴿فَسَيُدْخِلُهُمْ فِي رَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ﴾النساء/١٧٥.

لە صەحیحی موسلمدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ روویەڕووی هاوەڵان فەرموویەتی: (لَنْ يُدْخِلَ أَحَدًا مِنْكُمْ عَمَلُهُ الْجَنَّةَ، قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللهُ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ). هیچ کەسێ لەئێوە کردەوەی نایباتە بەهەشتەوە، هاوەڵان وتیان: ئەتۆش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: تەنانەت منیش، مەگەر خودا بەرەحمەتو فەضلی هۆی بمخاتە

بەهەشتەوە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەمیراتگرتنی بەهەشت بەهۆی کردەوەوەیە، چوونە ناویشی بەرەحمەتو فەضلی خوداییە، واتە: کردەوەی نادەمیزاد چەندێک گەورەو زۆربن خۆی ئەو کردەوانە نابنە پارسەنگی چوونە ناو بەهەشت! ئەگەر رەحمەتو فەضلی خودای لەگەڵ نەبێ، چونکە پەروەردگار ئەو پاداشە گەورەیەی لەپاساوی ئەو کردەوە کەمەدا داناوە، کەوابوو چوونە ناو بەهەشت بە فەضلو رەحمەتی خودایە!

بە کورتی کردەوەی چاک بەگوێرەی رای ئەهلی سوننەتو جەماعەت دەبێتە هۆکاری چوونە ناو بەهەشتو لەتەرازووی عەدالەتدا دەبێ پاداشی کردەوەی چاک چاکە بێ کە بەخشینی بەهەشتە، بەڵام پێویستە ئەو کردەوە چاکەیە رەحمەتو فەضلی خودای لەگەڵ دا بێ، چونکە پەروەردگار بەهەشتی کردووە بە پاداشی چاکە بەفەضلو گەورەیی خۆی، لەجیاتی ئەو کردەوە کەمانە ئەو بەهەشتە رازاوە دەدا، ئەمەش فەضلو رەحمەتی خودایە!

نەک مانای ئەوەیە لە پاداشی کردەوەی چاکدا پێویستە پەروەردگار بیانخاتە بەهەشتەوە وەکوو موعتەزیلە بۆی چوون، چونکە بەگوێرەی عەقڵ مەحاڵەو ناگونجێ پەروەردگار شتی لەسەر واجب بێ! خودا بۆ خۆی فاعیلی موختارەو هیچی لەسەر پێویست نیە، هەرکارێک بکا یان نەیکا ئەوە بەویستی خۆیەتی!

وتو ویژی نێوان بەهەشتیو دۆزەخیو ئەعرافییەکان

وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ﴿٤٥﴾ وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ وَنَادَوۡاْ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۚ لَمۡ يَدۡخُلُوهَا وَهُمۡ يَطۡمَعُونَ ﴿٤٦﴾

۞وَإِذَا صُرِفَتۡ أَبۡصَٰرُهُمۡ تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار هەڕەشەی لە کافرەکان کردو پاداشو سەرەنجامی خواپەرستانی روون کردەوە، بە شوێن ئەوەدا باسی گوفتو گۆی نێوان کافرو موسوڵمانەکان دەکا، واتە: ئێمە ئێستا لەبەردەم مەشهەدێکی تری رۆژی قیامەتین، مەشهەدێک کە پەیوەندی بە مەشهەدی پێشووەوە هەیە. ئەوەتا پاش ئەوەی بەهەشتییەکان بەمراد دەگەنو جێگەو مەکانی خۆیان شاد دەبن دۆزەخییەکان لەسەرەنجامی خۆیان دڵنیا دەبنو سزای سەخت لەخۆیان دەگرێو هیوابڕاو دەکەون! بەهەشتییەکان بانگ لە دۆزەخییەکان دەکەن، پرسیاریان لێ دەکەن، ئایا ئەوەی خودا لەدونیادا وادەی پێ دابوون هاتە دی؟؟

لەلایەکی ترەوە بەهەشتییەکان لەناو خۆیان دا پرسیار لەیەکتر دەکەن، هەروەها دۆزەخییەکان لەناو خۆیان دا لەیەکتر دەپرسن، بۆ ئەوەی

بەهەشتییەکان زیاتر هەست بە نیعمەتەکانی بەهەشت بکەنو دۆزەخییەکان پتر شەرمەزاریی‌و ریسوایی‌و پەشێمانی ئازاریان بدا

جا هەرچەندە بەهەشت لە بەرزترین ئاسمانەو دۆزەخ لە خوارترین زەوییەو نێوان بەهەشتو دۆزەخ زۆر دوورو درێژە، بەڵام لەگەڵ ئەم دووری‌و مەسافە زۆرییەش دا ئەم گوفتوگۆیە وێ دەچێ بێتە کایەوە، چونکە جیهانی قیامەت جیهانێکی ترەو زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ جیهانی دونیاییدا، حاڵو چۆنیەتی وای هەیە ئادەمیزاد دەتوانێ لەزۆر دوورەوە ببینێ‌و ببیسێ! دووریی‌و نزیکی لەئەندازەبەدەر نابنە لەمپەڕی بینین‌و بیستن!!

دەی با ئێستا بە تێفکرین‌و وردبینییەوە گوێ بۆ گوفتو گۆی نێوان بەهەشتی‌و دۆزەخییەکان بگرین‌و دیمەنەکان بێنینە پێش چاوی خۆمان کە دەفەرموێ: ﴿وَنَادَىٰ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا﴾ واتە: بەهەشتییەکان دوای جێگیربوونیان لەبەهەشت داو جێگیربوونی دۆزەخییەکان لە دۆزەخ دا، روو دەکەنە لای دۆزەخییەکان‌و شانازییان بەسەرەوە دەکەن‌و بۆ تانەو تەشەر لێیان بانگیان لێ دەکەن‌و تاوان‌و سەرپێچی کردنی دونیایان وەبیر دەهێننەوەو پێیان دەڵێن: ئەوەی پەروەردگارمان وادەی پێدابووین بۆی هێناوینە دی‌و راستو حەق بوو، ئێمە بەمراز گەیشتووین‌و بەبەهەشت شاد بووین! ئایا ئێوەش ئەوەی خودا وادەی پێ‌دابوون لە ریسواکردن‌و سزادان‌و تۆڵە لێ‌ستاندن راستو حەق دەرچوو هاتە دی؟

پرسیارەکە ئەوەی لەخۆ گرتووە کەبەهەشتییەکان دان بە راستی پەیامی پێغەمبەراندا دەنێن‌و ئیعتیراف بە هاتنە دی وادەی خودای خۆیان دەکەن، لەهەمان کات دا سەرزەنشتو لۆمەکردنی دۆزەخییەکانی تێدایە لەسەر کارو کردەوە خراپ‌و تاوان کردن لە خودی خۆیان کە پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستوونەوەو بڕوایان پێ‌نەکردوون!!

﴿قَالُوا نَعَمْ﴾ دەڵێن: بەڵێ، ئەوەی خودا هەڕەشەی پێ لێ‌کردبووین‌و پێغەمبەران چۆنیان پێ ڕاگەیاندبووین هاتە دی‌و راستو حەق دەرچوو! ئەوەتا لەناو ئاگری دۆزەخ دا دەسووتێندرێین! ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە

کافرەکان رۆژی قیامەت ئیعتیراف بەوە دەکەن کە وادەو هەڕەشەکانی خودا حەق‌و راستن.

﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَنْ لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ ئیتر ئاکام‌و سەرەنجامی ئەو گفتوگۆیەی نێوان بەهەشتی‌و دۆزەخییەکان هاوتای ئەو پرسیارو وەڵامەو بۆڕدانی کافرەکان‌و ریسواکردنیان بەوە تەواو دەبێ کە بانگدەرێک بانگ دەکاو دەڵێ: نەفرینی خودا لە ستەمکاران بێ، هەمیشە لەرەحمەتی خودا بەدووربن‌و نەحەسێنەوە چونکە ئەوانە ستەمیان لەخودی خۆیان کردووە بەوە کە ئیمانیان نەهێناوەو ملکەچی فەرمان‌و جڵەوگیرییەکانی نەبوون.

ئەو بانگکەرە یان مالیکی دۆزەخە یان فریشتەیەکی ترە خودا فەرمانی پێ دەکا ئەو کارە ئەنجام بدا!

ئەمجار پێناسەی ستەمکارانمان بۆ دەکاو دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ ستەمکار ئەوانەن ئادەمیزاد لەرێگەی خودا لادەدەن‌و خەڵکی لەرێگەی راستی خوداپەسەند دورو دەخەنەوە، دەیانەوێ ئەو رێگایە خواروخێچ بێ، پڕ لە قۆرت‌و پێچ بێ بۆ ئەوەی کەس پێیدا نەڕواو نەیکاتە رێبازی خۆی! ویستی ستەمکاران‌و هەواڵدانیان بۆ خوارکردنی رێگا بەچەند جۆرێک دەبێ‌و لەچەند شێوەیەکدا رەنگ دەداتەوە:

١- رام کردنی نەفسی خۆیان بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە کە شەریک دانانە بۆ خوداو شێواندنی یەکتاپەرستی بە تێکەڵاوکردنی دیاردەی بتپەرستی‌و عیبادەتکردن بۆ غەیری خوداو هاوەڵدانان بۆی لە خودایەتی‌و پەروەردگاریەتی‌دا، بەهیوای ئەوە کە ئەو بتە لای خودا شەفاعەتی بۆ بکا!

٢- ستەمکردن بەوە کەم‌و زیادیی لە ئایین‌دا بکەن، شتی وا داهێنن کە نە لە قورئان‌و نە لە حەدیث‌دا نەبێ! دابو نەریتی جۆراوجۆر بەناوی ئایینەوە بێننە کایەوەو بەئایینی حسێب کەن.

٣- ستەمکردن بەوە کە زندیق‌و بێبڕوا بن، بیروباوەڕی زەندەقەیی‌و دووڕوویی بڵاوبکەنەوە، شک‌و گومان بخەنە سەر بیروباوەڕی موسوڵمانان بۆ ئەوەی خەڵکی لەو رێبازە خوداییە لا بدەن.

٤- ستەمکردن بەوە کە زێدەڕەوی لە ئایینیدا بکەن، کارە ئاسانەکانی گران بکەن، حوکمە فراوانەکانی تەنگ بکەنەوە. زیادو کەمی لە حوکمو عیبادەتو حەڵاڵو حەرامەکاندا بکەن.

﴿وَهُمْ بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ﴾ ئەوانە وێڕای ئەو هەموو گومڕاییو گومڕاکردنە بڕوایان بە ڕۆژی قیامەت نیە، بێبڕواییو کافربوونیان بە ڕۆژی قیامەت لەناخیان دا ڕەگی داکوتاوە کە تاوانێک دەکەن ترسی تۆڵە لێستاندنی ڕۆژی قیامەتیان نیە، کە ئینکاری ڕۆژی قیامەت دەکەن ترسی سەرزەنشتو تانەی ڕۆژی قیامەتیان نیە!

بەکورتی ئەوان بوونە لەمپەر لەبەردەم ڕێگای خواداو بڕواشیان بە ڕۆژی زیندووبوونەوە نیە! بڕوایان بە ڕووبەڕووبوونەوەی پەروەردگار نیە، بە درۆی دەزانن، بۆیە هیچ بەلایانەوە گرنگ نیە کە کردەوەی خراپ دەکەنو قسەی نابەجێ دەڵێن: چونکە ترسی حیسابو لێکۆڵینەوەو سزادانیان نیە، ئەوان لە ڕووی کردارو گوفتارەوە خراپترین ئادەمیزادن.

﴿وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ﴾ لەنێوان بەهەشتییەکان و دۆزەخییەکان شوورەو لەمپەرێک هەیە، ناهێڵێ دۆزەخییەکان بگەنە بەهەشت، ئەم شوورایە ئەوەیە؛ کە پەروەردگار لەئایەتێکی تردا دەربارەی دەفەرموێ: ﴿فَضُرِبَ بَيْنَهُمْ بِسُورٍ لَهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِنْ قِبَلِهِ الْعَذَابُ﴾الحدید/١٣. تۆپەڵاکئو سەرانسەری ئەم شوورایە بریتییە لەئەعراف، دەربارەی چۆنیەتی ئەعراف زۆر ڕای جیاجیا هەن، ڕای پەسەندو ڕاست ئەوەیە؛ کەئەعراف ئەو شوورەو پەردەیەیە کە لەنێوان بەهەشتو دۆزەخو دانیشتوەکانیان دایە، یان تۆپەڵاکئو لوتکەی ئەو شوورەیەیە کە کۆمەڵێکی ئادەمیزاد لەسەرن، لەوێوە چاویان لە بەهەشتیەکانو دۆزەخییەکانە وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يعرفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ﴾ لەسەر ئەو شوورایەی نێوان بەهەشتو دۆزەخ کۆمەڵێک هەن چاویان لەبەهەشتو دۆزەخە دانیشتوانی بەهەشتو دۆزەخییەکان دەبینن، بەشێوەو ڕوخسارو سەرو سیما بەهەشتیو دۆزەخییەکان دەناسن، نیشانەکانیان دەزانن، نیشانەیێک

لەنیشانەی بەهەشتیەکان ڕووناکی‌و درەوشانەوەو سپیەتی دەم‌و چاویانــە، هــی دۆزەخییەکانیش تەڵخی‌و ڕەشی دەم‌و چاویانە! وەکوو لە شوێنێکی کە قورئـان نیشـانەکانیان دیــاریی دەکــاو دەفــەرموێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُسْفِرَةٌ، ضَاحِكَةٌ مُسْتَبْشِرَةٌ، وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ أُوْلَئِكَ هُمُ ٱلْكَفَرَةُ ٱلْفَجَرَةُ﴾عبس/٣٨-٤٢.

دەربارەی ئەهلی ئەعراف کێن‌و چ کەسن؛ چەند ڕاوو بۆچـوون هەیـە، ڕای صەحیح‌و ڕاست ئەو ڕایەیــە کـە دەڵـێ: ئەوانـە کۆمـەڵێکن چاکـەو خراپـەیان هاوتـەرازوون‌و بەرامبـەرن، دەسـتەیەکی یەکتاپەرسـتن، تـاوان‌و خراپــەکانیان ڕێگـای بەهەشـتیان لێ گرتـوون، چاکـەو حەسـەناتیان ڕێگـای دۆزەخیـــان لێ قەدەغەکردوون، لەسەر ئەو شوورایە ڕایان دەگرن هەتا پەروەردگار دەربارەیـان بڕیار دەداو سەرەنجامیان دیاریی دەکا.

ئەبوبەکری کوڕی مەردەوەیهی لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە دەگێڕێتــەوە کە فەرموویەتی: پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا دەربارەی ئەو کەسانەی چاکـەو خراپەیان بەرامبەرن ئایا چیان لێ دەکرێ؟؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ ٱلْأَعْرَافِ، لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ).

ئیبنولحـەییانی ئەلئـەنصاری‌و بەیهـەقی‌و هـــی تریــش لــە حوزەیفــەوە دەگێڕنەوە گوتوویــەتی: خـەڵکی سـەر ئـەعراف کەسـانێکن چاکـەو کردەوەی باشیان لـە دۆزەخ ڕزگـاری کـردوون‌و خراپـەکانیان بەهەشـتیان لێ قەدەغــە کردوون، لەسەر ئەعراف هێڵدراونەوە هەتا بڕیاری خوداییان بۆ دەردەچێ، جـا لەکاتێکدا ئەوان لەم چاوەڕوانییەدان، پەروەردگار خۆیان ینشـان دەداو پێیـان دەفەرموێ: بڕۆن بچنە ناو بەهەشتەوە، بێگومان من لێتان خۆش بووم!

لەگێڕانەوەیــەکی تـردا هـەر لــە حوزەیفــەوە دەفــەرموێ: پــەروەردگار ئـادەمیزاد کۆدەکاتـەوە، پاشـان بـەتاقمی سـەر ئـەعراف دەفــەرموێ: ئێــوە چاوەڕوانی چین؟ دەڵێـن: چـاوەڕوانی فـەرمانی تۆیـن، دەگوتـرێ بێگومـــان چاکەکانتان ڕێگای چوونە نــاو دۆزەخـی لێ گرتـوون، خراپەکانیشـتان ڕێگـای چوونە ناو بەهەشتی لێ گرتوون وە بەهۆی لێخۆشبوون‌و ڕەحم‌و بەزەیی منەوە

بچنە ناو بەهەشتەوە!

﴿وَنَادَوا أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَنْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ﴾ تاقمی سەر ئەعراف بانگی بەهەشتییەکان دەکەنو پێیان دەڵێن: سەلامی خوداتان لەسەر، ئەم سەلامکردنە یان بریتییە لە دوعاو پاڕانەوە لەخودا بۆیان، یان هەواڵ پێدانیانە کە لەناخۆشی رزگاریان بووە، ئەمە ئەگەر پێش چوونە ناو بەهەشتیان بێ، ئەگەر دوا چوونە ناو بەهەشت بێ ئەوە هەر سەلامکردنەو بەس! چونکە لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لاَيَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْواً وَلاَ كَذَّاباً إِلاَّ قِيلاً: سَلاَماً سَلاَماً﴾الواقعة/٢٥-٢٦.

ئەعرافییەکان بانگی بەهەشتییەکان دەکەن حاڵو وەزعیان وەهایە ﴿لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ﴾ هێشتا نەچوونەناو بەهەشتەوە بەڵام بەتەمای چوونە ناو بەهەشتن چونکە حیسابو لێکۆڵینەوەیان بەئاسانی لەگەڵ کراوە، لەهەمان کات دا بڕوایان بە فراوانیی رەحمەتی خودا زۆرە. حەسەنی بەصری کەئەم ئایەتەی خوێندەوە وتی: سوێند بە خودا ئەم هیواو بەتەمابوونەی بۆیە خستۆتە دڵیانەوە تا رێزیان لێ بنێو دەیەوێ تەکریمیان بکا، خەڵکی لەو رۆژەدا لەنێوان ترسو هیوادا دەژین.

ئەبو نەعیم لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ریوایەت دەکا کە فەرموویەتی: ئەگەر بانگەرێک بانگ بکا بڵێ ئەی خەڵکینە! هەمووتان بچنە ناو ئاگرەوە جگە لە پیاوێکتان من هیوای ئەوەم دەبێ کە من ئەو پیاوە لادراوە بم! ئەگەر بانگ بکرێ بڵێ: هەمووتان بچنە ناو بەهەشتەوە جگە لە پیاوێکتان، ترسم هەیە من ئەو پیاوە لادراوە بم.

﴿وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاءَ أَصْحَابِ النَّارِ قَالُوا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ ئەعرافییەکان کە چاویان بەرەو لای دۆزەخییەکان وەردەگێڕدرێو ئەو حاڵو وەزعییەتەی ئەوان دەبینن چاویان لێ هەڵدەنگوێ، دەست دەکەن بە پاڕانەوەو لالانەوە لە پەروەردگارو دەڵێن: پەروەردگارا! هاوار! نەمانخەیە ریزی ستەمکارو کافرانەوە، خودایە! دەخیل هانات بۆ دێنین مەمانخەرە پێڕی ئەوانەی ستەمیان لە خودی خۆیان کردووە،

گوێڕایەڵی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی تۆ نەبوون، بڕوایان بەیەکتاپەرستیو ڕاستی پێغەمبەرانو زیندووبوونەوە نەبووە.

ئایەتەکە تەعبیری بە (مبني للمجهول) لێداوەتەوە بۆ ئەوەی ئاماژەی ئەوەی تێدابێ کە رووکردنە لای دۆزەخیان بەمەبەستو حەزی خۆیان نیە بەڵکوو پێیان ناخۆشە ئەو دیمەنە ببینن، بەبێ مەبەست چاویان لە دۆزەخییەکان هەڵدەنگوێو دەیان بینن.

گوفتوگۆی نێوان ئەعرافییەکانو دۆزەخییەکان

وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٗا يَعۡرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمۡ قَالُواْ مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ جَمۡعُكُمۡ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٤٨﴾ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ



لەئایەتی پێشوودا باسی ئەوەی کرد کە ئەعرافییەکان چاویان لە دۆزەخییەکان هەڵدەنگوێو ئەو دیمەنە سامناکەی ئەوان دەبینن، لەخودا دەپاڕێنەوە کە لە پێڕی ئەوان حلێبیان نەکا، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا باسی ئەوە دەکا کە ئەعرافییەکان بانگی چەند کەسێکی ناو دۆزەخ دەکەنو ناخاوتنیان لەگەڵ دەکەنو تانەو تەشەریان لێ دەدەن، دەفەرموێ: ﴿وَنَادَىٰ أَصْحَابُ ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُمْ بِسِيمَاهُمْ﴾ ئەمە بانگەوازییەکی ترە ئەعرافییەکان ئاراستەی برێ لووتبەرزو ملهوڕەکانی دونیایان دەکەن کە لەناو ئاگری دۆزەخدا سزایان دەدرێ ئەو ملهوڕانەی کە لەدونیادا پشتیان بەهێزو توانای خۆیان دەبەست، موسوڵمانەکانیان بەهیچ نەدەزانیو بەچاوی سووکایەتی سەیری موسوڵمانە هەژارو بێنەواکانیان دەکرد، ئەم بانگکردنەی ئەعرافییەکان بەمەبستی سەرکۆنەکردنو دڵناخۆشکردنی ملهوڕە موشریکەکانو سەرانی کوفرو ئیلحادە، کەبەشێوەو روخسارو نیشانەی

تایبەتییان دەیانناسنەوە.

واتە: بڕێ لەئەعرافییەکان بانگی چەند کەسێکی موشریکو ملهوڕ دەکەن کەلەناو دۆزەخ سزا دەدرێن، ئەعرافییەکان ئەو ملهوڕانە دەناسنەوە بەشێوەو روخساری رەشو خەڵوزاویو تەپو تۆزاویو چاو شینو شێوە شێواو! لەخەڵکانی تر جیایان دەکەنەوە، ﴿قَالُوا مَا أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ﴾ پێیان دەڵێن: ماڵو سامان کۆکردنەوەتان چ سوودێکی پێنەگەیاندن یان کۆمەڵو کوڕو زۆریو دەسەڵاتی رواڵەتی دونیاتان چ قازانجێکی بۆتان نەبووە، هەروەها لووتبەرزییو پشت هەڵکردنتان لەو ئیمانهێنان بەپەیامی پێغەمبەری ئیسلام هیچ سوودی بۆ ئێوە نەبوو! واتە: کۆمەڵو زۆریو لووتبەرزیتان لە ئیمانهێنان لە سزای دۆزەخ رزگاری نەکردن، بەڵکوو ئەوەتا کەوتوونە ناو ئەو سزاو تەنگو چەڵەمەیەوە کە ناتوانن خۆتانی لێ قوتار بکەن! هەروەها لووتبەرزییو بەزلزانیتان بەسەر موسوڵمانە هەژارو بێنەوایەکان دا چ سوودێکی پێنەگەیاندن!

ئەمجار ئەو قسانەیان وەبیردێننەوە کە دەربارەی موسوڵمان لەدونیادا دەیانکردن بۆ زێدە تانەلێدانو سەرکۆنەکردن بە ئاگاداری ئەو موسوڵمانە هەژارانەی کە لەدونیادا ئەوان دەیانچەوساندنەوە بەهۆی بڕواهێنانیان بە پەیامی موحەممەد ﷺ وەکوو صوهەیبی رۆمیو خوبەیبو بیلالی حەبەشیو بنەماڵەی یاسر، ئیشارەیان بۆ دەکەنو دەڵێن: ﴿أَهَٰؤُلَاءِ الَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لَا يَنَالُهُمُ اللَّهُ بِرَحْمَةٍ؟﴾ ئایا ئەمانەبوون ئەوانەیکە لەدونیادا سوێندتان دەخواردو جەختتان لەسەر دەکردەوەو دەتانگوت: ئەمانە هەرگیز خودا رەحمیان پێ ناکاو سەرکەوتوویان ناکا، چونکە هەژارو بێنەواو بێکەسوکارن! دەی خۆ بۆچوونەکانتان وا دەرنەچوونو ئەوە تا ئەو موسوڵمانە هەژارو بێنەوایانە لەناو خۆشیو لەزەتی بەهەشتدا رادەبوێرنو لەبەروبوومو میوەی بەهەشت دەخۆنو دەخۆنەوە، دڵ خۆشو لەشساغو بەمرازگەیشتوو تەڕ دەماغو دەم بە پێکەنینو شادمانن! ئێوەی کافرو ملهوڕو لووتبەرزیش لەناو ئاگری بێئامانی دۆزەخدا دەتلێنەوە!!

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار ماوەیەک ئەو بـڕە ئادەمیزادانـە لەسـەر شوورەی ئەعراف دەهێڵێتەوە، بەچاوی خۆیان سزای دۆزەخییـەکانو لـەززەتو خۆشی بەهەشتییەکان دەبینن‌و ماوەیەک دەڕواننە بەهەشتو زیاتر حەزیان لێ دەبێ، جارجارەش چاویان لە دۆزەخو سزای ملهوڕو ستەمکاران هـەڵدەنگوێو ئـەوەندەی تـر تامـەزرۆی بەهەشـت دەبـن، پـەروەردگار پێیـان دەفـەرموێ: ﴿أَدْخُلُوا الْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلَا أَنتُمْ تَحْزَنُونَ﴾ بڕۆنـە نـاو بەهەشـتەوە، لەنیعمەتو خۆشییەکانی لـەززەت وەربگـرن، هیـچ ترسـی داهاتووتـان نـەبێ، مەترسن لەوە بەولاوە هیچ ئاستەنگو ناخۆشـییەک نایەتـە ڕێگاتـان، تووشـی تەنگو چەڵەمە نابن، هەروەها غەمو پەژارە بۆ رابوردووتان ناخۆن، پەرۆشـی شتی بەجێماوی دونیاتان نیەو هیچ شتێک نیـە ژیـانی کامـەڕانیو رابواردنـی بەهەشتتان لێ تاڵ بکا.

سـوودو مەبەسـتی ئـەم گوفـتو گۆیـەی نێـوان ئەعرافییـەکان لەگـەڵ دۆزەخییەکانو بەهەشتییەکان ئەوەیە کە ئادەمیزاد بزانن پـاداش بەئـەندازەی کردەوەیە، هەروەها بۆ هەڵنانی موسوڵمانانە کە پێشـبڕکێ بکـەن لـە کردنـی کردەوەی چاکو بەسووددا، چونکە بـۆ قیامـەت ئـەوەی پشـتی پـێ ببەسـترێ -دوای رەحمەتی خودا- کردەوەی چاکەیە نـەک مـاڵو دارایـیو خزمو کـەسو کارو هۆزو عەشیرەت، بۆ ئەوەی بیسەرانی قورئان هەڵبنێ بۆ کردنی کـرداری چاکو خودا پەسەند، هەروەها بۆ ئەوەی بزانن کـە لـەو رۆژەدا هـەموو کـەس بەشێوەو رەنگو روخساری تایبـەتی خۆی دەناسرێتەوە، خوداپەرستان دەمو چاو نوورانیو سپی رەنگو پرشنگدارن، تاوانباران بـە تـەپو تۆزاویو رەنـگ رەش داگیرساویو چاوشینیو شێوە شێواوی دەناسرێنەوە!

پاڕانەوەو داواکاریی دۆزەخییەکان لە بەهەشتییەکان بۆ تۆزێ ئاوو هەندێ خۆراک

وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ﴿٥١﴾

پاش ئەوەی قورئان گوفتو گۆی نێوان بەهەشتیو ئەعرافییەکانو دۆزەخییەکانیشی نمایش کرد، ئەمجار داواو پاڕانەوەی دۆزەخییەکان لەبەهەشتییەکان رادەنوێنێ: کە چۆن داوایان لێ دەکەن قورمە ئاوێکیان بدەنێ، یان پاروە خواردەمەنییەکیان بگەیەننێ، دەفەرموێ: ﴿وَنَادَى أَصْحابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجنةِ أَنْ أفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ الْمَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللهُ﴾ ئەمە مەشهەدێکە لە مەشاهیدە ترسناکەکانی رۆژی قیامەت کە حالو چۆنیەتی دۆزەخییەکان دیاریی دەکا، لەم ئایەتەدا پەروەردگار هەواڵی زەلیلیو چارەڕەشی دۆزەخییەکانمان پێڕادەگەیەنێ کە چۆن دۆزەخییەکان داوای ئاوو خواردەمەنی لە بەهەشتییەکان دەکەنو ئەوانیش گوێیان پێ نادەن.

واتە: دۆزەخییەکان داوا لە بەهەشتییەکان دەکەن کە بڕێ لەو نیعمەتانەی پێیان دراوە لە خواردنو خواردنەوە لەبەهەشتدا بنێرنە خوارێ بۆ دۆزەخو فریایان بکەون، لێیان دەپاڕێنەوە کە هەرچۆنێک بێ بڕێ لە ئاویان بۆ بڕێژنە خوارێ، هەندێ خۆراکیان بۆ بنێرنە خوارێ بەڵام وەڵامیان نادرێتەوە. لێیان دەپاڕێنەوەو هانایان بۆ دەبەن دەشزانن کە وەڵامیان نادرێتەوە، بەڵام لەبەر سەرلێشێوانو تینوایەتی زۆرو برسیایەتی لەئەندازە بەدەر دەشزانن کە داواکەیان جێبەجێ ناکرێ ئەوان داواکەیان هەر دەکەن!

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: کە ئەهلی ئەعراف دەبرێنە ناو بەهەشتەوە ئەهلی ناو دۆزەخ تەماعیان بەردەکەوێ هەندی نائومێدییان دەڕەوێتەوە! دەڵێن: خودایە! ئێمە خزمو ناسیاومان لەناو بەهەشتدا هەن، ڕێگەمان بدە با چاومان پێیان بکەوێو ئاخاوتنیان لەگەڵدا بکەین، پەروەردگار فەرمان دەکا بە بەهەشت کە پەردە لەسەر خۆی لاداو خۆنیشان دۆزەخییەکان بدا، ئەمجار ئەهلی جەهەننەم خزمو ناسیاوەکانی خۆیان لەناو نازو نیعمەتی بەهەشتدا دەبینن‌و دەیانناسنەوە، ئەهلی بەهەشت سەیری خزمو ناسیاوەکانی خۆیان دەکەن لەناو دۆزەخدا بەلام نایانناسنەوە، چونکە دەمو چاویان ڕەش هەڵگەڕاوەو شێوەیان گۆڕاوە، ئەهلی دۆزەخ بانگی ئەهلی بەهەشت دەکەن، بەناوی خۆیان بانگیان لیٚ دەکەن! بەتایبەتی داوای ئاویان لیٚ دەکەن، چونکە بەهۆی گەرمی دۆزەخ ناوسکیان لەگەرمانا دەجۆشێ.

سەعیدی کوڕی جوبەیر لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ پیاو هەیە بانگی باوکی یان برای خۆی دەکا، پیٚی دەڵیٚ: وا سووتام، لە گەرمان دا مردم، برێ ئاوم بەسەردا بڕێژە، پێیان دەگوترێ وەلامیان بدەنەوە، ئەوانیش ﴿قَالُوٓا إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلْكَافِرِينَ﴾ دەڵێن بێگومان پەروەردگار خواردن‌و خواردنەوەی بەهەشتی لەسەر کافران حەرام کردووە!

﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا﴾ ئەو کافرانەی کە بۆخۆیان هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی کە خواردن‌و خواردنەوەی بەهەشتیان لیٚ قەدەغە بکرێ، چونکە ئایینی خۆیان کردبووە گاڵتەو گەپ، یان گاڵتەو کاری پڕوپووچیان کردبووە ئایین، بەژیانی دونیاو جوانی‌و زەرق‌و بەرقی ژیان لەخۆیان بایی بوبوون، وازیان لەکارو کردەوەی بەسوود هێنابوو.

واتە: ئەو کافرانە گاڵتەیان بەئایین دەهات‌و بەگرنگییان نەدەزانی، یان گاڵتەو گاڵتەجاڕییان کردبوو بە ئایین بۆ خۆیان، هەمیشە خەریکی ئەنجامدانی کاری پڕوپووچ بوون، کارێکیان نەکردووە کە مشت‌و ماڵی دڵ‌و دەروونیان بکاو سوودبەخش بیٚ، بەڵکوو کردەوەکانیان بریتی بوو لەو کارانەی کە ئادەمیزاد لەکاری گرنگ بیٚ‌ئاگا دەکا، یان کارەکانیان بیٚ‌مەبەست‌و ناکامی باشە، وەکوو کاری منداڵانە کە هەر بریتییە لە خۆخافڵاندن!

﴿وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا﴾ لەژیانی دونیادا لەخۆیان بایی بوبوون، بەجوانیو لەززەتو خۆشییەکانی گیرۆدە بوبوون! بەتەمای تەمەنی درێژو خۆشگوزەرانیو زۆرکردنی ماڵو سامانو وەدەستهێنانی پلەو پایە، ئاگایان لە قیامەتو ئیش بۆ کردنی نەبووە! بەپێچەوانەی ئەهلی بەهەشت کە لەژیانی دونیایان دا هەوڵو تێکۆشانیان بۆ وەدەستهێنانی پلەو پایەی قیامەت بووە، دڵنیا بوون لەوەی کە دونیا کێڵگەی قیامەتە، هەموو هەوڵێکیان بۆ بەختەوەریی قیامەت تەرخان کردبوو، تەنانەت کە پێیان خۆش بووە نیعمەتی دونیایان بەسەردا بڕژێ بۆ ئەو مەبەستە بووە کە یارمەتیدەریان بێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی رەزامەندیی پەروەردگارو خۆئامادەکردن بۆ ژیانێکی بەختەوەرو کامەرانی هەتاهەتایی!! بۆیە پاداشی ئەو خوداپەرستانە بەهەشتی رازاوەو کامەڕانییە.

سزای ئەوانەی گاڵتەیان بە ئایین دەهاتو گرنگییان پێ نەدەداو بەژیانی دونیا لەخۆبایی بوبوون ئاگری دۆزەخە... ئەوەتا ﴿فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُوا لِقَاءَ يَوْمِهِمْ هَذَا﴾ ئەمڕۆ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین بەشێوەی مامەڵەکردنی کەسێک کە شت لەبیرخۆی بەرێتەوە، واتە: لێیان دەگەڕێین با لەناو دۆزەخدا بسوتێن؛ هەرلێیان ناپرسینەوە، مامەڵەی شتی لەبیرچووەوەیان لەگەڵ دەوکەین، ئەگینا پەروەردگار هیچ شتێکی لەبیر ناچێو هیچ شتێک نیە لە زانیاریی خودا ون بێ، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فِي كِتَابٍ لَا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى﴾طه/٥٢.

کەوابوو ئەم لەبیرچوونەوەی پەروەردگار ئوسلووبێکی بەلاغییەو بۆ موقابەلەو بەرامبەریی کردنە وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ﴾التوبة:٦٧. یان دەفەرموێ: ﴿كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى﴾طه/١٢٦.

بەکورتی مانای ﴿فاليوم ننساهم﴾ ئەمڕۆ مامەڵەی شتی لەبیرچووەوە یان لەگەڵدا دەکەین دوعاو نزاو پاڕانەوەیان لێ وەرناگرین، بەخێرو چاکە باسیان ناکەین، لەناو ئاگردا دەیانهێڵینەوەو لێیان دەگەڕێین ﴿كَمَا نَسُوا

لِقَاءَ يَوْمِهِمْ هَـٰذَا﴾ وەکوو چۆن ئەوان لەدونیادا ئەم رۆژەیان لەبیر خۆ بردبووەوە هەرگیز وەبیرخۆیان نەدەهێنایەوەو گرنگییان پێ نەدەدا، ﴿وَمَا كَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ﴾ هەروەکو چۆن ئینکاری ئایاتی خودایان دەکردو، بروایان بە پێغەمبەران نەدەکردو بەدرۆیان دەخستنەوە بەردەوام دژی پەیامەکەیان دەوەستان!

باسی فەضڵو گەورەیی قورئان بەسەر ئادەمیزاددا و حاڵو چۆنیەتی کافران رۆژی قیامەت

وَلَقَدْ جِئْنَاهُم بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَىٰ عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُ ۚ يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَاءَ فَيَشْفَعُوا لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ ۚ قَدْ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٥٣﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار حاڵو چۆنیەتی بەهەشتیەکانو دۆزەخییەکانو ئەعرافیەکانی بەیان کرد، گوفتو گۆی نێوانیئەم سێ تاقمەی رانواند؛ کە هەموویان نمایشو مەشهەدی سەرنج راکێش بوونو ئادەمیزاد هەڵدەنێن بۆ وردبوونەوەو تێفکرین لە ئاکامو سەرەنجام، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا باسی شەرەفو گرنگیی قورئانی پیرۆز دەکا، سوودو قازانجی بۆ ئادەمیزاد روون دەکاتەوە، ئەوە رادەگەیەنێ کە قورئان بەڵگەیە لەسەر ئادەمیزاد، هەمو بروبیانووی کافرەکانی پووچ کردەوە، ئەمجار حاڵو چۆنیەتی بەدرۆخەرەوەکانو ئەو تەنگئو چەڵەمانەی تووشیان دێن رادەنوێنێ، پەشێمانیو ئاهو حەسرەتو ئاواتەخوازییان بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ دونیا بۆ چاک کردنو گۆڕینی هەڵوێستو کرداریان یان ئاواتەخوازییان بۆ

ئەوەی کە شەفاعەتکارێک تکایان بۆ بکاو لەو سزا سامناکە رزگاریان ببێ دەخاتە روو دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ جِئْنَاهُمْ بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ﴾ بێگومان پەراوێکمان بۆ ئەو موشریکو بتپەرستانەی عەرەبو خەڵکانی تریش هێناوە کە ئەحکامو دەقەکانی روونو ئاشکرانو چەواشەکاریی تێدا نیە، ئایاتەکانیمان بە وتەی پڕ ماناو پەند ئامێزو ئامۆژگاریو چیرۆکو دیرۆکو ئەحکامو بەڵێنو هەڕەشە، شیکردۆتەوە، بە زانیاریو مەعریفەتێکی تەواوە راگەیەندراون؛ بۆ ئەوەی ئادەمیزادەکانی سەردەمی پێغەمبەرو دواییش بیروباوەڕی خۆیان راست بکەنەوە، دڵو دەروونی خۆیان پاک بکەنەوە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿أَنْزَلَهُ بِعِلْمِهِ﴾النساء/١٦٦. بۆ ئەوەی لەژێر ۆرشنایی ئایەتەکانیدا بیروباوەڕی خۆیان راست بکەنەوە، خۆشبەختیو کامەرانیی بەدەست بێنن، ﴿هُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بۆ ئەوەی ببێتە رەهنوماو مایەی رەحمەت بۆ ئەوانەی بڕوای پێ دەکەنو دەیکەنە پەیڕەوو پڕۆگرامی خۆیان لەژیانداو پابەندی حوکمەکانی دەبن!

خوێنەری موسوڵمانی هێژا! بڕوانە قورئان چۆن بناغەی ئایینی روون کردۆتەوە، هەڕەشەی توندی لە بتپەرستیو هاوەڵ دانان بۆ خودا کردووە، یاساو نیظامی رەساو لەباری بۆ مرۆڤایەتی داناوە، ئادەمیزادانی هەڵناون بۆ بیناکردنو پێشکەوتنو شارەستانیەتو گەشەکردنی هەردوو لایەنی ماددیو گیانی، ئەوەیش لەرێگەی تێفکرینو وردبوونەوەو هەڵنانی ئادەمیزاد بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، لە زۆر ئایەتدا رەخنەی لە لاساییکەرەوەو شوێنکەوتنی کوێرانە گرتووە، مەدحی عەقڵو عەقڵکاریی کردووە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾الرعد/٤، یان دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾البقرة/١١١. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئایینی ئیسلام ئایینی عەقڵو تێفکرینو سروشتە، سەرچاوەی هیدایەتو حیکمەتو رەحمەتە، مایەی خۆشبەختی ئادەمیزادە لە دونیاو قیامەتدا ﴿هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُ﴾ ئەو کافرو خودانەناسانە چاوەڕوانی ناکەن لەم کتێبە جگە لە سەرەنجامی ئەوەی کە

لەسەر زوبانی پێغەمبەران پێیان راگەیەندراوە لە سزاو پاداش! واتە: جگە لە وەدیهاتنی ئەو هەواڵو وادەو بەڵێنو هەڕەشانەی کە تێیدا راگەیەندراون هیچی تر لەپێشیان نیەو چاوەڕوانی ناکەن! جگە لەو سزاو پاداشەی لەپێشیانە، جگە لە دۆزەخو بەهەشت هیچی تر چاوەڕوان ناکەن.

لە رەبیعی کوڕی ئەنەسەوە ریوایەت کراوە کە وتوویەتی: بەردەوامو پەیتا پەیتا ئەو شتانەی قورئان هەواڵی پێداوەو ئاماژەی پێکردووە دێنە جێو روو دەدەن تا رۆژی قیامەت تەواو دەبێو حیسابو لێکۆڵینەوە کۆتایی دێو ئەهلی بەهەشت دەچنە بەهەشتەوەو ئەهلی دۆزەخ دەخزێندرێنە ناو ئاگرەوە ئەو کاتە هەواڵەکانی قورئان (تاویل)ەکانی کۆتاییان پێ دێ! ﴿يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ﴾ ئەو رۆژەی هەواڵەکانی قورئان کۆتاییان پێ دێ وادەو بەڵێنو هەڕەشەکانی دێنە جێ، راستی ئەو شتانەی خەبەری پێداوە ئاشکرا دەبن، هەموو شکو گومانێک دەڕەوێتەوە، ئەوانەی پەیڕەوی ئەو قورئانەیان نەکردووەو لەدونیا لەبیر خۆیان بردبووەوەو roویان لێوەرگێڕابوو دەڵێن: بێگومان ئەوەی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان پێیان دەوتین هەمووی راست بوو، ئەوان بەحەق هاتبوونو پەیامەکەیان هەقو راست بوو، ئاشکرا بوو ئەوان لەسەر حەق بوونو ئێمە بەنەفامیی پشتمان لەو پەیامە راستە کردو روومان لێ وەرگێڕا، بۆیە بەم شێوە سزامان درایەوە! خەتای خۆمانەو خۆمان بە خۆمان کرد!

ئەمجار دەکەونە مقۆمقۆی ئەوە ئایا رێگای رزگاربوونیان دەست دەکەوێ، ئاواتەخوازی ئەوە دەبن بەهەر شێوەیەک بێ رزگاریان بێو دەڵێن: ﴿فَهَلْ لَنَا مِنْ شُفَعَاءَ فَيَشْفَعُوا لَنَا﴾ ئایا ئێمە تکاکارێک، شەفاعەتخوازێ دڵسۆزێکمان هەیە شەفاعەتمان بۆ بکاو لەم بەدبەختیو چارەڕەشییە رزگارمان بێ ﴿أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ﴾ یان دەکرێ بگێڕدرێینەوە بۆ دونیاو ژیان دەست پێ بکەینەوە جا لەوێ هەڵوێستی خۆمان بگۆڕینو کردەوەی چاک بکەینو پەیڕەوی ئایینو رێبازێک بکەین کە خودا پێی رازیی بێو شیاوی چوونە ناو بەهەشت بین؟؟

هۆی ئەوەی کە ئەوان لەسەرەتادا ئاواتەخوازی شەفاعەتکارن دوایی ئاواتی گەڕانەوە بۆ دونیا دەخوازن ئەوەیە کە بەبڕوای ئەو موشریکانە رزگاربوون لە دادگای پەروەردگاردا بەهۆی شەفاعەتکارانەوە دەبێ، جا کە مایەپووچ بوونو بۆیان دەرکەوت کە رزگاربوون بەهۆی بیروباوەڕی راستو کردەوەی چاکەوە وەدی دێ ئەمجار ئاواتەخوازی گەڕانەوەی دونیایان دەکەوێتە سەرو ئەو ئاواتە دەخوازن، بەڵام تازە کار لەکار ترازاوەو ئەو ئاواتەو هیچ ئاواتی تریان نایەنە دی، وەکوو لە ئایەتێکی تردا لەم بارەوە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَى النَّارِ فَقَالُوا: يَالَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِآيَاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، بَلْ بَدَالَهُمْ مَاكَانُوا يُخْفُونَ مِنْ قَبْلُ، وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾الأنعام/٢٧-٢٨.

پەروەردگار بۆ خۆی دەزانێ کە ئەوانە ئەگەر بشگێردرێنەوە بۆ جیهان، دەگەڕێنەوە سەر هەڵوێستی نالەبارو بیروباوەڕی پووچی خۆیانو پەند ئامێز نابن! ئەمە جگە لەوەی کە تازە کار لەکار ترازاوە ﴿قَدْ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُمْ مَاكَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ ئەوانە خودی خۆیان لەکیس داوە بەوە کە خراونە ناو دۆزەخەوەو بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوەو لێی قوتار نابن، ئەو خودا درۆزنو پەرستراوانەیان کە پێیان وابوو لای خودا تکایان بۆ دەکەن هیچ رۆڵێکیان نیەو ناتوانن هیچیان بۆ بکەنو ئاسەواریان دیار نیە، نە شەفاعەتیان بۆ دەکەن نە یارمەتییان دەدەن، نە لەو سزایە بۆ ساتەوەختێکیش رزگاریان دەکەن!

بەکورتی قورئان گەورەترین نیعمەتی خودایە بەسەر ئادەمیزاددا، چونکە روونکەرەوەو رێپیشاندەری راستو دروستە بۆ ئیمانی صەحیحو حەقو خوداپەسەند، بۆ خوداپەرستی راستو وەدەستهێنانی بەختەوەریی هەردوو جیهان.

چەسپاندنی خودایەتیو پەروەردگاریەتی بۆ زاتی (اللــه)

إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِي ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾

پەیوەندیی ئەم ئایەتە بە پێش خۆیەوە ئەوەیە: کە قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر چوار بنەمای سەرەکی دەکاو لەم چوار تەوەرەدا دەخولێتەوە، ئەوانەش بریتین لە یەکتاپەرستی، هەبوونی خوداو راستیی پێغەمبەرایەتی، زیندووبوونەوەو هاتنی رۆژی قیامەت، بڕوا بە قەزاو قەدەر، چەسپاندنی زیندووبوونەوە پابەندە بە سەلماندنی تاکو تەنهایی خوداو تواناو دەسەلاتی رەهاو زانستی بەرفراوان.

جا کە لەوەپێش پەروەردگار راستی هاتنی رۆژی قیامەتی چەسپاند، باسی گوفتوگۆی نێـوان دۆزەخیو بەهەشتیو ئەعرافییەکانی کرد، لای کردەوە بەلای هێنانەوەی بەلگەی تەنهایی پەروەردگارو تواناو دەسەلاتی رەهاو بەرفراوانی، زانستی زۆرو بێ سنوری، تا ببنە بەلگە لەسەر پەروەردگاریەتیو خودایەتی حەقو رەسا بۆ زاتی پەروەردگارو چەسپاندنی هاتنی رۆژی قیامەتو فەرمووی: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾ بێگومان پەروەردگاری ئێوە ئەی ئادەمیزادینە! کە ناوی (الله)یە خودایەکی ئەوتۆیە کە ئاسمانەکانو زەوی لەشەش رۆژدا بەدیهێناون، ئەمجار کۆنترۆلی عەرشی کردو کاروباری بوونەوەری لێوە هەلدەسوورێنێ، کەوابوو پێویستی سەرشانی ئێوەیە کەبەتەنها هەر ئەو بپەرستن، چونکە جگە لە زاتی پاکی ئەو هیچ خودای تر نین شیاوی پەرستن بن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار هەوالی ئەوەمان دەداتێ کە هەموو ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی تێیاندایە لەماوەی شەش رۆژدا بەدیهێناون.

کە باسی شەش رۆژ دەکا یەکسەر زەین بۆ ئەوە دەچێ کە ئەندازەی ئەم رۆژانە هێندەی رۆژی ئاسایی دونیا بن، چونکە ئەو دەمە خۆرو مانگو ئەستێرە نەبوون! بەڵکوو دوای دروستکردنی زەوی ئەمانە بەدیهێنراون.

مامۆستا سەید دەفەرموێ: ئەو شەش رۆژەی ئاسمانو زەوییان تێدا دروست کراوە نهێنییەکی خوداییە جگە لە خودا کەسی تر نایزانێ، چونکە خودا بۆ خۆی فەرمووی: ﴿مَاۤ أَشۡهَدتُّهُمۡ خَلۡقَ ٱلسَّمَـٰوَ ٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَا خَلۡقَ أَنفُسِهِمۡ﴾ وێ دەچێ ئەو شەش رۆژە بریتی بن لە شەش قۆناغ، یان شەش گۆڕانو طەورین، یان شەش رۆژ بن لە رۆژانی خودا کە بەپێوەری رۆژگاری ئێمە ناپێورێن، چونکە ئەو کاتە مانگو رۆژو هەڵسوڕانی قەبارەکان نەبووە.

هەر رۆژێک لەو رۆژانە هێندەی هەزار ساڵی دونیا دەبێ، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ يَوۡمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلۡفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾الحج/٤٧. رۆژی قیامەتیش پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا درێژییەکەی بەپەنجا هەزار ساڵ ئەندازە دەکا وەکوو دەفەرموێ: ﴿فِي يَوۡمٍ كَانَ مِقۡدَارُهُۥ خَمۡسِينَ أَلۡفَ سَنَةٍ﴾المعارج/٤.

بە کورتی: خودای ئێوە ئەی خەڵکینە! خودایەکی تاکو تەنیاو بێهاوەڵو بێ وێنەیە، هەر ئەو ئاسمانو زەوی بەدیهێناون، نەخشەی کێشاون، کاروباریانی رێک خستووە، لە شەش رۆژدا یاساو نیظامی دامەزراندوون، جا ئەو رۆژانە یان بەگوێرەی رۆژانی دونیا مەزەندە دەکرێن، یان پەروەردگار بۆ خۆی لەهەموو کەس زاناترە بەئەندازەو سنووریانو ئێمە ئەندازەیان نازانین، خۆ ئەگەر پەروەردگار ئارەزۆی هەبوایە دەیتوانی لەکەمترین ماوەدا دروستیان بکا، بەلام بۆیە بەشێنەیی بەدیهێناون تا بەندەکانی لە کارەکانیاندا لەسەرەخۆو بەشێنەیی بن، بەوردیو کارامەیی ئەنجامیان بدەن، ئەگینا پەروەردگار دەتوانێ لە کورت ترین کات دا گەورەترین کار ئەنجام بدا؛ ئەوەتا لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَاۤ أَمۡرُهُۥۤ إِذَاۤ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾یس/٨٢.

جا وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ

بِالَّذِي خَلَقَ ٱلأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ، وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا، ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ، وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا، وَبَارَكَ فِيهَا، وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ﴾فصلت:٩-١٠.

دروستکردنی زەوی دوو رۆژی ویستووە، دروستکردنی کێوو چۆمو گژوگیاو کانو کانزاکانی دوو رۆژی تری ویستووە، ئەمجار ئاسمانەکانو مەجەرەو ئەستێرەکانی بە دوو رۆژی تر دروستکردوون! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ، وَأَوْحَيَ فِي كُلِّ سماءٍ أَمْرَهَا، وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا، ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾**فصلت.

ئەمجار پەروەردگار دوای دروستکردنو بەدیهێنانی زەویو ئاسمانەکانو ئەوەی تێیان دایە، کۆنترۆڵی عەرشی کردو لەوێوە کاروباری بوونەوەرە هەڵدەسوورێنێ، یاساکانی رێک دەخا، هیچ کارو بەدیهێنانێکی لەهی ئادەمیزاد ناچێ، کارو کردەوەو زاتو صیفاتی لەهی هیچ کەس ناچێ، بێوێنەو بێهاوتایەو بێ هاوەڵە!!

خوێنەری هێژا! پێویستە ئێمە بیروباوەڕمان لەم بارەوە وەکوو ئیمانی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وابێ، واتە دەبێ بڕوامان وابێ کە پەروەردگار کۆنترۆڵی عەرشی کردووە بەشێوەیەک کە شیاوی زاتی پیرۆزی بێ، بەبێ دیاریکردنی چۆنیەتی ئەو کۆنترۆڵ کردنەو زانینی حەقیقەتی کۆنترۆڵ کردنەکە خودا خۆی دەیزانێو ئێمە لێی بێئاگایان!

ئەمە رای ئیمام مالیکو رەبیعەی مامۆستایەتی کە فەرموویانە: کۆنترۆڵکردنەکە ئاشکراو نومایانە بەڵام چۆنیەتەکەی نەزانراوو پەنهانە، پرسیارکردنیش لەم بارەوە بیدعەتو ناڕەوایە.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: مەزهەبی سەلەفی صالح: لەوانە ئیمام مالیکو ئەوزاعیو ثەوریو لەیثی کوڕی سەعدو شافیعیو ئەحمەدو ئیسحاقی کوڕی راهۆیەو هی تریش لە پێشەوایانی موسوڵمانان لە کۆنو نوێدا ئەم جۆرە دەقە ئاینییانەیان وەکوو خۆیان ماناکردوونو هیچ جۆرە تەئویلو تەشبیهیان تێدا

بەکارنەهێناوە، دەقەکە چ مانایەکی ساکارو ئاسایی هەڵبگرێ ئاوا هەڵسو کەوتیان لەگەڵ کردووە، خودا روخساری بۆ خۆی باس کردووە، دەستی بۆ خۆی داناوە ئێمەش دەبێ بڕوایان پێ بکەین، بەڵام ئەم دەستە چۆنەو چۆن نیە ئەوە خودا بۆ خۆی دەیزانێ...هتد.

نەعیمی کوڕی حەمماد کە مامۆستای ئیمامی بوخارییە فەرموویەتی: کەسێک پەروەردگار بە دروستکراوێک بشوبهێنێ، کافر دەبێ، کەسێکیش ئینکاری ئەو شتە بکا کە خودا بۆ خۆی وەصفی خۆی پێ کردووە کافر دەبێ، ئەو شتانەی خودا خۆی پێ وەصفدار کردووەو پێغەمبەر ﷺ وەپاڵی داوە ناچێتە خانەی تەشبیهو لێک چووی خودا بە دروستکراوەکانی.. کەسێک ئەو شتانەی خودا بۆ خۆی وەپاڵ خۆی داونو فەرموودەی صەحیحو راست لەبارەیانەوە هاتووە، بۆ خودایان بەڕەوا بزانێو دانیان پێدا بنێ بەو شێوەیەی کە شیاوی پەروەردگارە، رەوشتی نالەبارو پلە نزمی لەخودا دووربخاتەوە، ئەوە رێگای هیدایەتی گرتووە.[1]

بەڵام زانایانی خەلەف ئەم جۆرە ئایەتو فەرموودانە تەئویل دەکەنو دەڵێن: ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾ یانی کاروباری بوونەوەر هەڵدەسووڕێنێو بەگوێرەی ئەندازەو نەخشەکێشانی خۆیو داناییو زانایی رەهاو بێ سنووری خۆی گۆڕانکاری لە بوونەوەردا ئەنجام دەدا وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ، يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ﴾یونس/٣.

ئەمجار پەروەردگار بڕێ لەدیاردەی هەڵسوڕانی بوونەوەر دیاریی دەکاو دەفەرموێ: ﴿يُغْشِي ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾ پەروەردگار بەتاریکایی شەو رووناکی خۆر دادەپۆشێ، واتە: تاریکی دەکەوێتە شوێنی رووناکیو بەسەریا دەکشێو دایدەپۆشێ، هەر شوێنێک تاریکی شەوی گەیشتبێتێ رووناکی خۆری لێ نامێنێ، بەپێچەوانەشەوە هەر شوێنێک رووناکی خۆری گەیشتێ

---

[1] تفسیر ابن کثیر ج٢/ ٢٢٠، تفسیر المراغی ج٣/ ١٧٣، تفسیر المنیر ج٨/ ٢٣٣، تفسیر المنار ج٨/ ٤٥٣.

تاریکی شەوی لیٚ نامێنی! هەریەکەیان بەشوێن ئەوی تریانەوەیەو راوی دەنیٚو رەدووی کەوتووە! بەبست بواری نادا، ئەمڕۆ کە زانستی تازە لە بارە ماددییەکان دا پێشکەوتنی بەدەست هێناوەو زانست هێلکەیی زەوی زیاتر چەسپاندو بووەتە شتێکی بەڵگەنەویست، ئەم راونانو شوێنکەوتنە خێراییەی شەوو رۆژ بۆ یەکتریی زیاتر روون دەبێتەوە، چونکە هەموو کاتیٚ نیوەی زەوی رووناکەو نیوەکەی تری تاریکە، هەموو کاتیٚ لەئەنجامی هەڵخولانی زەوی لە تەوەرەی خۆیدا بە دەوری خۆردا تاریکایی لە شوێنێک دەڕواو رووناکی دێتە شوێنی، لە شوێنێکی تریش رووناکایی دەڕواو تاریکایی دێتە شوێنی، ئەگەر لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست رۆژ بیٚو دونیا رووناک بیٚ، ئەوە لەئەمریکای باشوورو یابانو دەوروبەریان دونیا شەوەو تاریکایی هەیە، زوربەی زانایانی ئیسلام وەکوو غەزالیو رازییو ئیبنوتەیمییەو ئیبنولقەییم جەزوییە ئاماژەیان بۆ ئەم راستییە کردووە لە نووسینەکانیان دا وەکوو حەقیقەتێکی زانستی چەسپاندوویانە.

رستەی (يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ....) وەکوو بەڵگە وایە بۆ پێشەوەی؛ چونکە پەروەردگار کەلەپێشدا باسی کۆنترۆڵکردنی عەرشی کردو باسی هەڵسوڕاندنی بوونەوەری کرد، ئەمجار نموونەی ئەم کۆنترۆڵکردنەو هەڵسوڕاندنی بەئاشکرا پیشان ئادەمیزادان دا، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان دیاردەی ئەم هەڵسوڕاندنە ببینەنو بزانن پەروەردگار چۆن گۆڕانکاری لە بونەوەردا دەکا، چۆن شەوو رۆژ بە شوێن یەکتردا دەهێنیٚو چۆن ئەم هەموو خۆرو مانگو ئەستێرەو هەسارەو کاکەشانە هەڵدەسوڕێنیٚ هەریەکەیان کاروباری خۆی بۆ سوودی ئادەمیزاد پیٚ ئەنجام دەدا، بە گۆڕانی شەوو رۆژ هۆکاری ژیان بۆ ئادەمیزادان بەتایبەتیو بۆ گیانلەبەران بەگشتی دەستەبەر دەبیٚو سوودو قازانجی ئادەمیزاد دێتە جیٚو بەبەرژەوەندیی ئەوان تەواو دەبیٚ. هەر لە دیاردەی رێکخستنو نەخشەکێشانی خودا بۆ بوونەوەرە، کە ﴿وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ﴾ خۆرو مانگو ئەستێرەو هەسارەو کاکەشە زەبەللاحەکانی بەدیهێناونو هەموویان بەگوێرەی ویستو ئیرادەی ئەو دێنو دەچن، هەموویان ملکەچو پابەندی فەرمانی زاتی پاکی

کردگارن، چۆنی بوێ وا هەڵدەسوڕێن، ملیۆنەها ساڵە ئەم گەردوونە لەهاتوچۆدایە، ئەم قەبارە گەورەو زەبەللاحانە بەبێ وچان هەڵدەسووڕێن، نە لەکار دەکەونو نە بەنزینو گازیان پێویستەو نە لێیان دەبڕێ، نە بورغویان سلام دەبنو دەسوێن، هەریەکەیان لە تەوەرەی خۆی بەخێرایییەکی دیاریکراوو تایبەت هەڵدەسوڕێنو هیچیان لەهیچیان ناخشێنو ڕێگە لەیەکتر ناگرنو پێکەوە دەعم ناکەن. ﴿أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ﴾ هوشیار ببنەوە! هەر بۆ پەروەردگارە بەدیهێنانو دروستکردن، کارگێڕیو هەڵسوڕاندن هەر بەدەست ئەوە، هەر خودا خاوەنی بوونەوەرە، هەر ئەو کارگێڕو هەڵسوڕێنەرە ﴿تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ خودای بوونەوەر پاکو بێگەردە، بەرزو بێ وێنەو هاوتایە، هەر ئەو خوداو پەروەردگارە، هەرچی خێرو بێری بوونەوەر هەیە، هەمووی لە خوداوەیە، پێویستە بەندەکانی سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو هەموو نیعمەتو خێرو خۆشییەی بۆ ئادەمیزادانی دابین کردووە، جگە لە خودا کەسی تر شایانی خودایەتیو پەروەردگاریەتی نیە، کەسیتر خودایەتی پێ ناکرێ، کەس رایەی ناکەوێ خودایەتی لێ بدا:

تێبینی: پەروەردگار لەئایەتەکەدا جوداوازیی خستە نێوان وشەی (الخلق)و وشەی (الأمر) ئەم نێوان کردنەی بە (واوی عەطف) ئەنجام دا، جوداوازیی نێوان خەلقو ئەمر بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە رای ئەوانەی دەڵێن: قورئان مەخلووقە هەڵەیە، چونکە ئەگەر قورئان -کە بریتییە لە ئەمری یەزدانی- مەخلووق بوایە، دەبوو دەقەکەی ئێرە ئاوای لێ بهاتایەوە ﴿أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْخَلْقُ﴾ ئەمەش نارەوانیو قسە نەزانییەکە لەخودا دوورە!

هەروەها ئەگەر (ئەمر) مەخلووق بوایە پێویستی بە ئەمرێکی تر دەبوو پێیەوە بوەستێ ئەو ئەمرەش پێویستی ئەمرێکی تر دەبوو، هەروا بڕوا ئەمەش نەگونجاوو مەحاڵە، کەوابێ ئەمر کە کەلامی قەدیمی خودایە ئەزەلییەو مەخلووق نیە، بەڵکوو هەموو مەخلووقات پێیەوە پەیوەستن وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ والأرض بأمره﴾الروم/٢٥.

ماوەتەوە ئەوە بگوترێ: کە ئەمرو ئیرادە لێک جیاوازن، چونکە پەروەردگار جاری وا هەیە ئەمر دەکا بەشتێک دەیەوێ ئەنجام بدرێ! ئەی ئەوە نیە فەرمانی کرد بە ئیبراهیم کە کوڕەکەی سەرببڕێ! ئیرادەی سەربڕینەکەشی نەکردبوو، فەرمانی بە پێغەمبەر کرد کە پەنجا نوێژ بکاو هەر ئیرادەی پێنج نوێژیشی کردبوو، ئیرادەی شەهید بوونی حەمزەی کردبوو نەهی لە کافرەکانیش کردبوو کە بیکوژن، ئەوەتا لە سوورەتی (ال‌عمران/١٤٠)دا دەفەرموێ: ﴿وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاءَ﴾ کە یەکێ لەو شەهیدانە حەمزە بووە، کەچی نەهی لە کافرەکان کردووە لەکوشتنی.

پەسەندی نزاو پاڕانەوە لە خوداو خراپی ئاشووبگێڕیی

ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾ وَلَا تُفْسِدُواْ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار بەڵگەی لەسەر تاقە خودایی خۆی هێنایەوە، تواناو دەسەڵاتی ڕەهاو هەڵسوڕاندنی بوونەوەری بەئەوپەڕی دانایی‌و لێزانی بۆ خۆی چەسپاند، فەرمانی بە ئادەمیزاد کرد کە یەکتاپەرستی ئەنجام بدەن‌و بەندایەتی هەر بۆ خودا بکەن‌و هەمیشە نزاو پاڕانەوە لە بارەگای ئەو کردگارە بکەن، چونکە پاڕانەوە کاکڵەی خوداپەرستی‌یەو فەرمووی: ﴿ٱدْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾ پەروەردگار بەندەکانی شارەزا دەکا بۆ ئەوەی لێی بپاڕێنەوە، چونکە نزاو پاڕانەوە لەخودا مایەی خۆشبەختی دونیاو قیامەتەو دەفەرموێ: ئەی بەندەکان! دوعاو پاڕانەوە ئاراستەی پەروەردگارتان بکەن، بەشێوەیەکی ملکەچی‌و بەسۆزو پەرۆشەوە لەخودا بپاڕێنەوە، با پاڕانەوەکەتان وێڕای ئەوەی کە بەزەلیلی‌و ملکەچی دەبێ با بە دەنگی نزم‌و لەسەرەخۆ بێ، پاڕانەوە مۆخی خوداپەرستییە، بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەدا، یان بە زەلیلی‌و ملکەچی نزاو پاڕانەوە ئەنجام بدەن‌و هاوار بکەنە پەروەردگارتان، جارێک

بەدەنگی بەرزی مام ناوەندی جارێک بە ئەسپاییو دەنگی نزم، بۆ هەر جۆرێک لەم دوعایانە کاتی تایبەتی هەیە، جاری وا هەیە نزاو پاڕانەوە بەدەنگی مەیلەو بەرزو مام ناوەندی باشە، جاری واش هەیە بە دەنگی نزمو ئەسپایی باشە ئەگەر لەشوێنێکی چۆڵو لەژوورێک دا بووی‌و دڵنیابووی کەس پێت نازانێ‌و کەس گوێی لە دەنگت نیەو تەشویش ناخەیە سەریانو دیاردەی ریابازیی‌و خۆدەرخستن مەبەست نەبوو، ئەوە بەدەنگی بەرزی مام ناوەندیی نزاو پاڕانەوەکە بکرێ باشە، ئەگەر لەکاتی کۆبوونەوەی خەڵک لەمزگەوت دا یان شوێنی تر ئەوە بەدەنگی نزم بپاڕێیەوە باشە، جگە لەو دوعاو پاڕانەوانەی کە شەرع دەنگ بەرزیی تێدا پەسەند کردوون وەکوو (الله أکبر) کردنی زڕانی جەژنو (لبیك أللهم لبیك) گوتنی حاجیان، هەروەها خوێندنی سورەتی فاتیحەو برێ قورئانو خوێندنی قنووت لەنوێژە جەهرییەکاندا.[٢]

بەهەرحاڵ ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پاڕانەوە بەنهێنی‌و بەدەنگی نزم باشترە، چونکە لە ریابازیی دوورە، هەروەها چونکە پەروەردگار لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَاذْكُرْ رَبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً﴾الاعراف/٢٠٥.

کە مەدحی زەکەریاش دەکا بەوە مەدحی دەکا کە بەدەنگی نزم لەوخودا پاڕاوەتەوە، دەفەرموێ: ﴿إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا﴾مریم/٣.

لە صەحیحەیندا فەرموودەیەک لە ئەبو مووسای ئەلئەشعەرییەوە گێڕدراوەتەوە دەفەرموێ: لەسەفەرێک دا هاوەڵان بەدەنگی بەرز لە خودا دەپاڕانەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەی خەڵکینە! تۆزێک لەسەرەخۆو کەمێک پشوو بەنەفسی خۆتان بدەن، دڵنیابن ئێوە بانگی کەسێک ناکەن کەڕو بێ گوێ بێ؛ یان دوورو بێ ئاگابێ؛ بێگومان ئێوە لەخودایەک دەپاڕێنەوە بیسەرەو لێتان نزیکە، لەهەر شوێنێک بن لەگەڵتاندایە.

[٢] تفسیر المنار ج٨/٤٥٦-٤٥٧ بەبڕێ دەسکارییەوە.

ئیبنو جورەیج دەڵێ: دەنگ بەرزکردنەوەو هاوارکردن لەخودا بەدەنگی بەرز مەکرووهە، فەرمانمان پێ کراوە بەدەنگی نزمو نهێنیو ملکەچی لەخودا بپاڕێینەوە.[٣]

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: موسوڵمانانی پێشوو زۆر بە نزمیو بەنهێنی دوعایان دەکردن، بەدەگمەن لەکاتی پاڕانەوەو دوعا کردن دا دەنگیان دەبیسترا، دوعاو پاڕانەوەکانیان بریتی بوو لە سرتەسرتی نێوان خۆیانو پەروەردگار، مەگەر لە دووعاو پاڕانەوەدا کە دەنگ بەرزکردنەوە تێیاندا پەسەندە وەکوو (لبیك) گوتنی کاتی حەجو (الله اکبر)کردنی رۆژانی جەژن.

﴿إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ بێگومان پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆشناوێن کە لەدوعاکردن و پاڕانەوە لەخوداو لەشتی تریش زێدەڕەویی دەکەن، زێدەڕەویی کردن لە دوعادا ئەوەیە کە بەشێوەی ملکەچیو زەلیلیو دەنگ نزمیی ئەنجام نەدرێو خۆشەویستی خودای تێدا نەبێ، واتە: دوعاو پاڕانەوە بەشێوەی (تضرع)و پەنامەکی نەبوو، خودا وەڵامی ناداتەوەو دوعاکە گیرا نابێ، کەوابوو فەرموودەی خودا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ وەکوو هەڕەشە وایە بۆ ئەو کەسانەی کە لەنزاو پاڕانەوەدا (تضرع)و پەنامەکی رەچاو ناکەن!

ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داوود لەسەعدی کوڕی ئەبوو وەققاصەوە دەگێڕنەوە: دەڵێ گوێم لێ بوو پێغەمبەر دەیفەرموو: (إِنَّهُ سَيَكُونُ قَوْمٌ يَعْتَدُونَ فِي الدُّعَاءِ، وقرأ هذه الآية...) دڵنیابن لەمەودوا گەلو گرۆهێك پەیدا دەبن لە دوعاکردنو پاڕانەوەدا زێدەڕەویی دەکەن، ئەمجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾، ئەوە بەسە کە بەشێوەیەکی ملکەچیو پەنامەکی بڵێی خودایە! من داوای بەهەشتو رەزامەندییت لێ دەکەم داوات لێ دەکەم هیدایەتم بدەی بۆ ئەنجامدانی هەر گوفتارو

[٣] تفسير المنار ج٨/٤٥٦.

کردارێکێ لەو بەختەوەریەم نزیک بکاتەوە، پەنا دەگرم بەتۆ لە دۆزەخو هەر شتێک لەو چارە رەشییەم نزیک بکاتەوە!)

جا وەکوو پەروەردگار فەرمانی کردووە بە دوعاکردنو نزاو پاڕانەوەو هانابردن بۆ خودا، نەهی لە ئاشووبگێڕی خراپەکارییش کردووەو فەرمووی: ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾ ئەی نەوەی ئادەمیزاد! خراپەکاریی‌و ئاشووبگێڕی لەسەر زەوی بەرپا مەکەن، دوا ئەوەی پێغەمبەرانو شوێنکەوتوانیان کاروباری سەرزەوییان رێک خستووە، عاقڵ مەندانو دڵسۆزان لەبارەی ماددیو مەعنەوییەوە هۆکاری ژیانی بەختەوەریی‌و کامەرانییان دەستەبەر کردووە، لە بواری بنەماکانی ژیاندا -کشتوکاڵ، پیشەسازیی، بازرگانی، بڵاوکردنەوەی ئەخلاقی بەرزو دادپەروەریی‌و یاسای مەشۆرەتو هاریکاری....هتد- کاریان کردووە.

خراپەکاریی‌و ئاشووبگێڕی لە ئایین‌دا وەکوو کوفرو بیدعەت. هەروەها خراپەکاریی‌و ئیفساد لەگەڵو کۆمەڵ دا وەکوو کوشتنو بڕینو نانەوەی شەڕو ئاژاوە، هەروەها ئیفساد لە ماڵو سامان‌دا بەداگیرکردنو دزینو فێڵ کردن لەمامەڵەدا، ئیفسادی عەقڵ بەخواردنەوەو کێشانی ئەو شتانەی عەقڵ دەشێوێنن، ئیفسادی رەگەزو رەچەڵەک بەهۆی داوێن پیسیی‌و بوختانکردن بەیەکتری.

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار مەرجی وەرگرتنو گیرابوونی دوعای بەیان کرد، کە تەضەروعو پەنامەکییە، ئەوەشمان تێدەگەیەنێ کە دەبێ پێداویستی دوعا بەشێوەی خۆفو رەجا بێ، هەرکەسێک دوعاکردنو پاڕانەوەی بەم شێوەیە نەبێ بێ‌سوودەو وەڵامی نادرێتەوە، بەڵکوو لە فەسادو ئاشووبەوە نزیکترە، بۆیە پەروەردگار فەرمانی بە ئادەمیزاد کردو فەرمووی: ﴿وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ وا لە خودا بپاڕێنەوە ترسی سزاو تۆڵەی خوداتان هەبێ، بەتەمای پاداشو بەخششی نەبڕاوەی بن، بێگومان دوعاو پاڕانەوەی شەرعی مۆخی خوداپەرستینو کاکڵەی بەندایەتیکردنە بۆ خودا، هەرکاتێ دوعاو پاڕانەوە مەرج و پێداویستیەکانی هاتنە جێ گیرابوونی چاوەڕوان کراوە، بۆیە فەرمووی: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾ رەحمەتو

بەخششی پەروەردگار نزیکەو بەیدەستە بۆ ئەوانەی کردەوەکانیان بە رێکو پێکی ئەنجام دەدەنو شوێن فەرمانو نەهی‌یەکانی خودا دەکەون وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ﴾الاعراف/١٥٦.

پێویستە لە دوعاو پاڕانەوەدا زێدەڕەویی نەکرێ؛ بەم جۆرە دەنگ زۆر بەرزبکاتەوە، یان داوا بکا خودا پلەو پایەی پێغەمبەری بداتێ، یان داوای ئەنجامدانی کاری ناڕەوا بکا، یان وشەی قەڵەوو شەجع ئاسا بەکاربێنێ، هەموو ئەمانە دەبن بەهۆی ئەوەی کە دوعاو پاڕانەوەکە گیرا نەبن!

بەکورتی دوعاو پاڕانەوە رێو رەسمی خۆی هەیە؛ پێویستە پەیڕەو بکرێت، بەم رەنگە دەستی بەدەستنوێژ بێ، رووی لە قیبلە بێ، دڵو دەروونی بە شتی ترەوە خەریک نەبێ، بە صەلاوەتدان لەسەر پێغەمبەر دەست پێ بکاو بە سەلاوەتدان کۆتایی بە پاڕانەوەکە بهێنێ، هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزبکاتەوە، دووعا بۆ خۆیو موسوڵمانان بکا، هەوڵ بدا دوعاو پاڕانەوەکەی لەکاتی دوعاگیرا بوون دا ئەنجام بدا وەکوو سێیەکی کۆتایی شەو، کاتی رۆژوو شکاندن، رۆژی هەینی، لەکاتی چوون بۆ سەفەرو کاتێک کە ستەمی لێ دەکرێ، هەروەها هەموو ئەو کاتانەی کە لە کتێبی فەرموودەو شەرعدا دیاری کراونو بەکاتی دوعا گیرابوون دەزاندرێن.

دەربارەی دەست بەرزکردنەوەی کاتی نزاو پاڕانەوە دوو را هەیە:

١- کۆمەڵێک لەزانایانی ئیسلام: لەوانە عەطاءو طاوسو موجاهیدو جوبەیری کوڕی موطعیمو سەعیدی کوڕی موسەییەبو سەعیدی کوڕی جوبەیر، پێیان وایە: دەست بەرزکردنەوە لە دوعادا باش نیەو مەکرووهە؛ بەڵگەیان ئەو حەدیثەیە کە ئەنەس ریوایەتی کردووەو فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ جگە لە دوعای نوێژەبارانە لەهیچ دوعایەکی تردا دەستی بەرزنەدەکردەوە، بەڵام لە نوێژە بارانەدا دەستی ئەوەندە بەرزدەکردەوە بن هەنگڵی پیرۆزی دەبیندرا.

٢- کۆمەڵێکی تر لە هاوەڵانو چینی دوا هاوەڵان (تابعین) پێیان وایە دەست بەرزکردنەوە لەکاتی دوعاو پاڕانەوەدا دروستە، ئیمامی بوخاری لەئەبوموسای ئەشعەری ریوایەت دەکا؛ کە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پاڕایەوە دەستی بەرزکردبووەوە بن هەنگڵی پیرۆزیم بینی، هەروا فەرموودەیەکی لەم شێوە لەئەنەسەوە ریوایەت کراوە. ئیبنوعومەر دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ هەردووددەستی بەرزکردەوەو فەرمووی: (أَللَّهُمَّ إِنِّي أَبْرَأُ إِلَيْكَ مِمَّا صَنَعَ خَالِدٌ).

لە صەحیحی موسلیمدا لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ریوایەت دەکا؛ دەفەرموێ رۆژی بەدر پێغەمبەر ﷺ سەیری لەشکری کافرەکانی کرد کە ژمارەیان هەزا ربوو، هاوەڵانیشی سێ صەدو حەڤدە بوون، ئیتر پێغەمبەر ﷺ رووی کردە قیبلەو دەستی بۆ لای ئاسمان بەرزکردەوەو دەستی کرد بە نزاو پاڕانەوە. تیرمذي لە عومەرەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ کە دەستی بەرزدەکردەوە بۆ دوعاو پاڕانەوە تا دوو دەستی بەسەر دەمو چاویدا نەهێنایەو دەمو چاوی مەسح نەکردنایە دەستی شۆڕنەدەکردەوە.

ئیمامی قورطوبی دەفەرموێ: ئەم حەدیثو فەرموودانە زنجیرەی گێڕانەوەکەیان راست ترەو لەحەدیثی ئەنەس بەهێزترن.. ئەمجار دەفەرموێ: پاڕانەوەو دوعا لەخودا کارێکی باشە، چوونی بۆ گونجا با ئەنجامی بدا ئەگەر ویستی با روو بکاتە قیبلەو دەستی بەرزبکاتەوە ئەوە باشە، ئەگەر ویستی با دەست بەرز نەکاتەوە چونکە وەکوو لە حەدیثدا هاتووە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی دوعاو پاڕانەوەدا وابووە دەستی بەرزنەکردۆتەوە!.

باراندنی بارانو رواندنی گیاو گژ بەڵگەن لەسەر بەتوانایی خوداو زیندوبوونەوە دەچەسپێنن!

وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا سُقْنَٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا ۚ كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ ﴿٥٨﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار ئەوەی راگەیاند کە خۆی بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە، هەر خۆی هەڵسوڕێنەری بوونەوەرەو چی لە بوونەوەردا هەیە بۆ بەرژەوەندیی ئادەمیزادە، فێری چۆنیەتی دوعاکردنو پاڕانەوە لە خودای کردن، نەهی لە ئاشووبگێڕیو ئاژاوە نانەوە کرد، ئەوەشی راگەیاند کە رەحمەتو بەزەیی خۆی نزیکە لە چاکەکاران! ئادەمیزادان هۆشیار دەکاتەوە کە هەر خۆی رزقو زۆڕیدەرە، وە گرنگترین سەرچاوەی رزقو رۆزیی بارانە کە دەبێتە هۆی روانو دەرهاتنی گژوگیاو بەروبووم، هەر ئەویش دەتوانێ رۆژی قیامەت مردوان زیندوبکاتەوە، وەکوو چۆن زەوی وشکو برینگو مردوو بەهۆی بارانەوە زیندوو دەکاتەوەو فەرمووی: ﴿وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە لەپێش باران بارینداا با هەڵدەکا، ئەو بایە دەنێرێ وەکوو مزگێنی بەهاتنی رەحمەتی خۆی کە بارانە وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ الْغَيْثَ مِنْ بَعْدِ مَا قَنَطُوا، وَيَنْشُرُ رَحْمَتَهُ وَهُوَ الْوَلِيُّ الْحَمِيدُ﴾الشوری/٢٨. پەروەردگار کە ویستی باران ببارێنێ با هەڵدەکا ﴿حَتَّىٰ إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا﴾ جا کە بایەکە هەورە باراناوییەکەی هەڵگرت ﴿سُقْنَاهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَيِّتٍ﴾

ئەو هەورە باراناوییە بەهۆی بایەکەوە رادەفرێنین بۆ وڵاتێکی پێویستی بە باران بێ، ﴿فأنزلنا به الماء﴾ بەهۆی هەورەکەوە لەوێ بارانەکە دەبارێنینو زەوییەکە زیندو دەکەینەوە.

چونکە بەگوێرەی زانستی کەشو هەوا ناسیی ئەو هەوایەی لە رووبەری دەریاوە نزیکە بەهۆی کاریگەریی گەرمایییەوە هەڵم پەیدادەکا، ئەمجار بەرەو بەرزایی بەرزدەبێتەوە، بەهۆی هەوای ساردەوە ئەو هەڵمە کۆدەبێتەوەو تەکاثوف پەیدا دەکاو هەوری لی'پێک دێ، ئەمجار بەهۆی هێزی باوە ئەو هەورە دەڕۆیەندرێو بە ویستو ئیرادەی خودا باران دەبارێنێ.

ئەم مانایە لە زۆر ئایەتی قورئان دا دووبارە بووەتەوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَٰلِكَ النُّشُورُ﴾فاطر/٩.

یان دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ، وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ، يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ﴾النور/٤٣.

یان دەفەرموێ: ﴿اللَّهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاءِ كَيْفَ يَشَاءُ وَيَجْعَلُهُ كِسَفًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ، فَإِذَا أَصَابَ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾الروم/٤٨.

ئەمجار ﴿فأنزلنا به الماء فأخرجنا به من كل الثمرات﴾ بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها گژوگیاو بەروبووم لەزەوی دەڕوێنین، کە هەریەکەیان رەنگو قەبارەو شێوەو روخسارو تامو بۆنو بەرامی تایبەتی خۆی هەیەو هیچیان لەهیچیان ناچن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر بەتوانایی خودا رەحمەتو بەخششی بێ پایانی، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَفِي الْأَرْضِ قِطَعٌ مُتَجَاوِرَاتٌ، وَجَنَّاتٌ مِنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَاءٍ وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي الْأُكُلِ

﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾الرعد/٤.

جا وەکوو پەندی پێشینان دەڵێ: قسە قسە دێنێ، شت بەشت دەکەوێتەوە یاد، بۆیە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿كَذَلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَى﴾ وەکوو چۆن ئەو زەوییە مردووە بەو بارانە زیندوودەکەینەوەو هەموو ساڵێ سەرلەنوێ ئەو هەموو گژو گیاو دارو درەختە زیندوودەکەینەوە، هەر بەو جۆرەو ئاوا بەئاسانیو بێ ماندووبوون ئادەمیزادە مردووەکان لەکاتی خۆیدا زیندوو دەکەینەوەو گیانیان بەبەردا دەکەینەوە، ئەم لێکچواندنو تەشبیهەمان بۆ ئێوە روون کردەوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بەڵکوو ئێوە بەخۆتان دا بچنەوەو بیرێک لەخۆتان بکەنەوەو پەند ئامێز ببنو بڕوا بە رۆژی قیامەتو زیندووبوونەوە بکەنو بزانن ئەو خودایەی لەسەرەتاوە ئێوەی لە نەبووەوە دروست کردووە، دەتوانێ پاش مردن سەرلەنوێ دروستتان بکاتەوە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ﴾الأنبياء/١٠٤. یان دەفەرموێ: ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾الأعراف/٢٩.

جا چونکە ئامادەباشی ئادەمیزادان بۆ بڕواکردن بە رۆژی قیامەتو زیندووبوونەوە، بەگوێرەی سروشتو دڵو دەروونیان جوداوازیی تێدایە، ئادەمیزادی وا هەیە دەروون پاکو سروشت خاوێنە، بەپیر بانگەوازی ئیسلامییەوە دێو ملکەچی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی دەبێ! هی وایش هەیە دەروون ناپاکو سروشت شێواوە، پشت هەڵدەکاو روو وەردەگێڕێو گوێچکەی خۆی دەهاخنێ، بۆیە پەروەردگار ئەم لێکچواندنەی ئاراستە کردو فەرمووی: ﴿وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ﴾ واتە: زەوی پاکو خاوێنو گونجاو بۆ کشتو کاڵ بەفەرمانو ویستی خودا گژوگیاو رووەکو کشتوکاڵ بەباشیو بە رێکو پێکی دەڕوێو شین دەبێو زوو پێ دەگاو دێتە بەرهەم، ﴿وَالَّذِي خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا﴾ ئەو زەوییەی گڵو خۆڵەکەی پیس بێو نەگونجاو بێ بۆ کشتو کاڵ، بارانیشی لێ بباریٚ گژوگیای لێ شین نابێ، ئەگەر لێشی شین بێ بە کەمو کووڕیو بەناخۆشی؛ بێ بەرهەمو بێ خێرو بێرە!

ئیبنو عەبباس فەرموویەتی: ئەمە پەندو مەسەلە پەروەردگار هێناویەتەوە بۆ دەستنیشانکردنی موسوڵمانو کافر، واتە: خودای مەزن موسوڵمانی شوبهاندووە بە زەوی پڕ پیتو بەرەکەتو گونجاو بۆ کشتوکاڵ، کافرو خوانەناسیشی شوبهاندووە بە زەوی چەقەنو بێ خێرو نەگونجاو بۆ کشتوکاڵ!

هەر لەمانای ئەم ئایەتەدا فەرموودەیەکی پێغەمبەر هەیە ئیمامی ئەحمەدو بوخاریو موسلیمو نەسائی لە ئەبومووسای ئەشعەرییەوە دەیگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نموونەی ئەو پەیامەی کە خودا منی پێ رەوانە کردووە کە بریتییە لە هیدایەتو زانیاری؛ وەکوو بارانێکی خێرئامێزی زۆر وایە کە دەبارێتە سەر زەوییەک هەندێ لەو زەوییە نەرمانو پاکئو بێ خەوشە، گونجاوە بۆ کشتو کاڵو بارانەکە وەردەگرێو هەڵی دەمژێ، گیاو گژی زۆری لێ شین دەبێو بەروبوومی پێ دێتە بەرهەم، هەندێکیشی دەبێتە عەمباراوو ئاوەکە پەزمەندە دەکاو خەڵکی سوودی لێ دەبینن، لێی دەخۆنەوە، کشتو کاڵی خۆیانی پێ ئاودێر دەکەن!

هەندێکی تر لەو بارانە دەبارێتە سەر زەوییەک کە دەشتێکی کاکی بەکاکییە، یان چەقەنو رەقەنە، ئاوەکە وەرناگرێو هەڵی نامژێ گژوگیای پێ لێ نارِوێ، ئەمە پەندو نموونەیە بۆ کەسانێک کە لەئایینی خودا شارەزا بنو سوودی لە پەیامی من وەرگرتبێ، بۆ خۆی فێری ئایین بووبێو خەڵکی تریش فێر بکا، شوبهاندنی ئەو خوداپێداوانەیە بە زەوییە نەرمانو گونجاوەکە. هەروەها پەندو نموونەیە بۆ کەسانێک کە بەبانگەوازیەکەی من سەری بەرزنەکردبێتەوەو ئەو هیدایەتە خودایییەی منی پێ نێردراوم وەری نەگرێو کاری تێ نەکاو پێی پەند ئامێز نەبێ! ئەمەش شوبهاندنی ئەو بەدبەختو چارەڕەشانەیە بەو زەوییە خراپو بێ پیتو رووتەنو چەقەنانە.

هێنانەوەی پەندو بەراوردکردنو لێکچواندنی ئەو شتانە بەیەکتریی بۆ ئیقناع کردنی ئادەمیزادو هەڵنانیانە بۆ ئیمان هێنانو بیرکردنەوەو وردبوونەوە لە حەقائیقی شتەکان؛ بۆیە پەروەردگار فەرمووی: ﴿كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ﴾ واتە: وەکوو ئەو روونکردنەوەو

گۆڕانکاری‌یەی کە لەبوونەوەردا ئەنجامی دەدەین، ئاواش ئایەتەکان دووبارە دەکەینەوە ئەو ئایەتانەی کە دەسەڵاتو توانای ئێمە دیاریی دەکەنو بەڵگەن لەسەر هەبوونی توانای رەهاو بێ سنوورمان، ئەم ئایەتانە دووبارە دەکەینەوە بۆ ئەوانەی سوپاسگوزاریی نیعمەتەکانی ئێمەنو نیعمەتەکانی ئێمە کە پێمان بەخشیون لەشوێنی خۆیان دا بەکاریان دێنن، بۆیە ئەوانە شیاوی ئەوەن ئێمە زیاتر نیعمەتەکانمانیان بۆ زیاد بکەینو پاداشی باشیان بدەینەوە.

چیرۆکی حەزرەتی نووح (دروودی خوای لەسەر بێ)

لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥٩﴾ قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٦٠﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى ضَلَٰلَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦١﴾ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُوا۟ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٦٣﴾

فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾

لەسەرەتای سوورەتەکەدا چیرۆکی ئادەمی گێڕایەوە، ئەمجار لێرە بەولاوە یەکە یەکە چیرۆکی پێغەمبەران (دروودی خوایان لێ بێ) دەگێڕێتەوە، سەرەتا بە گێڕانەوەی چیرۆکی حەزرەتی نووح (علیه السلام) دەست پێ دەکا، چونکە نووح دووەم باوکی ئادەمیزادەو یەکەم پێغەمبەرە کە پەروەردگار دوای ئادەم (علیه السلام) ناردوویەتی بۆ سەر دانیشتوانی سەر

زەوی..

مەبەست لە گێڕانەوەی چیرۆکی پێغەمبەران هۆشیارکردنەوەیە بۆ پێغەمبەرو شوێنکەوتوانی: کە روو وەرگێڕانی ئادەمیزادان لە بانگەوازیی پێغەمبەران تایبەت نیە بە نەتەوەی قورەیشەوە کە لە رەگەزی پێغەمبەرن ﷺ بەڵکوو ئەم روو وەرگێڕانە دیاردەو هەڵوێستی هەموو نەتەوە پێشینەکان بووەو شتێکی گشتی‌یە، موصیبەتو بەلا کە گشتیی بوو قورسایی‌یەکەی سووک دەبێ، کورد وتەنی مردنی لەگەڵ هاوەڵان جەژنە پیرۆزەیە!

بەمەش پێغەمبەر ﷺ ئەزیەتدانی کافرەکانی لەسەرشان سووک دەبێو تەسەللای دڵی دێو بە شتێکی ئاسایی دەزانێو زیاتر لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور دەبێو ورەی پتر بەرزدەبێ! ئەوەتا لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ...**﴾هود/١٢٠.

لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەدا دەستنیشانکردنی سەرەنجامی تێدایە، سەرەنجامی ئەوانەی پشتیان هەڵکردووە روویان وەرگێڕاوە، کە نەفرین لێکردنو خەسارەتمەندیی دونیاو قیامەتیانە، لەدونیادا سەرشۆڕو ریسوا، لە قیامەتیشدا سزای ئاگری دۆزەخ.

سەرەنجامو ئاکامی موسوڵمانانیش سەربەرزیی دونیاو خۆشبەختیو کامەرانی رۆژی دوایی!

هەروەها لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەدا ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پەروەردگار -هەرچەندە ئەو تاوانکارانە بۆ ماوەیەک مۆڵەت دەدا، بەلام هەرگیز لەبیریان ناکاو وازیان لێ ناهێنێ، بەڵکوو تۆڵەیان لێ دەستێنێ! ئەمەش پەندو ئامۆژگاریی تێدایە بۆ چینەکانی ئادەمیزادو پێویستە دەرسی لێ وەربگرن، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ**﴾یوسف/١١١.

هەروەها گێڕانەوەی چیرۆکەکان بە رێکو راستی بێ گۆڕانکارییو هەڵە بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی موحەممەد ﷺ چونکە ئەو

نەخوێندەوار بووەو نووسینو خوێندنەوەی نەزانیوە، کەوابوو ئەوەمان بۆ دەچەسپێ کە پێغەمبەر ﷺ ئەو چیرۆکانەی بە نیگا بۆ هاتوونو لەخوداوە پێی راگەیاندراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیەکەی.

حەزرەتی نووح دروودی خوای لیٚ بیٚ کوڕی لامک کوڕی متوشلخ کوڕی ئەخنوخ کە حەزرەتی ئیدریسی کوڕی یارد کوڕی موهەلئیل کوڕی قینان کوڕی ئەنوش کوڕی شیث کوڕی ئادەم بابە گەورەی ئادەمیزادە.[4]

حەزرەتی نووح یەکەم پێغەمبەرەکە نێردراوە بۆ سەر نەتەوەیەکی موشریکئو هاوەڵ پەیدا کەر، لە صەحیحی موسلیم دا فەرموودەیەک لە ئەبوهورەیرەوە دەربارەی شەفاعەت ریوایەت دەکا دەفەرموێ: (يَا نُوحُ أَنتَ أَوَّلُ الرُّسُلِ إِلَى الأَرْضِ) بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە حەزرەتی نووح سەرقافڵەی پێغەمبەرانە، هەروەها یەکەم پێغەمبەرە کە یاسای یاساغکردنی مارەکردنی کچو خوشکئو پووری راگەیاندووە، لەوەپێش پیاو بۆی حەلاڵ بووە ئەوانە مارە بکا.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێ: هیچ پێغەمبەرێک بەئەندازەی حەزەرتی نووح لەلایەن نەتەوەکەیەوە تووشی ئەزیەتو ناڕەحەتی نەبووە مەگەر پێغەمبەرێک کەبەدەستی گەلەکەی شەهید کرابێ، پەروەردگار کردی بە پێغەمبەرو رەوانەی کرد بۆ سەر گەلەکەی، ئەو کاتە تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، دارتاشی باشی زانیوە.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: کە کراوە بە پێغەمبەر تەمەنی چل ساڵ بووە، پاش زریانو تۆفانیش شەصت ساڵ ژیاوە.

یەزیدی رەققاشی دەڵێ: بۆیە پێی دەگوترێ: نووح چونکە زۆر بۆ حاڵی خۆی گریاوەو ئاخو ئۆفی کردووەو بەزەیی بەخۆیدا هاتووە. بێگومان لەنێوان رۆژگاری حەزرەتی ئادەمو رۆژگاری حەزرەتی نووحدا دە سەدە تێپەڕیوە هەموو ئادەمیزادان موسوڵمانو خوداپەرست بوون.

---

[4] سەرچاوەی ئەم زنجیرەو نەژادە سەرچاوەی متمانە پێ کراو نین، زانینو نەزانینیان ج گرنگییەکی ئەوتۆی نیە.

ئیمامی تیرمیذیو هی تریش دەفەرموون: هەموو ئادەمیزادانی ئێستا وەچەو نەوەی حەزرەتی (نووح)ن.

ئیمامی زوهری دەڵێ: عەرەبو فارسو رۆمو دانیشتوانی شامو یەمەن لە نەوەی (سام)ی کوڕی نووح کەوتوونەوە. سندیو هیندیو زنجو حەبەشی‌یەکانو زوطەکانو هەموو رەش پێستەکان لە نەوەی (حام)ی کوڕی (نووح)ن.

تورکئو بەربەرو چینی‌یەکانو یەئجوجو مەئجوجو صەقالیبەکان هەموویان لە نەوەی (یافث)ی کوڕی (نووح)ن.

سەرەتا کە بتپەرستی پەیدا بوو بەم جۆرە بووە؛ کۆمەڵێک ئادەمیزادی خوداپەرستی راستاڵ مردن گەلو نەتەوەکانیان لەسەر گۆڕەکانیان مزگەوتو پەرستگایان دروست کردو پەیکەریان بۆ تاشینو وێنەیان بۆ دروستکردن تا لەیادیان نەچنەوەو شێوەو روخسارو چۆنیەتی خوداپەرستییان لەبەرچاویان بێو ئەمانیش چاو لە ئەوان بکەن، جا کە رۆژگاریان کۆن بوو ماوەیان زۆر بەسەردا تێپەڕی ئەو پەیکەرانەیان بەناوی پیاوە صاڵحەکانەوە ناوناو دەستیان کرد بە پەرستنیان، ناوی هەندێک لەو پەیکەرانەی بەناوی پیاوچاکەکانەوە نێودێر کرابوون (ود، سواع، یغوث، یەعوق، نەسر) بوون، جا کە دیاردەی بتپەرستی بڵاوبووەوەو پەرەی سەند پەروەردگار حەزرەتی (نووح)ی ناردە سەریانو فەرمانی پێ کردن کە هاوەڵ بۆ خودا دانەنێنو بەتەنیا خودا بپەرستن.

قورئانی پیرۆز لە چلو سیْ شوێندا باسی حەزرەتی نووحی کردووە، لە سوورەتەکانی: الأعراف، هود، المؤمنون، الشعراء، القمر، نووحدا- چیرۆکی ئەم پێغەمبەرە پایەبەرزە بەدرێژی باس کراوە، پوختەی چیرۆکەکەی ئەوەیە: بانگی نەتەوەکەی کردووە بۆ یەکتاپەرستییو وازهێنان لە بتپەرستی، بەڵام گەلەکەی بەربەرەکانییان کردو بەرپەرچییان دایەوەو ئەزیەتیان داو- لەجیاتی ئەوەی شوێن پەیامی نووح بکەون شوێن دابو نەرێتی بریْ لە ملهوڕەکانی خۆیان کەوتن، فرتو فێڵی گەورەو سامناکیان ئەنجام دان، بڕیاری ئەوەیان دا کەبە هیچ شێوەیەک واز لە بتپەرستیی نەهێنن، سووربوون لەسەر ئەوەی کە ود، سواع، یەغوث، یەعوق، نەسر، شیاوی پەرستنو بەخودایان دەزانین، سەرباری ئەوەش بە لووتبەرزییو سەرڕەقی‌یەوە بە حەزرەتی (نووح)یان گوت:

تۆ زۆرت لەگەڵ گوتینو سنوورت بەزاند، زیاد لەئەندازە پێکێشیت لێ کردینو سەرت ئێشاندین، وازمان لێ بێنە، دڵنیابە ئێمە واز لەو بتپەرستییەی خۆمان ناهێنین، ئەو سزایەی هەڕەشەمان پێ لێ دەکەی بۆمان بێنەو بێ منەت بە!

حەزرەتی نووح ﷺ وەڵامی دانەوەو فەرمووی: سزادانی ئێوەو هاتنی عەزاب بەدەست من نیەو بەدەست پەروەردگارە، خۆی چۆنی بوێو کەی ئیرادە بکا عەزابتان بۆ دەنێرێ!

جا کە حەزرەتی نووح لە ئیمان هێنانی گەلەکەی نائومێد بوو، سەرباری ئەوەی نۆ سەدو پەنجا ساڵ بانگەوازی بۆ کردنو چ کاری تێ نەکردن، نزای لەناوچوونی لە قەومەکەی کرد، پەروەردگار فەرمانی پێ کرد کە کەشتی رزگاربوون دروست بکا، ئەویش کەرەستەی پێویستی ئامادەکردو دەستی بە دروستکردنی کەشتییەکە کرد، هەر کە گەلەکەی تاقم تاقمو پۆل پۆل بەلای دا تێدەپەڕین، گاڵتەیان بە حەزرەتی نووحو کردەوەکەی دەکرد، کە کەشتی یەکە تەواو بوو پەروەردگار فەرمانی بە نووح کرد -کە جگە لە ژنەکەی- هەموو خاوخێزانی بخاتە ناو کەشتی یەکەوە، هەروەها هەموو ئەوانەی ئیمانیان پێ هێناوە لەتەک خۆیدا هەڵیان بگرێ، هەندێک دەڵێن: ژمارەیان شەش کەس بوون، هەندێک دەبێژن ژمارەیان چل کەس بووە، هەروەها فەرمانی پێ کرا کە لە رەگەزی هەموو گیانلەبەرێک نێرو مێیەک بخاتە ناو کەشتی یەکەوە، ئەمجار تۆفان هەڵساو تەندووری ماڵی نووح ئاوی لێ هەڵقوڵاو لەهەموو شوێنێک ئاو هەڵدەقوڵاو لافاو هەڵدەستا، هەتا تۆفان هەڵساو هەموو کونو قوژبنێکی سەرزەوی گرتەوە، جگە لەوانەی لەناو کەشتی یەکەدا بوون هەموو ئادەمیزادو گیانلەبەرانی تر خنکانو لەناو چوون!

ئەمجار پەروەردگار فەرمانی بە زەوی کرد کە ئاوی خۆی هەڵقوڕێنێو فەرمانی بە ئاسمان کرد واز لە باران باراندن بهێنێ، کار سەری گرتو تۆفان وەستاو کەشتی یەکە لەسەر کێوی جودی -کە کەوتۆتە هەرێمی کوردستانو ناوچەی دیاربەکر- وەستاو لەنگەری گرت، ئەوانەی لەناو کەشتی یەکەدا بوونو رزگاریان بووبوو دابەزینو سەرلەنوێ ژیانی ئاساییان دەست پێ کردەوە.

زانایانی ئیسلامو مێژوو زانان دەربارەی تۆفانەکە دوو رایان هەیە:

تاقمێکیان دەڵێن: تۆفانەکە هەموو زەوی گرتۆتەوە، چونکە زانیاریی شوێنەوارناسی دەریخستووە کە لەسەر بەرزاییەکانو سەرانسەری کێوو کەژەکان پاشماوەی ئاژەڵو شوێنەواری تۆفانەکە هەستی پی دەکرێ.

کۆمەڵێکی تریان دەبێژن کە تۆفانەکە تەنیا ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە کە حەزرەتی نووحو گەلەکەی تێیدا بوون، ئەویش ولاتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بووە.

پێویستە ئەوە بزانرێ کە بەلاو موصیبەتو سزا جاری وا هەیە گشتیو سەرتاسەر دەبێ، سزاو عەزابی خودا کە هات تایبەت نابێ بە ستەمکارو تاوانبارانەوە، بەڵکوو منداڵو بێتاوانو بەستەزمانو هەموو گیانلەبەرو ئاژەڵو باڵندەو خشۆکو پێرۆ دەگرێتەوە! ئەی ئەوە نیە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَاتَّقُوا فِتْنَةً لا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً﴾الأنفال/٢٥.

حەزرەتی نووح دوو دوعاو پاڕانەوەی کردن دوعایەکیان بۆ موسوڵمانانو دوعایەکیان لە کافرەکان. دوعای یەکەمی کە بۆ موسڵمانەکانی کرد ئەوەبوو فەرمووی: ﴿رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وللمؤمنين والمؤمنات﴾نوح/٢٨.

دوعای دووهەمی کە لەکافرەکانی کرد ئەوەبوو فەرمووی: ﴿رَبِّ لاَ تَذَرْ عَلَى الأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا إِنَّكَ إِنْ تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ وَلاَ يَلِدُوا إِلاَّ فَاجِرًا كَفَّارًا﴾نوح/٢٧.

تۆفانەکە جیاکەرەوەی خوداپەرستو کافرەکان بوو؛ هەرچی ئیمانی بە حەزرەتی نووح هێنا لە خنکان رزگاری بوو، هەرچی بڕوای نەکرد سەری تێدا چوو، تەنانەت کوڕەکەی نووح لەپێری خنکاوان بوو، چونکە ستەمکارو بێبڕوا بوو، کۆمەڵێک لە زانایانی ئیسلام پێیان وایە ئەو کوڕە کوڕی راستی حەزرەتی نووح بووە، هەندێکیش دەڵێن: کوڵەبەسەی بووە؛ واتە: کوڕی ژنەکەی بووە لە مێردێکی تری نەک کوڕی خۆی!

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ قەبارەو پانتایی کەشتییەکە نەکردووە، لە سوورەتی (یس/٤١)دا بە (الفلك المشحون) دەستنیشانی کردووە، لە

سوورەتی (البقرة)یشدا بە (ذات ألواح ودسر) وەصفی کردووە.

ئەمجار با بزانین قورئانی پیرۆز چۆن چیرۆکی پڕ کارەساتی تۆفانو سەرگورشتەی حەزرەتی نووح دەگێڕێتەوە!

پەروەردگار لێرەدا سوێند بۆ ئەهلی مەککەو هی تریش دەخواو دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ ئەی دانیشتوانی مەککە! ئەی هەموو ئادەمیزاد! سوێند بێ؛ ئێمە (نووح)مان بۆ سەر گەلەکەی رەوانەکرد، بۆ ئەوەی گەلو هۆزەکەی لە سزای خودا بترسێنێ بەتەمای بەهەشتو بەخششی پەروەردگاریان بکا، بۆ ئەوەی بانگەوازییان ئاراستە بکا واز لە بتپەرستی بهێنن، خودای تاکو تەنیا بێ هاوتا بپەرستن، یەکتاپەرستی رەچاو بکەن، جگە لە پەروەردگار کەسی تر بە خودا نەزانن و بەندایەتی زاتی پاکی ئەو بکەنو بەس.

ئەویش پەیامی خۆی راگەیاندو ﴿فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ پێی گوتن: ئەی گەلو هۆزەکەم! خودا بپەرستن واز لە پەرستنی ئەو بتانە بهێنن! بەندایەتیو خوداپەرستی هەر بۆ خودا بکەن، هەموو عیبادەتێکتان بۆ زاتی پاکی ئەو ئەنجام بدەن، چونکە جگە لە خودای پەروەردگارو کردگارو زاناو دانا، ئێوە خودای ترتان نین، کەسی تر شیاوی پەرستشو بەندایەتی بۆکردن نیە، نزاو پاڕانەوە، داوای خێرو خۆشی هەر ئاراستەی خودا دەکرێ، هەر پەروەردگار بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەرە ملکو دەسەڵاتی بوونەوەر بەدەست خۆیەتی چۆنی بوێ ئاوا هەڵیدەسوڕێنێو وەگەڕی دەخا، هەر ئەو خودای حەقو خاوەن دەسەڵاتو توانایە بەسەر بوونەوەردا، هەر ئەو شیاوی پەرستنو بەپیرۆز زانینو رێز لێگرتنە.

ئەمجار هۆی فەرمانکردنی بە خوداپەرستی پێیانو جڵەوگیری لێکردنیان لە بتپەرستی روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ئەگەر بەگوێم نەکەنو بەپیر بانگەوازییەکەمەوە نەیەن ئەوە ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ من دەترسم تووشی سزای سەختی رۆژی قیامەت ببن، ئەگەر ئێوە لەسەر بتپەرستی خۆتان بەردەوام بن رۆژی قیامەت کە دەچنەوە بەر قاپی خودا

سزای سەختتان بداو تۆڵەی ئەم سەرپێچیکردنو پشت هەڵکردنەتان لێ بستێنێ.

ئەو ڕۆژەی کە پەروەردگار بە (یوم عظیم) ناوی بردووە، دەگونجێ ڕۆژی قیامەت بێ، یان ڕۆژی هاتنی عەزابەکەو هەڵسانی تۆفانەکەیە.

جا گەلو هۆزەکەی نووح لەجیاتی ئەوەی بەپیر بانگەوازییەکەیەوە بێنو واز لە بتپەرستی بێنن، ئەوەندەی تر شێتگیر بوونو یاخی بوون: ئەوەتا قورئان دەفەرموێ: ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ پیاوماقوڵو قسە ڕۆیشتوو سەرۆکئو کاربەدەستەکانی گەلەکەی بە حەزرەتی (نووح)یان گوت: ئێمە تۆ بە گومڕاو سەرلێتێکچوو دەزانین، پێمان سەیرە تۆ ئەوەندە گومڕاو سەر لێشێواو بێ بە ئێمە بڵێی واز لە بتپەرستی ئەو بتانە بهێنن! تۆ چۆن بە خۆت ڕادەپەرمووی ئەو داوایەمان لێ بکەی!؟ ئەوانە خوداو پەرستراوی ئێمەن، -ود و سواعو یەغوثو یەعوقو نەسر- تکاکارو شەفیعو واسیتەو وەسیلەی ئێمەن لای خودا؛ لەسایەی ئەوانەوە بەبەرەکەتو خێری ئەوان کرداری باشمان گیرا دەبێو داواکانمان جێبەجێ دەکرێ، ئێمە بەبێ ئەوان ناتوانین لەخودا بپارێینەوە، پوختەی قسەی ئەوان ئەوەیە، دەڵێن: تۆ وا لە گومڕاییدا نوغرۆ بووی هەرگیز ڕێگای ڕاستو باشو هیدایەت ئامێز نابینیەوە!

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى ضَلَٰلَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾

حەزرەتی نووح فەرمووی: ئەی گەلو نەتەوەکەم! من گومڕاو سەرلێشێواو نیم، من کە فەرمانتان پێ دەکەم بەیەکتاپەرستیو وازهێنان لە بتپەرستی بە سەرلێشێواو حلێب ناکرێم، بەڵکوو من ڕەوانەکراوی پەروەردگارمو پێغەمبەری فەرمان پێکراوم کە ئامۆژگاری ئێوە بکەم، ڕێگای ڕاستو سەرفرازیتان نیشان بدەم، بتانخەمە سەر ڕێبازێک بەختەوەری دونیاو قیامەتی ئێوەی تێدا بێ، لە فەوتانو چارەڕەشی هەمیشەیی بتانپارێزم.

پەروەردگار منی ڕەوانە کردووە بۆ سەر ئێوەو کردوومی بە پێغەمبەر، منیش ئەرکی سەرشانی خۆم ئەنجام دەدەم ﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى﴾ پەیامی پەروەردگاری خۆمو خۆتان پێ ڕادەگەیەنم، ئەوەی پێم گوتراوە

بیگەیەنم بە ئێوە، بۆیە رەوانەکراوم یەکتاپەرستیو خوداناسیتان فێر بکەم، بڕوا بە رۆژی قیامەتو راستی پێغەمبەرایەتیو هەبوونی فریشتەو بەهەشتو جەهەننەم بکەن. فێری ئادابو خوداپەرستیو هەڵسو کەوتی جوانتان بکەم. رێگای ژیانی بەختەوەری دونیاو قیامەتتان نیشان بدەم ﴿وَأَنْصَحُ لَكُمْ﴾ ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەو خاڵصتان دەکەم، ئامۆژگارییەکی بێ فێڵو دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆمتان دەکەم، دەتانترسێنم لە سزاو تۆڵەی خودا، ئەگەر لەسەر کوفرو بێدینی خۆتان بمێننەوەو پەیامی من بەدرۆ بزانن‌و ئامۆژگاریەکانم رەت بکەنەوە، پەروەردگار تووشی سزای بەئێشتان دەکا.

تەمیمی داری دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ، قُلْنَا لِمَنْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: لِلَّهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ).*

دڵنیابن من کە ئەم بانگەوازیو ئامۆژگاریانەتان دەکەم ﴿أَعْلَمُ مِنَ اللهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ شتێک دەزانم زانستو زانیارییەکم لەخوداوە بۆ هاتووە دەربارەی ئاکامو سەرەنجامی ئەم بوونەوەرە ئێوە هیچی لێ نازانن.

من دەزانم سەرەنجامی کوفرو بێدینی چۆن دەبێ، ئامۆژگارییەکانم بۆ ئێوە لە زانستو سەرچاوەیەکی یەقینەوە سەرچاوەی بەستووە ئێوە بێ‌ئاگانو هیچی لێ نازانن!

بەڵێ: ئەمە ئەرکو کاری پێغەمبەرانە، دەبێ راگەیەنەربێ، زمان رەوانو ئامۆژگاریکەر بێ، دەبێ زانیاری تەواوو یەقینی دەربارەی یەکتاپەرستیو دەسەلاتو صیفاتەکانی تری خودا هەبێ، دەبێ بزانێ ئاکامی کوفرو بێدینیو یاخیبوون لە خودا سزای سەختو بەئێشی خودایە.

لە صەحیحی موسلیم دا هاتووە کە لە رۆژی عەرەفەدا کە زۆرترینی موسوڵمانانی لێ کۆبووبوونەوە پێغەمبەر ﷺ رووی کردە هاوەڵانیو فەرمووی: خەڵکینە! ئێوە دەربارەی من پرسیارتان لێ دەکرێ، ئێوە چی دەڵێن؟ وتیان: شایەتی دەدەین کە پەیامی خۆت گەیاندو ئەرکی سەرشانی خۆت جێبەجێ کرد، بانگەوازیو ئامۆژگاری خۆت ئەنجام دا، ئیتر پێغەمبەر

* ئیمامی موسلیم و ئەبو داوودو نەسائی ریوایەتیان کردووە.

ﷺ پەنجەی پیرۆزی بەرەو ئاسمـان بـەرزکردەوەو فـەرمووی: (أللهُمَّ اشْهَدْ، اللهُمَّ اشْهَدْ).

ئـەمجار پـەروەردگار ئـەوەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە حـەزرەتی نـووح بـە گەلەکەی فەرموو: ﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَنْ جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِنْكُمْ لِيُنْذِرَكُمْ﴾ ئەرێ ئێوە مـن بـەدرۆ دەخەنـەوەو بڕوام پـێ ناکـەنو بەلاتانـەوە سەیرو عەجایەبە کە لە خوداوە پێغەمبەرتان بـۆ سـەر نێردراوەو پـەیامی بـۆ هێناون؛ پێتان سەیرە پەیامی یادخەرەوەتان لەسەر زوبانی مرۆیەکی لـەخۆتان بۆ ناردوون؟! بۆ ئەوەی بتانترسێنێ لە ئاکامو سەرەنجامی سەرکێشیو کوفرو بێدینی ﴿وَلِتَتَّقُوا﴾ بۆ ئەوەی ئامادەباشیتان تێدا بخولقێنێ بۆ تەقواکارییو پابەندبوون بە جێبەجێکردنی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی ﴿وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ بۆ ئەوەی شیاوی رەحمەتی خودا بنو بەزەیی پێتاندا بێتەوە، ئەو رەحمەتـەی بۆ تەقواکارانو خودا پەرستانی داناوە ئێوەش بگرێتەوە.

ئـەوە جێگـای سەرسـوڕمان نیـە کـە پـەروەردگار نیگـا بـۆ پیـاوێک لـە رەگەزی خۆتان بکا، رەحمتان پـێ بکـا، چاکـەتان لەگـەڵ دا بکـا، بـۆ ئـەوەی بتانترسێنێ، بۆ ئەوەی ئێوە خۆتان لە سزاو تۆڵەی بەهێزو ترسـناکی بپـارێزن، هاوەڵی بۆ دانەنێن بەڵکوو بەزەیی پێتان دا بێتەوە بەهۆی بەندایەتیکردن بـۆ زاتی پاکیو ئیمان هێنـان بـە پێغەمبـەرانی، بـەڵام گـەلی نـووح گوێبیسـتی بانگەوازیی حەق نەبوون، درێژەیان بە رەوشـتی ناپەسـەندی خۆیـان دا، زیـاتر سووربوون لەسەر بەدرۆخستنەوەی حەزرەتی نووحو رەتکردنـەوەی پەیامـەکـەی ﴿فکذبوه﴾ بەدرۆیان خستەوەو روویان لێ وەرگێڕا، کەمێکیان نەبێ بڕوایـان پـێ نـەکرد، وەکـوو لـە شـوێنێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ﴾هود/٤٠.

هەندێک دەڵێن: ئەوانەی بڕوایان پێ کرد ژمارەیان سێزدە کـەس بـوون؛ حەزرەتی نووحو کوڕەکانی: سام، حـام، یـافثو خێزانـەکانیانو شـەش کەسـی تریش کە ئیمانیان هێنابوو.

هەندێک دەڵێن: چل، یان هەشتا کەس بوون، چـل پیـاوو چـل ژن. تۆفـان

بەرپابوو کارەسات دەستی پێ کرد ﴿فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ فِي ٱلْفُلْكِ﴾ نووحو ئەوانەی بڕوایان پێکردبوو لەکەشتییەکەدا رزگارمان کردن، ﴿وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ ئەوانەی ئایاتی ئێمەیان بەدرۆخستەوەو ئینکاری تۆفانیان کرد، بە تۆفان خنکاندمانن، چونکە کافربوونو درێژەیان بە گومڕاییو هاوەڵدانان بۆ خودا دا ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا عَمِينَ﴾ بێگومان ئەوانە گەلو نەتەوەیەکی حەق نەبین بوون؛ لە ئاستی بینینی حەق دا کوێر بوون، بەچاوی دڵیان حەقو راستییان نەبینیو شارەزای نەبوون.

ئاوا بەو شێوە لەم چیرۆکەدا پەروەردگار ئەوەی روونکردەوە کە تۆڵەی خۆشەویستانی لە دوژمنانیان دەستێنێ، پێغەمبەرەکەیو موسوڵمانانی رزگار کردن.

چیرۆکی هوود درودی خوای لەسەر بێ

﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾ قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ ﴿٦٦﴾ قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَٰكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٦٧﴾ أُبَلِّغُكُمْ رِسَالَاتِ رَبِّي وَأَنَا لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ

وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِى ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةً ۖ فَٱذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٦٩﴾ قَالُوٓاْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا ۖ فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٧٠﴾ قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ ۖ أَتُجَٰدِلُونَنِى فِىٓ أَسْمَآءٍ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٧١﴾

فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا ۖ وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ ﴿٧٢﴾

هۆزی عاد گەلی حەزرەتی (هوود)ن (دروودی خوای لیّ بیّ) ئەم نەتەوەیە کۆنترین نەتەوەیەکن کە شویّنەوارو پاشماوەی کۆنینەیان مابیّ، وا پیّ دەچیّ رۆژگاری ئەمان پیّش رۆژگاری حەزرەتی ئیبراهیم بیّ، بۆیە لە بارو گونجاوە کە دوابەدوا چیرۆکی حەزرەتی نووحو گەلەکەی باسی چیرۆکی هوودو گەلەکەی بکریّ، چونکە ئەم نەتەوەیە دوابەدوای گەلی نووح هاتوون بوونە میراتگری ئەوان، ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ﴾ دیارە خەڵک ئاگاداری رووداوی تۆفانی نووح بوونو ئەم رووداوە میّژووییە بیّ ویّنەیان لەیاد بووە، کەوابوو حەزرەتی هوود کە بەگەلەکەی دەفەرمویّ: ﴿أَفَلَا تَتَّقُونَ؟﴾ ئاماژەیە بە ترساندنیان بە سزایەکی لەو جۆرە سزایەی کە دووچاری گەلی نووح بوو!

ئیبنو ئیسحاق لە کەلبییەوە دەگیّریّتەوە دەڵیّ: گەلی عاد بتپەرست بوون، بتیان لەسەر شیّوەو روخساری ودو سواعو یەغوثو یەعوقو نەسر دروست کردبوو، صەنەمیّکی تریان دروست کردبوو ناویان نابوو صەمود

یەکێکی تریان هەبوو پێیان دەگوت: هەتتار. پەروەردگار هوودی کردە پێغەمبەرو ناردی بۆ سەریان حەزرەتی هوود لە هۆزێک بوو پێیان دەگوت (خلوود).

حەزرەتی هوود لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندیی بوو، پیاوێکی شۆخو شەنگ بوو، بانگەوازیی گەلەکەی کرد بۆ خوداپەرستیو فەرمانی پێ کردن کە واز لە بتپەرستی بهێننو یەکتاپەرستی بکەن، واز لە ستەمکاریی بهێننو خەڵکی نەچەوسێننەوە، ئەوانیش بەگوێیان نەکردو سەرپێچییان کرد، زێدو وڵاتو نیشتەمەنییان لەئەحقافی یەمەن بوون، واتە: لە کێوەکانی (الرحل) لەنێوان عومانو حەضرەمەوتی یەمەن نیشتەجێ بوون، ئاشووبو ئاژاوەیان لەهەموو دونیادا بڵاوکردبووەوە، ستەمیان لە خەڵک دەکرد، بەهۆی هێزو توانای تایبەتی خۆیانەوە ئادەمیزادیان دەچەوساندنەوە.

گەلی عاد هۆزێکی عەرەب بوون لەیەمەن، لە باکووری حەضرەمەوت لەناوچەی ئەحقافدا نیشتەجێ بوون، چەند بتو صەنەمێکیان هەبوو دەیانپەرستن، ناوی صەنەمەکانیان: (صەدا، صەموود، هەتار) بوو. ئەمانە عادی یەکەمن. عادی دووەم دانیشتوانی یەمەنن لە قەحطانو سەبەء. جگە لە قورئانی پیرۆز هیچ لە نامە ئاسمانییەکانی تر باسی عادیان نەکردووە پەروەردگار هوودی کرد بە پێغەمبەرو ناردی بۆ سەریان.

حەزرەتی هوود کوڕی شاڵخ کوڕی ئەرفەخشەو کوڕی سام کوڕی نووحە، کە حەزرەتی هوود چووە سەریانو بانگەوازیی کردن بۆ ئیمان هێنان، بەپیر بانگەوازییەکەیەوە نەهاتن، بەدرۆیان خستەوەو سەر رەقیو سەرکێشیان کرد، پەروەردگار سێ ساڵ بارانی لێ گرتنەوە، هەتا گرانیو بێبارانی تەواو تینی بۆ هێنان، خەڵکی کە تووشی بەڵاو تەنگانە دەبوون لەخودا دەپاڕانەوە، پەروەردگار سێ جۆر هەوری لەئاسمان دا نیشان دان، -هەوری سپی، سوور، رەش- بانگیان لێ کرا چ هەورێکیان دەوێ بارانتان بۆ ببارێنێ وتیان هەورە رەشەکە هەڵدەبژێرین، پێیان وابوو ئەو زیاتر بارانی پێیە، بەتەمای ئەوەبوون خێریان لێی دەست بکەوێ، وتیان: ﴿هَـٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا﴾ ئەم هەورە بارانمان بۆ دەبارێنێ، بەڵام رەشەبایەکی سەختی پێ بوو بایەکەیان رێ

کەوت، هەموویان لەناوچوون جگە لە حەزرەتی هوودو ئەوانەی ئیمانیان پێ هێنابوو!! حەزرەتی هوود ﷺ دوای بەهیلاکچوونی عاد لە ولاتی حەضرەمەوتدا نیشتەجێ بوو هەتا لە دونیا دەرچوو، لە رۆژهەلاتی زێدی عاد دوو قۆناغە رێ لەشاری (تریم) نزیکێ دۆلی بەرهووت نێژراوە.

دەی با بزانین قورئانی پیرۆز چۆن ئەم چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە؟ دەفەرموێ: ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا﴾ واتە: هوودمان بۆ سەر هۆزی عاد کە لە رەگەزدا یەکێک بوو لەو هۆزە -نەک برای ئایینیان بوو- واتە: لە رەگەزی خۆیان بوو لە رەگەزی فریشتە نەبوو، بۆ ئەوەی لە ئاخاوتنی تێبگەنو هەلسوکەوتی کاریان تێ بکا، ئەخلاقو رەوشتی جوانی ببێتە پالپێوەنەر بۆ ئیمان هێنانی ئەوان پێی.

حەزرەتی هوود کە رەوانە کرا بۆ سەریانو دەستی بە بانگەوازیی کرد ﴿قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ وتی: ئەی گەلو هۆزەکەم! تەنها خودا بپەرستن، هەر پەروەردگار بەشیاوی بەندایەتی بۆکردن بزانن، هیچ شتێکی تر مەکەن بە خوداو بە هاوشانی پەروەردگار، جگە لە خودای تاکو تەنیاو بێ وێنە ئێوە خودای ترتان نیە، لە خۆڕاییی ئەو بتو صەنەمانە بەخودا مەزانن ﴿أَفَلَا تَتَّقُونَ؟﴾ ئەرێ ئێوە بۆ لەخودا ناترسێن؟ بۆ بەندایەتیو ملکەچی بۆ ئەو ناکەن؟ بۆ واز لە پەرستنی ئەو بتو صەنەمانە ناهێنن؟ بۆ خۆتان لە سزای دۆزەخ ناپارێزن؟

وا دیارە ئەم قسانەی حەزرەتی هوود لەسەر شانی گەلەکەی گەلێک قورس بوو، پێیان ناخۆش بوو یەکێک لە خۆیان بانگەوازییان بکا بۆ هیدایەتو خوداپەرستی! لەسەر شانیان گران بوو یەکێک لە خۆیان نارەزایی بەرامبەریان دەرببڕێو بەبێ دینو تەقوانەکەریان دابنێ! ئیتر چاویان لێ پەرییە پشتی سەرو پێیان وابوو حەزرەتی هوود نەفامو گێلە، بۆیە بەبێ شەرمانە پێغەمبەری خۆیان تۆمەتبار کرد بە بێ عەقلو درۆزنو گێلو نەفام ﴿قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ﴾ پیاو ماقولو سەرۆکو قسە رۆیشتووەکانیان ئەوانەی ئیمانیان پێ نەهێنا لە گەلەکەی وتیان: ﴿إِنَّا لَنَرَاكَ

فِي سَفَاهَةٍ﴾ بەڕاستی ئێمە تۆ بە گێلو نەفام دەزانین کە واز لە ئایینی خۆت دەهێنیو ئایینێکی تر وەردەگری!

﴿وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ ئێمە پێمان وایە تۆ لەم ئاخاوتنو بانگەوازییەتدا، لە ئیدیعای ئەوەدا کە دەڵێ من پێغەمبەرمو لەخوداوە بۆ سەر ئێوە نێردراوم یەکێکی لەو درۆزنانەی کەبەدرۆ لافی پێغەمبەرایەتی لێ دەدەن، درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن.

بەڵێ هەروا بەهەوانتەو بێ شەرمو حەیا، بەبێ تێفکرینو وردبوونەوەو هەبوونی بەڵگە ئاوا حەزرەتی هوودیان تۆمەتبار کرد!

حەزرەتی هوود زۆر بەئەدەبو حیشمەتەوە، بەچاوپۆشیو لێبوردوییەوە ﴿قَالَ يَاقَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ﴾ ئەمیش وەکوو حەزرەتی نووح پاکانەی بۆ خۆی کردو وتی: ئەی گەلو هۆزەکەم! من هیچ دیاردەیەکی گێلیو نەفامیم پێوە نیە، هەرگیز گومڕاو ئەحمەق نیمو سەرلێشێواو نەبووم، ﴿وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ بەڵکوو من پێغەمبەرمو لەلایەن پەروەردگاری بوونەوەرەوە رەوانە کراوم، خودا منی بۆ سەر ئێوە ناردووە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانتان بەرامبەر پەروەردگار بۆتان روون بکەمەوە، پەیامی پەروەردگارتان پێ رابگەیەنمو رێبازی ژیانی بەختەوەری هەردوو دونیاتان نیشان بدەم!

کاری سەرەکی من ﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَالَاتِ رَبِّي﴾ پەیامو ئامۆژگارییەکانی خوداتان پێ رادەگەیەنم، ئایینی پەسەندو خوداویستتان فێردەکەم ﴿وَأَنَا لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ﴾ من لەراگەیاندنی پەیامی پەروەردگارو ئامۆژگارکردنم بۆ ئامۆژگاریکەرێکی دڵسۆزمو فرتو فێڵتان لێ ناکەم، درۆ هەڵبەستو خیانەتکار نیم!

دیارە گەلەکەی هوود پێیان سەیر بووە -وەکوو چۆن پێش ئەوان گەلی نووح سەرسام بوون- کە لەخۆیانو لە رەگەزو هۆزی خۆیان خودا پیاوێک هەڵبژێریو بیکاتە پێغەمبەرو رەوانەی بکا بۆ سەریانو پەیامی پەروەردگاریان پێ رابگەیەنێ!! بۆیە حەزرەتی (هوود)یش هەمان ئاخاوتنو

هەڵوێستی حەزرەتی نووح دووبارە دەکاتەوە، دەڵێی هەردووکیان گیانێکن لە دوو جەستەدا!؟

دەفەرموێ: ئایا ئێوە من بەدرۆ دەخەنەوەو بڕوام پێ ناکەن ﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَنْ جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِنْكُمْ لِيُنْذِرَكُمْ﴾ ئەوە پێتان عەجایەبە کە لەخودای خۆتانەوە پەیامتان بۆ نێردراوە بەهۆی پیاوێک لە هۆزی خۆتان بۆ ئەوەی بتانترسێنێ لە سزای سەختی خودا!

پێویستە ئێوە سەیری واقیعی حاڵی خۆتان بکەن ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ مِنْ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ﴾ بیری بەخششو نیعمەتی خودا بکەنەوە کە ئێوەی کردووە بە جێنشینی گەلی نووح ئەوان لەم زێدو نیشتمانەی ئێوەدا دەژیان بەهۆی بتپەرستیو یاخیبوونیان لەخوداو گوێ نەدان بە ئامۆژگاری حەزرەتی نووحو پەیامەکەی، پەروەردگار بەتۆفان لەناوی بردنو فەوتاندنی، ئێوەی لە شوێنی ئەوان هێناوەتە وجوودو کردوونی بە میراتگری ئەوان، وێڕای ئەوە ﴿وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَصْطَةً﴾ هێزو توانای زۆری پێ بەخشیون، جەستەو ئەندامی ڕێکو پێکو بە شانو شەوکەتو کەڵەگەتو چوار شانەو تێکسمڕاو دروستی کردوون، ﴿فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ یادی نیعمەتە جۆراوجۆرەکانی خودا بکەنەوە، شوکرو سوپاسی پەروەردگار بکەن لەسەر نیعمەتەکانی بە ئیخلاصەوە خودا پەرستی بکەن، خودا بە یەک بناسنو یەکتاپەرست بنو واز لە بتپەرستیو شەریک دانن بۆ خودا بهێنن، بۆ ئەوەی بە مراز بگەنو سەرفراز بنو بەهەشتی ڕازاوەتان بە نسیب بێ، ژیانی خۆشیو کامەرانی تێدا بەسەر بەرن!

بەڵام کە سروشت تێکچوو ئادەمیزاد سەری لێ شێوا، نە بیردەکاتەوەو نە ورد دەبێتەوە، بۆیە گەلی هوود ئامۆژگارییەکانی هوودیان ڕەتکردەوەو پشتیان هەڵکردو لەخۆیان بایی بوونو پەلەی هاتنی سزای خودایان کردو زوو کۆتاییان بە وتو وێژەکە هێنا، چونکە ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی هوودیان لەسەر شان گران بوو، گاڵتەیان بە هەڕەشەکەی حەزرەتی هوود هاتو ﴿قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا؟﴾ بەئوسلوبێکی لاقرتێ

پێکردنەوە وتیان: ئەوە تۆ بۆ ئەوە هاتووی تەنیا خودا بپەرستینو واز لە پەرستنی ئەو شتانە بهێنین کە باوکو باپیرمان دەیانپەرستن؟؟ داوای ئەوەمان لێ دەکەی ئێمە واز لە خوداکانی باوکو باپیرانمان بهێنینو تەنیا یەک خودا بپەرستین؟!

بەڵکوو زیاتر پێیان لێ هەڵبڕیو پتر سەرڕەقی خۆیان ئاشکرا کردو ئەحمەقو کەللەشەقی خۆیان گەیاندە ئەوپەڕی سنوورو سووربوونی خۆیان لەسەر ئیمان نەهێنان بە پەیامی حەزرەتی هوود راگەیاندو وتیان: ﴿فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ دەبێ منەت بە! ئەوەی هەڕەشەمان پێ لێ دەکەی بۆمان بێنە، ئەگەر راست دەکەی ئێمە بڕوامان بە پەیامەکەت نەکەین عەزابمان بۆ دەهێنی دە بۆمان بێنە!

بەم جۆرە گەلەکەی ئامادەباشی ئەوەیان تێدا نەبوو رووبەڕووی حەقو راستی ببنەوە، بەڵکوو داوای هاتنی عەزابیان کردو پەلەیان لە هاتنەکەی کرد، مەبەستیان خۆدزینەوە بوو لە تێفکرینی حەقو راستیو رووبەڕووبوونەوەی؛ نەیاندەویست وردبوونەوە لە کەم بایەخی بەتاڵدا ئەنجام بدەنو پۆخلاواتی بیروباوەڕیان دەربکەوێ! بۆیە هیچ بەڵگەیان بەدەستەوە نەما وتیان: دە ئەگەر راست دەکەی عەزابەکەمان بۆ بێنە!

وەلامی حەزرەتی هوود بۆیان وەلامێکی گورچک بڕو دەست لەعاستو پڕاوپڕ بوو!

﴿قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ﴾ حەزرەتی هوود فەرمووی: دڵنیابن کە سزاو نارەزامەندیی خوداو دوور لە رەحمەتو بەزەیی پەروەردگارتان کەوتە سەر! ئەو عەزابەی ئێوەم پێ ترساندو ئێوەش پەلەتانە بێتە سەرتان، دێتە سەرتان.

عەزابەکە بریتی بوو لە رەشەبایەکی توندی بەگرمەگرمی سامناکی ریشەکێش کەر! ئەو زەلامە بەهێزو چوارشانەو زەبەللاحانەی لالو پاڵ خستن، شێوەیئەو زەلامە لالوپاڵ کەوتوانە دەتگوت: کۆتەرە دارخورمای هەڵکەندراون تارومار کراون!

ئەمجار حەزرەتی هوود دوای ئەم پەلەکردنەیان لە هاتنی عەزاب،

پڕوپووچی بیروباوەڕیان روون دەکاتەوەو بیروبۆچوونی نالەبارو بێجێو ڕێیان دەستنیشان دەکا، ﴿أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاءٍ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمْ﴾ ئایا ئێوە چۆن کێشەم لەگەڵ دەکەن دەربارەی ئەم بتو صەنەمانەی ئێوەو باوکو باپیرانتان ناوتان ناون خوداو بەخودایان دەزانن، کە لەڕاستیدا هیچیان پێ ناکرێ، نە زیان دەگەیەنن‌و نە سوودیان هەیە، بەڵکوو تەنها چەند ناوو نیشانێکە ئێوەو بابو باپیرانتان بەسەر ئەو دارو بەردە پڕوپووچانەتاندا داوە ﴿مَا نَزَّلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ﴾ دەربارەی خودایەتی ئەو بتو صەنەمانە پەروەردگار هیچ بەڵگەو دەلیلێکی نەناردۆتە خوارێ پاڵپشتی بۆچوونی بێبناغەتان بکا، هەرگیز خودا رازیی نابێ‌و نەبووە کە ئەو داروبەردە بەخودا دانراوانەتان ببنە ناوەند لەنێوان ئێوەو پەروەردگاردا، هەروەها رازی نیەو نابێ کە ئێوە ئەو داروبەردە بێگیانانە بەخودا بزانن‌و بیانپەرستن.

بە کورتی‌و پوختی تەنها خودا عیبادەتی بۆ دەکرێ‌و رووی تێ دەکرێ‌و هانای بۆ دەبرێ! کەسی تر نابێ بەخودا بزانرێ‌و بپەرسترێ یان بکرێ بە هاوەڵی‌و بەشەریکی خودا دابندرێ!

هەر شتێک پەیوەندی بە عیبادەتی خوداوە هەبێ دەبێ لەڕێگەی نیگای خوداوە بۆ پێغەمبەرەکانی بزاندرێ!

ئەمجار حەزرەتی هوود بەدڵنیایی‌و لەخۆڕادیوییەوە، بەرەنگاری گەلەکەی بووەو پێی فەرموون: ﴿فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ﴾ ئێوە چاوەڕوانی هاتنی عەزابەکە بن کە بۆ خۆتان پەلەی هاتنی دەکەن‌و دەڵێن: دە بۆمان بێنە، منیش لەگەڵتان چاوەڕوانی دەکەم ئەمن دڵنیام لەهاتنی‌و ئێوە گومانتان دەربارەی هەیە.

بەڵێ عەزابەکە لەکاتی خۆیدا هاتە سەریان‌و ﴿فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا﴾ هوودو ئەوانەی ئیمانیان پێ هێنابوو بە رەحمەتو بەزەیی خۆمان رزگارمان کردن‌و عەزابەکە نەیگرتنەوە. ﴿وَقَطَعْنَا دَابِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا، وَمَا كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ ئاسەواری ئەوانەی ئایەتی ئێمەیان بەدرۆخستەوە بڕیەوەو لەناومان بردن‌و لەبێخمان دەرهێنان‌و تاقمان لێ بڕین! چونکە ئەوانە

ئیمانیان بەخودا نەهێناو ئایاتی پەروەردگاریان بەدرۆخستنەوە، بەهۆی ئەم دوو ڕەوشتە ناپەسەندەیان شیاوی عەزابی سەختی پەروەردگار بوون کە بریتی بوو لە ڕەشەبایەکی سەختی وێرانکەری خاوەن گرمو هوورِ زەلامی زەبەلاحی هەڵدەگرت لە زەوی بەرزدەکردەوەو پاشان سەرەو بن فرێی دەدایە سەر زەوی‌و سەریان لە جەستەیان جیادەبووەوە، وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا لا يُرَى إِلاَّ مَسَاكِنُهُمْ**﴾الأحقاف/٢٥.

ئاواو بەو جۆرە لاپەڕەیەکی تر لە لاپەڕەکانی بەسەرهاتی سەر ڕەقو ملهوڕو بەدرۆخەرەوەکان پێچرایەوە هەڕەشەکە هاتەدیو عەزابەکە دەوری دانو لوولی کردنو بەرەو توونی نەمان رای فڕاندن، کە ئامۆژگاریو یادخستنەوەو بانگەوازی کاری تێ نەکردن هەڕەشەو لەناوچوونو عەزابی سەخت یەخەی پێ گرتنو لەناوی بردنو بوونە پەندی زەمانەو بەدبەختی هەردوو دونیا بوون!

چیرۆکی حەزرەتی صالح (دروودی خوای لەسەر بێ)

وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً ۖ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ ٱلْجِبَالَ بُيُوتًا ۖ فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٧٤﴾

قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِمَنْ ءَامَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ قَالُوٓا۟ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلَ بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا بِٱلَّذِىٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٧٦﴾ فَعَقَرُوا۟ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوْا۟ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُوا۟ يَٰصَٰلِحُ ٱئْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧٧﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٧٨﴾ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّى وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٧٩﴾

پەروەردگار لە سەرەتای سوورەتەکەدا چیرۆکی ئادەم -کە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر بەتوانایی‌و تەنیایی پەروەردگاریەتی خودای مەزن- گێڕایەوە، پاشان بەڵگەی بەهێزی هێنایەوە لەسەر زیندوبوونەوەی دوامردن‌و هاتنی رۆژی قیامەت، ئەمجار هاتە سەر گێڕانەوەی چیرۆکی پێغەمبەرەکان‌و هەڵوێستی گەل‌و نەتەوەکانیان بەرامبەریان.

چیرۆکی حەزرەتی نووحی باس کرد، پاشان چیرۆکی حەزرەتی هوود لەگەڵ گەلەکەیدا، ئەمجار هاتە سەر باسی نەتەوەی ثەموودو هەڵوێستیان بەرامبەر پێغەمبەرەکەیان حەزرەتی صالح ﷺ.

قەومی ثەمود دوابەدوای قەومی عاد هاتوونەکایەوە، وەکوو قورئان لەسەر زوبانی صالح دەفەرموێ: ﴿وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ﴾ ثەمود کوڕی عاثر کوڕی ئیرەم کوڕی نووحە، برای (جەدیس)ی کوڕی عائیزە. ئەمانەو هۆزی (طسم) هەموویان لە عەرەبی عاریبەن‌و ئێستا ئاسەواریان نەماوەو پێش حەزرەتی ئیبراهیم بوون ﷺ.

هۆزی ثەموود -کە قەومی حەزرەتی صالّح پێغەمبەرن- لەدوای هۆزی عاد هاتوونە کایەوە، لە نیشتمانو شوێنو جێگای عاد دا نیشتەجێ بوون، شوێنو نیشتەمەنییان لە حیجر بووە؛ لەنێوان حیجازو شامدا تا دەوروبەری مەککە. مەدائینی صالّح تا ئێستاش شوێنەواری ماوە بە (فج الناقة) ناودەبرێ، حیجری ثەموود کەوتۆتە باکووری رۆژهەلاتی خاکی مەدیەن.

پێغەمبەر ﷺ سالّی نۆیەمی کۆچی کە تەشریفی دەچوو بۆ تەبووک بەسەر شوێنەواری ئەمان دا تێپەڕی! ئیمامی ئەحمەد لەئیبنوعومەرەوە دەگێرێتەوە دەفەرموێ: کە پێغەمبەر ﷺ لەگەلّ هاوەلانیدا دەچوو بۆ تەبووک لەحیجر لای خانوە کۆنەکانی ثەموود خستیانو قۆناغیان گرت، خەلّکەکە ویستیان ئاو لەو بیرانە هەلّێنجن کە هۆزی ثەموود ئاویان لێ دەخواردەوە، هەوێریان شێلاو مەنجەلّیان سەر ئاگر خستن، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردن کە مەنجەلّەکانیان برێژنو هەویرەکەش بکەن بە ئالّف بۆ حوشترەکانیانو لەو شوێنە جێگاو قۆناغی پێگواستنەوە چوونە سەر ئەو بیرەی کە کاتی خۆی حوشترەکەی صالّح پێغەمبەر ئاوی لێ دەخواردەوە، جلّەوگیری ئەوەی لێ کردن کە بچنە ئەو شوێنەی کە جێگای قەومە سزادراوەکەیە، فەرمووی دەترسم ئەو عەزابەی تووشی ئەوان بووە تووشی ئێوەش بێ، مەچنە ئەو شوێنو جێگایەی ئەوان!

هەر ئیمام ئەحمەد لە ئیبنوعومەرەوە دەگێرێتەوە دەلّێ: پێغەمبەر ﷺ لە حیجردا بەخەلّکەکەی فەرموو: مەچنە سەر شوێنەواری ئەو عەزابدراوانە مەگەر بەگریانەوە بچن، ئەگەر بەگریانو فیغانەوە نەچن مەچن، چونکە دەترسم ئەوەی تووشی ئەوان بووە تووشی ئێوەش بێ![6]

هۆزی ثەموود وەکوو هۆزی نووحو هۆزی عاد شەریکیان بۆ خودا دادەنا، پەروەردگار نازو نیعمەتێکی زۆری پێ بەخشیبوون! خودای مەزن حەزرەتی (صالّح)ی بە پێغەمبەری بۆ سەر ناردن، ئامۆژگاری کردن، نیعمەتە جۆراوجۆرەکانی خودای وەبیرهێنانەوە، نیشانەو بەلّگەی تاکو تەنهایی

[6] بناغەی ئەم حەدیثە لە صەحیحەین دا بەچەند شێوەیەک دەرهێنراوە.

خودای بۆ هێنانەوە بێهاوەڵیی‌و بێوێنەیی خودای بۆ باسکردن، ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە پێویستە طاعەت‌و بەندایەتی هەر بۆ خودا بکرێ‌و بۆ کەسی تر نەکرێ!

مسکین‌و بۆرە پیاوو هەژارو ڕەشە خەڵکەکەی گەلەکەی ئیمانیان پێ هێنا، دەوڵەمەندو پیاو ماقووڵ‌و سەرۆکەکانیان بڕوایان پێ نەکردو ڕوویان لێ وەرگێڕاو لووتبەرزییان نواندو لەسەر کوفرو ملهوڕی خۆیان بەردەوام بوون‌و ئینکاری پێغەمبەرایەتی حەزرەتی (صالح)یان کردو گاڵتەیان پێ کرد.

دەی با بزانین قورئانی پیرۆز چۆن ئەم داستانەی تۆمارکردووەو چۆنمان بۆ دەگێڕێتەوە؟!

بەڵێ: ئەمەش لاپەڕەیەکی ترە لەلاپەڕەکانی مێژووی ئادەمیزاد! چیرۆکێکە بەڵکوو ڕووداوێکی واقیعی‌و حەقیقیە لە قووڵایی مێژووەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، چیرۆکی تێشکانی ئادەمیزادە بەرەو نەفامی‌و نەزانی، دیمەنێکە لە دیمەنی زۆرانبازی نێوان حەق‌و بەتاڵ، گۆڕەپانێکی ترە لە گۆڕەپانەکانی لاڵ‌و پاڵکەوتنی سەرپێچیکارو بەدرۆخەرەوەکان! چیرۆکێکی ترە لە چیرۆکی زاڵبوونی حەق بەسەر بەتاڵدا، تێشکان‌و لەناوچوونی ستەمکارو ملهوڕەکانی مێژووی کۆنینەی ئادەمیزادە، چیرۆکی سەرکەوتن‌و سەرفرازیی‌و بەمرادگەیشتنی خوداپەرستانە فەرموون گوێ ڕابگرن لە قورئانی پیرۆز چۆن ئەم چیرۆکە دێرینە دەگێڕێتەوە.

﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا﴾ بێگومان بۆ سەر هۆزی ثەموود (صالح)ی هاوزمان‌و هاوجینس‌و هاوعەشرەتمان بۆ ناردن بە پێغەمبەریی چووە ناویان‌و بەفەرمانی ئێمە بانگەوازیی دەست پێکرد، ﴿قَالَ: يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلٰهٍ غَيْرُهُ﴾ وتی: ئەی گەلەکەم! خودا پەرستی بکەن، بەتەنیا ئەو بپەرستن‌و کەس مەکەن بە هاوەڵی وەکوو لە ئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إلا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾الانبياء/٢٥. یان دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾النحل/٣٦.

واز لە بتپەرستی بهێنن‌و شوێن پەیامی من بکەون ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً﴾ ئەو حوشترە بەڵگەو نیشانەیە لەسەر راستی ئەو پەیامەی من هێناومەو پێی نێردراوم، ئەوەبوو قەومەکە داوایان لەحەزرەتی صالح کرد کە بەڵگەو نیشانەی راستی پێغەمبەرایەتی خۆی نیشان بدا، بەردێکی رەق‌و تەقیان دەستنیشان کرد، وتیان: لەو بەردە حوشترێکمان بۆ دەربێنە ئێمە بڕوات پێ دەکەین، ئەو بەردەی دیارییان کردبوو بەردێکی بەتاقەوە بوو بوو کەوتبووە لای حیجر، حەزرەتی صالح وادەو بەڵێنی لێوەرگرتن کە ئەگەر خودا پێشنیارەکەیان بێنێتە دی ئەوە یەکسەر ئیمانی پێ دەهێنن، کە وادەو بەڵێنی جەخت لەسەر کراویان پێدا، حەزرەتی صالح نوێژێکی کردو لەخودا پاڕایەوە داوای جێبەجێکردنی داواکەیانی کرد؛ ئیتر بەردەکە جووڵەی پێکەوت‌و شەق بوو حوشترێکی لێ هاتە دەرێ بێچوەکەی لەسکی‌دا دەجوولایەوە، هەندێکیان ئیمانیان پێ هێنا، هەندێکیان لەسەر کوفری خۆیان مانەوە، وشترەکە پاش ئەوەی بێچووەکەی لێ بووەوە، رۆژێک سەرتاپا هەموو ئاوی بیرەکەیانی دەخواردەوە، رۆژێکیش بۆ ئەوانی تەرخان دەکرد، ئەو ڕۆژەی کە وشترەکە ئاوی بیرەکەی دەخواردەوە ئەوان شیرەکەیان دەدۆشی، هەموو مەنجەڵ‌و قاپ‌و شتومەکیان لێ پڕ دەکرد لە شیرو شیرەکەیان دەخواردەوە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ ٱلْمَآءَ قِسْمَةٌۢ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ﴾القمر/٢٨. یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ﴾الشعراء/١٥٥.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەو رۆژەی وشترەکە ئاوەکەی دەخواردەوە ئەوان لەجیاتی ئاو شیریان دەخواردەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً﴾ واتە: بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی من! کە دەفەرموێ ئەمە حوشتری خودایە، واتە: حوشترەکەوە پاڵ خودا دراوە، ئەوە بۆ ڕێزو قەدرزانین‌و گرنگی پێدانە، چونکە ئەو حوشترە بەشێوەیەکی موعجیزە ئاسا

وەدیهاتووە، بەبێ باوکو دایک لەبەردێکی رەق پەیدا بووە.

ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە کە مادام ئەم حوشترە موعجیزەیە پێویستە دەسکاری نەکەنو وازی لێ بهێنن، دەفەرموێ: ﴿فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: حوشتر حوشتری خودایە، زەوی زەوی خودایە، لێی بگەڕێن با بۆ خۆی لە زەوی خودا چی دەخوا بیخوا، ئێوە بۆتان نیە دەستی بەر دەستی بهێننو شتی لێ قەدەغە بکەن! بەهیچ جۆرێک دەستی بۆ درێژ مەکەنو خراپە لەگەڵ خۆیو خۆراکی مەکەن! وازی لێ بهێنن چی دەخواو دەخواتەوە با بیخواو بیخواتەوە. چونکە ئەگەر وازی لێ نەهێنن ئەوە سزایەکی بە ئێشو سەخت دەتانگرێتەوەو تووشتان دێ.

ئەمجار نیعمەتەکانی خودایان وەبیردێنێتەوە، کە پێویستە لەپای ئەو نازو نیعمەتانە سوپاسی بکەنو بیپەرستن، فەرمووی: ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِنْ سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا﴾ یادی نازونیعمەتەکانی خودا بکەنەوە کە پێی بەخشیون، سەیری چاکەو بەرەحمی خودا بکەن بەسەرتانەوە، ئەوەتا کردوونی بەجێنشینو میراتگری قەومی عاد لە ژیارو شارەستانیەتو ئاوەدانیو هێزو توانادا. زەویو وڵاتی ئەوانی بە ئێوە بەخشیوە، ئێوەی لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ کردووە، لەدەشتاییو پێتەختیدا باڵەخانەی بەرزو رازاوە دروست دەکەن، سوود لە گڵو دارو بەردی دەبینن بۆ دروستکردنی خانوو باڵەخانەکانتان، لە کێوەکان بەرد دەتاشن شوراو قەڵای قایمو قوڵی پێ دەکەن، لە زستان دا تێیدا دەحەوێنەوە، زریانو باوبۆرانو رەشەباو باران کاری تێناکەن، لەسەرماو زریانی زستان پارسێزراو دەبن، باقی وەرزەکانیساڵیش لەدەشتاییو سەر دێیەرەکانتان دا بەسەر دەبەنو خەرێکی کشتو کاڵو پیشەی خۆتان دەبن.

﴿فَاذْكُرُوا آلاءَ اللهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ واتە: ئەم هەموو نیعمەتانەی خودا یاد بکەنەوە، سوپاسو ستایشی زاتی پاکی خودا بکەن، عیبادەت هەر بۆ ئەو بکەن بە تاک و تەنهای بناسن، لەبەرامبەر

نیعمەتەکانی خودادا هەڵسڕو کەوتی ناجوامێرانە مەنوێنن، ئاژاوەو ئاشووب لە زەویدا بەرپا مەکەن، شتێک مەکەن خودا لەخۆتان بڕەنجێننو خودا پێی رازی نەبێ!

﴿فَقَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِن قَوْمِهِ﴾ پیاوماقوولو سەرۆکو دەست رۆیشتووەکانیان ئەوانەی خۆیان بە زل زانیو لەناو قەومەکەیدا لووتبەرزییان نواندو روویان لەبانگەوازیی حەزرەتی صالح وەرگێڕا وێڕای ئیمان نەهێنانی خۆیان وتیان: ﴿لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ﴾ بەوانەی بۆرەپیاوو مسکێنو هەژارو نەدارا بوون -کە بەڕواڵەت ئەم توێژەی کۆمەڵ لە هەموو چەرخو رۆژگارێک دا زوو بەپیر بانگەوازی پێغەمبەرانەوە هاتوونو موسوڵمان بوون- کە ئیمانیان بە حەزرەتی صالح هێنابوو ﴿أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ؟﴾ ئەوە ئێوە پێتان وایە صالح پێغەمبەرەو لەخوداوە نێردراوە؟

هەڵبەتە بە ئەم پرسیارە مەبەستیان گاڵتەپێکردنو لاقرتێ پێکردن بوو، بۆرە پیاوو مسکێنەکان کە ئیمانیان هێنابوو ﴿قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ﴾ وەڵامی ملهوڕو خاوەن دەسەڵاتە کافرەکانیان دایەوە؛ وتیان: ئێمە بڕوامان وایەو دڵنیاین کە حەزرەتی صالح لەخوداوە نێردراوە، هیچ شکو گومانمان لە پێغەمبەرایەتی ئەودا نیە، ئێمە ئیمانمان بەو پەیامە هێناوە کە حەزرەتی صالح هێناویەتی؛ کافرەکان پرسیاری ئەوەیان لیکردن ئایا راستە صالح بووەتە پێغەمبەر؟ بەڵام موسوڵمانەکان پێغەمبەرایەتیەکەیان بەشتێکی بەڵگەنەویست زانیو وەکوو ئەوە بڵێ: ئەوە شتێک نیە جێگەی پرسیارکردن بێ، ئەوە ئێمە گومانمان لەوەدا نیە، ماوەتەوە ئایا پێویستە ئیمانی پێ بهێنرێ یان نا؟! ئەوە ئێمە پێتان رادەگەیەنین کە ئێمە بڕوامان پێ کردووەو موسوڵمان بووین.

ئەمجار کافرەکان لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی موسوڵمانەکان دا سووربوونی خۆیان لەسەر کوفرو بێدینی راگەیاندو سەرلەنوێ گومڕایی خۆیان دووبارە کردەوە، وەکوو دەفەرموێ: ﴿قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا بِالَّذِي آمَنتُم بِهِ كَافِرُونَ﴾ ئەوانەی کافرو لووتبەرز بوون وتیان: دەسا ئێمە هەرگیز بڕوا

بەو کەسەو بەو پەیامە ناکەین کە ئێوە ئیمانتان پێ هێناوە، ئێمە کافرو بێبڕواین بە پێغەمبەرایەتی صالحو هەرگیز بڕوای پێ ناکەین.

ئاوا بەو جۆرەو بێ پێچو پەنا هەڵوێستی خۆیان راگەیاندەوە سووربوونی خۆیان لەسەر کوفرو ملهوڕی دووبارە کردەوە، بەمەندەشەوە نەوەستان بەڵکوو بەکرداریش ئەوەیان جەخت کردەوە ﴿فَعَقَرُوا النَّاقَةَ﴾ ئەو حوشترەی کە خودا بە موعجیزە لەبەردێکی رەق بۆ راستی پێغەمبەرایەتی صالح بەشێوەیەکی نائاسایی دروستی کردبوو سەریان بڕی، هیچ گوێیان بە ئامۆژگاری حەزرەتی صالح نەدا کە پێی گوتن: ئەم حوشترە موعجیزەی خودایە، وازی لێ بهێننو دەست درێژیی مەکەنە سەر ﴿وَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ﴾ پشتیان لەفەرمانی خودا هەڵکرد، کە لەسەر زمانی صالح پێیان راگەیاندرابوو دەربارەی حوشترەکە، یان پشتیان لە ئایینی خودا هەڵکردو یاخی بوون؛ بەمەندەش وازیان نەهێنا، بەڵکوو بەتەحەدداوە ﴿وَقَالُوا: يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ وتیان: ئەی صالح! دڵنیابە ئێمە بڕوات پێ ناکەینو نایەینە سەر رێبازی تۆ، دە بێمنەت بە! ئەو عەزایەی تۆ هەڕەشەمان پێ لێ دەکەی بۆمان بێنە، ئەگەر راست دەکەی تۆ لە پێڕی پێغەمبەرانیو ئەگەر ئێمە ئیمانت پێ نەهێنین عەزابمان بۆ دێو خودا تۆڵەمان لێ دەستێنێ! دە خێراکە بۆمان بێنە! ئیتر ﴿فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ﴾ بوومەلەرزەیەکی بەهێز لێی دانو رایتەکاندنو زەندەقی بردن، بوومەلەرزەی زەویو گرمەی زەندەقبەری ئاسمان تێکەڵاو بوونو لێی دان، هەریەکەیان لەعاست خۆی بەرەو دەم قونگەوتلوور کەوتو خپ بوو گیانی تێدا نەماو مرد!

دەربارەی لەناوچوونی قەومی صالح لێرەدا فەرمووی: ﴿فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ﴾ لە سوورەتی (فصلت)دا فەرمووی: ﴿فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ وَهُمْ يَنْظُرُونَ﴾ لەهەموویان دا مەبەستەکە پەیدابوونی دەنگێکی گەورەو گرمەو ناڵەیەکی سامناکی وەها کە بوومەلەرزەی لە زەویدا بەرپا کردو زەندەقی بردنو هەناوی بڕینو خپی کردن!

زانایان دەڵێن: هۆی پەیدابوونی ئەم بوومەلەرزەو گرمەوناڵەیە لێک کەوتنی کارەبایی زەوی بە کارەبایی هەوا بووە کە لەناو هەوردا هەیەو هەورە برووسکەی لێ پەیدا دەبێ.

دەشگونجێ پەروەردگار کاتی لەناوبردنەکەی ئەوان هەوری پڕ لە کارەبای لەو وڵاتە کۆکردبێتەوەو بە گوێرەی سوننەتی خۆی لە کەونداﺋەو بوومە لەرزەو هەورە تریشقە هاتبێتە دی.

دەشگونجێ خودای خاوەن دەسەڵات ئەو بوومە لەرزەو هەورە تریشقەی بەوشێوەی موعجیزە ئاسا هێنابێتە کایەوە.. هەرچییان بووبێ؛ گرنگ ئەوەیە هەڕەشەی پێغەمبەری خودا هاتۆتە دیو ئەو قەومە ستەمکارە ملهوڕە بەو شێوە سامناکە لەناو چوون!

وا پێ دەچێ حەزرەتی صالح ئاگاداری لەناوچوونەکەیان بووەو دیمەنی سامناکی دوا لەناوچوونیانی بینیوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ﴾ پاشان پشتی تێکردنو خەفەتی ئیمان نەهێنانی ئەوانی خواردو پێی ناخۆشبوو کە ئاوا خۆیان بە فەتارە داو بەدبەختو چارەڕەشی هەردوو دونیا بوون! بەغەمبارییەوە خیطابی خۆی ئاراستەی ئەو کەلاکە کەوتووانە کردو ﴿وَقَالَ: يَا قَوْمِ﴾ وتی: ئەی گەلو هۆزەکەم! بۆچی واتان لەخۆتان کردو ئەم دەردەتان بەسەر خۆتان هێنا ؟!

﴿لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي﴾ بێگومان من پەیامی پەروەردگاری خۆمم پێ ڕاگەیاندن، ئەوپەڕی هەوڵو تێکۆشانم ئەنجام دا ئێوە ئیمانم پێ بێنن، ﴿وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾ زۆرم ئامۆژگاریی کردن، تەماعم بەر نان، هەڕەشەم لێ کردن، بەهەموو جۆرێک نەصیحەتم کردن ﴿وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ﴾ بەڵام بەداخەوە ئێوە ئامۆژگاریکەرتان خۆش ناوێنو بەقسەیان ناکەن! هەتا ئاوا چارەڕەشیو بەدبەختی بۆ خۆتان دەستەبەر دەکەن! بەڵێ بەو شێوە لاپەڕەیەکی تر لە مێژووی ملهوڕو سەرپێچیکاران پێچرایەوە.

بانگکردنی حەزرەتی صالح بۆ قەومەکەی دوای لەناوچوونیان وەکوو بانگ کردنی پێغەمبەری ئیسلام وایە کە بانگی کوژراوەکانی بەدری کرد

دوای ئەوەی کە خرابوونە بیرێکەوە دەیفەرموو: (يَا أَبَا جَهْلِ بْنِ هِشَامٍ، يَا عقبةَ بن رَبيعَةَ، يَا شَيْبَةَ بن رَبيعَةَ، يَا فُلَانُ يَا فُلَانُ! أَيَسُرُّكُمْ أَنَكُمْ أَطَعتُمُ اللهَ وَرَسُولَهُ، فَإنَا قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا، فَهَلْ وَجَدْتُمْ مَا وَعَدَ رَبُّكُمْ حقًّا؟!

ئەبو طەلحەی ئەنصاریی کە راویی حەدیثەکەیە دەڵێ: حەزرەتی عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! قسەکردن لەگەڵ لاشەی بێ‌گیان چ سوودی هەیە!؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا أَنْتُمْ بِأَسْمَعَ لِمَا أَقُولُ مِنْهُمْ، وَلَكِنْ لَا يُجِيبُونَ).[٧]

ئەوانەی لەلای تارامگاری پیاوچاکان دەپاڕێنەوەو پێیان وایە کە لەخاوەن گۆڕەکە دەپاڕێنەوە خاوەن گۆڕ گوێی لێیانەو داخوازییەکانیان جێ بەجێ دەکا، ئەوانە ئەم حەدیثەو حەدیثی تری لەم جۆرە دەکەن بە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەگەر کەسێک داوای ئەنجامدانی کارێک لە مردوویەکی صالحو پیاوچاک بکا مردووەکە داواکەی دەبیستێو کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکا! واتە: قیاسی ئەم حاڵەتانە دەکەنە سەر ئەو حاڵەتەی کە پێغەمبەر بانگی لە کوژراوەکان کردو فەرمووشی: ئەوان لەئێوە باشتر گوێیان لەم بانگ کردنە هەیە.

بەڵام لەڕاستی‌دا ئەوانە پێویستە ئەوە بزانن کە ئەو حاڵەتەی پێغەمبەر ﷺ بانگی لە کوژراوەکان کرد کارێکی غەیبیو پەنامەکییەو موعجیزەی پێغەمبەری بووە، قیاس لەکاری ئاوا غەیبی‌دا ناکرێو ناگونجێ![٨]

---

[٧] بوخاریو هی تریش لەڕێگەی قەتادەوە ئەم حەدیثەیان لە ئەبوطەلحەی ئەنصارییەوە گێڕاوەتەوە.

[٨] بۆ درێژەی ئەم باسە سەیری تەفسیری مەنار ج/٨/٥٠٨ بکە.

چیرۆکی حەزرەتی لوط ﷺ

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿٨١﴾ وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ ۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ ﴿٨٢﴾ فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿٨٣﴾ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٨٤﴾

ئەمە چوارەم چیرۆکە لەداستانی پێغەمبەران، لەوەپێش چیرۆکی حەزرەتی نوحو هوودو صالحی گێڕایەوە ئەمجار هاتە سەر داستانی حەزرەتی لووطو بەسەرهاتی لەگەڵ قەومەکەیدا!

حەزرەتی لووط کوڕی مارانەو برازای حەزرەتی ئیبراهیمە، هەر زوو ئیمانی بە حەزرەتی ئیبراهیم هێناوەو شوێن پەیامەکەی کەوتووە وەکوو لە شوێنێکی تردا قورئان دەفەرموێ: ﴿**فَآمَنَ لَهُ لُوطٌ، وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّي**﴾العنكبوت/٢٦. حەزرەتی لووط هاوسەفەری حەزرەتی ئیبراهیم بووە لە گەشتەکانیدا، لەناو چۆمان (بين النهرين)دا لەگەڵی بووە، بۆ وڵاتی میصر لەگەڵی چووە، پاشان کە گەڕاوەتەوە بۆ شام لەتەکیا بووە، ئەمجار حەزرەتی لووط لە رۆژهەڵاتی ئەردەن لە شوێنێک کە پێی دەڵێن (سدوم) نیشتەجێ بووە. دانیشتوانی سەدوم ئیشی ناشیرینو دوور لە رەوشتیان ئەنجام دەدا، لەپێش چاوی یەکترىو بەئاشکراو بێ لێپرینگینەوە نێربازییان دەکرد، چەتەو رێگریوون ماڵو کاڵایان لە کاروانو بازرگانان دەستاندو رێبواریان رووت دەکردنەوە! وەکوو قورئان لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**إنكم لتأتون الرجال، وتقطعون السبيل، وتأتون في ناديكم**

المنكر﴾العنكبوت/٢٩.

حەزرەتی لووط ئامۆژگاری کردنو جڵەوگیریی لیٚکردن لەو کردەوە ناشیرینو بیٚڕەوشتییەیانو ترساندنی لە عەزابی خوداو تۆڵەی بەزەبرو کوشندەی، بەڵام ئەو گومڕاو سەرلیٚشیٚواوانە هیچ گوێیان بە ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی لووط نەداو وازیان لە نێربازیو کارە ناشیرینەکانی تریان نەهیٚناو سووربوون لەسەر هەڵوێستی نادروستی خۆیان، حەزرەتی لووط زیاتر پێکێشی لیٚکردنو درێژەی بە بانگەوازیو ئامۆژگارییەکانیدا تا کار گەیشتە ئەوەی هەڕەشەی بەردەباران کردنو دەرکردنیان لیٚ کرد!!

هەتا ڕۆژێک کۆمەڵێک فریشتە بەسەر حەزرەتی ئیبراهیم دا تێپەڕینو هەواڵیان پێدا کە ئەوان لە خوداوە نێردراون بۆ لەناوبردنی قەومی لووط کە بریتی بوون لە دانیشتوانی (سدوم)و (عاموورە) حەزرەتی ئیبراهیم ترسا کە حەزرەتی (لووط)یش لەگەڵ قەومەکەی بەر عەزابەکە بکەوێ! فریشتەکان دڵنیایان کرد کە حەزرەتی لووط بەر عەزابەکە ناکەوێو خۆیو ئەوانەی ئیمانیان پیٚ هیٚناوە ڕزگاریان دەبیٚ، هەواڵی ئەوەشیان پێدا کە نازڵبوونی عەزاب بۆ سەر قەومی لووط بڕیارێکی خوداییەو پاشگەزبوونەوەی تیٚدا نیە. وەکوو لە شوێنێکی تردا لەم بارەوە دەفەرموێ: ﴿يَا إِبْرَاهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا، إِنَّهُ قَدْ جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ، وَإِنَّهُمْ آتِيهِمْ عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٍ﴾هود/٧٦.

فریشتەکان لەشێوەی پۆلە کوڕێکی تازە پێگەیشتووی موو لیٚ نەهاتووی ڕوخسار جوانو شۆخو شەنگ هاتن بوون بە میوانی ماڵی حەزرەتی لووط، کە قەومەکەی بەمەیان زانی کۆمەڵێکیان لەئەهلی (سدوم) هاتن بۆ ماڵی حەزرەتی لووطو داوای ئەو کۆمەڵە گەنجانەیان لیٚ کرد، بۆ ئەوەی کاری ناشیرینو نێربازییان لەگەڵ دا بکەن، حەزرەتی لووط زۆری هەوڵ لەگەڵ دا دان کە واز بێنِنو دەست درێژی نەکەنە سەر میوانەکانی، تەنانەت پێشنیاری ئەوەی کرد کچەکانی خۆییان لیٚ مارە بکاو بیانداتیٚو واز لە میوانەکانی بهێنن، پیٚی وابوو کە بەم پێشنیارە شەرم دەیانگریٚو واز دەهێنن، بەڵام ڕازی نەبوونو سوور بوون لەسەر داوێن پیسی خۆیانو داوای بەدەستەوەدانی

میوانەکانیان کرد.

حەزرەتی لووط بە فریشتەکانی گوت -نەشی دەزانی کە فریشتەن- ئەگەر دەسەلاتم ببوایە پشتیوانێکم هەبوایە لەسەر ئێوە شەرم لەگەڵ دا دەکردنو نەم دەهێشت دەست درێژی بکەنە سەرتان. وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ﴾هود/٨٠.

ئیتر فریشتەکان حەقیقەتی خۆیان بۆ حەزرەتی لووط روون کردەوەو ئەوەیان پێ راگەیاند کە ئەرکی لەناوبردنی ئەو قەومە سەرلێشێواوەیان پێ سپێردراوەو لەناویان دەبەن!

لەلایەکی ترەوە دانیشتوانی شارەکە بەر دەرگای ماڵی حەزرەتی (لووط)یان گرتبوو هەوڵی ئەوەیان بوو کە بە زۆر میوانەکانی حەزرەتی لووط بگرنو تێریازییان لەگەڵ دا ئەنجام بدەن، لەهەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر ماڵی حەزرەتی لووط، پەروەردگار بینایی کوێرکردنو چاویان نەیبینینو نەیانزانی بۆ کوێ هێرش دەکەن، ئەمجار فریشتەکان حەزرەتی لووطو کچەکانیو ژنەکەییان لەو شارە بردە دەرو پێیان گوتن بەهیچ جۆرێک ئاوڕمەدەنەوە، بۆ کوێیان فەرمان پێ دەکەن بچن بۆ ئەوێ، هەموویان پابەندی فەرمانەکە بوون جگە لە ژنەکەی ئەو ئاوڕی دایەوە تا بزانێ دانیشتوانی شارەکە چییان بەسەر دێ، چونکە دڵی لای ئەوان بوو، بە کافری مابووەوە، عەزابەکە ئەویشی تێکەوە پێچا، ئەمجا پەروەردگار بەردی سواڵەتی بەسەردا باراندنو خاکو ولاتی ژێرەو زەبەر کردنو دارو بەردی بەسەر یەکدا دان، بوونە پەندی زەمانە! وەکوو دەڵێن: ژمارەی ئەوانەی بەم عەزابە لەناوچوون هەزار یان زیاتر بوون!

دەی با بزانین لەم سوورەتەدا قورئانی پیرۆز چۆن ئەم داستانەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ﴾ ئەی پێغەمبەر! داستانی لووط بۆ قەومەکەت بگێڕەوە کاتێ بەشێوەیەکی سەرزەنشتو گلەیی بەگەلەکەی خۆی گوت: ﴿أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ؟ مَاسَبَقَكُمْ بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِنَ الْعَالَمِينَ﴾ ئەرێ ئێوە داناوەشێن کردەوەیەکی وەها ئەنجام دەدەن پێش ئێوە کەس نەیکردووە؟ بەڵکوو بۆ خۆتان داتان هێناوە، تاوانی خۆتانو تاوانی

ئەوانەی چاوتان لیّ دەکەن لەسەر ئێوەیە! کرداری ناشیرین‌و قێزلێکراوی ئێوە پێچەوانەی سروشتی ئادەمیزادە! تا ئێستا هیچ کەس لە ئادەمیزادان پێش ئێوە ئەو کارە ناشیرینەی نەکردووە! ﴿إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ﴾ ئێوە لەرێبازی سروشتی ئادەمیزاد لاتان داوە، ئێوە لە پاشەوەڕا دەچنە لای پیاوو کاری سێکسی خۆتان بەو شێوە ناشیرینە ئەنجام دەدەن، وازتان لە چوونە لای ئافرەت هێناوە، لەپێشەوەڕا ناچنە لایان، چوونە لای ئافرەت لەپێشەوەڕا کە کارێکی سروشتی‌یەو جێگای هیوای منداڵبوونەو خودا بۆ ئەوەی دروست کردووە ئێوە پاشگوێتان خستووەو ماتەڵتان کردووە، شتێک کە هۆی درێژەپێدانی ژیانەو مانەوەی رەچەڵەکی ئادەمیزاد بە چوونە لای ئافرەت لەپێشەوەڕا ئێوە وازتان لیّ هێناوە، تۆماوی خۆتان دەخەنە شوێنێک کە بۆ ئەوە ناشیّ! نایخەنە شوێنێکەوە کە جێگای سروشتی‌یەو زەوقی سەلیم حەزی لیّ دەکاو بەرووبوومی هەیەو هۆی درێژەپێدانی زنجیرەی رەچەڵەکی ئادەمیزادە. هەر بۆیەش حەزرەتی لووط وتی: ئەگەر ئێوە حەزتان لەکاری سێکسی‌یە ئەوە کچەکانم، واتە: بۆ دابینکردنی کاری جینسی‌و دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزووەکانتان هەوڵی پەیداکردنی مێینە بدەن، ئەوە رێبازی سروشتی‌یە! وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿هَؤُلَاءِ بَنَاتِي إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ﴾الحجر/٧١.

کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً﴾ دیاری کردن‌و روونکردنەوەیە بۆ رستەی پێشوو کە دەفەرموێ: ﴿لَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ﴾ کە دەفەرموێ: ﴿مِنْ دُونِ النِّسَاءِ﴾ ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەوان لە سنووری عەقڵ‌و سروشت دەرچوون‌و ئەو حیکمەت‌و سوودو بەرژەوەندییانەی لە چوونە لای ئافرەتدا هەیە وازیان لیّ هێناوە تەنانەت ئاژەڵیش کاری وا ناکا، هیچ گیانلەبەرێکی بیّ زوبان هەوڵی ئەوە نادا شەهوەت‌و ئارەزۆی خۆی لە رێگەی ناسروشتی خۆیەوە دامرکێنێتەوە، بەڵکوو هێزی حەزو داخوازی لە مێینە کێشی دەکاو ئاوێتەی یەکتریی دەبن‌و شەهوەت‌و ئارەزۆی خۆی لە مێینەیەکی هاورەگەزی خۆیدا دادەمرکێنێتەوەو درێژە بە مانەوەی گەرای

خۆیان دەدەن، ئەی ئەوە نیە باڵندەو خشۆکئو پیرۆ نێرو مێیەکانیان ژیانی هاوسەری خۆیان بە دروستکردنی لانەی گونجاو بۆ گەرانانەوە دەست پێ دەکەن، ئەوەتا گیانلەبەری وا هەیە لەسەر تۆپەلاکی دار هێلانە دەکا، هی وا هەیە لە کونە شاخێك دا لانەو کولانەی خۆی پێکەوە دەنێ، یان لەژێر زەویدا کونو کەلەبەرێك دروست دەکا، یان لەئەشکەوتو لاکەندرِدا جێگاو شوێنی خۆی خۆش دەکا!!!

بەڵام تاوانبارەکانی قەومی لووط هیچ مەبەستی تریان نەبوو جگە لە دامرکاندنەوەی شەهوەتی ئاژەڵ ئاسایی خۆیانو لەزەت بینینێکی بێئامانجو بێ سوود! بەتەواوی زێدەڕەوییان لەسەرپێچیکردندا کردو جار لەدوای جار رۆژ لەدوای رۆژ کاری ئێربازییان دووبارەو سێ بارە کردەوەو لێیان بوویەوە کارێکی سروشتیو عادەتی! بۆیە حەزرەتی لووط لە کۆتایی ئایەتەکەدا پێیان دەفەرموێ: ﴿بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ﴾ بەڵکوو ئێوە بە دووبارەو سێ بارە کردنەوەی ئەم کارە ناشیرینە قێزلێکراوەو کاری ناشیرینی ترتان زێدەڕەوییتان کردووەو لێی پەشیمان نابنەوەو بووەتە خوو لێتان.

لە سوورەتی الشعراء/١٦٦ دا دەفەرموێ: ﴿بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ﴾.

لە سوورەتی النمل/٥٥دا دەفەرموێ: ﴿بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ تێکڕای ئایەتەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئەوان لە زێدەڕوییی شەهوەتبازییان دا هەموو سنوورێکی عەقڵو سروشتیان بەزاندووەو زەرەرو زیانی ئاکامی کارە ناشیرینەکەی خۆیان نازانن‌و بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو کردەوە ناسروشتییانەیان چەند زیانی بۆ تەندروستی خۆیان هەیەو چەند نەخۆشی کوشندە دەخاتەوە! چ دەستدرێژییەکە بۆ سەر گەراو رەچەڵەکئو ئەخلاقو رەوشت.

ئاشکراشە کە هەستکردن‌و زانینی زیانی کارێك نابێتە لەمپەرو مانیع بۆ کردنی ئەو کارە زیان ئامێزە ئەگەر ئەخلاقو رەوشتی جوان‌و خودا پەسەند لەناخی کابرادا جڵەوکێش نەبن، بەڵکوو ئەخلاقی فیطریو مشتو ماڵ کراو بە پەروەردەی ئایینی دەبێتە لەمپەرو مانیع بۆ ئەنجامدانی کاری ناپەسەند.

چونکە ئەوەتا کاری ناشیرینو قێزلێکراوی نێربازیی لە پێشکەوتووترین وڵات دا بڵاوە، لەنێوان گەلو کۆمەڵگایەکێ دا تەشەنەی کردووەو دەکا، کە خۆیان بەپێشەنگی جیهان دەزانن لە زانستو زانیاریدا، کەسانێک ئێستا ئەو کارە ناشیرینە بێزراوە ئەنجام دەدەن کە باش باش زیانەکانی دەزانن و هەست بە زیانی تەندروستیو کۆمەڵایەتیو ناکامی چارەڕەشی خۆیان دەکەن!

تەنانەت دیاردەی نێربازیی لەنێو چینی بەناو پێشکەوتوو رۆشنبیرو شارەستانیەتی سەردەم داو لەو وڵاتانەی کە خۆیان بە پێشکەوتووی جیهان دەزانن تەنانەت لەناو پێڕی لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوەی فەلسفەو کۆمەڵناسیدا ئەنجام دەدرێ، ئەی ئەوە نیە لە هەندێ وڵاتدا هەندێ سەرلێشێواوو دەروون نزم لەجیاتی ئافرەت کوڕ مارە دەکەن!!!

سەیر ئەوەیە ئیعلامی جوولەکەو ماسۆنیەتی جیهانیی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە هۆی سەرەکی بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردە ناشیرینە خۆداپۆشینی ئافرەتە! بەڵام واقیعی حاڵ ئەوە رەت دەکاتەوە ئەوەتا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو خۆرئاوادا بەگشتی لەگەڵ ئەوەدا کە لەمپەرێک نیە لەبەردەم تێکەڵاوی رەگەزی ئافرەت و پیاوو مەوزوعی جینس بووەتە شتێکی بێیاساو بێسنوورو مەڕو بەرانی! رووتو قووتی ئافرەتیش زۆر لە سنووری عادەتی تێپەڕیوەو دەتوانین بڵێین: لەبارەی جینسەوە ئادەمیزادی ئەو وڵاتانە زوربەیان هەڵسو کەوتیان ئاژەڵ ئاسایەو هیچ لێ پرینگینەوەیەک لای ئەوان لە گۆڕێ نیە؛ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی نێربازیی رێژەی لەزیادبووندایەو دیاردەیەکی بەرچاوو بەربڵاوە؛ تەنانەت ئافرەتانیش لەناوخۆیان (پانپانۆکە) ئەنجام دەدەن؛ ئافرەت سواری ئافرەت دەبێو حەزی سێکسی خۆیان بەم رێگە ناسروشتیو نەشازە دابین دەکەن!

کەسێکیش ئەمەی بەلاوە سەیرەو قەناعەت ناکا با باسی (السلوك الجنسي عند الرجال)و (السلوك الجنسي عند النساء) بخوێنێتەوە کە (كنزى الامريكى) بە راپۆرتێکی دوورو درێژ نووسیویەتی.[9]

---

[9] في ظلال القران ج٣/٥٥٥ بەشێوەی لێوەرگرتن.

سەیربوو ئــەم هــەموو ئامۆژگــاریی‌و نەصیحەتکردنــەی حــەزرەتی لــووط کاری لە قەومە سەرلی‌شێواوەکەی نەکرد! ﴿وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَنْ قَالُوا أَخْرِجُوهُمْ مِنْ قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾ قەومی لووط لە وەلامی ئەم ئامۆژگاریانەدا هیچیان بەدەستەوە نەما جگە لەوەی کە گوتیـان: لـووطو شوێنکەوتوانی لە شارەکەتان دەربکەن، مەهێڵن هاونشینیتان بکـەن، چونکـە وادیارە ئەوان کەسانێکن خۆیان پاکو خـاوێن رادەگـرنو خۆیـان دەپـارێزن لـە نێربـازیی! هەڵبەتـە بەگاڵـتەوە پێیـان دەگوتـنو بەشـێوەیەکی قەشمــەریی‌و لاقرتی پێیان دەگوتن ئەوانە کەسانێکن خۆیان بەخاوێنی رادەگـرنو هاوبەشـی ئێمە ناکەن لەئەنجامدانی کاری نێربازیی‌دا!

چونکە ئەوان سەرباری ئەوەی کە ئـەو تاوانـە گەورانـەیان ئـەنجام دەدا، سووربوون لەسەر بەردەوام بـوون لەسـەری؛ کارەکـەی خۆیـان بـەکارێکی بـاش دەزانی‌و هەستیان بــە زەرەرو زیـانی تەندروستی‌و کۆمەلایـەتی پـەیدابوو لـە نێربازیی نەدەکردو بە ئاشکراو بەبەرچاوەوە ئەنجامیان دەداو شانازییان پێوە دەکردو کەسێک خۆی لەو کارە دوورەپەرێز بگرتایە گاڵتەیان پــێ دەکـردو بـە نــەفامو پاشــکەوتوویان حلێــب دەکــرد، ئەمــەش ئەوپــەڕی گومڕابــوونو نوغرۆبوونە لەزەلکاوی تاوان دا!

سـەرەنجامی کـار ئـەوەبوو ﴿فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ﴾ ئێمە لووطو خاووخێزانی کە ئیمانیان پێ‌هێنابوو رزگارمان کـردنو قوتاربوون جگە لە ژنەکەی، ئـەو ئیمـانی نـەهێناو کەوتـە پـێڕی لـەناوچوواڵو عـەزابەکە ئەویشی گرتەوە، عەزابی قیامەتیشی زۆر سەختو ترسناکە! چونکە ئەم ژنە بەدبەختو چارەڕەشە سەرباری ئەوەی ئیمانی نەهێناو لەسەر ئـایینی قەومەکەی مایـەوە، خەڵکیشـی هـان دەدا بـۆ ئەزیـەتدانی حـەزرەتی لـووطو جاسووسی بەسەرەوە دەکردو هــەر میوانێکـی بهاتایـە خێرا خوانەناسـەکانی ئاگادار دەکردەوە، بەشێوەیەکی نهێنی‌و ناوو نیشـانێک کـە لـەنێوان خۆی‌و ئەوان دا دیاریی کرابوو ئاگاداری دەکردنو هەموو هەڵسو کەوتێکی حەزرەتی لووطی پێ رادەگەیاندن!

حەزرەتی لووط جگە لە خاوو خێزانی خۆی کەسی تر ئیمانی پێ نەهێنا، لەخێزانەکەشیدا ژنەکەی ئیمانی پێ نەهێنا، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئایەتەکانی سوورەتی (والذاريات)ن کە دەفەرموێ: ﴿فَأَخْرَجْنَا مَنْ كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾الذاريات/٨٢-٨٣.

واتە: کەس لەقەومەکەی ئیمانی پێ نەهێنا جگە لە منداڵو ئەهلی ماڵی خۆی.

جا کە لووطو منداڵەکەی لە شارەکە دەرچوونو لەو ناوچەیە دوورو کەوتنەوە ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ مَطَرًا﴾ بارانێکی سەیرو سەمەرەمان بەسەردا باراندن، بارانێکی ئاسایی نا، بەڵکوو بەردەبارانمان کردن، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ مَنْضُودٍ، مُسَوَّمَةً عِنْدَ رَبِّكَ، وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ﴾هود/٨٢-٨٣. یان دەفەرموێ: ﴿فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ﴾الحجر/٧٤. ئەو بەردانەی بەسەر قەومی لووطدا باراندران بریتی بوون لە بەردە سواڵەت، هەموو بەردێکیش نیشانەکراو بوو، سپی مەیلەو سوور بوون.

دەشگونجێ ئەو بەردەبارانە زریانو رەشەبا هەڵی گرتبنو بەسەریدا دابن، یان پارچە ئەیازێک بووبن!

کە لە ئاکامی تێک رووخانی ئەستێرەیەکو وردووخاش بوونی پارچەکانی بەهۆی هێزی کێشیندەوە زەوی بۆ لای خۆی کێشیان دەکا!

﴿فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ﴾ ئەی موحەممەد! هەروا هەموو کەسێک کە بەم چیرۆکانە پەند ئامێزدەبێ سەیر بکە سەرەنجامی لەخودا نەترساوان چۆنە؟! تێفکرە ئەوانەی سووربوون لەسەر لەخودا یاخی بوونو بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران چییان بەسەر هاتو چۆن لەناوچوون!!

بەڵێ بەو جۆرە لاپەڕەیەکی تر لە مێژووی گەلو هۆزێ ی تری لەخودا یاخی پێچرایەوەو سەرزەوی لەوگەلە ستەمکارە پاک کرایەوەو ستەمکاران

لەناوبرانو چوونە سەرانگوێلکی مێژووی چارەڕەشانەوە!

بێگومان یاساغکردنی نێربازیی لە بەر چەند هۆیەکە لەوانە:

١- زیان گەیشتن بە ئیش لەگەڵ کراوەکە، چونکە زانستی پزیشکیی دەریخستووە کە ئەوکەسەی لەپاشەوەڕا دەچنە لای تووشی نەخۆشی کوشندەی ئایدز دەبێ! چونکە پەروەردگار هێزێکی تایبەتی لە رەحەمی ئافرەتدا دروست کردووە بۆ هەڵمژینی تۆماوی پیاو! ئەو هێزی هەڵمژینە لە (کۆم)دا نیە، کە تۆماوەکەی تێ دەکرێ خوێن ژەهراوی دەکاو دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشی!

٢- رەوشتی (فاعیل)ە کە تێک دەداو زێدەڕەوی دەکا لە ئەنجامدانی ئەو کارە قێزلێکراوەو خۆی پێ زەبت ناکرێ.

٣- ریسوابوونی فاعیلو مەفعوولو رسکانی دوژمنایەتی نێوانیان.

٤- رەوشتی ئافرەت تێک دەدا، چونکە پیاوان ناچنە لایانو ئارەزۆی جینسییان دابین ناکرێ!

٥- کەمبوونەوەی گەراو رەچەڵەک، چونکە چوونەلای ئافرەت پاشگوێ دەخرێو کەم دەبێتەوە.[10]

دەربارەی سزادانی نێربازیی زانایانی شەرع چەند رایەکیان هەیە:

١- ئیمانم ئەبو حەنیفە دەفەرموێ نێرباز تەعزیری لەسەرە، چونکە لەنێربازیدا رەچەڵەک تێکەڵاو نابێو زۆڵی لێ ناکەوێتەوە.

٢- جەماوەری فوقەها -مالیکییەکانو شافیعییەکانو حەنبەلیەکان- پێیان وایە دەبێ حەدیان لێ دەربکرێ چونکە پەروەردگار لە قورئاندا سزاکەی گران کردووە دەبێ وەکوو زینا حەدیان لێ دەربکرێ چونکە ئەویش وەکوو زینا وایە.

سزادانی نێرباز بەلای مالیکیو رای پەسەندی حەنبەلیەکان بەردەباران کردنیانە کوڕ بن، واتە: ژنیان نەهێنابێ یان پیاو بن، واتە: ژنیان هێنابێ.

---

[10] تەفسیری مەنار ج٣/٥٢١+ تەفسیری مونیر ج٨/٢٨٥.

چونکە ئەبوو داوردو نەسائیو تیرمیذیو هی تریش فەرموودەیەکی پێغەمبەریان ریوایەت کردووە فەرموویەتی: (مَنْ وَجَدْتُمُوهُ يَعْمَلُ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ فَاقْتُلُوا الْفَاعِلَ وَالْمَفْعُولَ بِهِ) لە ریوایەتێکی تردا (فَارْجُمُوا الأَعْلَى وَالأَسْفَلَ) حەدی نێربازیی بەلای شافیعیەوە وەکوو حەدی زینا وایە ئەگەر ژنی هێنابوو بەردەباران دەکرێ، ئەگەر نەیهێنابوو جەڵدەی لێ دەدرێو لەولاتیش دووردەخرێتەوە.

چیرۆکی حەزرەتی شوعەیب دروودی خوای لێ بێ

وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨٥﴾ وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا ۚ وَاذْكُرُوا إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ ۖ وَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ ﴿٨٦﴾

وَإِن كَانَ طَائِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُوا بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَائِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُوا فَاصْبِرُوا حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ بَيْنَنَا ۚ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴿٨٧﴾

ئەمە داستانی پێنجەمە لە چیرۆکی بەسەرهاتی پێغەمبەران پاش باسکردنی چیرۆکی نووحو هوودو هۆزی ثەموودو قەومی لووط دێتە سەر باسکردنی چیرۆکی حەزرەتی شوعەیب لەگەڵ قەومەکەی کە دانیشتووی مەدیەن بوون.

حەزرەتی شوعەیب کوڕی (میلیل) کوڕی (یشجر)ە یەکێکە لە

پێغەمبەرانی عەرەب، بەچەند ساڵێک لەپێش حەزرەتی مووسادا ﷺ نێردراوە، چونکە پەروەردگار دوابەدوای باسکردنی چیرۆکی ئەو پێنج پێغەمبەرانە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ مُوسَى بِآيَاتِنَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَائِهِ﴾الاعراف/١٠٣.

مەدیەن یان مەدیان: وەچەو نەوەی مەدیەنی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمن، ئەم هۆزو گرۆهە لەشاری مەدیەنی نزیک مەعان لە رۆژهەلاتی ئەردەن دا نیشتەجێ بوون، عیبادەتی غەیری خودایان دەکرد، تەرازووبازییان دەکرد، ریەو قسناغیان چووک دەکردەوە، کیلۆو حوققەیان سووک دەکردن، حەزرەتی شوعەیب جڵەوگیری لیٚکردنو لە تۆڵەستاندنی خودا ترساندنی.

وەکوو ریوایەت کراوە حەزرەتی شوعەیب زمان پاراوو بەڵگە بەدەستو قسە زان بووە، تەنانەت پێی دەگوترێ خوتبەخوێنی پێغەمبەران (خطیب الأنبیاء) قەومەکەی حەزرەتی شوعەیب لەسەر رێگا دادەنیشتن، بانگەشەیان دژی پەیامی حەزرەتی شوعەیب دەکرد.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: لەسەر رێگادا دادەنیشتن هەرکەسێک بهاتایە بۆ لایان پێش هەموو شتێک پێیان دەگوت: شوعەیب درۆزنەو وریابن پەیوەندیتان پێوە نەکا لەئایینی خۆتان هەڵتان نەگێڕێتەوە، دەیانگوت: ﴿لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَخَاسِرُونَ﴾الاعراف/٩.

زۆریان هەوڵ‌دا بانگەوازییەکەی حەزرەتی شوعەیب کپ بکەنەوە، دەیانویست زیانی پێ بگەیەنن، لەپێش چاوی خەڵک بیٚرێزی بکەن، بەڵکوو بەئاشکرا هەرەشەیان لیٚکردو چاویان لیٚ سوور کردەوە، وەکوو قورئان دەفەرموێ: ﴿قَالُوا: يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا، وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ، وَمَا أَنْتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ﴾هود/٩١. بەڵکوو بەوەندەشەوە نەوەستان، رەخنەی نوێژکردنیان لیٚگرت، ئەو نوێژەی کە داوایان لیٚ دەکا جگە لە خودا کەسی تر نەپەرستن، لەپێوانو کێشان دا عەداڵەتکار بن؛ وەکوو دەفەرموێ: ﴿قَالُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا، أَوْ أَنْ نَفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا

مَا نَشَاءُ، إِنَّكَ لَأَنْتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ﴾هود/٨٧.

کە حەزرەتی شوعەیب بە ئامۆژگاریی‌و قسەلەگەڵ کردن هەموو ڕێگەیەکی لێ بڕینەوەو سوورتر بوو لەسەر بانگەوازی‌کردنیان بۆ ئیمان هێنان بە خوداو جوانکردنی مامەڵەو هەڵسو کەوتیان، پیاوماقوڵو خاوەن دەسەڵاتو قسە ڕۆیشتووەکانی گەلەکەی تەواو قەڵس بوون چیدی خۆیان پێ ڕانەگیراو کەوتنە هەڕەشە لێکردنی بەوە کە خۆی‌و ئەوانەی ئیمانیان پێ هێناوە لەشار دەریان بکەن‌و دووریان بخەنەوە، حەزرەتی شوعەیب سەرزەنشتی کردن لەسەر ئەم هەڵوێستەیان پێی گوتن: ﴿**أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ؟**﴾الاعراف/٨٨.

جا کە قەومەکەی هەر سووربوون لەسەر کوفری خۆیانو پەرەیان بەبەربەرەکانی حەزرەتی شوعەیب داو بەگوفتارو کردار ئەزیەتیان دا خودای مەزن بە بوومەلەرزە لەناوی بردن‌و هەموویان دوبڕاو بوون ﴿**فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ، فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ**﴾العنكبوت/٣٧.

پاشان کە پەروەردگار حەزرەتی شوعەیبو ئەوانەی ئیمانیان پێ هێنابوو لەو عەزابە ڕزگاری کردن؛ ئەمجار ناردی بۆ سەر تاقمو گرۆهێک کە بە (أصحاب الأيكة) مەشهوورن، ئەمانیش وەکوو ئەهلی مەدیەن خودا نەناسو کافر بوون، حەزرەتی شوعەیب جڵەوگیریی لێکردنو داوای لێکردن ئیمانی پێ بهێنن، چەند ئامۆژگاری‌کردن بێ سوود بوو؛ نەک هەر بڕوایان پێ نەکرد، بەڵکوو تۆمەتی درۆزنی‌و سیحربازیشیان دایە پاڵی بڕوایان بەپەیامەکەی نەکردو وتیان: تۆیش ئادەمیزادێکی وەکوو ئێمە، کەی پیاوی وەک تۆی ئادەمیزاد دەبێتە پێغەمبەر!!

وەکوو قورئان لەم بارەوە دەفەرموێ: ﴿**قَالُوا إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ، وَمَا أَنْتَ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا، وَإِنْ نَظُنُّكَ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ**﴾الشعراء/١٨٥-١٨٦.

ئەمجار داوایان لە حەزرەتی شوعەیب کرد: وتیان: ئەگەر ڕاست دەکەی پێغەمبەری؟ دە پارچەیەکمان لە ئاسمان بەسەردا بدە! وێڕای ئەم

تەحەدایەشیان زیاتر سووربوون لەسەر پشت هەڵکردن لەحەقو راستی، ئیتر پەروەردگار بە سزایەکێ گرتنی کە لە قورئان دا بە (عذاب یوم الظلة) ناوی براوە! ئەوەبوو حەوت رۆژ پەروەردگار بە تیشکی خۆرهەلاتی لیٚ گەرم داهێنان، هەموو کانیاوو چۆمو سەرچاوەی ئاویان وشکێ بوون! ئەمجار هەورێکی ناردنە سەر هەموویان لەژێر سێبەری هەورەکە کۆبوونەوە، خۆشی خۆشییان بوو کە ئەو هەورە گەرمایی تیشکی خۆری لیٚ کەم کردوونەوە، هەر ئەوەندەیان زانی ئەو هەورە ئاگری بەسەردا باراندن هەموویانی سووتاندن، وەکوو قورئان باسی دەکا: سزادانەکەیان سزادانێکی سامناکو کەم وێنە بووە، دەفەرموێ: ﴿**فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ، إِنَّهُ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ**﴾الشعراء/١٨٩.

ئەمجار با بزانین لێرەدا قورئانی پیرۆز چۆن داستانی ئەم پێغەمبەرە رێزدارەی تۆمار کردووە؟!

دەفەرموێ: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ ناردمان بۆ سەر دانیشتوانی شاری مەدیەن شوعەیب کە برایان بوو لە رشتەی خزمایەتیدا، فەرمانی پیٚکردن بە ئەنجامدانی پێنج ئەرکێ کە لەڕاستیدا دەچنەوە سەر دوو بنەمای سەرەکی: یەکەمیان خودا بە گەورە زانینە کە خوداپەرستیو دانانان بە یەکتاپەرستیو بڕوا بە پێغەمبەرایەتی دەگرێتەوە. دووەم دڵنەرمیو بەزەییهاتنەوە بە دروستکراوانی خودادا ئەمەش وازهێنان لە فێڵبازیو ئاشووبگێڕی دەگرێتەوە. ئەو ئەرکانەش ئەمانەن کە قورئان دەستنیشانیان دەکات:

١- ﴿قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ وتی: ئەی گەلو هۆزەکەم! خودا پەرستی بکەنو جگە لە زاتی پاکی ئەو، کەسی تر بەخودا مەزانن.. ئەمە بنەمایەکی سەرەکییە لە بانگەوازی هەموو پێغەمبەرێکدا، شەریعەتی هەموو پێغەمبەران تێکڕا ئەم حەقیقەتەیان چەسپاندووەو بانگەوازییان بۆ کردووە.

٢- ﴿قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ من پێغەمبەرمو بۆ سەر ئێوە رەوانە

کراوم، پەروەردگار موعجیزەو بەڵگەی بەهێزی بۆ ناردوون لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی من!

دەقە قورئانی‌یەکە جۆری موعجیزەو بەڵگەکە دیاری ناکا -وەکوو هی حەزرەتی صالحی دیاری کرد، لە شوێنەکانی تری قورئان کە باسی چیرۆکی حەزرەتی شوعەیب دەگێڕێتەوە، دووبارە جۆری موعجیزەی دراو بە شوعەیب دیاری ناکا.

قورئان هەر ئەوەندە دەستنیشان دەکا کە حەزرەتی شوعەیب موعجیزەی بۆ قەومەکەی هێناوە، راستی پێغەمبەرایەتی خۆی چەسپاندووەو پێی سەلماندوون کە فروستادەی خودایە بۆ سەر ئەوان، کەوابێ فەرمانی چییان پێ دەکا لە رێکو پێکی ئامێری پێوانەو کێشانەیان وەکوو ربەو قسناغو حوققەو کیلۆو گەزو مەتر، گوێبیسی بن، واز لە ئاشووبگێڕانو فیتنەیی بهێنن، واز لە چەتەیی‌و رێگریی بهێنن.

بوخاری‌و موسلیم فەرموودەیەک لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَا مِنَ الأنبِيَاءِ نَبِيٌّ إلاَّ أُعْطِيَ مِنَ الآيَاتِ مَا مِثْلُهَا آمَنَ عَلَيْهِ البَشَرُ، وَإنَّمَا كَانَ الَّذِي أُوتِيتُ وَحْيًا أوحَاهُ اللهُ إلَيَّ فَأرْجُو أنْ أكُونَ أكْثَرَهُمْ تَابِعًا يَوْمَ القِيَامَةِ).

زومەخشەری دەفەرموێ: برێک لە موعجیزەکانی شوعەیب ئەو گۆچانە بوو کە دای بە مووسا، ئەو گۆچانە شەڕی لەگەڵ مار دەکرد، هەروەها بە مووسای راگەیاند کە ئەم مەڕو بزنانە بێچوویان دەبن رەش‌و سپییان تێدا دەبن، کە بێچووەکانیان بوون رەش‌و سپی بوون! ئەم جۆرە حاڵەتانە موعجیزە بوون بۆ شوعەیب[١١].

ئیمامی رازیی دەفەرموێ: ئەمە بەگوێرەی رای موعتەزیلەکان کە پێیان وایە موعجیزە پێش پێغەمبەرایەتی پەیدا نابێ، بەڵام لای ئەهلی سوننەو جەماعەت دەگونجێ پێش پێغەمبەرایەتی ئەو کەسەی دەکرێتە پێغەمبەر موعجیزەی لەسەر دەست روو بدا بەمە دەگوترێ: (ارهاص)ی

[١١] تەفسیر الکشاف ج١/٥٥٩.

پێغەمبەرایەتی لەسەر ئەم شێوە ئەو موعجیزانە کە زومەخشەری بە موعجیزەی حەزرەتی شوعەیبی داناون دەبن بە (ارهاصات) بۆ حەزرەتی مووسا ﷺ.

٣- سێیەم ئەرکێ کە فەرمانی پیٚکردن ئەهێشتنی کەمو کوورپی بوو لە ئامێری پێوانەو کێشانەیان دا وەکوو دەفەرمویٚ: ﴿فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ﴾ ئامێری پێوانەو کێشانەتان رێکو پێکێ بکەن، تەرازوو بازییو حوقەبازیی مەکەن، لە مامەڵەو بازرگانییدا فرتو فێڵو تەڵەکەبازیی مەکەن.

ئەهلی مەدیەن زۆر حەزیان لە فرتو فێڵ بوو لە مامەڵەو بازرگانیدا ربەو قسناغو مودیان بچووکێ دەکرد، گەزو مەتریان کورت دەکردەوە، حوققەو کیلۆو باتمانیان سووکێ دەکردن. ئەگەر شتیان بفرۆشتایە بە ئامێرە بچووکو کورتو سووکەکان پێیان دەفرۆشتن؛ ئەگەر شتیان بکڕیایە بە ئامێری گەورەو درێژو قورس بۆ خۆیان دەپێوا، بۆیە حەزرەتی شوعەیب زۆری هەوڵ دا ئەم دیاردە ناشرینەیان لەناودا هەڵبگرێ.

٤- مەنع کردنیان لە خیانەتکردن لە خەڵکو ماڵ خواردنی خەڵکێ بە ناحەق. ئەوەتا پەروەردگار لەسەر زوبانی حەزرەتی شوعەیب دەفەرمویٚ: ﴿وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ﴾ لە ماڵ گۆڕینەوەو مامەڵەو بازرگانیدا لە کاڵای خەڵکێ دامەشکێننو بەناحەق عەیبو عاری لیٚ پەیدا مەکەن، عەیبو لەکەی لیٚ پەیدا مەکەن هەروا ماڵی خەڵکێ بە هەوانتە مەخۆن، واز لەماڵ زەوت کردنو دزییو بەرتیل وەرگرتن بهێنن، واز لە رێگرییو چەتەییو فرتو فێڵ بهێنن، مافی خەڵکێ -ماددیو مەعنەوی- پێشێل مەکەن.

٥- مەنع کردنیان لە ئاشووبگێڕیو فیتنەجۆیی وەکوو پیٚی فەرموون: ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾ لەزەویدا فەساد بڵاومەکەنەوە، پاش ئەوەی پیاوچاکو پێغەمبەرانو شوێنکەوتووانیان هەوڵیان داوەو خەڵکیان هێناوەتە سەر رێگای خوداپەسەندو ئەخلاقو رەوشتی ئادەمیزادانیان رێکو پێکێ کردووە، یاسای کۆمەڵیان بەگوێرەی پەیامی خودا رێکێ خستووە، لەبارەی کشتوکاڵو پیشەسازییو بازرگانیدا پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئێوە ریسەکەیان مەکەنەوە بە خورییو وڵاتو یاساو نیظام تێکێ مەدەنو

ئاشووب بەرپا مەکەن!

﴿ذلكم﴾ ئەنجامدانی ئەم پێنج ئەرکانە -خوداپەرستیو یەکتاپەرستی، بڕواکردن بە پێغەمبەرایەتی من، ڕێکئو پێک کردنی ئامێری پێوانەو کێشان، وازهێنان لە بەسووک زانینی کالای خەلک، وازهێنان لە ئاشووبو فیتنەگێڕیی لەسەر زەوی بەهەمووجۆرەکانیەوە ﴿خير لكم﴾ بۆ ئێوە باشترو بەسوودترە. ﴿إن كنتم مؤمنين﴾ ئەگەر ئێوە ئیمانتان بە تاکئو تەنیایی خوداو بە ڕاستی پێغەمبەرانیو بەشەرعو یاسای تۆکمەو بێخەوشو بەزیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەتو پاداشو تۆڵەی عادلانە هەیە!

واتە: ئەنجامدانی ئەو کارانە لە بارەی مرۆڤایەتیەوە، لەبارەی سومعەو بەدەستهێنانی سوودی مادییەوە بۆ ئێوە باشترە لەو فرتو فێلو تەڵەکەبازییەتان. چونکە خەڵک کە بزانن ئێوە مامەڵە دروستو ئەمینو عەداڵەتکارن لە هەڵسو کەوتتان دا زیاتر تێکەڵاوتان دەبنو زیاتر مامەڵەتان لەگەڵ دەکەن، لە قیامەتیش دا پاداشی باشو ڕەزامەندیی خودا بەدەست دەهێنن.

دەتوانین بڵێین ﴿ذلكم﴾ ئاماژە بێ بۆ پابەندبوون بە فەرمانو جڵەوگیرییەکانی پەروەردگار، چونکە ئاشکرایە پەروەردگار، جگە لە چاکە، فەرمان ناکا بە هیچی تر، جڵەوگیریش هەر لە خراپە دەکا.

ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە، کە زانست بەتەنیا کیفایەت ناکا بۆ ئیصلاحی کۆمەڵ، بەڵکوو پێویستە بۆ ئیصلاحی گەلو هۆز، پەروەردەی ئایینی هەبێ، پەروەردەیەک بتوانێ چینو توێژەکانی کۆمەڵ فێری ئەخلاقی جوانو پەسەند -وەکوو ڕاستگۆییو ئەمانەتو عەداڵەتکاریی بکا، لە ڕەوشتی ناشیرینو لادان لە ڕێگای خراپە بیانگێڕێتەوە،، چونکە کاریگەریی ئایین لەسەر دڵو دەروون لەهەموو شتێکی تر بەهێزترە!

ئەمجار حەزرەتی شوعەیب جڵەوگیریی لە گەلەکەی کرد کە واز لە ڕێگرییو چەتەیی بهێنن، جا چ ڕێگریی حیسسی بێ، یان ڕێگریی مەعنەوی. پێی فەرموون: ﴿ولا تقعدوا بكل صراط توعدون﴾ لەسەر ڕێگا

دامەنیشن، هەڕەشە لە ڕێبواران بکەن گومرگو باج لە کاسبکاران بستێنن، هەڕەشەی کوشتن لەوانە بکەن کە ماڵو کاڵای خۆیانتان نادەنێ؛ یان هەڕەشە لەوانە بکەن کە دێن بۆ لای شوعەیب بۆ ئیمان هێنان! مەبنە لەمپەرو بەربەست لەبەردەم هاتوچۆی ڕێبوارانو ئەوانەی دێن بۆ ئیمان هێنان کە ئیمانیان هێناوە یان دەیانەوێ ئیمان بێنن بە خوداو بە پێغەمبەرەکەی ئێوە ژێوانیان بکەنەوەو لە ڕێبازی حەقو ڕاستی لایان بدەن!

﴿وتبغونها عوجا﴾ پێتان خۆشەو ڕێبازی خودا خوارو خێچ بکەن! چاوو راوو پڕوپاگەندە بکەن بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان.

بەکورتی حەزرەتی شوعەیب لە سێ شت جڵەوگیریی لیکردن:

ا- ڕێگریی‌و چەتەیی‌کردن بۆ ڕووتکردنەوەی ڕێبواران، باجو گومرگ لێستاندن بە شێوەی ناڕەوا.

ب- ڕێگەگرتن لە ئایینی خوداو ژێوانکردنەوەی خەڵک لە ئیمان هێنان.

ج- هەوڵدان بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستی یەزدان بە درۆو دەلەسەو چەواشەکاریی‌و هەڵگێڕانەوەی ڕاستی‌یەکان، ڕێگای خودا خوارو خێچ بخەنە روو.

تێبینی دەکرێ کە حەزرەتی شوعەیب لە بانگەوازیی‌یەکەیدا یەکەمجار گرنگی بەئیصلاحی ناوخۆداوە، ئەویش بە ڕێکو پێک کردنی ئامێری پێوانەو کێشانەو وازهێنان لە ئاشوبگێڕیو فیتنەجۆیی ناوخۆ! پاشان هەوڵی داوە بە ئیصلاحی دەرەکی ئەویش بە لابردنی لەمپەرو کۆسپ لەبەردەم بلاوبوونەوەی ئایینو ئیمانهێنانی ئەوانەی دێن بۆ موسوڵمان بوون.

ئەمجار دوای ریشەکێش کردنی فەسادو پاککردنەوەی ولات لەکاری نابەجێ، دێتە سەر لایەنە ئیجابیەکان کە پەروەردگار بۆی فەراهەم هێناون، فەرمووی: ﴿واذكروا إذ كنتم قليلا فكثركم﴾ نیعمەتو فەضلی خودا بێننەوە یادی خۆتان کە پێی بەخشیون، بۆ ئەوەی لە روانگەی ئەو نیعمەتانەوە روو بکەنە خوداپەرستی لە تاوانکردن دوور بکەونەوە، بەشێک لەو نیعمەتانەی ئێوە ژمارەتان کەمو بێهێزو توانا بوون، خودا ژمارەی زۆرکردنو وەچەو نەوەتان زۆر لێکەوتەوە، بوون بە خاوەنی دەسەڵاتو توانای

زۆرو زەبەندە! دەشگونجێ بڵێین: مانای بەم جۆرەیە: ئێوە هەژارو نەداراو بێهێزو توانا بوون؛ خودا بەهێزی کردنو ماڵو سامانی زۆری پێدان. لەخودا بترسن، سەرپێچی مەکەن! ﴿وانظروا كيف كان عاقبة المفسدين﴾ سەیری ئاکامو سەرەنجامی ئاشوبگێڕو موفسیدەکانی رابووردوو بکەنو پەندو عیبرەتیان لێ وەربگرن، بیر لە ئاکامو سەرەنجامی قەومی نووحو عادو ثەموودو قەومی لووط بکەنەوە، بڕوانن خودا چۆن بە فەتارەی بردن، چۆن بەهۆی فەسادو ئاشوبگێڕی لەسەر زەویو جورئەتکردن بۆ لەخودا یاخیبوونو بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکانی دوابڕاوی کردنو بنبڕی کردن.

﴿وإن كان طائفة منكم آمنوا بالذي أرسلت به﴾ هەرچەندە کۆمەڵێک لەئێوە بڕواتان کردووە بەو پەیامەی کە من پێی نێردراوم، موسوڵمان بوون ﴿وطائفة لم يؤمنوا﴾ کۆمەڵێکیشتان ئیمانتان نەهێناوە، ﴿فاصبروا﴾ چاوەڕوان بن، بزانن خودا چۆن نێوانی ئەم دوو تاقمە دەکاو ئاکامو سەرەنجام چۆن دەبێ، چاوەڕوان بن ﴿حتى يحكم الله بيننا﴾ هەتا خودا حوکمی نێوان ئێمەی خوداپەرستو ئێوەی خوانەناس دەکا، بزانن پەروەردگار چۆن حەق بەسەر بەتاڵ دا سەردەخا، چۆن موسوڵمانو خوداپەرست بەسەر کوفرو بێدینیدا زاڵ دەکا.

ئەمە هەڕەشەیە بۆ کافرانو ترساندنیانە لەوەی کە خودا تۆڵەیان لێ دەستێنێو ناهێڵێ ئاوا بەسەریانەوە بچێ؛ وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ ﴿فتربصوا إنا معكم متربصون﴾التوبة/٥٢.

یان دڵدانەوەو ئامۆژگارییە بۆ موسوڵمانانو هەڵنانیانە بۆ خۆڕاگرییو بەرجەستەیی لە بەرامبەر ئازاردانی موشریکو خودانەناسان، تا خودا تۆڵەیان لێ دەستێنێو سزای بەئێشیان پێ دەنۆشێ!!

دەشگونجێ: هەردوو ماناکە مەبەست بن: واتە: هەڕەشەبێ لە کافرانو دڵدانەوەی موسوڵمانان بێ. ﴿وهو خير الحاكمين﴾ خودا باشترین دادوەرەو،

دڵنیابن سەرفرازیی‌و سەرکەوتن بۆ خوداپەرستانە، فەوتانو تێشکان بۆ کافرو موشریکانە، چونکە حوکمی خودا هەمووی حەقو عەداڵەتەو زوڵمو ستەمی تێدا نیە!

مەبەست لەم چیرۆکەو فەرمانو جڵەوگیرییانەی تیاندا هاتوون؛ بەتەماکردنی خەڵکە بۆ بەهەشتو ترساندنیانە لە ئاگری دۆزەخ بۆ هەڵنانو دەنەدانیان بۆ ئیمان هێنانو کردەوەی چاک، هەرکەسێکیش ئەم ئایەتانە بخوێنێتەوە یان بیان بیسێ پێویستە فەرمانبەردار بێ‌و پابەندی فەرمانو جڵەوگیریەکان بێ.

بە یارمەتیی خودا شەوی ١٩٩٧/١١/١٧ لە پاکنووسی ئەم جزمە بوومەوە لەماڵی خۆمان لە سلێمانی/ مامۆستایان لەکاتێک شەڕ لەنێوان پارتی‌و یەکیەتی‌دا لەناوچەی سێدەکانو چۆمانو دۆڵی خانەقاو ئەو دەڤەرانە لەئەوپەڕی توندوتیژی‌دا بوو.

هەروا نێوان حوکمەتی عێراقو وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتبووە ئەوپەڕی توندو تیژیی.

پێرستی سەرەباسەکان